# مێژووی بنەماڵەکانی حەقیقەت

و

ناودارانی هاوچەرخی ئالی حەق

زنجیرەی لێکۆڵینەوەکانی یارسان

لە ژێر چاودێریی

د. محەمەد عەلی سوڵتانی

ژمارە ١١

د. محەمەد عەلی سوڵتانی

# مێژووی بنەماڵەکانی حەقیقەت

و

ناودارانی هاوچەرخی ئالی حەق

وەرگێڕانی:

عەدنان بەرزنجی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

د. محەمەد عەلی سوڵتانی
مێژووی بنەماڵەکانی حەقیقەت و ناودارانی هاوچەرخی ئالی حەق
وەرگێڕانی: عەدنان بەرزنجی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٥١
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٧١٧ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری، شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

پێڕست

پێشەکیی وەرگێڕ ........ 11
ئاماژە ........ 13
بنەماڵەکانی ئالی حەق ........ 17
«بنەماڵەی شائیبراهیم» ........ 20
کرێند ........ 20
پێشینە، چاوخشاندنێک بە بنەماڵەی شائیبراهیمی لە کەرکووک و شارەزوور، کۆچی گەورەپیاوانی بنەماڵەی شائیبراهیمی بۆ ناوچەی کرێند، سەید ڕەزا بەگ، سەید جەعفەرخان هۆکانی، سەید شەمسەلی، سەید ئەفزەل خان، سەید ڕەزا بەگ دووەم، سەید ئیسماعیل، سەید هەواس/ شوێنکەوتووان/ سەید عەلیاری دووەم، سەید قاسم ئەفزەلیی شائیبراهیمی، سەیدەکانی گاوسوور و قەسری شیرین، سەیدەکانی جاماز تەختگا، سەیدەکانی ئیسلام ئاوا، سەیدەکانی کرماشان، سەیدەکانی تفەنگچی (سیمانی)، سەیدەکانی تەیاری، دەلیلی موریدەکانی شائیبراهیمی.
شەجەرەی سەیدەکانی شائیبراهیمی کرێند ........ 27
بنەماڵەی شائیبراهیمی ........ 30
سانە (سەحنە) ........ 30
پێشینە، سەید موراد، سەید فەڕۆخ، سەید عەزیموڵڵا، سەید لوتفوڵڵا، سەید ئەمروڵڵا شائیبراهیمی.
شەجەرەی سەیدەکانی شائیبراهیمی سانە ........ 34
بنەماڵەی حەیدەریی گۆران ........ 36
خامۆشی ........ 36
پێشینە، کۆچی ناودارانی بنەماڵەی حەیدەریی گۆران بۆ ناوچەی گۆران، سەید نەسیر، سەید یەعقووبی یەکەم، سەید یەعقووبی دووەم.
بنەماڵەی خامۆشیی قەزوینە ـ سەید فەرزی و یارانی، شێخ ئەمیر، سەلیم، سەید

عابدین، کاکی قوربانعەلی، کاکی نەدرویس، سەی جەوزی، خاتوو زەرینە، سەی ئەیاز، شەجەرەنامەی ساداتی خامۆشیی قەزوینە، سەی عەزیز، سەی کەسی، سەی مەنسوور، سەی حەیدەر (براکە)؛ سەردەمی یەری تەنی، چل تەن، مەقاماتی سەی حەیدەر، بنەماڵەی حەیدەری لە ناوەڕۆکی کەلام و پەڕاوی چل تەنان، بارودۆخی کۆمەڵایەتی و رامیاریی سەردەمی سەرهەڵدانی یەری تەنی، کۆچی دوایی سەی حەیدەر / سەی رۆستەم، سەرەتای مەسنەدنشینی، هاوسەرداری، شۆڕش دژی مەسعوود میرزای زیلوسوڵتانی قاجار، و خۆڕاگرتن لە بەرانبەری هێرشبەرانی عوسمانی و شەهیدبوونی چەند سەیدێکی لەو بنەماڵە، بەرپرسایەتی و تەربیەتی سەیر و سلووک و وەرگرتنی ئەوانەی تازە دەهاتنە ریزی موریدان و... لە تەکیەی تووت شامی، چاککردنەوە و رێکخستنەوەی تەکیەی تووت شامی، بارووداۆخی بانگەشەکاری مەسیحیەت و... لە گۆران، رێکخستنی دەفتەرخانە و گەنجینەی کەلامی، فەرهەنگ و هونەری مەزهەبی و هەڵبژێردراوان و هونەرمەندانی ئەو چەرخە، بەسەرهاتی خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاوی، هەڵسوکەوت لەگەڵ فەرماندەکانی سوپا و ئیدارەکردنی ناوچەکە، دوورخستنەوە، گەڕانەوە و کۆچی دوایی/ سەید نوورەدین، سەید سەیفەدین، سەید نەسرەدین حەیدرەیی گۆران

ئالبوم و شەجەرە و بەڵگەکانی ساداتی حەیدەریی گۆران ........ 63

بنەماڵەی ئاتەش بەگی موشەعشەعی ........ 73

پێشینە، شاوەسی قولی، شا محەمەد بەگ؛ شا محەمەد بەگ موبەشیری ویلایەتی باتینی سەفەوییەکان، شا محەمەد بەگ و شائیسماعیل سەفەوی، رەوتی بەرەوپێشچوون و یەکگرتنی موشەعشەعییەکان و نووربەخشییەکان و شوێنکەوتووانی شا محەمەد بەگ، کۆچی دوایی/ سەرهەڵدانی حەفتەمی خان ئاتەش، بارودۆخی کۆمەڵایەتی، بیروباوەڕی سەردەمی سەرهەڵدانی خان ئاتەش، سەرکوتکردنی بڵباس، یەکگرتنەوەی ئەردەڵانەکان، یەکەتیی بیروباوەڕی بنەماڵەکان (شاهۆیی)، ناردن و نیشتەجێکردن لە خوراسان و ئازەربایجان و کوردستان، خووزستان، ئێرانی ناوەندی و تورکیای عوسمانی، هاوچەرخ نەبوونی خان ئاتەش و نادرشای ئەفشار، کەرامات و کۆچی دوایی/ خان ئیمام قولی؛ هاوچەرخبوون و یارمەتیی نادرشای ئەفشار، مەقامات، کۆچی دوایی/ سەید سەرخۆش بەگ، چوون بۆ مەراغە، هاوچەرخبوون و یارمەتیی وەکیلی زەند، کۆچی دوایی/ سوڵتان مەحموود ئاغا، کۆچی شوێنکەوتووانی ئەم بنەماڵەیە بۆ ئێرانی ناوەندی و دەوروبەری تارانی

گەورە؛ ئاغا محەمەد خانی قاجار، چوون بۆ لورستان و کرماشان، کۆچی دوایی/ سەید عەباس بەگ، چوون و نیشتەجێبوون لە گەرەبان، بەدیهێنانی ناوەند و تەکیە و بارەگا، کۆچی دوایی/ سەید نیزامودین (شانزام)؛ دەقی فەرمانەکان، هەڵبژاردن، کۆچی دواییی/ شائاغا میرزا؛ هاوچەرخبوون لەگەڵ فەتحعەلی شا و محەمەد شا و ناسرەدین شا، دەرکردنی حوکم و فەرمان، ڕاگەیشتن بە کاروباری شوێنکەوتووان، تەربیەتی موریدان، پاراستنی ناوەندیەتیی بنەماڵەکە، چاککردنەوە و بەرپرسایەتیی شوێنە پیرۆزەکان و بارەگا موقەدەسەکانی بنەماڵە، سەید حەسەن ئاغا، ئەڵماس بەگی بەرپرسی ئازەربایجان، مەقامگەلی سەید حەسەن ئاغا کۆچی دوایی سەید حەسەن ئاغا، شا ئاغا میرزا و ناسرەدین میرزای ئەڵلادۆست سالک، بارودۆخی ڕامیاریی سەردەمی مەسنەدنشینی شا ئاغا میرزا، کۆچی دوایی/ سەی عەبدولعەزیم میرزا (ئاغا بەخش)؛ تەمکینی نەوابی بەرجەستە و تەسلیمی شوێنکەوتووان، شۆڕشی سەید محەمەدی کلاردەشتی، بزووتنەوەی مەشرووتەخوازی و فتنەی سالارودەولە، سەید عەبدولعەزیم لە بیرەوەرییەکانی فەریدوسەڵتەنەی قەراگوزلوو، دروستکردنی دەفتەرخانە و گەنجینەی کەلامی بە فەرمانی سەید عەبدولعەزیم میرزا و کاربەدەستبوونی میرزای سالک، شڵەژاویی شەڕی یەکەمی جیهانی و کۆچی دوایی/ سەید محەمەد حسێن میرزا؛ سەرەخۆشیی نیزاموسەڵتەنەی سەرۆکی حکوومەتی کاتی، محەمەد حسێن میرزا و دەوڵەتی کاتی، ناردنی سەید محەمەد نەبی میرزا بۆ ئازەربایجان، پێشوازی لە شمشێری حەیدەری، مسیوونێرەکان ناتوانن پێڕەوانی حەقیقەت پەشیمان بکەنەوە، کۆچی دواییی/ سەید مەنسوور میرزا؛ گشتیبوون و بانگەوازکردنی نازناوی موشەعشەعی و نووربەخشی، بارەگای باوە گەورەکانی سەید محەمەد موشەعشەعی لە لورستان، درێژەدان و زیندووکردنەوەی داوونەریتی نووربەخشی و موشەعشەعی لە بنەماڵەکان پەیمانی شوێنکەوتن، چوون بۆ تاران و مانەوە لەوێ، دانانی سەرهەنگ ئازاد عەلی، دروستکردنی شوێنی بیروباوەڕی جەمخانە و میوانخانە و حسێنیە لە تاران، سەرپەرشتیاری ڕواڵەتی و دەروونی شوێنکەوتووان لە بانگەشەکردنی بەرگەلی نوێ، کۆچی دوایی/ سەید نیزام موشەعشەعی.

موریدە بەناوبانگەکانی بنەماڵەی ئاتەش بەگی (موشەعشەعی) ............................................ 92
سەید حەسەن ئاغا ئاتەش بەگی
مەولانا ئەڵلادۆست سالیکی کرماشانی؛ بەسەرهاتی سالیک لە میسباحوتەریقدا،

ئەدیبوسەڵتەنەی سەمیعی قوتابی سالیک و پێشینەی خوێندن و بارهێنانی ناوبراو لەلایەن میرزای سالیکەوە، پەراوێزنووسی گەورەکانی زانست و ئەدەبیات لەسەر قەسیدەی وەسڵیە، شوێنکەوتووانی میرزای سالیک (شێخولعێراقەین، عەتا مەفتوون، سالارودەوڵە، زەهیرودەوڵە، زێلوسوڵتان، بە باشی داواکردن لە سالاردەوڵەی قاجار، بە باشی داوای لێبووردن لە سالارودەوڵەی قاجار، فەریدەلمەلێک قەراگوزلوو، سەهامودەوڵە، کۆچی دوایی/ دروستکردنی حکوومەتی کاتی لە کرماشان، باشیی ئەدیبوسەڵتەنە لە دەوڵەتی کاتی و کۆچکردن بۆ کرماشان، ئەدیبوسەڵتەنە بارەگا و مەزاری میرزای سالیک دووبارە چاک دەکاتەوە و بەیازی خەتی و کتێبە دەستنووسەکان کۆ دەکاتەوە و دەیانپارێزێ، هەڵسوکەوتی میرزای سالیک لەگەڵ گەورە پیاوان، بەرپەرچدانەوەی وتەی خاوەنی حەدیقەتوشوعەرا سەبارەت بە تەریقەتی میرزای سالیک، میرزای سالک و ئووژن ئووبن فەرانسەوی

ناوچە پیرۆزەکانی موریدانی بنەماڵەی ئاتەش بەگی (موشەعشەعی) ................................ 120
ئاتەش بەگی وجاخی سووری داش، وجاخی گڵۆک، مەراغە.
بارەگا و گومەزی گەڕەبان، بلوورانی لوڕستان، گۆمەزی ئەبولوەفا، چل دارە، بارەگای سوڵتان سەی ئەحمەد (باوە یادگار)

شوێنەوارە دوعا کراوەکان ـ سەهەن کێو، کێوی کەنی کەلان ................................ 122
ناوچەکانی ژیانی موریدانی بنەماڵەی ئاتەش بەگی (موشەعشەعی) ................................ 122
لە ئازەربایجان، لوڕستان، مازەندەران، تاران، هەمەدان، کرماشان، نەهاوەند، ئەسفەهان/ لە تورکیا، یەکەتیی سۆفیەتی پێشوو، عێراق، قەفقاز و گەنجە و...

وێنە و شەجەرە و بەڵگەکان بنەماڵەی موشەعشەعی (ئاتەش بەگی) ................................ 127
بنەماڵەی شاهەیاسی ................................ 174
پێشینە:
شاهەیاس، سەی عەباس، کۆچکردن بۆ ئێران بە دەعوەتی محەمەد شای قاجار، ئیلی نانکلی، پارادۆکسی بوونی مێژوویی لەگەڵ هاوچەرخبوونی پیاوە گەورەکانی بنەماڵە، بارەگای پیرۆزی مەسنەدنشینانی بنەماڵە، پێوەندیی زنجیرەی هەژارانی خاکسار و بنەماڵەی شاهەیاسی، دەرکەوتنی شاهەیاسی لە هندستان، یارانی شاهەیاس، ناوەندبوونی جەیحوون ئاوای سانە، سەی عەباس، سەی ئەیاز، سەی ئیسماعیل جان، سەی عەبدولحەمیدخان، سەیدعەلی خان، سەید نوورەدین، سەید محەمەد ئەحمەدی.

شەجەرەو بەڵگەکان بنەماڵەی شا هەیاسی ..... 179
(بنەماڵەی عالی قەلەندەری) ..... 186
(بنەماڵەی بابا حەیدەری) ..... 188
بنەماڵەی خامۆشی (قەزوینە) ..... 191
بنەماڵەی یادگاری ..... 192
بنەماڵەی زنووری ..... 193
بنەماڵەی میرسووری ..... 194
بنەماڵەی مستەفایی ..... 194
بنەماڵەی حاج باوەیسی ..... 195
تەیموور و سەرهەڵدانی تەیمورییەکان ..... 195
ئیلاهیوون و مەکتەبی ئیلاهی ..... 208
ئیلاهیون ..... 218
ناسراوانی ئەهلی حەق ..... 219
شا فەتحوڵڵا گۆران ..... 219
بابا غولام ..... 230
ناوەڕۆکی سەرچاوەکان ..... 233
سەرچاوەگەلی وێنەیی، بەڵگەیی، گێڕاندنەوە، (وتووێژ) ..... 237
وێنەیی ..... 237
بەڵگەیی ..... 237
یاداشتەکان ..... 237
وتووێژەکان ..... 238

## پێشەکیی وەرگێڕ

ئەم وڵاتە بەرپان و گەورە و پڕ ڕەمز و ڕازەی کە تا ئێستا هەزاران قۆناخی بڕیوە و تاڵ و سوێریی هەموو چاخ و سەردەم و خولەکانی ئەم دنیایە لەوپەڕی خۆیدا چێشتووە. بە چاوی خۆی بینی و لە قووڵایی دڵیەوە هەستی کرد بەگەورەیی و فەرهەنگ و مێژووی کۆن و دەسەڵاتی گەورە و ئاینی مەزن و بیروباوەڕی پتەو و هەروەها جەوری گەڕی ڕۆژگار و زڵم و زۆری نەیاران و دراوسێیە بێ بەزەکان و غەدر و گومان و زۆر شتی تری زماندار و بێ زمان، بەڵام ئەوەی کە جێی سەرنجە؛ ئەم نیشتمانە خۆشەویستە پاش دانەواندنی سەری ڕێز و حورمەت بۆ هەر ئاین و دین و بیروباوەڕێکی ڕاستەقینە و بە لە بەر چاوگرتنی مافە ڕەواکانی مرۆڤ؛ هەرگیزاوهەرگیز حەزی لە پێشێلکردنی مافی کەس نەبووە و ویستوویە و کردوویە و بەڵگەی داناوە کە تەنیا و تەنیا حەزی لەوەیە کە بە ئازادی و سەربەستانە بژیی. زۆر هاتن و چوون لەوانەی کە هەڕەشەیان کرد لە فەرهەنگ و بیروباوەڕی ئەم گەلە ؛ بەڵام ئەوەی ڕاستییە، قەت بۆ دەسەڵات و دەوڵەت و کەس ناسڕێتەوە. لەوپەڕی مەرگیشەوە هەر دێتەوە. وایە لە ناوگەلی کورددا کە لەم داوێن و کەژ و لە سەر ئەم تاشە بەرد و کێو و چیا سەربەرزانەدا دەژین، هەر بیرێک شیاوی ڕێزلێنانە و هەر ئاینێک گەورە و خاوەنی نان و خوانە،چ ئاینی میتران و ئەهوورا و ئاڤێستا و یارسان و ئیزەدی و ئالی حەق و موسڵمان و مەسیحی و یەهوودی و چ ئەندیشەی چەپ و ڕاستە لە ناو ئەم خەڵکەدا جوانە.

مافی خۆتە چۆن بیر دەکەیتەوە، دینت کامەیە، حەزت، تاسەت، خۆشەویستیت، پیرو پێغەمبەرت کێیە، تەنیا مرۆڤ بی و ئیزن نەدەی غەدر بکەن لەم کوردانە. ئەمە دروشمی سەرەکی ئەم گەلەیە لە ناو دڵی مێژوودایە و بە تۆماری ماوەتەوە.

یەکێ لەو باوەڕە ئاینییانەی کە خزمەتی هەرە زۆری بە فەرهەنگی کوردی کردووە و کەلەپووری کوردەواریی لە ناو دڵی چەوساندنەوە و ئیزن نەدان بە دەربڕینی ڕا و وەرگرتنی مۆری کوفر و شەیتانپەرستی و زۆر تۆمەتی تر لەوپەڕی

شەکاوەیی و پڕ ڕەنگیدا پاراستووە. خوا راوەستاوی بکات بەڕێز دوکتۆر محەمەد عەلی سوڵتانی کە بەڕاستی ئەم مرۆڤە ماندوویی نەناسە بە قەڵەمە پڕ ڕەنگە سەوزەکەیەوە، کاری لێکۆڵینەوەی باشی لە سەر ئالی حەق و عەلەوییەکان خستووەتە بەردەستی خوێنەرانی، بە تایبەت لەو دوو بەرگە (بزووتنەوە و سەرهەڵدانی عەلەوییەکانی زاگرۆس) و لەم بەرگەشدا (بنەماڵەکانی ئالی حەق) بە جوانی توانیویە لایەنێکی بەرجەستەی ئەم بەشە لە خەڵکی کوردستان بخاتە بەردەست و هاوکات ئاماژەیەکی ڕوون بکا بە بەربڵاویی ئەم هزر و بیرو ئەندیشە لە سەرانسەری ناوچەکانی ئێراندا بە تایبەت لە ڕۆئاوای ئێران و لە پارێزگاکانی کوردستان، کرماشان، لوڕستان، ئیلام، هەمەدان و ئازەربایجاندا. دڵنیام خوێنەر بەخوێندنەوەی ئەم کارە پڕ بایەخانە دەتوانێ لە ڕووی زانستییەوە سوودێکی زۆر وەربگرێ و هاوکات بە وەرگێڕانی ئەم بابەتانە بە کوردی دەتوانرێت خزمەتێک بێت بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کورد. چونکە لە سەر ئەم ئاینانە زۆر کەم کار کراوە و ئەم سەرچاوەیە دەتوانێ سەرچاوەیەکی باش بێت. خۆشەویستان! لە بەر ئەوەی کارەکەی بەڕێز سوڵتانی کارێکی زانستییانەیە و تەنانەت کارەکەی خەڵاتی کتێبی ساڵی ئێرانیشی پێ دراوە، زۆر بە قازانجە.

جا منیش هیوادارم توانیبێتم بە وەرگێڕانی ئەم کارە، هەم ئێوەی خوێنەر و هەم نووسەری بەڕێزم ڕازی کردبێت.

لە کۆتاییدا سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە بۆ ئەم وەرگێڕانە یارمەتییان دام و بە تایبەت لە کاک ناسیح ڕەحمانی کە زۆر خۆی بەم کارەوە ماندوو کرد و لە خوام داوایە تەمەن درێژ بێت. هەروەها سوپاسی بەڕێز حەلیمە مەلایی کە لە چەند شوێندا یارمەتیی کردم، سەرکەوتوو بێ. بەجێیە لێرەدا سوپاسی خۆم ئاراستەی بنەماڵەکەشم بکەم بە تایبەت هاوسەرەکەم گەلاوێژ.

هەمووتان سەربەرز بن و کەلانە بژین.

به سپاسەوە

عەدنان بەرزنجی

سنە، هاوینی ١٣٨٩ هەتاوی

## ئاماژە

عەلەوییەکانی زاگرۆس (ئالی حەق) لە مێژە بە پاراستنی ئاین و داوونەریتی کۆنی ئێرانیی خۆیان و هەروەها بە پێڕەویکردن لە بیرۆکەگەلێکی هەڵقوڵاو لە ئەندیشە ئاسمانییەکان و لە ژێر کاریگەریی هزری و شارستانیەتی زانستی و فەلسەفەی، کولتووره سەرکەوتووەکانی سەدە و چاخ و خولە جیاجیاکانی مێژوو و بە عەشق و ئیمانەوە لە سەرزەوینی ئەهوورایی خۆیان لە سەردەمی سەرهەڵدانی جیهانی ئیسلام و پاش بەبەرحەق زانینی پێغەمبەری مەزنی ئیسلام و پاشان تەجەلیی حەزرەتی عەلی و دواتر ئیمامەکانی مەزهەبی عەلەوی؛ واتا ئەو ئەندیشەیەی کە پردێکی پێوەندی بوو لە نێوان ئاینە ئێرانییەکان و فەرهەنگی عەرەبی کە هەر وەکو سپایەکی نیزامی پاسداری سنوورەکانی ئێران گەورە بوون و پێڕەوەکانیان چ عەرەب و کورد و ئازەری و لانی زۆری، گەورە پیاوەکان (کە زۆرتر کورد بوون) لە داوێنی ئەم مەکتەبەدا پەروەردە بوون، لەبەرئەوەی ئەم ئاینە لە ناوچەی کرماشانەوە سەری هەڵداوە و پاش هەزاران ساڵ پەرەسەندن و بڵاوبوونەوە، گەیشتوتە ناوچەکانی تر و پێڕەوگەل و پێشڕەوگەلی ئەم ئاینە حەقێکی گەورەیان هەیە بە سەر مێژوو و فەرهەنگی ئەم ئاو و خاکەوە. جگە لەو بەرهەمە، باوەڕێکە کە لەم دوایانەدا بڵاو بووەتەوە: ڕێکوپێک کردنی مێژوو و ڕەوتی بەرەوپێشچوونی، گرینگایەتییەکی حاشا هەڵنەگری هەیە، کە بۆ یەکەم جار و بەنووسینی سەرکەوتووانەی بزووتنەوە و سەرهەڵدانی عەلەوییەکانی زاگرۆس یا مێژووی ڕاڤەیی ئالی حەق، دەرگایەکی نوێ لە لێکۆڵینەوە و نووسینی مێژووی عەلەوییەکانی ئالی حەق و پاش بەدەستەوەدانی دەستەواژەگەلی پێویست لە دەقەکەدا ئەم لێکدانەوەیە دوای چەندین ساڵ هەوڵ و تێکۆشان چاپ بوو و بڵاو کرایەوە[1]... ئەم بابەتەش یەکەمین بەرهەمی سەربەخۆیە لە مەڕ مێژووی بەربڵاوی

١ لەو کاتەی کە خۆمم بەم کارەوە ماندوو کرد، چەند بەرهەمێک لە ڕەوتی مێژوویی ڕەواییدا هاتە بەرچاو کە لێرەدا ناتوانین لە سەریان باس بکەین و لەبەر نوێبوونی =

بنەماڵەکان. بە پێی بەڵگەگەلی بەرچاو و بنەوایەکی متمانەدارە و داگری دەقە بڕوایی و باوەڕمەندانە و هاوکات وێنە و بەڵگەکانیشی لە گەڵدایە. بەکەڵکوەرگرتن لە سەرچاوەگەلی باوەڕ پێکراو و کتێبخانەیی و هەروەها لێکۆڵینەوەگەلی مەیدانی و وتووێژ بەتایبەتی و دەقە وتمانییەکان نووسراوە و لە هێنانەوەی بابەتگەلی ناتەواو دوورەپەرێزی کراوە و بە پێی بەڵگەو تایبەتمەندی و ناسنامەی ڕۆشن و ئاشکرای هەرکام لە بنەماڵەکان کۆ کراوەتەوە، هیوادارم ئەم لێکۆڵینەوەیەش وەک کارەکانی ترم بەکەڵک بێت و ببێتە هۆی ڕەزامەندیی مامۆستایان و بیرمەند و کۆڵەران و خوێندکارانی کورد لە هەموو داوێنی زاگرۆسدا.

محەمەد عەلی سوڵتانی
تاران ١٣٨٠ی کۆچی هەتاوی

---

=بابەت و نەبوونی هەل و... ئیزنی ڕەخنە و لێکدانەوەی لە گۆڤارەکاندا نادا، بەڵام بە وتەی ئەدیبولمەمالک؛

همه جا بر متقدم فضل است    در بنای اثر و طبع سخن
که... این زمان بگزار تا وقت دگر

* ئەم کتێبە بەرگی دەیەمی (جغرافیای تاریخی و تاریخ مفصل کرمانشاهان) کە وەک دائیرەتولمەعارفی کرماشان ناسراوە و بڕێتییە لە بیست بەرگ و بەرگی دەیەمی بەناوی بنەماڵەکانی حەقیقەت و ناودارانی هاوچەرخی ئالی هەقی کرماشان لە چاپ دراوە، لە ڕاستیدا ئەم کتێبە مێژووی بنەماڵەکانی حەقیقەت و ناودارانی هاوچەرخی ئالی هەق بە تەواوی دەگرێتە خۆی تەنیا تایبەت نییە بە ناوچەیەکی دیاریکراو، هیوادارین لە داهاتوودا بەشێوازێکی بەربڵاو پەرە بەم بابەتە بدەین.

هو

بپرده بود جمال جمیل عزوجل
بخویش خواست کند جلوه ای بصبح ازل
چو خواست آنکه جمال جمیل بنماید
علی شد آینه خیر کلام قل و دل

عمان سامانی

## بنەماڵەکانی حەقیقەت

بنەمـاڵەکانی حـەقـیـقـەت کە لـە سـەرەتای سـەرهـەڵدانـی حـەزرەتی سـوڵتـان سـەهاک (ئیسحـاق) و بە پێی فەرمانی ئاینی جـەنابیان سەرۆکایەتی و ڕێبـەرایەتیی کەوتووەتە ئەستۆیان، حەوت بنەماڵەی جیـاوەبوو لە حەوت وانە و چوار بنەماڵەی شامێوانن. ئەم چوار بنـەمـاڵـەیە دواتر و بە پێی گـەڕی ڕۆژگـار و بـاری ئاینیی ئـەهلی حـەق، خـۆیان داوەتە پـاڵ ئەو حـەوتەکـەی تر و بوون بـەیازدە بنەمـاڵە و هەر هـەمـوویان لە نـاوچە ڕۆژئاواییـیـەکـانـی ئێـران و بە تایبـەت ناوچـەی کـرمـاشـان سـەریـان هەڵدا کـە تا سـەدوپەنجـا سـاڵی بەر لە ئێـسـتـا، واتا سـەردەمی دەسـەڵاتدارێتیی مـحـەمـەد عـەلی میرزای دەوڵەتشـا، وەک سنووරداری عێراقەین و دەسـەڵاتداری ناوچەکانی شارەزوور و خـانەقین و مـەندەلی کە ناوەندی ئاینییـان بووە، مـاون. ئـەوەی بەرچاو و ڕوون بێت ئەوەیە کـە لەم پـانتـا جـوگـرافـیـاییـیـەدا، بنەمـاڵەکـانی شـائیـبـرایمیی و یادگـاری، جەماوەریان زۆرتر و لە هەمان کاتیشدا بەهێزترین بنەماڵە سەرەتاییەکانن، دواتر و لە چەرخەگەلی دواتر و بە پێی سیستەمی ئاینی ئەم سێ بنەمـاڵە دەورێکی زۆرتریان لە هەمـووان گێڕا، چ شـامێوان و حـەفتـانەکان و ئەوەش بە بۆنەی هێـز و جەمـاوەری پێـڕەوانیـانەوە بوو و شـیـاوی وتنـە کە هەرسـێک لەو بنـەمـاڵانە لـە سـەیدە عـەلەوییـە هاشـمـییـەکانن؛ لە بـەر ئەوەی سـەرچاوە مێژوویـی و ئاینییـەکـان ئەوەمـان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە ئەم سـێ بنەماڵەشـە لە سـەیدە بەڕەگـەزەکانن و ئەو هەشت بـنەماڵەکەی تر بەڕەگەز سەید نین و لە مـەسلەکی ئەهلی حەقدا پێیـان وتراوە «سـەیید»، بـە مانای سـەروەر و گەورە، نەک وەک بنەماڵەی پێغەمـبەری ئیسلام (د. خ). بۆ ئاگاداریی زیاتر دەتوانـن لەو ســـەرچـاوانە کـــەڵک وەربگـرن کـــە لـەم بارەوە لـە چاپ دراون[1]. یان بۆ

١ بڕوانن بۆ؛ دانشنامـەی نامـوەرانـی یارسـان، ل ١٠٤، ل ١٠٨ کـە دەبێ بوترێ بێ هەڵە نییـە و لە هێنانەوەی مێژووی بنەماڵەی باباحـەیدەری و نووسینی باسـی بنەمـاڵەی شا هەباسییـەکاندا تووشـی هەڵە هاتووە و... هەروەها بڕوانن بۆ مـەشاهیـری ئالیحـەق و گەورەکانی یارسان.

زانیاریی زۆرتر سەیری ئەو بەڵگانە بکەن کە لەبەردەستی گەورەکانی بنەماڵەکانی ئەم ئاینەدان[1].

بەم پێیە لە یازدە بنەماڵەی ١ـ شائیبراهیمی٢ـ بابا یادگاری ٣ـ خامۆشی ٤ـ عالی قەڵەندەری ٥ـ میر سووری ٦ـ سەید مستەفایی ٧ـ حاجی باوەیسی (باباعیسا) ٨ـ زەنووری ٩ـ ئاتەش بەگی ١٠ـ شاهەیاسی ١١ـ باباحەیدەری، سێ بنەماڵەی؛ شائیبراهیمی، خامۆشی (حەیدەری) و ئاتەشبەگی کە لە ساداتی هاشمی و خاوەنی بەڵگەی باوەڕپێکراوی ڕاستەقینە و لە سەرچاوە جۆراوجۆرە مێژوویی، بنەماڵەیی و زارەکییەکاندا باس کراون[2]، لەهەموو بارێکەوە تەکیە و مەسنەد نشینەکانیان جێی متمانەی موریدەکانیان بووە و ئەهلی حەقەکان بە تەواوی خۆشیانیان دەویست و بە بۆنەی بەربڵاوی بنەماڵەشیانەوە لە گەورە بنەماڵە ئاینییەکان دێنە ئەژمار و جەماوەرێکی زۆر لە بنەماڵەکانی ئەلی حەق موریدیانن، لەم لێکۆڵینەوەدا مێژووی ئەم سێ بنەماڵەیە زۆرتر شی کراوەتەوە و باسیان لە سەر کراوە و مێژوویان خراوەتە ڕوو. هەروەها چۆن لەکتێبی سەرهەڵدان و بزووتنەوەی عەلەوییەکانی زاگرۆس یان مێژووی لێکدانەوەی ئەلی حەق بەشی ١ و ٢ بەتێروتەسەلی لە سەر ژیان و لایەنەکانی بەسەرهاتی ژیانی حەزرەتی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی و حەزرەتی سوڵتان سەید ئەحمەدی عەلەویی بەرزنجی (بابایادگار) و حەزرەتی شائیبراهیم عەلەوی بەرزنجی و گەورە پیاوانی تری ئاینی یاری وەک: شاخۆشین، سەید محەمەدی زاهێد (پیرخزری شاهۆ)، باباناوس، شاوەیسقولی، شا محەمەد بەگ، ئاتەش بەگ و... بۆ یەکەمین جار ئاوڕم داوەتەوە و خستوومەتە بەر دەستی کۆڵەران و

١ لە بەردەستدابوونی بەڵگەگەلێکی باوەڕپێکراو کە بیسەلمێنێ بنەماڵەکانی تر جگە لەو سێ بنەماڵە سەیدن، هەڵەیە و ئەم سێ بنەماڵە بریتین لە «شا ئیبراهیم گۆران، حەیدەری گۆران، ئاتەش بەیگی و ئەگەر بەڵگەیەکیش هەبێ باوەڕپێکراو نییە».

٢ لە گوزارشتێکدا ئاماژە دراوەتە سەر دوو بنەماڵە، واتا شا هەیاسی و عالی قەڵەندەری تاوێرانی کە لە بەشەکانی تری ئەم بەرهەمەدا ئاماژە دەکەینە سەریان و باسیان لەسەر دەکەین، سەبارەت بە بنەماڵەی قەڵەندەری تا وێران، تەنیا لە یەک شوێن باسی کراوە و بەڵگەیەکی وا نییە و تەنیا بە بۆنەی ژینگەی بەرین و جەماوەری زۆریانەوە، ناتوانین وەک گەورەبنەماڵە ناویان ببەین و بەم بۆنەوە لە جێگەی خۆیدا لەم بارەوە دەدوێین.

توێژەرانی فەرهـەنگی ئێرانی و ئیسـلامییەوە و لە دووپاتکردنەوە دوور دەکەومەوە، هەرچەند لەم چاخەدا دووپاتکردنەوە باوە. ئەگەرچی ئەم کەسـایەتییانە زۆرتر سەر بە ناوچەی کرماشانن، بۆیە سەرنجی خوازیاران و خوێنەرانی بەڕێز ڕادەکێشم بۆ خـوێندنەوەی ئـەم بەرهـەمـە.[1] لەم بـەرهـەمـەشـدا سـەرنجـتـان بۆ لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی بەسـەرهـات و لایەنە مـێـژوویـیـەکـانی بنـەمـاڵە مـەزنەکـانی؛ شائیبراهیمی، خامۆشی (حەیدەری)، ئاتەش بەگی و دەوروبەریان و بنەماڵەکانی تر و پیاوە بە ناوبانگەکانی ئەم ئاینە ڕادەکێشم.

١ بڕوانن: سەرهەڵدان و بزووتنەوەی عەلەوییەکانی زاگرۆس، محەمەد عەلی سوڵتانی، ب١ و ٢.

## بنەماڵەی شائیبراهیمی

### کرێند

بنەماڵەی ساداتی شائیبراهیمی، وەک ئاماژەی پێی درا لە سێ بنەماڵە بەناوبانگەکەی ئەلی حەقن کە لە پانتاییەکی گەورەی جوگرافیای بەتایبەت لە کوردستانی عێراق (شارەزوور، کەرکووک و...) مورید و دواکەوتووی زۆریان هەیە و لە ئێرانیشدا لەناوچەی کرێند و سەحنە و دەوروبەری تاران و ئازەربایجان موریدی زۆریان هەیە کە لە هەر بەشێکی ئەو ناوچانەی کە ئاماژەیان پێی کرا، یارسانەکان لقێکن لە زنجیرەی ساداتی کوڕی حەزرەتی شائیبراهیم و لە هەمان کاتدا بەپێچەوانەوە لە عێراقدا کە منداڵەکانی بنەماڵەی شائیبراهیم خاوەنی بنکەیەکی بەرفراوانی سەرکردایەتی ئاینی و خوالێخۆشبوو سەید خەلیل ئاغا (١٢٣٥ـ١٣١١ هەتاوی) و پاشان کوڕەکەی سەید فەتاح ئاغا (١٢٨١ـ١٣٣٣ هەتاوی) و منداڵەکانی تری و سەید کەریم ئاغا یەک لە دوای یەک بوون بە ڕێبەری ئاینی، ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی، زۆربەی یارسانەکان: دەبێ بوترێ لە سەردەمی سەرهەڵدانی حەزرەتی ئاغا سەید براکە، بیروباوەڕێکی پتەو و متمانەیەکی زۆری بۆ دروست بوو و نەبوو بە هۆی ناسەربەخۆییی هەمیشەییی ئاینی ئەم بنەماڵە لە مێژینە و گەورەیە، سەیدەکانی شائیبراهیمیی عیراق لە کوڕەکانی سەید ئەحمەد کەرکووکین کە لە



سەید فەتاح ئاغا

کەرکووک نێژراوە و زۆرکەس زیارەتی دەکەن.

بنەماڵەی ساداتی شائیبراهیمی لە ئێران، زۆر جێگەی ڕێز بوون، تەنانەت پاش کۆچی حەزرەتی ئیبراهیم بۆ بەغداد لەو سەردەمەی کە ناوەندی ئالی جەلایەر و قەراقۆیوونلووەکان بوو و نەکەوتبووە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان واتا سەردەمی سەرهەڵدانی سەفەوییەکان لە تەواوی ناوچەکانەوە هەر لە دەوروبەری بەغدا هەتا نزیکی هەمەدان، پێڕەوانی ئەم بنەماڵەیە هەر موریدی کوڕە گەورەکانی حەزرەتی شائیبراهیم بوون، هەروەک ئاماژەی پێی درا و دواتر بەبۆنەی سەرهەڵدانی کەسانێکی کارامە لەو بنەماڵەیە و لە بەر ئەو زاتە پاکە لە هەر ناوچەیەکدا بنەماڵەیەک لەم بەرەیە بەرپرسایەتیی ڕاپەڕینی کاروباری خەڵکیان وەئەستۆ گرت و لەبەرئەوەی کە لە دابەشکردنە سیاسییەکانی قاجارییەدا، وڵاتێک بەناوی عێراق هاتە گۆڕێ، گۆڕانکارییەکیش لە ئاینی ئەلی حەق لە بواری جیوگرافیایی و ژینگەییەوە بەدی هات، پێڕەوانی ئالی حەق لە بەشی کوردستانی عێراق لە شاری کەرکووک و کوردستانی ئێران لە شارەکانی کرێند و سەحنەی سەر بەپارێزگای کرماشان، دەوری زۆرتریان گێڕاوە و لقی زۆریان لێ کەوتووەتەوە و ئەو سێ بنەماڵەیە لە سەیدەکانی شائیبراهیمی بوون بە ناوەند و تەکیەداری ئالی حەقەکان درێژەی پەیدا کرد، لە بەر ئەوەی باسەکان لەسەر پارێزگای کوردستانە هەر ئەوەندە بەسە کە ئاماژەمان کرد بە سەرۆکەکانی ئەم بنەماڵەیە لە کەرکووک[1].

بەڵام شائیبراهیمییەکانی کرێند لە بەناوبانگترین شێخەکانی ئەم زنجیرە سەیدانەن و لەبەر ئەوەی سنووره باوەڕی و دینییەکان، سنووری جوگرافیایی دەبەزێنێ، ئەمان تا دوا ساتەکانی دەسەڵاتی سەفەوی کە هێشتا هەر کۆچەریش بوون و عەشایر، هەر وەک گەورە بنەماڵەکانی تر کە ڕێگەی کۆچیان دیار بوو و بۆیە لە هەر مەڵبەند و شوێنێک موریدی خۆیان هەبوو.

---

١ بۆ ئاگەداریی زۆرتر لەسەر ژیان و بەسەرهات و کاریگەری دینی، کۆمەڵایەتی و ڕێوشوێنی ئاوەدانی و ژیانی ئاسوودەیی و فەرهەنگی بنەماڵەی شا ئیبراهیمییەکانی عێراق و کوڕەکانی سەید خەلیل ئاغا، بروانن بۆ کتێبی: (تاریخ الکاکائیة، عباس العزاوي،/ شاعیر و ناودارانی کاکەیی هەردەوێڵ کاکەیی./ ترکها، کردها، عربها، ئێدموندز و.... ).

سـەيد حەسـەنعەلی بـەگ: باپیرە گەورەی بنەماڵەی شائیبراهیـمییـەکانی کرێند لەنیــوەی دووەمـی ســەدەی دەیەم (١٠٠٠ـ٩٥٠)ی کـۆچـی هاتە ئێـران و لـە ناوچەی هووکـانی کرێند، گرسـایەوە و تا دوا سـاڵانـی دەسـەڵاتی سـەفـەوییـەکان خـۆی و بنەمـاڵەکـەشـی پاش خـۆی، هـەر ڕێبـەری مـوریدانیـان بوون. لەم بنـەمـاڵەیەدا کـوڕ دوای کوڕ و یەک لەدوای یەک بۆ موریدەکانیـان خاوەنی گەورەیی و کـەرامـەت بوون و کـە بـەم شـێـوەیە ڕیزبەنـد دەکـرێن: ســەید ڕەزابەگـی گـەورە لە پـاڵ بابایادگـار نێـژراوە، سـەید جـەعـفـەرخـانی هـووکـانی لە هـووکـانی کـرێند نێـژراوە، سـەید شەمسالی لە گۆڕاجووی قشلاخ نێژراوە، سەید ئەفزەلخان لە گۆڕاجووی قشلاخ نێژراوە، سەید ڕەزابەگی دووەم لە تەنیشتی بارەگای پیر بنیامینی کرێند نێژراوە، سەید ئیسماعیل لە کرێند نێژراوە و سەید هەواسی لە ڕگە لەوانە بووە.

لە سـەردەمی ئەفشـارییـەکاندا و پاش هاتنە سـەرکاری نادرشا (١١٦٣ـ ١١٤٨ کۆچی مـانگی) و سـەرهـەڵدانی سـەید ڕەزابەگی دووەم کە خـاوەنی کـەرامـەت بوو، شـێـخـایەتی و تەکیـە، دەوری خـۆی زۆرتر گـێـڕا کـە بەرە دوای بەرە ئەم بنـەمـاڵەیە خاوەن تەکیە و بارەگا بوون.


نادرشا لە سـەرەتای دەسـەڵاتەکەیەوە، عـەلەوییە ئەلی حەقـەکانی هـان دا تا دژ بە دەستدرێژییەکانی عوسمانییەکان بوەستن و ئیزن نەدەن هێرش بکەنە سەر ئێران. نادر لـەو کـاتەی کـە هەڵی کـوتایە ســەر بەغـدا، بـەو بۆنەی کـە ســەید ڕەزابەگ هاوڕێیـەتیی کردبوو، ڕێزی لـێ گرت و لـە فـەرمانێکدا ٢٤ گوندی سـەر بە ناوچەی بی نەهرووبان یاران و گوندەکانی تری گۆران و گاسوور و هووکانی و گوندەکانی دەوروبەری خەڵاتی کرد[١].

پاش کـۆچی دواییی سـەید ڕەزا، بنەمـاڵەکـەی لە کـرێند، هووکـانی، گـاسـوور، گەورە جـۆ، قشـلاخ، تەختگا، جـامـاسب و بان مـلە، نیشـتـەجێ بوون و خـەریکی ڕێنوێنیی خـەڵکی بوون. هـەروەها لە ئیـسـلام ئاوای ڕۆئاوا (شـائاباد) و ناوچەی تفـەنگچیی سیمانی سـەیدەکانی ئەم زنجیـرەیە دەبینرێن. سـەیدە تەیارییـەکان لە بنەمـاڵەی مـەلەک تەیاری بـابەگەورەی سـەید مـەلەکشـا هاوچەرخ و موریدی سـەید

---

١ دفتـر رمـوز یارسـتـان، گەنجینەی سـوڵتـان سـەهاک، سـید قـاسم افظلـی ابراهیـمی، ل ٣٣ـ٣٢.

ڕەزا بەگن. مەلەک تەیار ناسراو بە بابامەلەک، مەزهەری حەزرەتی شائیبراهیم بووە کە دواتر بنەماڵەکەی لە ژێر دەستی شائیبراهیمییەکاندا سەریان سپاردووە. تاقمێکی تر لە شائیبراهیمییەکان لە تیرانەکانی سنجابیی سەر بە کوزران، نیشتەجێن و خەریکی ڕێکوپێککردنی کاری موریدەکانیانن. سەیدە شائیبراهیمییەکان لە تاران و ئازەربایجانیشدا خاوەنی تەکیە و بارەگان و جێی متمانەی موریدانن و ئەم تاقمە لقێک، لە منداڵە گەورەکانی حەزرەتی شائیبراهیم کەوتوونەتەوە.


بارەگای حەزرەتی سوڵتان سەهاک
(پەردیوەر هەورامان)

بەپێچەوانەی ئەوەی کە کرێند لە سەر ڕێوشوێنە پیرۆزەکاندا هەڵکەوتووە و زۆر گەورە پیاوی گەڕیدە و سەفەرنامە نووسی مەزن و مێژوونووسی بەتوانا، لەوێوە هاتوچۆیان کردووە. بەڵام ناوێکیان لەم پیاوە گەورانە نەهێناوە. تەنانەت لەکۆمەڵە بەڵگەی فەرمانفەرما کە لە دوایین ساڵەکانی قاجارەکاندا باسێک کراوە لەسەر ئەلحەقە خاوەن تەکیە و بارەگاکان، ئاوڕ دراوەتەوە سەر هەموو بنەماڵەگەلێکی ورد و گەورە، بەڵام ئاماژەیەک نەدراوەتە سەر شائیبراهیمییەکانی کرێند.[1]

هەروەها عەباس عەزاوی لە کتێبی «تاریخ الکاکائیة» کە شوێن و کەسایەتییە گەورەکانی عێراق و ئێرانی بەڕیز هێناوە، بەڵام باسی ئەم بنەماڵە دێرینەی نەکردووە، وەیان نەیزانیوە و کەس پێی نەگوتووە[2]. چاپی یەکەمی کتێبی ناودارانی ئالی حەقیش باسی بارودۆخ و ژیانی گەورە پیاوانی ئەم بنەماڵەیەی نەکردووە.

---

١ بڕوانە بۆ کۆمەڵە بەڵگەکانی عەبدولحوسەین میرزای فەرمانفەرما، ب ٢، ل ٧٩٠ بەولاوە.
٢ بڕوانە بۆ: «الكاكائية في تاريخ، ل ٣٠ بەولاوە».

تەنیا و تاقە سەرچاوەیەک کە باسی گەورەپیاوانی ساداتی شائیبرایمیی کرێندی کردووە و پاش هەوڵێکی زۆر بەدەستی من گەیشتووە، کتێبی ئووژن ئووبن فەرانسەوییەکە، لە سەفەرنامەکەی خۆیدا نووسیویە:... (لە کرێند) دا وەک وتمان ڕەزا ناوێک لە بنەماڵەی [ساداتی] مووسەوییەکانی مووسڵ کە لە گۆڕستانی کرێند بە خاک سپێردراوە، لە سەدەی ١٨ی زاینی هاتووەتە ئەوێ و دانیشتووی کرێند بووە و پاش مەرگی خۆی، بنەماڵەکەی دەستیان داوەتە ڕێنوێنیکردنی کرێندییەکان و گۆرانەکانی دراوسێیان.




ئاغا سەید عەلی یار دووەم

سەید ڕەزا بەگ سەیفوسادات؛ لە بواری بڕشت و کاریگەری بنەماڵەییەوە، لە بەتواناترین پیاوانی کرێند دێتە ئەژمار. ناوبراو نەیدەتوانی پێشەوای مەزهەبیی تەریقەتێک بێت کە ئاینێک پاڵپشتی نەبێت؛ بەڵام بەهۆی مەزنایەتی و گەورەیی و سەید بوونییەوە، بووەتە هۆی ئەوەی بەشێوەیەکی نیمە فەرمی لە هەمووی بارەکانی ژیانی موریدەکانی خۆیدا بەشداری بکات. موریدەکانیشی وەک جێگری حەزرەتی عەلی (د. خ) سەیریان کردووە و کردوویانەتە نوێنەری خوا و هەر ئامۆژگارییەکی کردبا بێ ئەوەی بیری لێ بکەنەوە و لە سەری بکۆڵنەوە بە گیان و بە دڵ وەری دەگرن. هەروەها پێیان وایە تەنیا ناوبراو لەلای خوا دەبێتە تکاکاریان و وادەکات نزا و پاڕانەوەیان لەلایەن خواوە وەربگیرێ و باری شانیان سووک دەکا. بۆیە، یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی (سەیفوسادات) بە هاریکاریی سەرۆکی عەشیرەت و چەسپاندنی دادوەری و عەداڵەتە.[1]

١ ئێران ئەمڕۆ، ئووژن ئووبن، وەرگێراوەی عەلی ئەسغەر سەعیدی، ل ٣٥٤/ لەم وەرگێڕانەدا وادیارە وەرگێڕی بەڕێز تووشی هەڵە بووبێت، یەکەم ئەوەی کە لە ڕستەی ژمارەی یەکدا مانای دەقی بنەڕەتی نەزانیوە و لە ئاکامی بابەتەکەدا خوێنەر وای بۆ=

له پاشماوەکانی ئەم بنەماڵەیە دوو کەسیان یەک لەدوای یەک ناوبانگییان دەرکرد و سەرپەرشتی تەکیەو دەزگای ڕابردووە خاوەن پلە و پایەکانیان وەئەستۆ گرت. یەکیان خوالێخۆشبوو سەیدعەلیاری دووەم، ناسراو بە سەید عەزیزی کوڕی سەید جەمشید کە پێڕەوەکانیان و بنەماڵەی سەیدەکان ڕێزی زۆریان بۆی دادەنا، ناوبراو دەستێکی باڵای بوو لە نووسین و هونەردا و بۆ ناساندنی ئاینی یاری زۆر بابەتی پڕبایەخی نووسیوە.[1]



ئاغا سەید قاسمی ئەفزەلی

پاش ئەو، کوڕەکەی واتا سەید قاسمی ئەفزەلیی شائیبراهیمی (١٣٧٧ـ١٣١١ کۆچی هەتاوی) پێداگەیشتن بە تەکیە و کاروباری موریدو مەنسووبانی بنەماڵەی شائیبراهیمییەکانی کرێندی وەئەستۆ گرت و بۆ ئەم کارە، هەوڵێکی زۆری دا و تا ئەوەی ساڵی ١٣٥٠ دەستی کرد بە کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی دەفتەرەکانی یاری لە ژێر ناوی (ڕمووزی یارسان) و هەر وەک چۆن خۆی لە پێشەکی ئەو کتێبەدا ئاماژەی کردووە؛ (.... لە ماوەی یازدە ساڵی ڕابردوو تا ئێستا (١٣٥٠ـ ١٣٣٩ کۆچی هەتاوی) چەندین گومەز و بارەگا بۆ ڕێبەڕانی ئاینیی ئالی حەق بەم پێیە و بە چالاکی و ئەزموونی زۆر و بەپارەی گیرفانی خۆیان و پێڕەوانی ئالی حەق بنیاتیان ناوە: (١)، چاککردنەوەی بارەگای حەزرەتی پیر بەنیامین (٢)، سەرلەنوێ بنیاتنانەوەکانی هانیتا هەتا شائیبراهیم و دروستکردنی جێگای حەوانەوە بۆ زیارەتکەران (٣)، چاککردنی بارەگای حەزرەتی سەیدڕەزا بەگ لە

---

=دەچێ کە ئۆژوون ئووبن، سەید ڕەزای بینیوە و لەگەڵ ئەودا هاوچەرخ بووە، کەچی لە سەرەتای نووسینەکەدا، وتراوە ناوبراو لە سەدەی ١٨ و لەسەر گۆڕی ئەو زاتە لە گۆڕستانی کرێند حازر بووە و ئووژن ئووبن، لە نێوان ساڵەکانی ٧ـ ١٩٠٦ لەم ناوچەیەدا بووە، یا دەقی سەرەکیی سەفەرنامەی ئووژن ئووبن هەڵەی تێیدا بووە؟!.

١ بڕوانە بۆ؛ گۆڤاری میهر، ئالیحەق، سەید عەلیار ئەفزەلی، ژمارە ١١٢، ١٧٦.

بابا یادگار. (٤)، چاککردنەوەی بارەگای حەزرەتی سەید محەمەدی گۆڕە سوار (لە پەردیوەردا). (٥)، چاککردنەوەی گونبەدی پاکی حەزرەتی سەید سمایل لە کرێند. (٦)، هاریکایی تەواو بۆ سەرلەنوێ بنیاتنانی بارەگای حەزرەتی پیرمووسا لە کرێند.(٧)، هاریکاریی لە چاککردنەوەی بارەگای حەزرەتی سەید ڕەزابەگ لە کرێند.(٨)، چاککردنەوەی بارەگای سەید جەمشیدی باوەگەورەی لە کرێند.[1]

خوالێخۆشبوو ئاغا سەید قاسمی ئەفزەلی؛ کە خۆی لە کارمەندانی پارێزگای کرماشان بوو، پاش خانەنشینکردنی لە ساڵانی پاش ڕاپەڕین بۆ کاروبار و خزمەتگوزاریی مەزهەبی و ئەرکی باو باپیرانی و ڕاگەیشتن بە کاروباری موریدان و شوێنکەوتووان و هەروەها وەئەستۆ گرتنی سەرپەرشتیی تەکیەی بنەماڵەی شائیبراهیمیی کرێند بوو بە وێنەیەکی بەرچاو بۆ ساداتی شائیبراهیمی لە مەڕ ئەوەی هەوڵی زۆرتر بدەن بۆ دین و دینداری. لە هونەری بە شکۆی مۆسیقای ئاینیی یارسان، وەک باوکی، زۆر بەتوانا و پێشکەوتوو بوو و بەباشترین شێوە لە زاراوەی هەورامی تێ دەگەیشت و بۆ ڕێکوپێککردنی کاری توێژینەوەکەمان و بۆ وەدەستهێنانی باسی بابەتی بەردەست لەگەڵ ناوبراو چاوپێکەوتن و وتووێژگەلێکی باشمان پێک هێنا. دەستنووسی شەجەرەنامەی بنەماڵەی ئەوانم لەم چاوپێکەوتنەدا وەدەست هێنا کە بە خەتێکی زۆر جوانی سولس ( ثلث) و ڕازاوە و لە ناو تۆمارێک بە درێژاییی دوومەتر و بیست سانتیمەتر کە مۆری سەرپەرشتیکارانی کەربەلاو نەجەفی پێوەیە و بە بەرواری ١٠٩٢ی کۆچی هەتاوی کە لە سەید ڕەزا بەگی یەکەمەوە دەستی پێ کردووە و تا گەیشتووەتە حەزرەتی عەلی (د.خ)[2].

بڕیار وا بوو چەند بەڵگەش سەبارەت بە بنەماڵەی شائیبراهیمیی کرێند، بخاتە بەردەستمان. بەڵام بەداخەوە مەرگ مۆڵەتی پێی نەدا و لە ڕەزبەری ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی لە کرماشان کۆچی دوایی کرد و بەڕێز و حورمەتێکی زۆرەوە لە لایەن موریدان و ئاینییە یارسانەکانەوە گوێزرایەوە بۆ تەنیشتی گۆڕی باوەیادگار و لە تەنیشتی کانیی هانیتاوە بە خاک سپێردرا.[3]

---

١ رموز یارستان، لاپەڕەکانی ١٠، ١١.

٢ باری مێژوویی و ئاینیی ئەم شەجەرەنامەیە زۆر گرینگ و بایەخدارە و دەکرێ زۆرتر لێ بکۆڵێتەوە.

٣ لە پێشەکیی دەفتەری ڕموزی یارستان (گەنجینەی سوڵتان سەهاک) خوالێخۆشبووە=

## شەجەرەی سەیدەکانی شائیبراهیمیی کرێند

حەزرەتی عەلی (د.خ) ئیمام حسێن(ع)، ئیمام زەینەلعابدین(ع)، ئیمام محەمەدی باقر(ع)، ئیمام جەعفەری سادق (دروودی خوایان لە سەر.)

= سەید قاسم ئەفزەلی شائیبراهیمی سەبارەت بە بنەماڵەی ئالیحەق شا ئیبراهیمی کە لە ناوچەی کرماشاندا دەژین هێناویە: لە کرێند، گاوەسوور و قەسری شیرین.
سەید عەلیار ئەفزەلی، سەید والی، سەید شەمسوڵڵا، سەید ئەمیرخان، سەید شیرعەلی، سەید ڕەزا، سەید ڕوکنەددین شاریاری، سەید بابا، سەید بوچان، سەید میرە، سەید ئەحمەد ڕەزابەگی، سەید ئەحمەد ئەفزەڵی، سەید فەرەج، سەید یەدوڵڵا، سەید محەمەد یار ئەفزەلی، سەید مێهر عەلی، سەید محەمەد ئەفزەلی، سەید کەریم، سەید عەلی ڕەزا، سەید نوورەدین فەڕوخی، سەید داراب خەلیلی، سەید دانیال، سەید غوڵام ئیبراهیمی لە بنەماڵەی حەزرەتی سەید سمایل، سەید ئەفزەلخان، سەید ڕەزا بەگ، سەید شەمسالی و بنەماڵەی حەزرەت میرە بەگ، حەمزە بەگ تا حەزرەتی شائیبراهیم.
سەیدەکانی جامازتەختگا: سەید نزام، سەید میرزا، سەید نەسرەت، سەید یەدوڵڵا، سەید حوسێن، سەید ئەحمەد، سەید قەنبەر، سەید پیرموراد، سەید ئەڵڵا موراد، سەید سەیفوور، سەید پاشا (بان ملە)، سەید کەیوومەرز کە هەموویان میرە بەیگین و لە بنەماڵەی خوالێخۆشبووان، سەید ئاغای گەورە، سەید ئەسەد، سەید نەعیم، سەید کەریم کە شەجەرەکەیان دەگاتەوە سەید هەواس لوڕگە، حەزرەتی سەید شەمسالی، سەید ڕەزا بەیگ، میرە بەیگ تا شائیبراهیم.
سەیدەکانی شا آبادی رۆژئاوا: سەید خودایار، سەید سولتان موراد، سەید شەمسوڵڵا.
سەیدەکانی کرماشان: سەید سوحبەت ئەفزەلی، سەید حەبیب ئەحمەدی، سەید سەلمان، سەید حوسێن ئەحمەدی، سەید هاشم بیباک، سەید جەواد میرەبەیگی، سەید یەدوڵڵا، سەید نێعمەت، سەید سەلمان و سەید کەرەمیار ئەفزەلی، سەید عوزرەدین و ئەخوان، سەید کەریم فەڕوخی، سەید جەواد و سەید نێعمەت لە کوڕەکانی خوالێخۆشبوو، سەید سورخەک بەگ و قانوون بەگ تا دەگاتە =

=شائیبراهیم. سەید کەریم فەڕوخی لە کوڕەکانی خوالێخۆشبوو فەریدوون (و)، سەید فەڕوخ تا حەزرەتی حەمزە بەیگ و میرە بەیگ و شائیبراهیم، پاشماوەکەیان؛ سەید سوحبەت، سەید هاشم، سەید حەبیب، سەید یەدوڵڵا، سەید عوزرەدین لە کوڕەکانی حەزرەتی سەید سمایل، سەید فەزڵوڵڵا، سەید ڕەزا بەگ، سەید شەمسالی (تامیرە بەیگ و حەزرەتی شا ئیبراهیم).

سەیدەکانی تفەنگچی: سیمیانی، سەید ئیبراهیم قەڵەندەر بەیگی، سەید ئاغا نازار، سەید حوسێن کە سەید ئیبراهیم کوڕی خوالێخۆشبوو سەید باوەنی کوڕی حەزرەتی قەڵەندەر بەگی کوڕی بە توانای حەزرەتی شائیبراهیم.

سەیدەکانی تەیاری: کوڕەکانی حەزرەتی سەید مەڵەکی تەیار ناسراو بە بابامەلک تەیار؛ سەید عەلی ئەکبەر تەیاری سەید حاتەم مەلکی، سەید سەیفوڵڵا تەیاری و.... کە گەورەی ئەم بنەماڵەیە سەید عەلی ئەکبەر تەیاری، کوڕی سەید پاشا کوڕی سەید کەرەم کوڕی سەید موڕادی کوڕی سەید ئەڵماسی کوڕی سەید عەلی کوڕی سەید مەلەکشا لە هاوچەرخان و موریدەکانی سەید ڕەزا بەیگ بووە و (ئەم سەیدانە لە بنەماڵەی حەزرەتی سەید مەلەکی تەیارن)؛ (سەید مەلەک تەیار ناسراو بە باوە مەلەک کە مەزهەری شائیبراهیم بووە و دوایی بنەماڵەکەی ئەو گەورەپیاوە بوون بە موریدی شائیبراهیم).

دەلیلی بە موریدی شائیبراهیمییەکان: ئێسووشا (یووسف شایی)، پیر ئیبراهیم، پیر عالی، باوەمەقسوود، (ئەم چوار کەسە و منداڵەکانیان) لە کوڕەکانی حەفتا و دوو پیرە بوون، بەهۆیەک تا خەڵکی ببنە موریدی شائیبراهیمییەکان، لەبەرئەوەی حەزرەتی داوود ژنی نەهێناوە بە فەرمانی سوڵتان سەهاک منداڵەکانی حەفتا و دوو پیرەی کردووەتە جێگری خۆی.

گەورەی عەشیرەتی پیر ئیبراهیم؛ مووساخان تەیمووری، سەعید بەیگ و سۆفی بەیگ هاوەڵی و.... ئەم عەشیرەیە گەورەترین هۆ بوون، بۆ پەیدابوونی موریدانی شا ئیبراهیمی، خامۆشی و میری و لە منداڵەکانی محەمەد حوسێن خانی بیوەیەنجن (کە لە پیاوچاکانی خزمەتگوزار و بەناوبانگەکانی ناوچەی گۆرانن). محەمەد حوسێن خان بێ منداڵ بووە. خوالێخۆشبوو ئەفزەلی لە تەواروسی شێوەی دینی ئالیحەق، گەورەپیاوەکانی لە بەرچاو گرتووە. بۆ ئاگاداری لە پێشینەی گەورەپیاوانی عەشیرەتی بیوەنیجی. بڕوانن بۆ ئەو کتێبانەی کە لەسەر ئێڵ و عەشایری کرماشان نووسراون.

یەکەم ـ سەید یووسفی گەورە ـ سەید حسێن ـ سەید عەلی ـ سەید یووسف ـ سەید باواعەلی ـ سەید عیسا ـ سەید ئیسحاقی ناسراو بەسوڵتان سەهاک ـ سەید محەمەد گۆڕە سوارـ سەید شائیبراهیم، سەید ئیسحاق بەگی ناسراو بەمیرەبەگی گەورە ـ سەید ئیبراهیم بەگی گەورە ـ سەید ئیسحاق بەگی ناسراو بە میرە بەگی دووەم ـ سەید محەمەد بەگ ـ سەید عەلی بەگ ـ سەید ئیبراهیم بەگ ـ سەید حەسەنعەلی بەگ ـ سەید بورجەلی بەگ ـ سەید جافرخان ـ سەید ڕەزابەگی گەورە[1]. سەید قاسمی ئەفزەلی ـ سەید عەلیاری دووەم ناسراو بە سەید عەزیزی ـ سەید جەمشید ـ سەید عەلیاری گەورە ـ سەید ئیسماعیل ـ سەید فەزڵوڵلا بەگ ـ سەید ئەفزەڵ خان ـ سەید شەمسەلی بەگ ـ سەید ڕەزابەگی دووەم ـ سەید فەتحوڵلا بەگ ـ سەید میرزا عەلی بەگ ـ سەید ڕەزابەگی گەورە ـ ....

١ ئەم شەجەرەنامەیە بە خەتی (ثُلث) سولس و پسپۆڕانە و بە جوانکارییێکی زۆر و لە تۆمارێکدا بەدرێژاییی ٢٢٠سم و مۆری خادەمەکانی کەربەلا و نەجەفی پێوەیە و لە بنەماڵەی شائیبراهیمی پارێزراوە و ساڵی نووسینەکەی لە سەید ڕەزا بەگی یەکەم (گەورەوە) بەملاوەیە.

## بنەماڵەی شائیبراهیمی

**سانە (سەحنە)**

بنەماڵەی شائیبراهیمیی سەحنە لەو بنەماڵە وجاخ ڕۆشن و جێ متمانە و باوەڕی پێڕەوان و دیندارانەی شارۆچکەی سەحنەن کە لە سەردەمی تەکیەداریی ئاغا سەید فەرەجدا ناوبانگی زۆریان هەبووە و بەهۆی ئەوەی کە ناوبراو هەموو کاتێ لە سەیران و لە گەڕاندا بووە بۆیە زۆربەی ئالی حەقەکانی ئێران و عێراق شوێنکەوتوو و موریدی ناوبراو بوون و زۆربەی زۆری سەرچاوە نووسراوەکانی ئەم سەدەی ڕابردووە، ئاغا سەید فەرەج، یان وەک سەرۆکی ئاینیی ئالی حەق ناو بردووە. ـ (ئالی حەقی سەحنەی کرماشان).[١]

دامەزرێنەری ئەم بنەماڵەیە، ئاغا سەید مورادە کە لە سەردەمی زەندییەکاندا لە کەرکووک و مووسڵەوە بە مەبەستی تەکیەداری و تەریقەت و ڕۆشنکردنەوەی چرای ماڵباتەکەی، هاتە سەحنە (سانە) و دەستی کرد بەجێبەجێکردنی کاری ئالی حەقەوە و رووی کردە مەسلەکی دەروێشی و بەشێوەیەکی زۆر سادە دەژیا و خۆی لە کێشە و سەرئێشە بەدوور دەگرت و پاش مەرگیشی بە پێی ڕاسپاردەی خۆی لە گۆڕستانی باشووری شارۆچکەی سانە (سەحنە) کە ئێستا چۆڵە و کەسی لێ نییە، ناشتیان و ئەویش بە ئەوپەڕی سادەیی و گوێ نەدان بە دنیا. ئاغا سەید سۆراب کوڕی خوالێخۆشبوو سەی موراد، بوو بە جێگری باوکی و پاش چەند ڕۆژ ژیان لە دنیا ئەویش ڕەوانەی تەنیشتی باوکی کرا و پاشان ئاغا سەید فەرۆخ بوو بە تەکیەدار و بەسەر کاروباری موریداندا ڕادەگەیشت. پاش ئەم بەرێزە، هێزو توانای ئەم بنەماڵەیە لە زیادبووندا بوو و ئاغا سەی فەرەجی شائیبراهیمی بوو بە

١ بڕوانە بۆ بەڵگە و فەرمانەکانی فەرمانفەرما، بەرگی ٢، ل ٧٩١ / (الكاكائية)، عەباس عەزاوی ل ٣٢ / لێکدانەوەی باری دەروونیی شەمسولعورەفا، ل ٩١/ حديقة العرفا، نووسراوەی مەعسووم عەلیشای مودەڕیسی، ل ٥٢ / و...

سەرۆکی شائیبراهیمییەکانی سەحنە (سانە) بە پێی بڕوای زۆربەی زۆری سەرچاوەکان و مێژووە نووسراوەکانی سەردەمی قاجاڕ، ناوبراو گەورەترین و بەرزترین کەسایەتیی ناو سەیدەکانی شائیبراهیمیی سانە و دەوروبەری بووە. لە ژێر دەستی باوکیدا پەروەردە بوو و بە خزمەتی گەورە پیاوانی عیرفان گەیشت و گەورەییی زۆری وەچاوی خۆی بینی و بەو پەڕی زانایی لە زانستی دەروونی و دەرەکییەوە بوو بە مەسنەدنشین و لەو ١٢٠ساڵەی تەمەنیدا تەنیا و تەنیا خەریکی ڕێنوێنی خەڵک و میوانداری و چاکە بە خەڵک بوو، ماوەی ٤٠ ساڵی تەمەنی خەریکی گەڕان و بەشداری لە کۆڕو کۆبوونەوەی گەورەپیاوان و ڕیازەت بوو، چەندین جار گەیشتە خزمەتی سەفی عەلی شا و لە سەردەمی سەرهەڵدانی شاتەیمووری دووەمەوە (فەتاح) بە هاندانی ناوبراوەوە چەندین جار ڕیازەتی کێشا و هەر خەریکی باری پاککردنەوەی دەروونی خۆی بوو و ماوەی دوو ساڵی تەواو هاو سەفەری شێخ چوغەندەری بەناوبانگ بوو[1]. هەتاکو کە شاتەیموور

---

١ نووسەری تەرایقولحەقایق سەبارەت بە شێخ چوغەندەر نووسیویە:

سەرەتای دۆخی شێخ چوغەندەر بەگوێرەی ئیلخانی: جارێ سەبارەت بە شێخ چوغەندەری لوڕ باسی دەکرد سەرەتا سەبارەت بە حاڵەتی خۆی باسی کرد و دەیگوت کە من جەردەییم دەکرد و هەڤاڵێکیشم بوو کە هەردووکمان زۆر پڕ هێز و بەقەوەت بووین، ئەوەندە بەتوانا بووین کە کاروانێکی زۆرمان بە کەم دەزانی. تا ئەوەی کە ڕۆژێکیان کەمینمان گرتبوو، چاومان کەوت بە دەروێشێک سواری کەرێک بوو و هەموو کەلوپەلی ژیانی بە ڕازاوەترین جۆر دامەزراندبوو و هاوڕێیەکیشی بوو، لەوپەڕی جوانیدا؛ هەڤاڵەکەم گوتی بەشی خۆمان دۆزییەوە، منیش بە زمانی لوڕی گوتم دەبڕێشە. گوتی کارمان بە خۆیەوە نییە بەڵام خۆ کەر و کەلوپەلەکەی دەروێش نین، بەهەر جۆرێک بوو ڕازی بووم بەوەی کە هێرشی بۆ بەرین. ئەو لە پێش و من لە پاشیەوە هێرشمان کرد. دەروێش لەوپەڕی مەندیدا بۆمی ڕوانی و وتی تۆ بۆ ئەم کارە خەلق نەکراوی، وەم زانی کە لە حەوت ئاسمانەوە بەرەو خوار بوومەوە. پاش ئەوەی حاڵم باشتر بوو گوتم: قوربان ئەی بۆچی خەلق کراوم. گوتی وەرە پێت ئەڵێم، وەدوای کەوتم و لە هەر کوێ لای دا لە خزمەتیدا بووم. ڕێگەیەکی پێشان دام و گوتی ئەوە بە کاری تۆ دێت، بە کورتی خوالێخۆشبوو حاجی ئیلخانی باسی باشیی لێی دەگێڕایەوە و بەکورتی لە تاران لە پاڵەوی مەزاری موئەتەر عەلی شادا لە تەنیشت سەید نەسروڵلاوە نێژراوە. (طرائق الحقایق، ب ٣، ل ٤٣٠).

بەرپرسـایـەتیی بنەمـاڵـەیی خـۆی پێی بەخـشی و ئیـزنی ئەوەشی دا تاکـو ببێ بە تەکیـەداری سـەردەمی سـەرهەڵدانی تـەیمووری و هـەسـتێکی بـەرزی بوو لەوەی کـە بوو بەجێگری بابی خـۆی و ئیـتر هـەر خـەریکی پەرەدان بە ئاینی ئالی حـەق بوو تا ئەوەی کە ساڵی ١٣٠٩ ی کۆچی هەتاوی مەلی ڕۆحی جەستـەی بەجێ هێشت و لە بەر ئەوەی کوڕەکەی بە نـاوی ئاغا سـەید عـەزیموڵڵا لە سـەردەمی لاوەتیدا کۆچی دوایـیی کـردبوو، ئـاغـا سـەید لوتفـوڵڵا کـوڕی سـەید عـەزیمـوڵڵا بە کـاروباری شـائیبراهیـمییـەکاندا ڕادەگەیشت. ئەم بنەمـاڵەیە کە لە بـاوباپیریانەوە بە باشی پەروەردە کرابوون لەلایەن تەیموورەوە زوو پـەسند کران و ئاغا سـەید لوتفوڵڵاش بە باشـترین شـێوە کاری خـۆی گەیاندە ئـەنجام و هەتاکو لە بەرواری ١٣٤٩/١١/٢٦ (١٩٧١ز)دا کـۆچی دوایی کـرد و ئاغـا سـەی ئەمـرۆڵڵای کـوڕی (١٣٠٢ کـۆچی هـەتاوی) بوو بەجێگری و تەکیە و بارەگای وەئەسـتۆ گرت، ناوبـراو پاش چەندین سـاڵ خـزمـەتی ڕاسـتـەقـینە بـە کـەلەپووری ناوچـەکـە و هـەوڵ و تێکۆشـان بۆ پەروەردەکردنی منداڵانی ئەو ناوچەیە. گەورەیی خـۆی بە هەمـووان پیـشـان دا و چرای بنـەمـاڵەکـەی ڕووناکـتـر کـردەوە و بوو بـە پەناگـای غـەریبـان و هـەژاران و بایـەخی زۆری دەدا بـە هـەسـت و هونـەر دەروازە و مـاڵ و تـەکـیـەکـەی ئـەوان لە (سـەرچـەمـەنی سـەحنەدا) تا نیـوەشـەو بۆمـیـوانداریی مـیـوانان ئاوەڵایە و




ئاغا سەید لوتفوڵڵا
شائیبراهیمی



ئاغا سەید فەرەجوڵڵا
شائیبراهیمی


میواندارییەکی باش لەمیوانان دەکرێت. لە سەردەمی شەڕی ئێران – عێراق ماڵ و تەکیەی ئەم بنەماڵەیە شوێنی حەوانەوەی ئاوارەکان بوو، ئاغا سەی ئەمرۆڵڵا جگە لەوەی لەباسی ئادابی دینیدا زۆر شارەزابوو لەسەر دەقە کەلامییەکانی ئالی حەقیشدا زۆر شارەزا بوو و لە هونەر و مۆسیقاش دەستێکی باڵای هەبووە و بە تایبەت لە ئامێری تەنبوور کە ئامێرێکی پیرۆزە لای ئالی حەق بە باشترین شێوە بوو و خزمەتێکی زۆری هونەری کردووە و چەندین قوتابیی پەروەردە کردووە و لە کۆڕە ئاینییەکاندا باشترین ڕێبازی مرۆڤایەتی لەبەر گرتووە و خزمەتی باشی بواری مۆسیقای ئاینی کردووە و هەروەها داکۆکیی زۆری کردووە لە سەر یاسای عیرفانی ئاینی و کاروباری مرۆڤایەتی، جاروبارەش بە هۆنینەوەی شیعری ئاینی ئارامی دەدا بە دڵی خۆی و لە شیعردا نازناوی (شاکر) بوو.



ئاغا سەید ئەمروڵڵا
شائیبراهیمی

منداڵەکانیشی خزمەتی باشیان کردووە بەفەرهەنگ و هونەری ناوچەکە، پێڕەوانی بنەماڵەی حەزرەتی شائیبراهیم و جەنابی تەیموور جگە لە سانە و دەوروبەری لە زۆر شوێن و جێگەی ترەوە ڕوویان کردووەتە ئەم بنەماڵەیە.

## شەجەرەی سەیدەکانی شائیبراهیمیی سانە





گەورەپیاوانی ئالی حەق لە سانە لە دوایین ڕۆژەکانی سەردەمی قاجاڕیە: لە ڕاستەوە (دانیشتوو)؛ سەی نوورەدین خامۆشی، کوێخا ئاغا برای پاکزاد، باوە شاڕەزای بابایی، سەی ئەسلان شائیبراهیمی، سەی لوتفوڵڵا شائیبراهیمی، سەی حەسەن کازمی

## بنەماڵەی حەیدەریی گۆران

### خامۆشی

سەیدەکانی حەیدەریی گۆران لە بنەماڵە هەرە مەزنەکانی عەلەوییە بە هەستەکانن کە زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکانی ناوچەکە باسی سەربەخۆیی و چالاکیی پیاوە گەورەکانی ئەم زنجیرەیان کردووە، شەجەرەی سەید بوونیان دەگاتەوە بە سەید ئەبولوەفا کە خۆی یەکێ لە حەوتەوانانی هاوچەرخی سوڵتان سەید سەهاکی بەرزنجییە، ئەم بنەماڵەیە سەرپەرشتی کاروباری ئاینی پێڕەوانی خۆیان بە ماوەی ٣٠٠ ساڵ لە سەردەمی سەرهەڵدانی حەزرەتی سوڵتان سەهاکی بەرزنجی تا نێوەڕاستی حکوومەتی سەفەوییە (٩٠٧ـ١١٤٤ کۆچی مانگی) لە هەمەدان و کوردستان و لوڕستان وەئەستۆ بووە. هەرچەندە بۆ گەورەپیاوانی عەلەوی لە کاتی پەرەدان بەبیروباوەڕی خۆیان، شوێن و باری جیوگرافیایی گرینگ نییە، هەربۆیە ڕێوشوێنی ئەم بنەماڵەیە لە شارەزوور و هەورامان و پاڵنگاندا بەپێی مێژوو و شەجەرەکەیانەوە دەبینرێ.

پاش ئەوەی سەید ئەبولوەفای دووەم ناسراو بە (ناجی) بەیارمەتیی مەسلەکی (سوڵتان سەید سەهاکی بەرزنجی) (٧٥٤ ی کۆچی) کاری ئاینی ئەم بنەماڵەیە دەست پێ دەکات، بنەماڵەی سەید ئەبولوەفا، خێڵی خاڵوانی ساداتی بەرزنجین و زۆربەی منداڵەکانی شێخ عیسای بەرزنجی لە فاتمە خاتوونی کچی ئەبولوەفای تاجولعارفین. هەر بە بۆنەی ئەم پێوەندییانەوە کە لە نێوان ساداتی ناوبراو و شێخەکانی بەرزنجیدا بووە، تاقمێک لەو باوەڕەدان کە ئەم سەیدانەش هەر لە بەرزنجییەکانن؛ بەڵام وا نییە و ئەم دوو عەشیرەتە تەنیا وەک دوو ڕۆح لە یەک لاشەدا بوون و ڕاستی ئەوەیە کە ئەم سەیدانە دەگەنەوە سەید محەمەد ئەبولوەفای دووەمی حەفتەوانە و لە ڕێگەی سەید محەمەدی موزەفەرەوە دەگەنەوە بە حەزرەتی ئیمام جەعفەری سادق کە لە نەخشەی شەجەرەکەیاندا ئاماژەی پێی کراوە و

ڕاستی ئەوەیە کە شەجەرەی ئەوان لە شەجەرەی ساداتی بەرزنجە جیایە.

حەزرەتی ئەبولوەفای ناسراو بە (ناجی) لە ناوچەکانی هەمەدان، لوڕستان، کوردستان و شارەزووردا خەریکی ڕاژەکردنی بیروباوەڕی خۆی بووە و هەر بەم بۆنەوە و بەپێی بیروباوەڕ و هەستی موریدان و لە هەریەک لە ناوچەکانی لوڕستان و هەمەدان و کوردستاندا[1]، بارەگایەکیان دروست کردووە. خەڵکی ناوچەکە ڕێزیان لێ دەگرن، ئێستا ئەو بارەگا و زیارەتە تایبەتی بووە بە یەکێ لە نزیکان یان خەلیفە و جێگرەکانی ئەو پیاوە گەورەیە: ئەوەی کە بەناوبانگە، ئەوەیە کە سوڵتان سەهاک، ئەبولوەفای ڕەوانەی هەمەدان کردووە و هەر بۆیە (شەمسی مەغریبی) شاعیری ناوداری نیوەی دووەمی سەدەی هەشتەم و سەرەتای سەدەی نۆیەم (٨٠٩ ـ ٧٤٩ ک م) گەیشتووەتە خزمەتی و ئەم غەزەڵە بە ناوبانگەی گوتووە.

این کرد پریچهره ندانم که چه کرداست

کز جملەی خوبان جهان گوی ببرداست

(ئاخۆ ئەم کوردە بەرواڵەت پەرییە چ کوردێکە کە لە چاکەکردندا سەرتۆپی هەموو چاکە کارانی جیهانە.)

پاش مەرگی، ئەبولوەفا لە تەنیشت باباتاهیردا بەخاک سپێردراوە و ئەم بەیتە شیعرەی سەرەوە لە سەر بەردی مەزارەکەیەوە نووسراوە، پاش لێکدانەوەی دیوانی شەمسی مەغریبی و زنجیرە شێخەکان و خاوەن تەکیەکانی (خەڵوەتیە) دەتوانرێ بوترێ کە شەمسی مەغریبی لەگەڵ خەڵوەتییەکاندا لە پێوەندیدا بووە.[2]

---

١ بارەگای ئەبولوەفا لە ٣٠ کیلۆمەتری باکوری ڕۆئاوای کۆدەشتەوەیە کە داگری چەند مەزارە لە گەورەکانی ئالیحەق و ناسراوە. گومەزی ئەبولوەفا بەناوبانگە، مەزارێکی وای هەیە کە ئالیحەق ڕێزی زۆری دەگرن. ئەوەندە دوور نییە، شایەت ئەم شوێنە شوێنێک بووبێ کە ئەبولوەفای تێیدا مابێتەوە و پاشان بووبێ بە شوێنێکی ڕێزدار.../ خەڵکی کوردستانیش بارەگایەکیان هەیە لە گوندی شێخان کە زیارەتی دەکەن.

٢ زانای پایەبەرز و کوردشناسی گەورەی کورد مامۆستا عەبدوڵڵای ئەیووبیان مەهابادی پێش دەست بەکارکردنی بارەگای باباتاهیر چووبووە سەر گۆڕی ئەبولوەفا و ئەو شیعرەی بینیبوو و وەک خۆی بۆمی گوتەوە.

پاش مەرگی سوڵتان سەهاک و ئەبولوەفا، گەورەکانی زنجیرەی ناوبراو لە هەمەدانەوە ڕوویان کردە قەڵاکانی گۆراننشینی لوڕستان و کوردستان و بەتایبەت پاڵنگان، ناوی (میرئەسکەندەر) دەسەڵاتداری پاڵنگان[1] چۆن دەگەنەوە بە زیائودین و میرئەسکەندەری ئالی حەق و کوڕەکەی سەید خامۆش، بۆ بێ دەسەڵاتکردن و لەناوبردنی دەسەڵاتدارانی قەڵاکە کە خۆی لە گەورەپیاوانی پاڵنگان بووە، سەرەداوێکی باشە و باسوخواس هەڵدەگرێ؛ پاش بێ دەسەڵاتبوونی دەسەڵاتدارانی پاڵنگان، یارسانەکانی ئەوێ ڕوویان کردە شارەزوور و لە دواین ڕۆژەکانی دەسەڵاتی سەفەوییەکاندا بەرەو کێوی داڵەهۆ، وەڕێ کەوتن، لەسەردەمی زولموزۆری سەردەمی شاسوڵتان حوسێنی سەفەوی (١١٣٥- ١١٠٥ هـ.) لەناوچە موریدنشینەکانیاندا وەک کۆچەرێک لە گەڕدابوون، وەک ئەو وێنانەی کە لەشەجەرەکاندا دەردەکەوێ، سەید نوسەیر و سەید یەعقووبی یەکەم لەم سەردەمەدا بنکەیەکی جێگیریان نەبووە و لە ئاژاوە و شەڕە سنوورییەکان و هێرشەکانی عوسمانییەکاندا، کۆچ نشینییان لە قەڵانشینی بەباشتر دەزانی و بەهۆی بارودۆخی لەشکری و سیاسیی، دەوڵەتی شاسوڵتان حوسێنی سەفەوییەوە (١١٣٥- ١١٠٥ کۆچی) و هێرشە بەربڵاوەکانی ئەفغانەکان تا ئازەربایجان و کرماشان، وایان بە چاک زانی بۆ پەرەدان بە بیروباوەڕی بابوکاڵیان لە گەڕاندا بن تا لە قەڵاکاندا بمێننەوە و ئەوەی کە لە سەر مەزاری سەید یاقووبی دووەمدا (یاقووی کوڕی یاقوو) نووسراوە، باوک چەند مانگ پێش لە بە دنیا هاتنی منداڵەکەی مردووە، کاتێ منداڵ هاتووەتە دنیا.

بابی مردووە و باو وەها بوو کە ئەو منداڵە ناوی بابی لە سەر بنێن، بەڕێز سەی یەعقووبی دووەم کە لە سەردەمی پشێوی و بارودۆخی نالەباری دواسالانی حکوومەتی شاسوڵتان حسێندا ژیانی بە سەر دەبرد و کاتێ سپای نادرشا، بەرەو بەغداد وەڕێ دەکەوێ، ئەمر دەکات تا لە داوێنی کێوی دالاهۆدا بمێنێتەوە، و لە

١ لە کوردستاندا، دوو بنەماڵە بە ناوەکانی میر ئەسکەندەری و میر زیائودینی کە پێیان دەوترێ گۆران و لە پاشماوەی پاڵنگانیەکانن و ئێستا مەزهەبیان سوننەیە و دەسەڵات بووەتە هۆی ئەوەی سەیدەکەیان بسڕنەوە.

شـەڕێکی سنووریدا دەکـوژرێ[1] و بە پێـی ڕاسـپاردەی خـۆی لـەو شـوێنە بە خـاک

١ لەم سەردەمـەدا، بەشێکی گەورە لە بنەماڵەی سـەیدەکانی خـامووشی لە گوندی قەزوینە لە نێوان شـارەکانی کەنگاوەر و سانە کە خـاوەنی تەکیـە و دەسەڵاتیـاتن وەدەسـتـەوە بوو، سـەریان هەڵدا: بنیـاتنەری ئەم بەشـە، حـەزرەتی ئاغا سـەید فەرزی کوڕی سـەید ئەمروڵڵا و تەجلی حـەزرەتی عەلی (د.خ) و مەزهـەری سەیدی خـامووشە و دانیشـتووی گوندی قـەزوینە بوو و هـەر لەوێیشدا نێژراوە و ئێستاکە جێگەی هاتوچۆی عاشقـانیە و بارەگایەکی جێ ڕێزە. یارانی ئاغا سەید فەرزی برێتین لە:

حەزرەتی شێخ ئەمیـر: کوڕی سـەلیم، مەزهـەری سـەید محەمەدی گەورەی سـەرحەڵقەی حەفتـەوانە و زات میوان لە حەزرەتی پیر بنیـامین، خەڵک و دانیشتوی شاری مووسڵ، ساڵی ١١٢٥ی کۆچی لە دنیا دەرچوو و لە گوندی قەزوینە نێژراوە.

سـەلیم: باوکی حـەزرەتی شـێخ ئـەمیـر؛ زات مـیـوان لە حـەزرەتی شـائیـبـراهـیم، هۆنراوەشی لێ بەجێ ماوە و بەرهـەمەکانی لـە دەفتەرێکدا لەگەڵ بەرهـەمی وێژەوانانی سـەردەمی ئاغا سـەید فـەرزیدا هاتووە، حـەزرەتـی سـەلیم خـەڵکی شـاری مـووسڵ و لە گوندی قەزوینە مردووە و هەر لەوێ نێژراوە.

ئاغا سەید عابدین: برازای ئاغا سەید فـەرزی و کوڕی سەید قوتبەدین و زات میوانی حـەزرەتی داوود بووە، خـەڵک و دانیـشـتـووی قـەزوینە بـووە و هەر لەوێیش مـردووە و نێژراوە؛ ئەم زاتەش بە ئیلهامی کەلامی هەڵبژێردراوە.

کاک قـوربانعەلی: زات مـیـوانی حـەزرەتی موسـتـەفـای داوود دان بوو، دانیـشـتـووی گۆران. لە گوندی قـەزوینـە کۆچی دواییی کرد و زیارەتەکەشیـان هـەر لەوێدایە و لەو زاتەش کەلام بەجێ ماوە.

کـاکی نەدروێس (نادروەیس): زات مـیـوانی حـەزرەتی پیـر مـووسـا و خـەڵکی شـاری کەرکووکە و لە گوندی قەزوینە مردووە و نێژراوە و چەند کەلامی لێ بەجێ ماوە.

سـەید جـەوزی: کـوڕی حـەزرەتی ئاغـا سـەید فـەرەزی، زات مـیـوانی حـەزرەتی باوە یادگـار، خـەڵکی گـوندی قـەزوینـەیە و هەر لەوێدا نـێژراوە، ئاغـا سـەید جـەوزی، جگە لەوەی کە خـۆی لە وێژەوانانی کەلامە و پێشگۆیییەکانی سەرسـووڕێنەر بووە و ئاماژە دەکاتە سەر گەڕانی زاتی خـۆی و لە بارودۆخی ١٥٠ ساڵی پاش خۆی خـەبەر ئەدات، لە کەلامی «بەرگم خوێن بارن»، کەسایەتیێکە کە یارانی هاوچەرخی دان بە گەورەیی ئەودا دەنێن، لە جـامـەی (دوون) تـەیموور لە گـوندی بانیـاران لـە ناوچەی گـۆران لە پەنای کێوی دالاهۆ سـەر بە شـاری کرمـاشـان هاتـە دنیـا و پاشـان ئاماژە دەکەنە =

=سەر چەند بەسەرهات و شەهیدبوون و سەرهەڵدانی تەیموری دووەم بە ناوی فەتاح لە گوندی بالاونی لورستان کە لە ڕۆهەڵاتی پارێزگای کرماشاندایە.
خـاتوون زەرینە: کـوڕی سـەید قـوتبـەدین و برازای حـەزرەتی ئاغـا سـەید فـەرزی و خوشکی ئاغا سەید عابدین، زات میوان لە حەزرەتی خاتوون ڕەمزبار، خەڵکی گوندی قەزوینە، کەلامیشی لێ بەجێ ماوە و هەر لەم گوندەش مردووە و نێژراوە.
گەورەی بنەمـاڵەکەیان لەم ڕۆژەدا ئاغا سـەید ئەیازی قەزونیەیی (ئیلهامی) بووە و ناو و ناوبـانگێکی زۆری دەرکـردووە و ڕێزی زۆری هـەیـە و سـاڵی ١٣٧٣ کـۆچی دوایـیی کـردووە و هـەشـتـا سـاڵ تەمـەنی کـردووە و لە بـاری کـۆمـەڵایەتیـشـدا خـزمـەتی زۆری کـردووە و بۆ دروسـتکردنەوەی گـۆڕسـتـانەکـەی حـەزرەتی ئاغـا سـەید فـەرزی و شـێخ ئەمیر، هەوڵی زۆری داوە و جێگەی هـەیە سپاسـی زۆری بکرێت.
شەجـەرەی پاکیـان لە سـەردەمـی حـەزرەتی سولّتان سەهـاکی بەرزنجییەوە بە شـێوەی خـوارەوەیە: ١ـ سـەید ئەیاز ٢ـ سـەید تەهـمـاسب ٣ـ سـەید مـەحـمـوود ٤ ـ سـەید عێزەتوڵڵا ٥ ـ سـەید سەیفوڵڵا ٦ـ سـەید موتەلێب ٧ـ سـەید محەمـەد تاهیر ٨ ـ سـەید جەوزی ٩ـ ئاغا سـەید فەرزی ١٠ـ سـەید ئەمروڵڵا ١١ـ سـەید ئەولیا ١٢ـ سـەید ئەنبیا ١٣ـ سـەید میر عەتـار ١٤ـ سەید باعێززەت ١٥ـ سـەید خامـۆش ١٦ـ سـەید شـێخ عەلی ١٧ـ سـەید ئەبـولوەفا [پێشـەکی کەلامی شـێخ ئەمیر، ئاسـەی ئەمروڵڵا شـائیبـراهیمی، سیاووس تەیمووری] ١٨ـ حەزرەتی سولّتان سەهاک بەرزنجی.
* هێنانەوەی ناوی حەزرەتی سـوڵتان سەهاک بەرزنجـەیی لە دەقی شـەجەرەنامـەکاندا بەو بۆنەوەیە کە گەورەی حـەفتـەوانە بە ئامـاژەی ئەو زاتە وەک سـەیدەکانی یارسـانی، ناویان دەرکرد و بـە هەڵە خـەڵک وا دەزانن بنـەچەیان لە بواری سـەیادەتـەوە دەگاتەوە سولّتان سەهاک، لە کاتێکدا کە لە دەقی بنەڕەتی بنەمـاڵەی سەید خامۆشدا ڕوونە کە جیاوازن لە سـەیدەکانی بەرزنجە.

دووەم: ئەوەی کە سـەبارەت بە مێژووی کۆچی دوایـیی حەزرەتی شـێخ ئەمیر کـە سـاڵی ١١٢٥ی کۆچی مـانگیان نووسیوە کـە دەبێتە هـاوچەرخـی نادر شـای هـەوشـار، هـەڵەیە، چون وەک دەزانـین سـەرهەڵدان و بێـدەسـەڵاتبـوونـی دەسـەڵاتـی نادری لـە نێـوان سـاڵەکانی ١١٦٣ـ ١١٤٨ی کۆچی مانگیدایە و ئەمـە دەگاتەوە خـولی سـەفەوییـەکان. ئەوەش ئەگەر سـاڵی (١١٢٥ی کۆچی مـانگی) دروست بێت. بەڵام ئەو مـێژووە ئەگەر بەبۆچوون بێت کە باسی بینینی ئاغا سـەید فەرزی و نادر شـا ئەفشار قـەبووڵ کەین، مێژووە (١١٢٥ی کۆچی مانگی) هەڵەیە.

سەرگوندەکە و چاوکەی سەراوی سەی یاقوو هەمووان ڕێزی زۆری دەگرن: بە پێی بەڵگە وەدەست هاتووەکان، بنەماڵەی نادرشای ئەفشار ئیرادەتێکی زۆریان هەبووە لە خزمەتی سەی یاقوودا، لە کاتی کێشەو گرفتدا خۆیان دەگەیاندە بارەگاکەی، چون ئەو زاتە خاوەن کەرامەت بووە؛ دەروێش زولفەقار لە دەروێشە بەناوبانگەکانیان بووە و ناوبراویش خاوەن کەرامەت بووە و دەفتەری لێ بە جێ ماوە و ئاغا سەی یاقۆ داخوازییە باتنییەکانی بنەمەڵەی نادری دەنارده خزمەتی دەروێش زوڵفەقار. وەک دەڵێن: کاتی هێرشی نادر بۆ هندستان، بنەماڵەکەی نادر پەنا دەهێننە سەی یاقوو و ئەویش دەیاننێرێتە خزمەت دەروێش و دەروێش پاش ماوەیەکی بەکەشفی باتینی دەڵێ:

نەوبەر نەمامان، نەوبەر نەمامان
مزگانیم بدەن نەوبەر نەمامان

یانێ خاڵخاسان جەمین چۆن جامان
خەبەر خەبەرێ جە نادر ئامان

ژەنن تەبڵ عەید، شادی بەشارەت
پێشان نمانان نەقش مەزارەت
وەڵگە هندستان دادن وەغارەت

مەواچان بەخشش کەیکاوسیشەن
دووسێ هەزار فیل مەنگە لووسیشەن[1]

بەم بۆنەوە دارودەستە و دارولخەلافە و بارەگای نادری زۆرتر پەنا دەهێننە ئەم بنەماڵە، پاش شەهیدبوونی ئەو زاتە، پەتای کۆلێرە سەرپاکی ناوچەکە دەگرێتەوە و زۆربەی زۆری ئەو بنەماڵەیە دەمرن و تەنیا کوڕێکی کەم تەمەنی سەید بە ناوی سەی عەزیز دەمێنێتەوە و لەگەڵ دایکی بەرەو ناوچەی کوێستانیی دالاهۆ و بەریشای قەڵخانی دوور دەخرێنەوە (کە ئەو ناوچەیەش شوێن و مەڵبەندی پێرەوانی ئالی حەق بووە) و لە کۆلێرە و مەرگ دەپەڕنەوە.

سەید عەزیز تا سەردەمی پێگەیشتن، هەر لەوێ و لە ناو موریدانی باب و باپیرانی و سەرپەرشتیی زەویوزاری خەلاتی نادری دەمێنێتەوە و هاوکات ڕێزی

١ دەفتەری دەروێش زولفەقار، بەیازی خەتی/ وەڵگە –> زێد، مەڵبەند (ئولکە).

زۆری بۆ سـەیدەکـانی تری ناوچەکـە دادەنا و هەروەها لەباری مـاڵیـشـدا لە زەویوزاری ڕۆستەمعەلی لە بیوەنیج و زەوییە بەراوەکانی سەی یاقوو تووی شامی و... کەڵکی وەردەگرت و میوانخانەیشی بۆ موریدان و دەروێشەکانی بووە، سەید کەسی کوریشی هەر وەک بابی ڕۆژگاری ژیانی بە سەر بردووە؛ بەڵام زۆر خۆی نزیکی داوودەزگـای زەندییـەکـان نەکـردووەتەوە و وای بە چاک زانی لەگـەڵ مـوریدەکـانی بمێنێتـەوە و قـەت ڕوو نەکـاتە شـیـراز... سـەرەتای دەسـەڵاتی قـاجارەکان، سـەید مـەنسـوور لاو بوو بەگـەورە پیـاوی تەریقـەتی ئالی حـەق و لە بەریشـاوە بەرەو ناوچەی بیـوەنیج و گـوندی وێڵـە، بەڕێ کـەوتووە و پاشـان بەرەو زێدی باوباوپیری خۆی واتا تووتشامی دەگەڕێتەوە و لەگەڵ تاقمێک لە سەیدەکان و موریدانی ئەو ناوچەیە، گوندەکە سەرلەنوێ ئاوەدان دەکاتەوە.

لە سـەردەمی زەندیە تا دەوروبەری دەیەی دووەمی سـەدەی سێزدەم واتا، ١٢٢٠ـ ١٢١٠ – هـ. ق کۆچی مانگی سـەرەتای قـاجارییە (باب و کوڕ و کوڕەزا) بەڕێزان؛ سـەید عـەزیز و سـەید کـەسی و سـەید مـەنسـوور، بەرپرسـایەتی بارەگا و تەکیـەی ئالی حەقیان وەئەستۆ بووە کاتێ کە ئاغا سەی حەیدەر (براکە) لە ساڵی ١٢١٠ی کۆچی دێتە دنیا، بارودۆخەکە بە تەواوی دەگۆڕدرێ و شکۆ و سەفـای حـەزرەتی ئەبولوەفـا و سـەی خامـۆشی ئەکابێر و ئاغا سـەی یاقـوو دووبارە دەبێتـەوە. لە سەردەمی ڕیازەتیدا کە هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە چڵ ساڵان، گەورە پیاوانێکی سـۆفی وەک مـەعسـوومعـەلی شـا و نوورعـەلی شـای نیعـمـەتولاّیی و گـەورەکانی خاکسـاریە و غولاّمـەلی شـایی کە هەمـوویان یان لە لایەن ئەحمەد پاشای حاکمی زەهاوەوە پاڵپـشـتی دەکـران یان ڕۆژگـاری خـۆیان لە داوێنی کـێـوگـەلی ڕۆئاوایییـەکـاندا تێ دەپەڕاند و خـەریکی ڕازونیـازی ئاینیی خـۆیان بوون و بۆ نەجـەف و کەربەلا لە هاتوچۆدا بوون و پاشـان گەیشـتنە خزمەتی سـەید حـەیدەر و بوون بە قوتابیی ناوبراو. ئاغا سـەی حـەیدەری[1] (براکە)ش تا تەمەنی چل سـاڵان،

---

١ براکـە، بـۆ ڕێزی زۆرتر وتراوە و دوو جـۆرە بۆچوون سـەبارەت بـەم وشـەیە هەیە؛ یەکێ ئەوەی کـە چۆن پاش مـەرگی برای گـەورەتر (سـەید حـەیدەر) هـاتووەتە دنیـا، پێیـان وتووە براکـە و دووەم لە سـەردەمی ڕیازەتیدا ژنەکەی لە خـۆی دوور خسـتووەتەوە و داوای لێ کـردووە وەک خـوشکی لەلایەوە بمێنێتـەوە و پێـشی بڵێ براکـە. بەڵام من زۆرتر لەسەر ئەو براکە، سوورم کە عەینولقوزات هەمەدانی دەڵێ.

خەریکی ڕازونیاز و چلەکێشان بووە. حافز وتەنی.

«که ای صوفی شراب آنگه شود صاف

کـه در شـیـشـه بمـاند اربعـینی

و بە سلووک و ریازەت و تەنیـایی و سـوچی ئاشـدانی سـەی یاقـوو لە سـەراوی تووتشامی کە؛ ئاسیاوە گەورەی پێی دەگوترێت کە هێشتا هەر ماوە و عاشـقان و موریدان ئەمێستاش دەچنە زیارەتی، سەید حەیدەر لەوێ دەمێنێتەوە و بەزمـانی ڕۆژوو بەدوور لە خەڵک دەژیا.[1]

هاوکات لەگەڵ مـەرگی فەتحـەلی شـای قـاجار (١٢٥٠ی کۆچی) دەگـاتە پلەی کـەشف و شـهـوود و لەژیانی دنیـایی دەست هەڵدەگرێ و مـاڵ و عـەمـارەت و میوانخانەکەی دەداتە دەست ماڵ و منداڵەکەیەوە و بۆ خۆی خەڵوەتخانەیەکی پێک دەهێنێت و خـەریکی ڕازونیـاز دەبێت کـە ئێسـتا ئەو خـەڵوەتخـانەیە تەکیـەیە و شـوێنی زیارەتی ئالی حەقی خەڵکی گۆران، داڵاهۆ، شاهۆ و شـارەزوور و... چەند ناوچەی وەک ئازەربایجان و کرماشان و کەنگاوەر و هەمەدان و......

سەردەمی سـەید حەیدەر (براکە) سەردەمێکە کە هەمووی پەردەکان دەدرۆشێن و حـەق خـۆی دەنوێنێ و لە هەر لایەکـەوە بـاوەڕداران دێنە خـزمـەتی ئەو زاتە وەحەلقەی چل کەسییان پێک دێت کە بریتین لە:

١ ئاغا سـەی براکە (حەیدەر) ٢ دەروێش تەهماسب ٣ سـەید ئەیاز ٤ سـەید خـوسرەو ٥ سـەی ڕۆسـتەم ٦ نەورۆز سـۆرانی ٧ میـرزا عـەلی عـەباسـوەندی ٨ پیـروەیس ٩ لاچین ١٠ تامـاس گـاوارەیی ١١ خـوداوێردیی لوڕسـتانی ١٢ فـارغ کرمـاشـانی ١٣ کەریم خـەلیل ١٤ حـەیدەر قـەڵخـانی ١٥ شـیـرخـان قلخـانی ١٦ عـەباس کـرێندی ١٧ تەیموور بانیـارانی ١٨ وەلی ١٩ نەزەر بەروەندی ٢٠ جـەوزە تفـەنگچی ٢١ مـەڵکعـەلی ٢٢ کەریم گـاوارەیی ٢٣ حـسین عـەلی چقـابووری ٢٤ دووسـتـە بەیامـەیی ٢٥ ڕۆسـتـەم کرێندی ٢٦ ڕۆسـتـەم باوەجـانی ٢٧ حـەیدەر کەچکە بڵی ٢٨ حـوسێنعەلی چقابووری ٢٩ سـەیفـوور ٣٠

١ ئەم شـوێنە چون شـوێنی نیەتی ئاغا سەید براکە بووە لە کاتی جێژندا. بۆیە ئەو باو و حورمەت و ڕێزە هەر ماوەتەوە.

بەگموراد قەڵخانی ٣١ خوداموراد قەڵخانی ٣٢ دەرویش براخاس ٣٣ ڕەزاعەلی بەیامەیی ٣٤ غولاّم چغابووری ٣٥ شێرخان کرێندی ٣٦ ئیمام بەیامەیی ٣٧ شارەزاکرندی ٣٨ شوکر گاوارەیی ٣٩ حەیدەر پایەدار ٤٠ کەمەر بەیامەیی.

ئەم پیاوە گەورانەی کە ناویان لێ برا، هەر کامە خاوەنی پەڕاو و هۆنراوەی عیرفانیی تایبەتی خۆیان بوون، بەشێوەیەکی گشتی ئەم پەڕاوانەی سەردەمی حەیدەرییە تیشک دەخەنە سەر بابەتە دەروونییەکان و موژدەی هاتنی رزگارکەری جیهانی دەدەن. واتا ئەو ڕۆژەی کە جیهان لە خراپە و ناحەق پاک دەبێتەوە و دادوەری هەمووی دنیا دادەگرێ. ئاغا سەید حەیدەر لەوپەڕی شکۆی دەروونی و توانای ڕواڵەتی و لەوپەڕی دەروێشـــیـــدا خـــەمـــخـــۆری هەژاران بووە و دژی دەسەڵاتدارانی زاڵم و زۆردار وەستاوەتەوە و دڵێکی دلۆڤانی هەبووە لە هەمبەر میوانان‌دا و میواندارێکی دەم پڕ لەشیلەی بزە بووە.

ســەردەمی گــەورەیی نواندنی ئاغــا ســەید حــەیدەر هاوکــات بووە لەگــەڵ دەسەڵاتدارێتیی محەمەد حوسێن میرزای ساحیب ئیختیار فەرمانفەرمای کرماشان و سنووردار‌ی عێراقەین (عراقین) و کوڕی محەمەد عەلی میرزای دەوڵەتشا و سەرکوتکردنی سلێمان خانی گۆران و کوێربوونی وی و دەربازبوونی بۆ تەورێز و پەنابردن بە وەلیعەهد لە تەورێز بوون.[١]

هەروەها لەکاتی شەڕوپێکدادانی شازادەکان و دەسەڵاتداراندا، تەکیەکەیان بووەتە پەناگەی خەڵکی چەوساوە و زوڵملێکراو.

ئەم زاتە سەیدێکی بیرمەند و ئەهلی دڵ بووە و زۆر میهرەبان و بەسۆز بووە، وەک ئەو وتە بەنرخەی حەزرەتی عەلی ماوەتەوە کە فەرموویەتی؛ لە بەخشیندا لەزەت هەیە کە لە تۆڵەکردنەوەدا دەست ناکەوێ. ناوبراو ئەم لەزەتەی چەشی بوو و قاتڵی کوڕەکەی خۆی بەخشی بوو[٢] و چەند مورشیدێکی دڵپاک و مەزن کە لە

١ بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە بۆ عشایر کرمانشاه، ب ٢ـ هەمان پەڕاو، لاپەڕەکانی ٣١٨ – ٤٨٠.

٢ سەید ئەیاز لەو چل موریدەیە و کوڕی ئاغایە و بەدەستی موریدێکی دەکوژرێ و مورید کە نەیزانیوە مورشیدی کوشتووە، هەر خێرا لە خۆیشی دەدات و لە کەناری نەعشی=

خـۆشـی و ناخـۆشـیی خـەڵکدا خـەمـبـارییـان بوون، قـوتابیـی ئەم زاتە پاکـە بوون. دەروێش نەورۆز سۆرانی لە شوێنێکدا دەفەرمێ:

حـــــەیدەر ئـازەزوو حـــــەیدەرئـارەزوو
حـــــەیدەر تـۆ ڕەفـــــێق ڕەزای ئـارەزوو

نیـشـانەی نە غـەیب کـارخـانەی وەشـبـۆ
ئـامـــــــا نـە دیـوان پـەی خـــــــەڵات تـۆ

نەبافـتـەی جـۆڵان نـە سـاخـتـەی بی سـۆ
نە پێکای بـاتان نـەسـۆخـتـەی بی سـۆ

نـە قـــاپی یـارم نەوڕۆشـــتـــەن جـــە نـۆ
نوخـتـەی زەڕەی زات یانەی سـەی یاقـۆ[1]

نەورۆز کـــالآباف کـــارخـــانەی گـــەوهـەر
ئـوســـتـــاد زاخـــاو دین تـیـخ جـــەوهـەر

تەیمووری بـانیـارانی[2] هەڵۆی تیـژ بـاڵی ئاسـمـانی عـەلـەوییـەت لە بەیانـی ئەو گەورەیییەدا دەڵێ:

نە خانەدانانی
شــەوقـم کــەفت نـە ســەر نـە خــانەدانـی

عــەجـەب خــانەدان ســاحـیب نیـشــانـی
وتـاقـی نیـــــشـــــان زەڕەوەشـــــانـی

= پاکی سـەید ئەیازدا دەکەوێ و ئاغا خێرا خـەریکی تیمـارکردنی قاتڵەکە دەبێ و دەیبەخشێ و ئیزن نادات کەس ئازاری بدات و حوکمی ڕزگاری و ئازادیی ئەو دەدا و دەڵێ هـەر کەس ئازاری ئەم پیاوە بکات، خۆی بە ناوی قاتڵی سەید ئەیاز دەناسرێت.

١ یاقوو ـ یەعقووب مەبەست باوەگەورەی ئاغا سەید حەیدەرە.

٢ بۆ زانیـاریی زیاتر لە بارودۆخ و شــۆڕشی تـەیموور بـانیـارانی بڕوانن بۆ شــۆڕش و بزووتنەوەی عەلەوییەکانی زاگرۆس، محەمەد عەلی سوڵتانی، بەرگی ٢، ل ١٤٧ـ١٦٢.

ســـوحـــبـــەت یارم نە دەروون بـی جـــەم
ســەرمــەست یار بیم چو پـەروانە و شــەم

شــــەوق یارســـــان بردم فـــرە و کـــەم
تا یاوام وە پای خـــەڵوەتخـــانەی جـــەم

دیم بورجێ بلۆر بی عـــەیب و بی غـــەم
نەســـــەر تا وەپا ســـازان وە مـــوحکەم

ڕەوان بیم نەو بورج دەرســاعـــەت دەردەم
دیم قـاپێ کلید مـۆر ئیـسـمی ئـەعـزەم

وانام ئێـسـمی زات ئوسـتـادی مـەحـرەم
قــاپی گــوشــاد بی شـــیم ئەو دڵێ جــەم

دەست وە سـینەوە سـوجـدەی جــەم بردم
زەڕەی نە مـــــایەی حــــــەوز یار وەردم

هـیـــمــــەت نە قـــاپی یار تەڵەب کـــردم
تا کـــە زیاد بوو شـــعــــوور فـــەردم

خــــاســـــان ئاگــــادار نە حـــاڵ دەردم
چون دەفـــتـــەر وانان واچی پەی مـــەردم

ئاراســـتـــەی قــودرەت قــاپیش نە بلۆر
چوار مـــەڵک نە دەور پایەش مـــەدا دەور

نە ســـەرای شــاهـی نیـشت نە دڵێ جــەم
تەخت نە زەڕســـــیم پانە لاڵ مــــوحکەم

یەک وەجە نە گەوهەر جای چل چرای شەم
هـــەر چــرای زەڕەی نـــوورش هـــا نـــە دەم

هەر دەم مـــەخـــێـــزا لێف مـــەدا وەهەم
ئافـتـــاو نەلاشـــان شـــەوقش مـــەوی کـــەم

بولبـــول وه ئاواز بەرز مـــەوات نەجـــەم
وەخـــتـــەن پەیدا بۆ پیـــرنەرگس چەم

پیـــرمـــووســـا وەزیر وەردارۆ قـــەڵەم
دەفـــتـــەر بگیـــرۆ نە پای ســـەوز عـــەلەم

یاران مـــزگـــانی دۆســـان خـــاتر جـــەم
زهوور مـــەولام شـــای ســـاحـــێب کـــەرەم

بـەیـوت ئـەو بـەســـــــــات بـوران دوو دەم
یەک ڕەنگ و دوو ڕەنگ سیـواکـەی نـەهـەم

بـایـەد بـوانم شــــــــــادادەن هـۆشـم
جـــامێ نـە شـــەربەت کـــەوســـەر بنۆشم

چون کـــوورەی ئاهەن دایەم نەجـــۆشـم
سـەرمـەسـتم نە شـەوق شـای سفـید پۆشم

(تەیموورم) نـەبـۆی عـــەترش مـــەدهۆشـم
شـــــــــەوان تـا وە ڕۆ نـە ئـارەزۆشـم[١]

هاوکات کە سەید حەیدەر (براکە) ناونیشانی پەیدا کرد، محەمەد شای قاجار (١٢٥٠ ـ ١٢٤٦ کۆچی) بووە شای ئێران و ڕێزی زۆر لە سۆفییەکان دەگیردرا؛ بەڵام ئاغا سەی حەیدەر (براکە)، ئاوڕێکی لێ نەدایەوە و خەریکی بەڕێوەبردنی ئەرکـە دەروونییـەکـەی خـۆی بوو و هەر ئەو تەنیا یارمەتیدەری یاران و عەشیرەتەکەی خۆی بوو: ناوبانگی ئەم گەورە پیاوە لە سەرتاسەری ناوچەکانی ئالی حەقدا دەنگی دابووەوە و لە هەموو شوێنێکەوە موریدان دەهاتنە خزمەتی.

---

١ دەورەی چەلتەنی، بەیازی خەتی، هەرچەند لەم لێکۆڵینەوەیەدا نامانەوێ سەبارەت بە بابەتە دەروونی و باوەڕییەکان باس بکەین؛ بەڵام ئەم شیعرانە هەر کامەیان گرینگییان هەیە و لە زمانی دوو گەورەپیاوی ئالیحەقەوە وتراون و بە جوانی باسی بنەماڵەی حەزرەتی حەیدەری دەکەن.

هەر لەم سەردەمەدا موریدانی سەید بابا بە یارمەتی ئەو زاتە توانییان هێزوتوانای ئالی حەق و هەروەها عەشیرەتی گۆران لە ناوچەکانی دالاهۆ و زەهاو بژێننەوە، سلێمان خانی گۆران لە خزمەتی بەهرام میرزای موعیزودەولە گەڕایەوە ناوچەکە و موریدانی ئالی حەق جارێکی تر پیاوەتی و لەخۆبردوویان لە ناوچەکە لە خۆ پیشان دا؛ بەلام زۆری نەخایاند و هاوکات لەگەڵ هێرشی حاجی خان شەکی و پاشان موحیب عەلی خان ماکۆیی، دەسەلاتدارە. پیاو خراپ و زاڵمەکانی کرماشان کە لە دارودەستەی حاجی میرزای ئاغاسی بوون، ژیانی خەڵکی ناوچەکەیان تاڵ کردبوو. تا لە سەردەمی دەسەلاتدارێتی محەمەد شا (١٢٦٤ـ١٢٥٠ کۆچی) حاجی خان شەکی دەسەلاتداری کرماشان لەکاتی هێرشی بۆ سەر کرێند، لە لایەن دارودەستەی ئالی حەق و عەشیرەتەکانی ترەوە هێرشی کرایە سەر و بەهۆی بێ حورمەتیی ئەو گوێ نەدان بە ئامۆژگاریی بنەماڵەی حەیدەری، کوژرا[١].

لە سەردەمی دەسەلاتی میرزا تەقی خان ئەمیری کەبیر (١٢٦٨ـ ١٢٦٤ کۆچی مانگی) کاروباری تەکیەو موریدداری لەوپەڕی شکۆی خۆیدا بوو؛ بەلام پاش مەرگی ئەمیر کەبیر و دەسەلات وەرگرتنی میرزا ئاقاخانی نووری سەدرئەعزەم، هاوکات کە دەسەلاتی کرماشان درایە دەستی ئیمامقولی میرزای عیمادودەولە (١٢٩٢ـ ١٢٦٨ کۆچی) کە سەردەمی سەرهەڵدانی تەیموری بانیارانی یەکێک لە چل موریدیەکانی حەیدەرەی (١٢٦٨ کۆچی) بوو؛[٢] هەرچەند ئاغا سەی حەیدەر (براکە) حەزی لێ نەبوو و کاتەکەی بە کاتێکی باش نەدەزانی بۆ شۆڕشی تەیموری بانیارانی؛ بەلام تەیموور وەک حسێنی کوڕی مەنسووری هەلاج، سێدارەی خۆی گرتە کۆڵەوە و خۆی کردە قوربانیی ئەم ڕێگایە.

ناسرەدین شای قاجار (١٣١٣ـ ١٢٦٤ کۆچی) ساڵی ١٢٨٧ کۆچی بەمەبەستی زیارەت و تەوافی شوێنە پیرۆزەکانی نەجەف و کەربەلا لە ڕێگەی هەمەدان ـ کرماشانەوە بەرەو عێراقی عەرەب وەڕێ کەوت؛ تەواوی دەسەلاتداران و پیاوانی دەوڵەتی هەر لە ئازەربایجان هەتا خووزستان هاوڕێیەتییان دەکرد و لەکرماشان

١ تاریخ مفضل کرمانشاه، محەمەد عەلی سوڵتانی، ب ٤، ل ٣٣٠.

٢ بۆ زانیاریی زۆرتر بڕوانە بۆ؛ بزووتنەوە و شۆڕشی عەلەوییەکان زاگرۆس، ب ٢، ل ١٤٧–١٦٢.

میوانی عیمادودەوڵە بوون تا کەنگاوەر چوونە پێشوازیانەوە کە بەگشتی لە مەڕ ئەم سەفەرە لە ناوەڕۆکی باسی حکوومەتی ئیمامقولی میرزا (عیمادودەوڵە) باسی ئەم سەفەرەم کردووە[1].

بەڵام لەم دیدار و چاوپێکەوتنانەدا ئامـاژە لـە ئاغـا سـەید حـەیدەر و چل مـوریدەکـەی نەکـراوە و کـەس نایانبـینی و ئەم ئاوڕنـەدانەوە لە دەسـەڵاتەکـە ئەو شیعرە وە بیر دەخاتەوە:

درویش به صد افسر شاهی نفروشد

یک مـوی از این کـهنه کـلاه نمدی را..

سێ ساڵی دوایی ئەم واقیعە، ئاغا سەی حەیدەر (براکە) (١٢٩٠ کۆچی) کۆچی دوایی کرد[2] و ئاغا سەی ڕۆستەم؛ کوڕی ئاغا سەی ئەیاز کە هەردووکیان لەو چل موریدە بوون و وەک گوتمان سەی ئەیاز لە بەسەرهاتێکدا شەهید کرا و کوڕە بەڕێزەکەی واتا ئاغا سەی ڕۆستەم لە لایەن حەزرەتی حەیدەرییەوە کرا بە سەرپەرشتی تەکیەی گۆران. ئەم عەلەوییە لاوە، لەگەڵ دایک و مامی دەژیا، زۆری نەخایاند مامیشی (سەی موراد) کۆچی دوایی کرد و ئاغا سەی ڕۆستەم بەرپرسایەتیی گشتیی ئەو ماڵباتەی وەئەستۆ کەوت. هەر لە سەرەتاوە ویستی دەروێشانە ژیان بباتە سەر و سەڵت بمێنێتەوە، هەر کەس گەیشتووەتە خزمەتی سەربە هەر ئاین و دینێکەوە بووبێ سەرسامی بووە. لەبەرئەوەی ئەو هەر کەسی

١ بۆ زانیاریی زۆرتر بڕوانە؛ تاریخ مفضل کرمانشاه، محمد علی سلطانی، ب ٤ هەمان سەرچاوە ل ٣٣٨ ـ ٣٥٤.

٢ باسی مردنی ئاغا سەید حەیدەریش زۆر سەرسووڕهێنەرە؛ ڕۆژی پێش ئەو بەسەرهاتە، لە هەیوانی تەکیەی خۆی شیعرێکی حافزیی دەخوێندەوە:
(بیا تا گل برافشانیم و می در ساغر اندازیم.....) و چاوەڕێ سەید مێهراب بەریەخانی بوو، سەید مێهراب گەیشتە تەکیە و پاش سوژدە و زیارەت و... یان لە خۆشیی دیدار و یان نەیزانیوە، بە توندی لە ئاغا سەید حەیدەر دەدا و ئاغا دەکەوێ و سەری دەخواتە عەرزێ و سەید مێهراب ئازاد دەکات و دەمرێ.

وعدەی وصل چون شود نزدیک

آتش عشق شعلەور گردد

بینیوه خۆشی ویستووه و بۆیه هەمووان ئەویان خۆش ویستووه،

موریدان، زۆریان حەز لێ بوو، ژن بهێنێ تا منداڵی ببێ و چرای ئەو ماڵباته نەکوژێتەوه و هەر رووناک بمێنێتەوه؛ بەڵام ئەم، باش کۆنترۆڵی نەفسی خۆی کردووه و بە قسەی کەسی نەکرد. تا ئەوەی کە پاش دە ساڵ حاجی سەیاحی مەحەللاتی بەناوبانگ هاتە ناوچەکە و لە بیرەوەرییەکانیدا لەم بارەوە نووسیویە:

(.... سەی رۆستەم لاوێکە کە تا ئێستە سەڵتی دەژی. دەڵێن ئەم پۆستەی لە بنەماڵەکەیەوە بە میرات بۆ ماوەتەوە، بابی سەید ئەیاز و بابەگەورەی سەی حەیدەری براکە بوو کە ناوبانگیان لە چاکە و پیاوچاکیدا زۆر زۆر رۆیشتبوو، کەرامەتی زۆری لەخۆیەوە پیشان داوە، خوا و راستان لە باری ئەخلاقیدا زۆر تەکووز بوو و هەموو کات دەیگوت لە بەخشیندا لەزەتێک هەیە کە لە تۆڵەکردنەوەدا نییە، دەڵێن ناپیاوێک شەوێک سەید ئەیاز دەکوژێ و سەید براکە دەزانێ و هەر خێرا ئەسپێکی پێی دەدات، دەڵێ زوو هەڵێ، دەنا بەیانی دەکوژرێی. قاتڵ خێرا هەڵدێ. بەیانی خەڵکی بە خەبەر دێن و بە شوێنی قاتڵەکەدا دەگەرێن، سەید بەرەنگاریان دەبێتەوه و دەڵێ (ئێرە شوێنی تاقیکردنەوەی خوایە)، من کارم تەنیا ئەوە نییە کە ماڵی خەڵکی



لە چەپەوە؛ شیخ الملک، سەردار موقتەدیری سنجاوی، ئاغا سەید رۆستەم سەید بارام، حاجی موراد بەگ، سەید عەزیز، کوێخا ئەعزەم

نەخۆم؛ بەڵکو دەبێ لە هاتنی بەلاشدا لەخۆبووردوو بم. تەکیەی سەی ڕۆستەمیشم، بینی کە زۆر گەورەیە و میواندارییەکی باشی تێیدا دەکرا.

خەڵکی لەو دەوروبەرەدا ڕێزێکی زۆریان بۆ سەید ڕۆستەم دادەنا، بەلام چون لاوێکی بە ڕواڵەت جوان و سەڵت بوو، زۆریان خۆش دەویست و تەنیا نیگەرانییان ئەوە بوو کە بەڵکو ژن بهێنێ و منداڵێکی ببێ و بۆیە بە منیان دەگوت تا پێی بڵێم. گوتم و ڕازیم کرد لە گەڵ فاتمەخانی کچی عەزیزخانی مونشیی کەلهوڕ، ژیانی زەماوەند بکات و خەڵکی بەمە زۆر گەشانەوە.)[1]

سەردەمی تەکیەداری و ڕێبەرایەتی ئاغا سەید ڕۆستەم کە لە ساڵی ١٢٩٠ی کۆچی تا ١٣٤٣ درێژەی هەبوو و هاوکات بوو لەگەڵ هەموو بەسەرهاتە سیاسی و مێژووییەکانی سەردەم، بە تایبەت ساڵی ١٢٩٩ی کۆچی ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران لە دابەشکردنە سیاسییەکاندا کەوتە ژێر دەسەلاتی ڕووس و ئینگلیز و میرزا مەسعوود و ئەشکەنجە و ئازاری خەڵکی و هەژاران لە ڕادەبەدەر بوو بەتایبەت دوو بەکرێگیراوی زێلوسوڵتان واتا؛ ناسرولملوك و حیسامولملوکی هەمەدانی زۆر زوڵمیان دەکرد لە خەڵکی ناوچەکە. ساڵی ١٣٠٠ی کۆچی ئاغا سەی ڕۆستەم دژ بەم زوڵم و زۆرە بانگەوازی ڕاپەڕینی کرد و بەباشی ئەو زاڵمانەی حاڵی کرد کە نابێ زوڵم بکەن. بۆ زانیاریی زۆرتر سەیری : ایلات و طوایف کرمانشاه.[2]

لە بزووتنەوەی مەشرووتەی ئێراندا. ئەم گەورە پیاوانە وەک ڕێبەرانێکی مەزن و ڕاستەقینە ئاوڕیان لە هیچ دەسەلات و لە هیچ بەرژەوەندییەکی تایبەت نەدایەوە و ئەرکیان تەنیا ڕاگەیشتن بە کاروباری موریدان و هەژاران و نەداران بوو واتە ئەو کەسانەی کە ژێردەستە و زوڵملێکراوی دەستی سالارودەوڵە و بەختیارییەکان بوون و چون لە ناودڵی خەڵکدا جێی خۆی کردبووەوە هیچ کات بایەخی لە

١ خاطرات حاج سیاح. ل ٢٣٠.

٢ هەمان سەرچاوە، ل ٣٩٧ و ٣٩٢، بزووتنەوە و سەرهەڵدانی عەلەوییەکانی زاگرۆس، ب ٢ ل ١٦٢ – ١٧٣.

ئاوڕدانەوەی ئەبولفەتح میرزای سالارودەوڵە نەدایەوە و هیچ ناو و نازناوێکی لە پیاوانی دەوڵەتی وەرنەگرت و هەربۆیە لە مێژووی ئەم سەردەمەی ئێران و ناوچەکەدا، ئاماژەیەک بەم کەڵەپیاوە نەکراوە؛ بەڵام بەپێچەوانەی ئەم ئاوڕ نەدانەوانە لەدەسەڵات، پاش سەرکەوتنی مەشروتیەت و نەمانی زوڵموزۆر و کە دوای سێ ساڵ لە ئاگری شەڕی یەکەمی جیهانی دەستی پێی کرد، ئەم گەورە پیاوە هەستی بەوە کرد کە ئێران پارچە پارچە دەبێ و شەرەفی گەلانی ئێران دەکەوێتە مەترسییەوە، بۆیە خۆی چووە جەرگەی خەبات و چالاکییە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکانەوە. بنەماڵەی حەیدەرییەکان بە ڕێبەرایەتیی ئاغا سەید ڕۆستەم، بەرەنگاری زوڵم و زۆر بوونەوە و بۆیە مێژوونووسان سەبارەت بەم پیاوە و ئەم بنەماڵەیە لەم ڕێککەوتە بەدواوە، زۆریان نووسیوە[١].

بەڵام ئەو بەسەرهاتانەی کە لە زمانی شاهیدەکانە دەیانگێڕنەوە، ئەوە کە؛.... (سەردەمی هێرشی سپای عوسمانییەکان بۆ کرێند لەو دەوروبەرەدا، سەید حاجی حاتەم باوکی سەید والی خەریکی ئاوداشتن خۆی بوو کە لەگەڵ پێشەنگی سپای عوسمانی بەرەوڕوو بوو و بەهۆی ئەوەی کە ئەم سەربازانە زەرەر و زیانی زۆریان لە زەویوزارەکەی دا شەڕ لە نێوانیاندا دەستی پێی کرد و جووتیارانی ئەو ناوچەیە، کاتێ گوێبیستی شەڕەکە بوون، هاتنە هانایەوە و سەربازەکانیان کوشت، ئەم هەواڵە گەیشتە ئامیرهێزەکەیان بەناوی بەهابەگ. بۆیە حسێن ڕەوف بەگ فەرماندەی هێزی ڕاسپاردەی ئەو ناوچەیە فەرمانی هێرشی بۆ سەر کرێند بە بەها بەگ دا و لەم هێرشەدا. ژمارەیەک لەهەردوو لا کوژران و خەڵکی کرێند داوای یارمەتی دەکەن لە هێزی سوارەی گۆران و سەنجاوی و ئاگری شەڕ پەرە دەستێنێ.

خەڵکی گۆران و سەنجاوی بە ئاماژەی ئاغا سەی ڕۆستەم و هەروەها عەشق بە ئاو و خاک و زێدی خۆیان دەچنە یارمەتیی خەڵکی کرێند و هەموو بنەماڵەی حەیدەری لەم بەربەرەکانێیەدا بەشداری دەکەن.

ئاغا سەید ڕۆستەم و کوڕەکانی واتا سەید نوورەدین و سەی شەمسەدین، سەی

١ بڕوانە بۆ جغرافیای تاریخی و تاریخ مفصل کرمانشاهان، محمد علی سلطانی، ب ٤ – ٥، ل ٧٥٨ ـ ٤٨٥ / هەمان سەرچاوە، ب ٥، ل ٧٨٠ – ٨٣٦.

عەزیز و پێنج کوڕەکەی واتا سەی جەمشید، سەی نەعیم، سەی فەرەج، سەی عەلی و سەی فەتحوڵڵا و برازاکەشیان واتا سەی مەحموود سەرۆکایەتیی هێزی یارمەتیدەری ڕاسپێرکراو بوون.

ژمارەیەک سەرباز وەک پێشەنگ بە سەرۆکایەتی چوارکەس لە کوڕەکانی سەی عەزیز و سەی مەحموود بەرەو کێوەکانی پشت کرێند ڕاسپێر دەکرێن، تا پێش لە هەڵهاتنی خۆر لەوێ سەنگەر بگرن و گرووپە یارمەتیدەرەکان پاشان بچنە پاڵیانەوە، پێشەنگەکان لە کاتی خۆیدا دەگەنە ناوچەکە و پاش هەڵهاتنی هەتاو سوپای عوسمانی هێرش دەکات و بە چەکە مودێرنەکانەوە دێتە مەیدانی شەڕەوە. هێزە یارمەتیدەرەکان ناتوانن لەکاتی خۆیدا بگەنە ناوچەکە، عوسمانییەکان هێرش دەکەنە سەر پێشەنگەکان بەو مەبەستەی خێرا لووتکەی کێوەکان بگرن و ئیزن نەدەن بە خەڵکی ناوچەکە بەرەو ناوچەی گۆران ڕێ بکەون. پاش هێرشیان شەڕێکی خوێناوی لە نێوان دوو لایەندا دەست پێ دەکات و زۆرکەسان لە هەردوولا دەکوژرێن بەڵام هێزە عوسمانییەکان لەسۆنگەی چەکە مۆدێرنەکانیانەوە پتر پێشڕەوی دەکەن و سەربازانی یارمەتیدەری گۆران ناتوانن خۆیان بگەیەنن بە پێشەنگەکان و هێزە یارمەتیدەرەکانی عوسمانی دەبنە دوو دەستەوە و گرووپێکیان ڕوو دەکەنە هێزی تازە گەیشتووی حەریری کە هاتبوونە یارمەتیدانیانەوە و دەستەیەکی تریان خەریکی شەڕی دژ بە پێشەنگەکان دەبن. تەقەمەنییان لێ دەبڕێ؛ بەڵام شەڕ هەر درێژەی هەیە و بۆیە شەڕی دەستەویەخە دەست پێ دەکا، کوردەکان بە خەنجەر و قەمە و سەربازانی عوسمانیش بە رمب و نارنجۆکەوە تێک بەردەبن زۆر کەس لە هەردووو لا دەکوژرێن؛ بەڵام ئەم شەڕە دەبێتە هۆی پەرینەوەی ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەکان لە ناوچەکە و دوورکەوتنەوەیان لە ئاگری شەڕی عوسمانییەکان و گەیشتنیان بەناوچەیەکی دوور لە شەڕەکە، دەڵێن خوالێخۆشبوو سەی مەحمووی حەیدەری، تەنیا کەسێک بوو کە لە پێشەنگەکان زیندوو مابوو و لە شەڕی تەنێ بە تەنێدا زۆر کەسی لەوان کوشتبوو و دەرباز ببوو.

لەم شەڕە سەرسووڕهێنەرەدا مانای غیرەت و پیاوەتی و شەرەف و دراوسێیەتی و پارێزگاری لە بەها ئاینی و نەتەوەییەکان دەرکەوت. سەی جەمشید و سەی نەعیم و سەی فەرەجی حەیدەری لە کوڕەکانی سەی عەزیزی حەیدەری شەهید

کران و بۆ خۆیان و بنەماڵەی حەیدەری شانازییان خوڵقاند.


پاش شەهیدبوونی ئەم کەڵەپیاوانە، خەڵکی دەوروبەر و عەشیرەت و تایفەکانی تر وەخۆ کەوتن و هاتنە یارمەتیدانی خەڵکی ناوچەکە ئەم راوەستاوییەی عەشیرە و تایفەکان بەڕێوەبەرایتی سەی رۆستەم بەشێوەی پارتیزانی سوپای عوسمانییان وەزاڵە هێنا و ناچاریان کرد شاری کرێند بەجێ بهێڵێ و بۆدانەوەی گیراوەکانی شەڕ و جێبەجێکردنی لاشەی کوژراوەکان بە وتووێژ رازی بوون و شەڕەکە کۆتاییی هات، وەلی چون موریدەکان؛ هەرهێزی بێگانە و داگیرکەرێکی بە هەر ناونیشانێک بەدوژمن دەزانی لە هەرکات و ساتێکدا بۆ لەناوبردنی ئەو داگیرکەرانە چاوەنوارِ بوون، لەم دەرفەتەدا رێبەرایەتی ئاینیی ئاغا سەید رۆستەم حەیدەری و عەلی ئەکبەرخانی سەردار موقتەدیر و بارام خانی گۆران بەرچاو و ئاشکارە[1]. بە سەرۆکایەتیی ئاغا سەی رۆستەم خۆڕاگرییەکی باشیان دەکرد و لە رێی چەند شەرێکی پارتیزانییەوە، سوپای دوژمنانیان تووشی شکست دەکرد، بۆیە داگیرکەرانی عوسمانی ناچار بوون ناوچەکە بە جێ بهێڵن و بۆ گۆڕینەوەی تەرمەکان و دیلییەکان دەستیان کرد بە وتووێژەوە و کێشەکە بڕایەوە؛ بەلام لەبەرئەوەی کە شوێنکەوتووان سەر بە هەر عەشیرەتێک بان رێیان نەدەدا بەهیچ هێزێکی بیانی بەهەر بیانوویێک بێ بێتە ولاتەوە، ئەگەر بهاتبان لە هەلێکی شیاودا هەڵیان دەکوتایە سەریان. لەم چەرخەدا ئاماژەکانی رێبەری مەزهەبی واتا ئاغا سەی رۆستەمی حەیدەری و بەهۆی فەرماندەیی و بە جەرگی و نیشتمانپەروەریی سەردارە سەنجاوییەکان بە تایبەت عەلی ئەکبەر خانی سەردار موقتەدیر و بەهرام خانی یاوەر گۆران زۆر گرینگ و کاریگەر بوو[2].

ئاغا سەید رۆستەم؛ لە سەردەمی ژیانی خۆیدا کوڕی گەورەی خۆی ، ئاغا سەید نوورەدینی کردە بەرپرسی تەکیە و بە کاروباری موریداندا ڕادەگەیشت، ئاغا سەید نوورەدین جوامێر و دەست و دڵ ئاوەلا و دلۆڤان و میوانداربووە و لە ناوچەکەدا نازناوی حاتەمی تایی پێ دراوە و کچی محەمەد عەلی خانی گۆرانی

---

١ بڕوانن بۆ... جغرافیای تاریخی و تاریخ مفصل کرمانشاهان، محمد علی سلطانی، بەرگی ٢و ٣ و ٤.

٢ بڕوانە بۆ هەمان سەرچاوە، بەرگی ٢ و ٣.



ئاغا سەید ڕۆستەم حەیدەریی گۆران

حاکمی کرێندی وەک هاوسەر هەڵبژاردووە، پاش مەرگی ئەو ژنە، ژنێکی تر کە خەڵکی بەیامەی گۆران بووە، کردووتە هاوسەری خۆی و بەدرێژایی ژیانی خەریکی چارەسەرکردنی کێشەی خەڵک بووە. سەید ڕۆستەم، ساڵی ١٣١١ کۆچی هەتاوی، سەی نوورەدینی کردە بەرپرسی تەکیە و کاروباری خۆی. بەڵام پاش ماوەیەک ئاغا سەی نوورەدین ئەم بەرپرسایەتییەی ڕەت کردەوە و بۆیە ئاغا سەی شەمسەدینی حەیدەری (١٢٧٣-١٣٢٧ ش) بەرپرسایەتیی تەکیە و ڕاگەیشتنی بەمووریدانی کەوتە ئەستۆ.

تەکیەی تووتشامی لە وەرزی زستاندا، هەموو ساڵێک پەنا و شوێنی حەوانەوەی هەژاران و نەداران بوو و لەهەر شوێنێکەوە هەموو کەسێک و سەر بە هەر ئاین و لە هەر عەشیرەتێک بووایە دەحەوێنرانەوە تا کۆتاییی زستان لەوێ دەمانەوە و جێژنی نەورۆزیان لەگەڵ ئاغا و بەوەرگرتنی نەورۆزانە لە ئاغاوە دەکرد و پاش وەرگرتنی پارەیەک بۆ گەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان، ڕوویان دەکردەوە ناوچەکەی خۆیان. ئەم ڕێورەوشتە تا ئەم چەند ساڵی دوایی هەر درێژەی هەبوو. حاجی سەیاح لەم بارەوە ئاماژەیەک دەکات و دەڵێ، (لە تەکیەی ناوبراو (ئاغا سەید ڕۆستەم) یەکێ لە موریدانی ئاغاخان، دەژیا: وتیان: «ئەم پیاوە ساڵگارێکە کە لەوێدایە، بارودۆخی سەید زۆر لە بار بوو و عەبایەک و ڕشتەیەکی دەروێشیی دابوو بەمیرزا قاسم تا بیدات بە من (حاجی سەیاح)».[١]

دەڵێن ئاغا سەید ڕۆستەم زۆربەی شەوان، دەچووە لای فەقیران و هەژاران و

١ خاطرات حاجی سیاح، ل ٢٣١


گــوێی ڕادەگــرت بـۆ دەردەدڵەكــانیـــان و زۆربەی جـــاریش بـە جلـوبەرگـی ترەوە بەكاروباری حوجرەكان و شێوەی میـوانداری هەژاران ڕادەگەیشت و شەوانەش بە كاروباری حوجرەی ڕیازەتی دەروێشان ڕادەگەیشت[1].

پاش تـەمــەنێكـی پڕ لە خـزمــەتی مـادی و مــەعنەوی بە خــەڵک و وڵات و زێد و ئاینەكـەی كـۆچی دواییی كـرد و بۆ هەمـیشــە لە دڵی پێـڕەوانی مـایەوە و بەهاری ١٣١٣ی كۆچی هەتاوی ئەسپەردە كرا.

ئاغا سـەید شـەمسـەدین حەیدەری (١٢٧٣ـ ١٣٢٧ی كۆچی هەتاوی) كوڕێكی زۆر چاک دەرچووبوو و لە هەموو ڕوویەكەوە لە بابی دەچوو. ئاغا سـەید شـەمسـەدین كە لە بەشـی خـێڵ و عـەشـیـرەكاندا ئامـاژەم پـێ كردووە؛ كچی حسـێن خـانی سـەردار موعـەزەمی گۆرانی هێناوە و بە هـۆی ئەوەی خەڵكی ناوچەكە ڕێزی زۆریان لێ دەنا زۆرجار بۆ چارەسەركردنی كێشەكانیان ڕوویان تێ دەكرد و ئەویش كێشەكانی بۆ چارەســەر دەكـردن، ناوبراو لـە دەورانی پڕ زەبروزەنگی پـۆلیسـی ڕەزاشــادا دەژیا. هێزەكانی ڕەزاشـا بەمەبەسـتی هێنانە خوارەوەی بـڕشتی مـامـۆسـتـایانی ئاینی و هەروەها بێ حـورمـەتی بـە ئیسـلام و بـایەخدان بە بەهـائییـەت و مـەسـیـحـیـیـەت، بانگەوازكـەران و میسیـۆنێرەكـانی جیـهانـی مەسـیـحـییـەت بە پشـتیوانیی ڕەزا شـا ڕوویان كردە ناوچەكە، بەجێبەجێكردنی چەند پرۆژەی خزمـەتگوزاریی گشتی وەک

١ لە ڕاپۆرتێكدا كە لە سـەردەمی دەسـەڵاتی ئاغـا سـەید ڕۆسـتـەم و لە ڕۆژگاری حكومـەتی فـەرمـانفـەرمـا و عـەباس مـیـرزای سـالار لەشكری كـوڕی، سـەبارەت بەم بنەمـاڵەیە دەنووسێ: یەكێكی تر لە ئەو شـوێنكەوتووانە ئیبراهیمییە، كە ڕیزەخـواری ئاغا سـەید ئیبراهیم و كوڕەكانی ئەون، ئەم سـەید ئیبراهیـمەش لە هیندووسـتـانەوە هـاتووە و لە مەزراتووشـامی لە یەک فرسەخی خـاكی گۆرانەوە، نیشـتەجێ بوو و تایفەكانی گۆران و كرێند و بیوینچی و سـەنجابی و مەنشی كەلوڕ و چەند بنەماڵەی تر لە میر عەزیزی كەلوڕ، بوون بـە مـوریدی و كـەرامـاتی زۆری لێوە دەركـەوت، پاش مـردنی ئاغـا سـەید برایم، ئاغا سـەید یاقۆی كوڕی و هـەروەها ئاغا سـەید براكەی كوڕی سەید یاقۆ، بوون بە تەكیـەدار. ئێسـتـاكەش ئاغـا سـەید ڕۆسـتـەمی كـوڕەزای هـەمـان سـەید بـراكـە لە ناوچەی تووتشـامی تەكیـەی هەیە و میـوانداری لە میـوانان دەكـات. بڕوانە بۆ (كۆمـەڵە بەڵگەكـانی عــەبدولحـوسـێن فـەرمـانفـەرمـا (١٣٤٠ ـ ١٣٢٥ كـۆچی) بـە یارمـەتیی مەنسوورەی ئیتیحادیە (نزام مافی) سیرووس سەعدوندیان، ب ٢، ل ٧٩٠٥

خـەسـتـەخـانـە، بنکەی تەندروسـتـی، خـوێندنگەی بەخـۆڕایی لە بەشـی زمـانە ئەوروپییەکان و ... دەستیان کردە چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و نامیلکەی ئاینی خۆیانەوە و مـەکتـەبی ئالی حـەق و ناوچەی گۆرانیـان بۆ گـەیشتن بەئامـانجـەکانی خۆیان بەگونجاو دەزانی بۆیە لەو ناوچەیەدا لە هاتوچۆدا بوون.



ئاغا سەید شەمسەدین
حەیدەریی گۆران

ئاغـا سـەی شـەمـسـەدین حـورمـەتێکی زۆری ئەوانـی دەگـرت و بە باشـی بەکـاری ئاینیی مـوریدانیش ڕادەگـەیشت و ئیـزنی نەدەدا لە بـایـەخی ئـایـنـیـیـەکـەی و تەریقـەتەکـەی داوێن پیس بکرێ و بۆیـە دوژمـنانـی ئـاینـەکـەی نـائـومـێـد بـوون ناوچـەکـەیان بـەجێ هێـشت. بە بێ ئەوەی تەنـانەت یەک کـەس لە بیـروباوەڕی خـۆی وەربگێڕن ئەوەش وێڕای ئەو هەمـوو توانایە و ئیـمکانیـاتێکی بـانگەشـەکـاریـیـان لەم ڕووەوە چییـان پێ نەکرا و ئەمـە زۆر جێی سـەرسوڕمـان بوو. ئاغا سـەید شـەمسـەدین کە بە باشـترین شـێوە بە سـەر ئەرکی خـۆی ڕادەگـەیشت، لەم سـەردەمەدا خـۆی خـەریکی کۆکردنەوە و پاراستنی پەرتووکەکانی یاری بە تایبـەت پەرتووکەکانی سـەردەمی چل تەنـی بوو و پەرتووکـەکـان زۆر باش پارێزراون، بـەشـێـوەیـەک کە دەتـوانین ئەم پەرتووکانە لە پەرتووکە باوەڕپێکراوەکان بژمێرین.

جگە لە ناوچـەکـانی کـرمـاشـان، هەمـەدان، کـوردسـتـان و شـارەزوور و... ژمارەیەکی زۆر لەموریدانی حەیدەری دانیشتووی ئازەربایـجانن؛ وەک چون حاجی سـەیاح دەنووسێ، ... (ماکۆ) لە غازیان گیرساینەوە، شـوێنێکی خـراپ نەبوو. لەو گـوندەدا زۆربەی دانیـشـتـوان مـوریدی سـەید ڕۆسـتـەم (گـۆران)ی کرێندن و بە زمانی کوردیش قسە دەکەن[1]. خەلیفەکانی تەکیـەی تووتشامی دێنە ئەو ناوچەیە و

---

١ خاطرات حاج سياح، ل ٢٦١.


دەروێش حەسەن خەراباتی

خەڵکی ئەوەندە لایەنگری ئەو تەریقەتە بوون کە هەر خێرا فەرمانەکانی خەلیفەیان لە سەر چاو دادەنا؛ قزڵباشەکانی تەورێز، هەر لەم ئالی حەقانەن. ئاغا سەی شەمسەدین، لایەنگری هونەر و مۆسیقا بوو و ماڵەکەی شوێنی کۆبوونەوەی لایەنگرانی هونەر و مۆسیقا بوو. دەروێش حەسەنی خەراباتی و دەروێش نیمعەتی کوڕی کە لە ناودارانی مۆسیقای مێژوویی کوردن و هەروەها شارامی نازری و... تەنبوور ژەنگەلێکی وەک میرزا سەید عەلی کەفاشیان کە عەلی ئەکبەر مورادی لەسەر شێوازی ناوبراو دەڕوات[1].

ئاغا سەید شەمسەدین خۆی لە هونەری مۆسیقا و ئامێرەکانیدا بە تایبەت لە تەنبووردا مامۆستایەکی تەواو بوو. لە کارەساتی خەرمانانیساڵی ١٣٢٠ کە سەرۆکایەتی ئاینی گۆرانیی لە ئەستۆ بوو و بە هۆی زوڵموزۆری سەردەمی پەهلەوی پاش لێخزانی ڕەزاشا، هەموو عەشیرەتەکان دەستیان کردە ڕاپەڕین و هێرشیان کردە سەر بنکە نیزامییەکان و دەستیان کرد بەکوشتنی هێزە چەکدارە.... بەڵام لە ناوچەی گۆراندا بە پێچەوانەی ئەو هەموو زوڵمەی کە پیاوانی ڕژێم دەیانکرد، پاش هاتنی هاوپەیمانان بۆ ئێران و لابردنی شای ئێران و گۆڕانی بارودۆخ، هێزەکانی حکوومەت کە هێرشیان دەکرایە سەر، پەنایان دەبردە بەر تەکیەی سەی شەمسەدین و خۆیان و چەکوچۆڵەکەشیان دەپارێزرا و ڕەوانەی کرماشان دەکرانەوە؛ کەچی لە ناوچەکانی تر سەرەڕای ئەوەی دەست بەسەر چەکوچۆڵەکەیاندا دەگیرا سەریشیان تێدا دەچوو و ئەم کارەی حورمەتی تەکیەی گۆرانی زۆرتر کردەوە.

---

١ بڕوانە بۆ (جغرافیای تاریخی و تاریخ مفصل کرماشان، بەشی مۆسیقا، ل ٣٦٢ – ٣٦٩).


پاش خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاوی و دوابەدوای هاتنی ئینگلیزەکان بۆ ئێران، ئاغا سەی شەمسەدین، دژیان وەستا و هەر بۆیە خۆی و بنەماڵەکەی بە ماوەی دوو ساڵ بۆ تاران دوورخرانەوە.

ئاغا سەی شەمسەدین، ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی لە تەمەنی ٥٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و ناو و یادی هەردەم بە بەرزی دەمێنێتەوە. ١٤ ساڵ خزمەتی کرد و منداڵی لەپاش بەجێ نەما و بۆیە بۆ جاری دووەم ئاغا سەی نوورەدین بوو بە تەکیەداری گۆران.

پاش ساڵێک ئەم ئەرکەی خستە ئەستۆی تاقە کوڕەکەی خۆی واتا سەید سەیفودین حەیدەری و خۆی ساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی، کۆچی دوایی کرد و پاش ماوەیەک ئاغا سەید سەیفەدین ئەرکەکەی خۆی بە ئاغا سەید نەسرەدین حەیدەری سپارد کە ئێستاش هەر تەکیەداری حەیدەرییەکانە و خۆی لە مانگی سەرماوەزی ١٣٦٦ی هەتاوی، کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی بەبەشداریی هەزاران کەس لە لایەنگرانی، ڕەوانەی تووتشامی کرا و بە هۆی بارودۆخی کاتی و مێژوویی و تایبەتمەندییە کەسانییەکانی، هەر کام لەم دوو تەکیەدارە (ئاغا سەی نوورەدین و ئاغا سەی سەیفەدین) لە کۆچی دوایی ئاغا سەی شەمسەدین تا سەردەمی ئاغا سەی نەسرەدین، دەبێ بە سەردەمی لاوازبوونی تەکیەداریی حەیدەری بژمێرین و ئەمانەش هەمووی بە هۆی بارودۆخی



ئاغا سەید نوورەدین حەیدەریی گۆران



ئاغا سەید نەسرەدین حەیدەریی گۆران

ســەردەم و ناوچەکــەوە بوو. تەکیــەداری ئاغــا ســەید نەســرەدین بوو بە هۆی گەڕانەوەی حورمەت بۆ تەکیە و هونەر و مۆسیقا و دەفتەردارەکان بایەخیان پێی درا و پیــران وایان دەزانی لە ژێر نەزەری ئاغا سەی ڕۆستەم و ئاغــا ســەید شەمسەدین دان. تەکیەی تووتشامیی گۆران لەم خولەدا پڕبایەخترین شوێنی ئاینی ئالی حەقەکانە و لە ڕێوڕەسمە جیاجیاکاندا، پێڕەوانی ئالی حەق لەوێ کۆ دەبنەوە و زیارەتی حەزرەتی سوڵتان سەید ئەحمەدی عەلەوی (باوە یادگار) و شوێنە پیرۆزەکانی تووتشامیی گۆران دەکەن و بە باشترین شێوە میوانداریيان لێوە دەکرێ. پەرتووک و بەڵگەنامە ئاینییەکان لەهەر لایەکەوە کۆ دەکرێنەوە و ڕێکوپێک دەکــرێن و کــۆپی دەکــرێن و پاشــان دەیانخــەنە بەردەســتی شوێنکەوتووانەوە.

ئاغا سەی نەسرەدین، وەک گەورە پیاوانی ئاینیی پێشوو بە باشترین شێوە مامەڵەی لەگەڵ پرس و بابەتەکانی سەردەمدا دەکرد، لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێراندا، ئاغا سەی نەسرەدین تاقە ڕێبەری عەلەوییەکانی ئالی حەق بوو و بۆ ســەرکــەوتنی شــۆڕشی گــەلانی ئێــران، هەوڵی زۆری دا و پاش ســەرکــەوتنی شۆڕشیش، وێڕای گەورە پیاوانی ئالی حەق، چووە خزمەتی ئیمام خومەینی و (ئیمام خومەینی)ش ڕێزی زۆری بۆ دانا.

بەڵگەکانی ناوبراو لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا لە پڕبایەخترین بەڵگەکانی ئاینی یارســانن و ئەمــەش پیــشــاندەری وشــیــاریی ئالی حــەقــەکــان و لایەنی کۆمەڵایەتی ئەم ئاینەیە.

لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراقدا ئاغا سەید نەسرەدین یارمەتیدەرێکی هەرە گــەورەی ســوپای ئیــســلام بوون و لەو ٨ ســاڵەدا شــەهیــدی زۆریان بۆ سەرکەوتنی ئێران داوە. پاکی و خاوێنی و ئیمان و بیروباوەڕی ڕاستەقینەی ئەم زاتە پاکــە جگە لەوەی بووەتە هۆی ئەوەی لەدڵی خــەڵکی ناوچەکــە جــێگەیەکی بۆخۆی کردبێتەوە و بووەتە هۆی ئەوەش کە مێژووی هەزاران ساڵەی ئەم ئاینە بە باشترین شێوە بە خەڵکی بناسێنرێت.

مارتین ڤان برۆیین سێن، لە کتێبی کۆمەڵناسیی گەلی کورددا دەڵێ... سەید براکە کە لە سەدەی ١٩ دا لە تووتشامی لە ڕۆژئاوای کرماشان ژیاوە، لە باشترین

و مەزنترین پیاوچاکانی ڕۆژگار بووە و لە ناوچەکەدا دەورێکی گرینگی هەبووە و تەنانەت توانیی هەموو فەلسەفەی ئالی حەق بە پێی باوەڕی خۆی ڕوونتر بکاتەوە.

سەید نەسرەدین (١٣١٢ ک. ﻫ) لە بنەماڵەی ناوبراوە و من (مارتین ڤان) شانازی دەکەم کە بووم بە میوانی و خۆی بە خانەخۆی نازانێ؛ بەڵام زۆر پیاوێکی پیاوانە و باشە؛ موریدەکانی وەک نەشئەیەکی خوایی سەیری دەکەن (بابی هێشتا زیندووە و ئەو بایەخەی نییە!) و ئەگەر داوای خواییش بکات پێڕەوەکانی شەکی لێ ناکەن (کۆمەڵناسیی گەلی کورد.... ، مارتین ڤان برۆیین سێن، وەرگێڕدراوی ئیبراهیم یوونسی، ل ٩٧ - ٢٩٦) ئاخۆ لە داهاتوودا کێ پێ بنێتە جێ پێی ئەم زاتە؟!


ئالبومی

وێنەکان، شەجەرە، بەڵگەنامە

# بنەماڵەی حەیدەریی گۆران



ئاغا سەید نەسرەدینی حەیدەری، ئاغا سەید ئەمروڵڵای شائیبراهیمی
و پیاوە گەورەکانی تری ئالیحەق، لە چاوپێکەوتنی ئیمام خومەینی




ئاغا سەید شەمسەدین حەیدەریی
گۆران



ئاغا سەید نوورەدین حەیدەریی
گۆڕان



هوما خانمی حەیدەریی گۆڕان لە
ژنە ناودار و پیرۆزەکانی زنجیرەی
حەیدەری و کچی ئاغا سەید
ڕۆستەم و جێی ڕێز و حورمەتی
بنەماڵەکانە لە ئاینی حەقیقەتدا



ئاغا سەید سەیفەدین حەیدەریی
گۆڕان



ئاغا سەید فەتحوڵڵای حەیدەریی
گۆڕان



له چەپەوە: ئاغا نوورەدین، سەید فەتحوڵڵا، دوکتۆر پاکار ئەمەریکایی، ئاغا سەید شەمسەدین، سەید مەحموود، سەید عەلی، ئاغا سەیفەدین، پیرم مسیۆنێر مەسیحی



دانیشتووی ناوەڕاست لە چەپەوە؛ ئاغا نوورەدین، ئاغا سەید ڕۆستەم، شازەنان خانم خێزانی ئاغا سەید شەمسەدین، ئاغا سەید شەمسەدین. دانیشتوو لە بەرەوە و لە چەپەوە؛ سەید فەتحوڵڵا، سەید سەیفەدین، پیرم مسیۆنێرمەسیحی، سەید مەحموود



دانیشتوو لە ڕاستەوە؛ ئاغا زادە هوما خانم، شازەنان خانم خێزانی ئاغا سەید شەمسەدین، خانم دوکتۆر باستیگر (نەناسراو)، وەستاو لە ڕاستەوە؛ دوکتۆر پاکار بە جلوبەرگی کوردییەوە، ئاغا سەید شەمسەدین



لە چەپەوە؛ ئاغا سەید ڕۆستەم، ئاغا سەید شەمسەدین، مەسعوود سوڵتان یاسمی گۆران، سەید عەلی حەیدەری



له چەپەوە؛ سەید بارام کوڕە گەورەی ئاغا سەید ڕۆستەم حەیدەری،
سەید جەمشیدی حەیدەریی گۆران کە لە شەڕی دژی عوسمانییەکاندا
کوژرا




له چەپەوە: سەید دەروێش (مەقتووڵ)
سەید عەبدوڵڵای حەیدەری،
سەید حوسێن حەیدەری

بەڵگەی ژمارە یەک:

بابەت: بەکرێگرتنی ناوچەی زەهاو لەلایەن سەید ڕۆستەم و بەڕێوەبردنی کاروباری کشتوکاڵ

بەروار: جیمادیوئولای ١٣٣٣ کۆچی

مۆر: ئەمیر موفەخەم (واژۆ) لوتفعەلیی بەختیاری



## شەجەرەی ساداتی حەیدەریی گۆران

حەزرەتی محەمەد رەسووڵوڵڵا (د.خ)، حەزرەتی فاتمە و حەزرەتی عەلی (د.خ)، ئیمام حسێن، ئیمام زەینولعابدین، ئیمام محەمەد باقر، ئیمام جافری سادق، سەید محەمەد موزەفەر، سەید محەمەد موجتەبا، سەید محەمەد موتەقی، سەید داوود، سەید ئەحمەد، سەید سلێمان، سەید محەمەد ئەبولوەفا تاجولعارفین، سەید حسێن، سەید ئەحمەد، سەید خالید، سەید ئەحمەد.


سوڵتان سەید ئێسحاقی بەرزنجی


سەید شێخ عەلی — سەید محەمەد ئەبولوەفای دووەم

سەید خەلیل — سەید رەزا — سەید ئەکابر (خامووش) ← سەید مەعرفەت، سەید عەلی، سەید ئەمیر، سەید کەسالی، سەید نۆسەیر، سەید یەعقووب، سەید یەعقووب، سەید عەزیز، سەید کەسالی، ئاغا سەید مەنسوور.[١]

---

١ ئەم شەجەرەنامەیە لەلایەن تاقمێک لە گەورەپیاوانی ساداتی بەرزنجەوە مۆری لەسەر دانراوە و تاقمێک لە پسپۆڕان ئیمزایان کردووە، بە تایبەت کاک ئەحمەدی شێخ، کوڕی شێخ مارفی نۆدێ کە لەژێر شەجەرەنامەی بنەماڵەی ئەبولوەفای تاجولعارفیندا نووسیویانە: هذه شجرُ صحيحُ استفاض منذ ايام عديد كانوا بيت مجد واهل بيت في شهرزور اكثر من سبع مئة سنين كانوا مشهورين معتقداً فيهم ، واهل نفوس، ومن طعن فيهم فليس طعنهم الالزور ـ انا الفقير الحقير مطلع على ماحرر؛ السيد احمد النودهي.


ئاقا سەید مەنسوور
سەید میرزا
ئاقا سەید حەیدەر (براکە)
سەید کەسعەلی
سەید حەیدەر شەهید
سەید ئەمیر
سەید فەیزوڵلا
سەید حاتەم
سەید موراد
ئاقا سەید ئەیاز
سەید باقر
سەید فەرامەرز
سەید بەرزو
سەید مەنووچێر
سەید سۆراب
سەید فروود
سەید فەرێدوون
ئاقا سەید ڕۆسەم
سەید ناسر
سەید جەعفەر
سەید حەق میر
سەید پاشا
سەید حەبیب
سەید عەزیم
سەید ئیسمائیل
سەید ئیسماییل
سەید میر خەسرەو
ئاقا زادە هوما خانم
ئاقا سەید نوورەدین
ئاقا سەید سەیفەدین
سەید سامەدین
سەید بارام
سەید نەسرەدین
سەید نەجمەدین
سەید حەیدەر
سەید جەلالەدین
ئاقا شەمسەدین
سەید بارام


ئاقا سەید مەنسوور
ئاقا سەید حەیدەر(براکە)
سەید موراد
سەید عەزیز
سەید میر حسەین
سەید عەلی
سەید دەرویش
سەید جەمشید
سەید فەریدوون
سەید نادر
سەید یوونس
سەید عابدین
سەید شارام
سەید شاهرۆخ
سەید وەلی
سەید قوباد
سەید فەرهاد
سەید فەریبورز
سەید سەلمان
سەید مەجید
سەید سوهراب
سەید بیژەن
سەید تەمورس
سەید عەلی
سەید ئەمین
سەید تورج
سەید فورود
سەید کەیۆمەرس
سەید سیامەک
سەید مەسعوود
سەید جەمشید
سەید نەعیم
سەید فەتحوللا
سەید حسەین
سەید ئەرەستوو
سەید ئیرەج
سەید بابەک
سەید عەبدوللا
سەید سیرووس
سەید نەسیر
سەید مەنوچێر
سەید یوسف
سەید هەژیر
سەید یەحیا
سەید سیاوەش
سەید مازیار
سەید نیزام
سەید تەیموور
سەید عەسکەر
سەید ئێحسان
سەید ئسفەندیار
سەید ئەرسەلان
سەید مەحموود
سەید سەعید
سەید شیرزاد
سەید ئەحمەد
سەید حەمید
سەید فەرامەرز
سەید ئەمیر
سەید ئەردەشیر
سەید تاهێر
سەید سینا
سەید کورش
سەید هووشەنگ
سەید فەرامەرز
سەید تەهمورس
سەید عەسکەر
سەید ئسفەندیار

## بنەماڵەی ئاتەش بەگی

**موشەعشەعی**

بنەماڵەی لەمێژینەی ئاتەش بەگی لەو بنەماڵە مەزنەکانی ئالی حەقن کە هاوکات لەگەڵ هاتنە سەرتەختی شا ئیسماعیلی سەفەوی (٩٠٧ـ ٩٣٠ی کۆچی مانگی) هاوکات لەگەڵ شەشەمین سەرهەڵدانی پلەیی بیروباوەڕی ئالی حەقدا لە پانتاییی ئاینیی یارسان، سەریان هەڵدا و بنەماڵەیان ساز کرد.

هاوکات لەگەل هاتنە ئارای شاوەیسقولی لە تورکیا[1] و شۆڕشی دەروونی و دەربڕینی خەبات دژی دارولخەلافەی عوسمانییەکان و بەربەرەکانییە یەک لەدوای یەکەکان کە دەبنە هۆی شەهید بوونی، یان بە واتایەک ون دەبێ و حەزرەتی شا محەمەد بەگ دەبێتە جێگری، بە پێی بەڵگەنامە باوەڕ پێکراوەکان، لە کوردستان، لوڕستان، ئازەربایجان، ئێرانی ناوەندی و خووزستان؛ شا محەمەد بەگ لە سەیدە ڕاستەقینەکان بووە. کتێبە مێژووییەکانی سەردەمی سەفەوی بە ناوی دەدە لە (سەید) ناوی سەید محەمەدیان تۆمار کردووە، سەیری (جهانگشای خاقان)؛ (بزووتنەوە و سەرهەڵدانی عەلەوییەکانی زاگرۆس، ب ٢): دەڵێن ناوبراو مورشیدی دەروونیی سەفەوییەکان و موژدەدەری دەسەڵاتی شائیسماعیلی سەفەوی (٩٠٧ـ ٩٣٠ ک) بووە. پاش شۆڕش و خەباتکاری و بنیاتنانی شاوەیسقولی کە لە ناوچە سنوورییەکانی ئازەربایجاندا سەری هەڵدا و شەهید بوو، بە پێی ناوەڕۆکی دەقی سەرەنجامی سەرهەڵدانی حەوتەم لە سەردەست و چالاکییەکانی شا محەمەد بەگ، ئاینی یارسان خۆی گەیاندە ئازەربایجان و ڕۆژئاوای ئێران، پاش گەڕانەوە

---

١ مینۆرسکی، بررسی فرقە اهل حق، ل ٢٦. بۆ زانیاریی زۆرتر لە شاوەیسقولی و شۆڕشەکەی، بڕوانە بۆ بزووتنەوە و شۆڕشی عەلەوییەکانی زاگرۆس، ب ٢٠١ محەمەد عەلی سوڵتانی. دەبێ ئاماژە بکەین کە شاوەیسقولی بەپێی بەڵگە نووسراو و وتارە نەنووسراوەکانی یارسان لە شاهۆی هەورامان (دەرزیان = دەرەویان) هاتووەتە دنیا و ڕێباز و شۆڕشەکەشی لە ئازەربایجان و تورکییە ڕووی داوە.

بۆ ئێـران له بەرواری ڕەبیـعـولئـەوەڵی ٩١٧ی کـۆچی لەلایەن شـائیـسـمـاعـیلی یەکەمەوە، بەشێک له عـەردی خوراسـانی گـەورەی پێی بەخـشرا و لەگەڵ هاوڕێ و مـوریدانی بەرەو، ئەو نـاوچەیە بەڕێ کـەوتن و خـوراسـان کـە مـەکـۆی عـیرفـان و زانست و تـەسـەوفی ئێـرانی و ئـیـسـلامی بوو تەنانـەت وەک دەروازەی سـەرەکـیی هاتنی فـەرهـەنگە هیندییەکان بۆ ئێران و ئەو ڕێبازانەی که له ترسی قزڵباشـەکان و شای سەفـەوی خامۆش بووبوون سـەیر دەکرا، وەک مـەکتەبەکانی نووربەخـشیە و موشەعشەعیە و ئالی حـەق. بۆیە و ڕوویان کردە خوراسان و بوون بـه موریدی شا مـحـەمـەد بەگ و پاش سـەرهـەڵدانی چامـەی حـەفـتـەم واتا؛ زاتی خـان ئاتەش، کۆبەندێک له باوەڕەکانی (نووربەخـشی، مـوشـەعشـەعی و سـەفـەوییـە) له سیـمـای مەکتەبی ئالی حەقدا خۆی نواند.

شـا مـحەمـەد بەگ، وەک سـەرکـردەی ئاینی، بەپێی ڕاسـپـاردەی شائیسـمـاعیلی سەفەوی (٩٠٧ـ ٩٣٠) له میسر و عەرەبسـتان (عیراقی ئێستا) و لەوبەری دیجله و فوراتەوە، چەندین شـۆڕشی بەمـەبەسـتی لـە ناوبردنی حکوومـەته هاوچـەرخـەکانی ئەودەم دەست پێ کرد، له ژێر ئالای شۆڕشی عەلەوییەکاندا[١].

ناوبراو جگه لەوەی سـەرۆکێکی ئاینی بوو، هاوکات له مـەیدانی شـەڕیشـدا زۆر بە جـــەرگ بـوو و وەک جـــەنگاوەرێکی نیـــزامی و پابەند بە بـەڕێوەبردنی ئـەرکی مـەعنەوی ناوی باسی لێـوە کراوە. سـەردەمی سـەرهـەڵدانی شـا مـحـەمـەد بەگ تا ناوەڕاسـتی پاشـایـەتی شـاتەهمـاسـبی سـەفـەوی (٩٣٠ ـ ٩٨٤ ی کۆچی مـانگی) درێژەی بوو. شـوێنی ڕازونیـازەکـەی له کێـوی سـەهـەنددا بوو و وەک چون سـوڵتان یادگـار و شـائیـبـراهـیم بە ئامـاژەیەکی چاوکـە ئـاوێک هـەڵقـوڵیـوە ئەمـیش پاش ئاماژەیەک توانیویە، چاوکەیەک ئاو له دڵی زەوی هـەڵبقوڵێنێ و بۆیە دەبێتە شوێنی زیارەتی پێرەوەکانی.

وتراوە کە شـا مـحـەمـەد بەگ، پاش دیدار لـە گـەڵ عـەشـیـرەتی سـان مـوریدی له هـەمـەدان کۆچی دوایی کردووە و له بورجی قوربانی هـەمـەداندا نێژراوە[٢].

١ بڕوانه بۆ بزووتنەوە و شۆڕشی عەلەوییەکانی زاگرۆس، ب ٢/ ١٩٥٥ ـ ١٨.

٢ شـا مـحـەمـەد بەیگ بەپێی شـەجـەرەنامـەی خـۆی دەگاتەوە حـەزرەتی عـەلی. بڕوانه بۆ پێشەکیی شەجەرەنامەی بنەماڵەکە، ئەم بەشە.

له سـەرهەڵدانـی حـەفـتـەم؛ خـان ئاتەش کـە دەبێ بوترێ لە دەیەی دوای نیـوەی یەکـەمی سـەدەی دەیەمـدا سـەری هەڵداوە. لە خـشـتـەی دەسـتی ڕاسـتی ڕووباری چەغەتوو لە باشووری ئازەربایجانەوە خۆی ناساند و دژ بە بڵباسەکان وەستا و هێرشـە یەک لەدوایەکەکانی ئەوانی دامرکاندەوە و بە یارمەتیی خان ئەحمـەدخانی ئەردەڵان کـە لە ناو داوودەزگـای سـەفـەویەدا پەروەردە بووبوو و زاوای شـاعـەباس بوو و دژ بە شۆڕشـەکانی باوکی ـ هەڵۆخان ـ وەستابوو؛ توانییان ئەم عەشیرەتانە شکست بدەن.

خـان ئەحـمـەدخـان بـۆ سـەرکوتکردنی ئێزدییـەکـان، بەرەو مـوسڵ بەڕێ کەوت و تاقمێکی زۆر لەئێزدییەکان لە مووسڵ بوون بە موریدی خان ئاتەش.

بەر لەم بەسـەرهاتە لە شەڕەکەی (قەڵای پاڵنگان)دا، چەند وێنەیەک بـەرچاوە کە پیـشـاندەری ئـەوەن، خـان ئاتەش دژ بە هەڵۆخـان و خـان ئەحـمـەد خـانی کـوڕی (١٠٤٥ی کــۆچـی مــردووە) وەسـتــاوەتەوە، لـە بەر ئەوەی ئـەو ناوچـەیە سـنووری دەسـتـپـێکردنی دەسـەڵاتی ئاینیی حـەزرەت بووە و بڵـبـاسـەکـان دوژمنی ئـاینی یارسـان و خـان ئـەحـمـەدخـان بـوون، بۆیە هـەردووکـیـان بـوون بە یەک و یارمـەتیی یەکتریان داوە.

سـەرچاوەکـان بەشـێـوەی جـۆرەوجـۆر باسی کـەرامـاتی نـاوبراویان کـردووە و هەربۆیە پـاش سـەرهەڵدانی ژمـارەیەکی زۆر لە عـەشـیـرەتی سـان و بە تـایبـەت دوو بنەمـاڵەی شاهەیاسی و عـالی قـەلەندەری بوون بە مـوریدێکی باشی حـەزرەتی خـان ئاتەش.

دەتوانین لەڕاسـتیدا بڵێین کە ئەم سێ بنەماڵەیە (ئاتەش بەگی، شـاهـەیاسی و عـالی قـەلەندەری) داکـۆکـییـان بیـروباوەڕ و مـانەوەی بوون، جگە لە ڕێککەوتنی ئەم سێ عەشیرەتە، موریدانی حەزرەتی شا محـەمەد بەگ لە خوراسـان، ئازەربایجان، کوردسـتـان، خـووزسـتـان و ناوەندی ئێران و تورکیـا ... بوون بـە مـوریدی حـەزرەتی خـان ئاتەش بەگ؛ کـە لەلایەن (نووربەخـشـیـیـە، مـوشـەعشـەعـیـیـە و سـەفـەوییـەی) پشتگیریی دەکرا: هاوکات کوڕەکانی محـەمەد بەگ واتا خان ئەڵماس، خان ئەبداڵ و خـان جـەمـشـیـد بـوون بە مـوریدی ئاتەش بەگ و هـەرکـامـەیان بوون بە ڕێبـەری ئاینی ناوچەیەک و خـان ئەڵمـاس و کـوڕەکـانی و کـوڕەکـانی ئاتەش بـەگ بەرەو کرماشان بوونەوە.

مـینۆرسکی لـه سـەر ئەو باوەڕەیـە کـە خـان ئـەڵمـاس لـە یەکێ لە تـەکـیـەکـانی کرماشان بە خاک سپێردراوە (؟؟). خان ئەبداڵ و کوڕەکانی بەرەو ورمێ ڕۆیشتن و خـان جەمشیدیش بەرەو خوراسـان وەڕێ کەوت. لەم سەردەمەدا حەزرەتی خـان ئاتەش سـەرۆکایـەتیی هەمـوو موریدانی لـە ئەسـتۆ بوو و ئەم سـەرۆکایـەتییـە بەرە دوای بەرە لە نێـوان کـوڕەکانـیدا مـایەوە، تا ئێـسـتـاش بەردەوام مـاوەتەوە لەنێـو بنەماڵەکەیدا (١٣٧٧ی کۆچی هەتاوی) و سەیدەکانی عەشیرەتەکانی تر، خەلیفەی ئەم پیاوە گەورانەن کە بە باشی ژیانی یەکە بە یەکەیان لێک دەدەینەوە.

بە پێی بەڵگە بـاوەڕپێکراوەکـان کـە لە بـەشی بەڵگەکـانی ئەم بـەشـە خـراونەتە بەرچاو. ئەوەی کـە دەوترێ خـان ئاتەش و نادرشـای ئەفـشـار هاوچەرخ بوون، هەڵەیە(١١٦٠ـ ١١٤٨) و ئەم چەند خاڵەی خوارەوەش ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن:

١- بە پێی دەقـی چامـەی حـەفـتـەم، خـان ئاتەش هاوکاتە لـەگـەڵ حکوومـەتی خـان ئەحـمـەدخـانـی ئەردەلانی کـە تـا سـەرهەڵدانـی نادر، سـەد سـاڵـیـان نێـوانە. حکوومەتی خان ئەحمەد خانی ئەردەلانی (١٠٤٥ـ ١٠٢٦) و نادر (١١٤٨).

٢- ئەو چاوپێکەوتنانەی ڕێبەرانی ئایینی یارسان و ئەفشارەکان تۆمار نەکراوە و نەنووسراون و ئەمە خۆی هۆی ئەوەیە کە ئەم هەڵەیە کراوە.

٣- بە پێی بەڵگەنامـە باوەڕپێکراوەکـان لـە سـەردەمی ئەفـشـاریـەکـان و دواین ڕۆژەکانی ئەو زنجیرەیە، گەورەی ئەو بنەماڵەیە سەید سەرخۆش بەگ بووە کە لەلایەنی مێژووییـەوە سێ بەرە نێوانی هەیە لەگەڵ ئاتەش بەگدا و بۆ هەر سێ بەرەکەش، سـەد ساڵ لەبەرچاو گیردراوە و بۆیە بەرواری دەستنیشـانکراو لە خاڵی یەکەمەدا کە باسی کرا، ڕاست دەبێت.

بەم شێوەیە سـەرهەڵدانی شـاوەیسـقولی لە تورکیا کە بزووتنەوەیەکی بەربلاوی لە چیـای شـاهۆی زاگـرۆس دەست پێکرد و تا لوڕسـتـانیشی گـرتەوە، لە تورکـیا لەگـەڵ دارولخـەلافـە وەشـەڕ هات و بـەرەو ئازەربـایجـان هـاتن و بوو بـە هۆی سـەرۆکـایەتی شـا مـحـەمـەد بەگ، بـە سـەرهـەڵدانی ئاتـەش بەگ دەسـەلاتـی ئەم بنەماڵەیە گەیشتە ئەوپەڕی خۆی (ئاتەش بەغ = خوا). کاتێ کە ئاتەش بەگ بەرەو خوراسان بووەوە لە هەشت روود (سەهەند) کۆچی دواییی کرد و گۆڕەکەی ئاتەش بەغ بوو بەجێژوانی عاشقان و عارفـان و کەراماتی زۆری لێوە بە جێ ماوە، کە خەڵکی دەیگێڕنەوە.

خـان ئیـمـامـقـولی ـ پاش بابی، تـوانیی دەسـەڵاتـی خـۆی بسـەلمێنێ و ببێ بەسـەرپەرشتی بنەماڵەی (ئاتەش بەگی ـ موشەعشـەعی). جگە لە گەورەیی خـۆی کە تێیدا ڕەچاو دەکرا، میراتگری گەورەیی بابیشی بوو. ڕێبەرایەتییەکەی خـان ئیمامـقولی هاوکات بوو لەگەڵ هاتنە سەر دەسـەڵاتی شاسوڵتان حسـێنی سەفەوی (١١٠٥ـ ١١٣٥ی کۆچی مـانگی) و هاوکات ئـەفغـانەکـان هێرشیـان دەهێنایە سـەر ناوچـەکـانـی ئێـران و وردەوردە نادرشـای ئەفـشـار (١١٤٨ـ١١٦٠) دەسـەڵاتی وەدەست هـێنا. ئـەم سـەردەمـە کـە سـەردەمـێکی گـرینگە لە ڕووی سـیـاسی، کۆمەڵایەتی و ئاینی ئێراندا و بنەماڵەی عەلەوییەکان کە زۆربەیان بەنهێنی دەژیان، هاوکات، خـان ئیمـامقولی بەباشترین شێوە، توانیی کێشەکان چارەسـەر بکات و ببێتە هۆی ڕزگاریی گەلانی ئێران. ناوبراو توانیی وەک پێشەواییـەکی ئاینی لە ڕۆژئاوای ئێران؛ (ئازەربایجان، کوردستان، کرماشان، خووزستان و هەمەدان و...) موریدانی بنەماڵەکانی ئاتەش بەگی و موشەعشەعی لەگەڵ نادرشـای ئەفشار ڕێک بخـات و بە پێی ئەو سیاسەتەی نادر کە ویستی پاڵپشتی بکات لە شاتەهماسبی دووەم و دەسەڵات بگەڕێنێتەوە بۆ سەفەوییەکان و ئەفغانەکان لە ئێران دەربکات. لە ڕۆژئاوای ئێران لـەگەڵ تورکانی عوسـمـانیدا ئازایانە شـەڕی کرد. و وەک چۆن مـینۆرسکی و ئێـعـتـمـادوسـەڵتـەنە باس دەکـەن بۆ پاراسـتنی سنوورگـەلی ڕۆهەڵاتییەکان ڕەوانەی خوراسان دەکرێت[1].

لە شـەڕەکاندا جگە لە بـەجـەرگبوون و خـەباتی قارەمانانە، کـەرامـەتی زۆریشی لەخۆ پیشـان داوە، وەک حەزرەتی سوڵتان ئیسحاق و داود، مـشتێک خۆڵی کردە چاوی سوپای دوژمن و کوێری دەکردن بـەم شـێوەیە سوپای ئێران سـەردەکەوێ، بۆیە ناوچـەی (ڕۆم شکەن) لەلای موریدانـی عـەلەوی ڕێزێکی تایبـەتی هەیـە. بەپێی ئەو بەڵگانەی کـەوتوونەتـە بەردەست مینۆرسکی[2]، ئەو زەوینانەی کـە لە سـەردەمی سـەفەوییەکاندا بەخشـرابوون بە عەلەوییەکان لە سـەردەمی نادریشدا هـەمیسـان بەخشرانەوە پێیان.

---

١ بزووتنەوە و شـۆڕشی عەلەوییەکانی زاگرۆس، بەرگی ١، ٢، موحـەمەد عـەلی سوڵتانی– مینۆرسکی، وتارەکان ل ٢٨.

٢ مینۆرسکی، وتارەکان، ل ٢٨.

لەسۆنگەی بوونی بەڕێز خان ئیمامقولی لە خوراساندا، وەک چون شا محەمەد بەگی کوڕی، توانیی سنووری ڕۆهەڵاتی ئێران بپارێزێ. دەڵێن خان ئیمامقولی لە مەشهەد کۆچی دوایی کردووە و لە تەنیشت حەزرەتی ڕەزا لەو بارەگایەدا نێژراوە.

ساڵی ١١٦٠ی کۆچی نادر لە قووچان دەکوژرێ و لەم خولەدا کە سەرخۆش بەگ، بوو بە سەرپەرشتی بنەماڵەکە، بەرەو ئازەربایجان دەگەڕێتەوە.هاوکات زنجیرە ڕاپەڕینێک لە ئێراندا سەر هەڵدەدەن، پاشماوەی سەفەوییەکان دەیانەوێ بە یارمەتی عەلەوییەکان، بەتایبەت ئاتەش بەگییەکان دەسەلات بگرنە دەست. کەریم خان (١١٩٣-١١٦٣ کۆچی) کە خۆی لە کوردانی عەلەوی بوو لە سەرەتای دەسەلاتەکەیدا ویستی مەسنەدنشینەکانی ئاتەشبەگی، خانەنشین بکات. لە سەرەتاوە خۆی دەکاتە پارێزەری حکوومەتی سەفەویە و دەبێتە مەحامی ئیسماعیلی سێیەمی سەفەوی کە دانیشتووی قەزای ئابادە بوو و بەم شێوەیە عەشیرەتی سەربە سەفەوی دەکاتە هاوڕێی خۆی و زەند و وەند، یەک دەگرن و کاتێ گەیشتە دەسەلات، ئەوانی بێ دەست کرد و خۆی بە (وەکیلوڕەعایا) ناساند و سەربەخۆیی زەندیەی ڕاگەیاند. بە بۆنەی ئەوەی وەکیلی زەند و ئاتەش بەگی، هەم لە باری ئاینی و هەم لە باری ڕەگەزییەوە یەکێ بوون، پێوەندییەکانیان پتەوتر بوون. سەرخۆش بەگ لە ئاکامدا لە مەراغە کۆچی دوایی کرد و لە تەنیشت بارەگای ئەوحەدیی مەراغەیی، شاعیری ناوداری ئێرانی، سەدەی هەشتەم (٧٣٨ی مانگی، کۆچی کردووە) نێژرا، بارەگاکەی بووەتە مەکۆی عاشقان و لایەنگرانی[١].

سوڵتان مەحموود ئاغا، پاش سەرخۆش بەگ دەبێتە ڕێبەر و سەرۆکی ئاتەش بەگییەکان. گەورەکانی ئەم بنەماڵەیە بە ئەو ملک و ماڵەی کە لە ناوچەکانی

١ لە کتێبی (مەراغە) نووسراوەی یوونس مورواریە، ل ٣٨١؛ بە هەڵە (بڕوانن بۆ بەشی بەڵگەکانی ئەم بەشە) بەڕێز سەرخۆش بەیگی هاوچەرخی ئەوحەدی زانیوە و دەنووسێ، بارەگای ئەوحەدی لە باخێکدایە کە تایبەتی فورقەیەکی ئالی حەقی مەراغەیە، لە تەنیشت ئەوحەدی بارەگایەکی تریش هەیە کە تایبەتە بە پیرێکەوە بەناوی سەرخۆش بەیگ کە هاوچەرخی ئەوحەدی بووە، ئەم قەبرە جێ ڕێزی گۆرانەکان لە موریدانی حەزرەتی عەلییە. بەناوی گوران کە ئەم قەبرە زیارەت دەکەن و هەر لە ئەوی قوربانی بەجێ دێنن.

ئازەربایجان، کرماشان و لوڕستاندا هەیانبوو، لە ناوچەکەدا لە هاتوچۆدا بوون و بۆیە موریدی زۆریشیان پێکەوە نابوو. سوڵتان مەحموود ئاغا بەکارزانیی خۆی توانیبووی ئەو هەموو موریدە پێکەوە بنێ. سوڵتان مەحموود ئاغا لە دواین ڕۆژەکانی دەسەڵاتی زەندیە و سەرەتای دەسەڵاتی قاجارەکاندا هەتا سەردەمی فەتح عەلی شای قاجار، مەسنەدنشین بووە و لەم چەرخەدا موریدانی ئاتەشبەگی لە ناوچەکانی بوومەهێن و دەوروبەری تاران و وەرامین و گەرمسار جێگیر بوون، ئەمەش لەبەر سیاسەتی ئاغا محەمەد شای قاجار چونکە ناوبراو دەیەویست خۆی لە هێرشی پاشماوەی سەفەوییەکان و کوردەکانی زەندییە کە لە شیرازەوە ڕوویان دەکردەوە زێد و وڵاتانی خۆیان بپارێزێن بۆیە ئیلە تورکزمانەکانی بەرەو دەوروبەری تاران گوێزایەوە کە زۆربەیان ئێستاش سەربە ئاتەشبەگییەکانن. ئاغا محەمەدخان قاجار (١٢٠٠ـ١٢١٢کۆچی مانگی) دەیەویست زەندییەکان بەرەو باکوری ئێران ڕاگوێزی کە بەرپرسایەتی ئەم ئەرکەش لە ئەستۆی جافرخانی قاجاری بوو تا ئیزن نەدات بگەڕێنەوە بۆ ڕۆئاوای ئێران؛ بەڵام کوردەکان بە قسەیان نەکردن و لە شەڕێکدا شکستیان دا و بۆیە تورکێکی زۆری گواستەوە بۆ تاران و لە دەوری شاردا نیشتەجێی کردن، ئەم تورکانە تا ئێستاش موریدی ئەم ئاتەش بەگییانە ماونەتەوە. پاش ئەم چاخە، ناوەندی بنەماڵەی ئاتەشبەگییەکان بوو بە گەڕەبان و دووروفەرامان. بەڕێز سەید عەباس ئاغا کە خاوەنی کتێبی بوستانوسیاحەیە، ئاماژە بەدەسەڵاتی ڕۆحانیی ئەم بنەماڵەیە دەکا و دەڵێ لەم شوێنەدا نیشتەجێ بوون[1].

لە سەردەمی ژیانی ناوبراو، ژمارەیەکی زۆر لە بنەماڵە سەیدەکان لە حەفتەوانە شامێوان لە شارەزوور و مووسڵ و موکریان و لوڕستان و... ڕوویان کردووەتە ناوچەی دینەوەر و سانە و فەرامان. تاقمێکی زۆر لە گەڕاڵ و کۆڵەرانی ئوروپایی

---

١ لە کتێبی (طرائق الحقائق) تەرائیقولحەقایقدا هاتووە: عەشیرەتی عەلیوڵڵاهی لە ئێراندا چەند فورقەن و هەموویان سەیدن و ڕێزی زۆری سەیدی خۆیان دەگرن؛ ئێستا سەید عەباس لە ناوچەی کرماشان ڕێزی لە هەمووان زۆرترە. نووسەر لە عەلیوڵڵاییەکانی زۆر بینیوە و لەگەڵ زۆربەیان باس و وتووێژی هەبووە زۆربەیان دژی زانستی فەرمین. هەرچەند گەورەییان تێیدا نییە، بەڵام فەسادیشیان نەکردووە، درووود بۆ پێغەمبەری مەزن و.... (طرائق الحقائق) تەرائیقولحەقایق، ب ٢، ل ٢٤٧.

بە تایبەت (باروون بود) و... لە سەفەرەکەی خۆیدا سەردانی سوڵتان مەحموودی ئاغای کردووە.

بەڕێز سەید عەباس ئاغا ناسراو بە سەید عەباس بەگ، لە(گەڕەبان)دا تا سەرەتای حکوومەتی فەتحعەلی شای قاجار (١٢١٤ی کۆچی) سەرۆکی عەشیرەتەکەی بووە و پاش تەمەنێک خزمەت بە موریدانی کۆچی دوایی کرد و لە گەڕەباندا نێژرا و بارەگاکەی جێژوانی عاشقانیەتی. ئەم بارەگایە ئێستاکە لە لایەن ئاغا سەید نیزامەدینەوە نۆژەن کراوەتەوە.

پاش بەڕێز سەید عەباس بەگ، ئاغا سەی نیزامەدین ناسراو بە شانیزام، بوو بە جێگری کە ناوبراویش بە پێی بەڵگەکان، ١٢٤١ی کۆچی دوایی کردووە و ئاغا سەید میرزای ناسراو بە شائاغامیرزا بوو بە جێگری و ئەم بەسەرهاتە هاوکات بوو لەگەڵ دواین ڕۆژەکانی دەسەڵاتداریتی فەتحعەلی شا و سەرەتای حکوومەتی محەمەد شای قاجار (١٢٦٤-١٢٥٠ کۆچی). لەم چەرخەدا زۆربەی بەرپرسایەتییەکانی وەک: زولڕیاسەتەین، نایبوسەدر و نەقیبولئەشراف و... لە ئەستۆی سۆفی و تەکیەداران بوو.

بە پێی ئەو ڕاستییە کە موریدان زۆر بە قسەی ڕێبەری ئاینیی خۆیانی دەکرد و بۆیە حکوومەتیش کاروباری دەوڵەتیشی پێ دەسپاردن و پارەیەکی لە باجی ناوچەی کرماشان دەدا پێیان و پاش ماوەیەک مەسنەدنشینان هاتنە سەر ئەو باوەڕە واز لە کاروباری حکوومی بێنن و خۆیان بۆ خزمەتی مەعنەویی خەڵک تەرخان بکەن. ئەم بڕیارەشیان ئەم بەیتە شیعرەیان بیر دەخاتەوە کە دەڵێ:

«مـا آبروی فـقـر و قناعت نمی بریم

بە پادشە بگوی کە روزی مقدر است»

بەم شێوەیە لەو سەردەمەی کە خانەقا و تەکیەکان تێکەڵی سیاسەت و کاروباری دنیا بووبوون، بە یارمەتیی دەروونی پاکی ڕێبەر و مورید و ڕاستبێژییان جارێکی تر تەکیەیان لەو نەهامەتییە سڕییەوە.

ئاغا سەید میرزای ناسراو بە شا ئاغا میرزا یەکێ لە بەناوبانگترین مەسنەدنشینانی ئاتەش بەگییە. سەردەمێک کە ناوبراو مەسنەدنشین بوو لە بواری کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕەوە لە نالەبارترین سەردەمەکان بوو. حەزرەتی ئاغا

سەید میرزا بۆ چارەسەری کێشەکان، هەر یەکە لە سەیدەکانی بنەماڵەی ڕەوانەی ناوچەیەک کرد، هەر لە ئازەربایجانەوە هەتا خووزستان و ناوەندی ئێران بە باشترین شێوە بەرنامەی بۆ دانان و بەوپەڕی باشییەوە، کارەکانیان بردە پێشەوە.

سەید حەسەن ئاغا، ئەڵماس بەگی کە لە بنە ئامۆزاکانی خۆی کە سەیدێکی پڕ بایەخ بوو لە کرماشانەوە نارد بۆ ئازەربایجان، سەید حەسەن ئاغا بەرەو ئەرەسباران، کەوتە ڕێ و لەوێوە بەرەو قەرەباغ چوو و لە تۆپچنار و عاشقلی (لەوبەری ڕووباری ئاراس) نیشتەجێ بوو، هۆزەکانی شاملوو بوون بە موریدی، عاشقەکان (مەحموود و عاشقعەلی) کە لە ئازەربایجاندا بە(حەق عاشقی) ناوبانگییان دەرکردووە و بوون بە موریدی سەید حەسەن کە زۆر باسی کراوە.

عاشقان وەک پیرچەنگی تا دوا چرکە درێژەی بوو و بوو بە ڕازی سەرزمانان، کەراماتگەلێکی زۆریان لە سەید حەسەن گێڕاوەتەوە، بە تایبەت دەڵێن: (هاشمخان جەلو) لە عەشیرەتی محەمەد خانلوو بوو و بۆ کوشتنی سەید حەسەن ڕوو دەکاتە تۆپچنار کە چل سوارەشی لەگەڵدا بوون، سەید حەسەن بە ئاماژەیەک، چل سەربازەکەی دەکوژێ و پاشان دەڵێ هاشمخان بزانە تۆش «من هەموو کەون دەگەڕێم بۆ دۆستانی عەلی چەپەر دهکیشمە کەچی تۆش بووی بە بایەکی ڕەش و هاتی تا ئەم چەپەرە وێران بکەی و بە تیرێک من بکوژی، تیری تۆ من ناکوژێ، بەڵام سەروەری من عەلی (د. خ) خێرا تۆ دەکوژێ»

هەرواش دەبێ و پاش دوو مانگ بە فەرمانی پاشای قاجار سەری هاشم خان لە لەشی جیا دەکرێتەوە.

کانیی بەناوبانگی گوندی «مەحموود کاغی»یش لە کەراماتی سەید حەسەنە کە دوای ئەوەی بەلەمەکەی لە عەرز دەکوتێ، خێرا ئاو هەڵدەقوڵێ و شوێنکەوتووی ئالی حەق کە تووشی ئێش و ناخۆشی دەبێ، دەچێتە سەر ئەو کانییە و چاک دەبێتەوە.

سەید حەسەن کە لە ئازەربایجاندا ناوبانگی محەمەد حەسەن ئاغا بووە؛، پاشتر لە «سووتن» نیشتەجێ بوو و لە سۆنگەی ڕێز و خۆشەویستی زۆری خەڵکی و موریدان بۆ ناوبراو، لە ئازەربایجان جێگە و پێگەیەکی بڵندی بوو و دەڵێن یەکێ لە موریدە دەوڵەمەندەکانی هەموو ماڵ و داراییەکەی خۆی پێشکەشی کردبوو و

بۆ خۆشی چووبووه ڕیزی موریده هەژارەکانیەوە.

سەید حەسەن ماوەیەکیش ڕەوانەی شاری (ماکۆ) نیشتەجێ بوو و لەوێ ماڵی بنیات نا و تاقمێکی زۆر لە عەشیرەتی تایفەسان بوون بە موریدی[1].

سەید حەسەن تا کاتی کۆچی دوایی شا ئاغا میرزا، لە ساڵی ١٢٨٦ی کۆچی مانگی، هەمووی کارەکانی پاش ڕاوێژکاری لەگەڵ ناوبراو بەڕێوە دەبرد. کاتی کۆچی دوایی شا ئاغا میرزا لەگەڵ تاقمێکی زۆر لە موریدانی بەرەو گەڕەبان هاتن و لە لایەن بەڕێز ئابشـــەوە دووبارە بوو بە بەرپرسی کـــاروباری مـــوریدانی ئازەربایجان و کاروباری موریدانی کەلاردەشت و باکوریشی پێی سپێردرا و ئەمە بوو بە هۆی شۆڕشی سەید محەمەدی کەلاردەشتی هامشی زادە و موریدەکانی[2].

ئاغا سەید حەسەن لە دەیەی یەکەمی سەدەی چواردەی کۆچی، واتا ساڵەکانی ١٣٠١ـ ١٣٠٦ی کۆچی مانگی لە (تازەکەند)ی ماکۆ، کۆچی دوایی کرد و هەر لەوێ نێژرا، مینۆرسکی ساڵی ١٩٠٥ زاینیی چووە سەر گۆڕەکەی و وێنەی بارەگاکەی گرت و لە کتێبەکەیدا چاپی کرد. پاشماوەی بنەماڵەی ئاغا سەید حەسەن لە کرماشاندا لە ژێر ناوی سەیدەکانی حەسەن بەگ خانی لە لقی ئەڵماس بەگی بە بنەماڵەی ئاتەش بەگی ناوبانگییان دەرکردووە[3].

شا ئاغا میرزا، وێڕای موریدەکانی بیروباوەڕی ئالی حەقی لە ئاراسەوە تا ئەروەند(شط العرب) بڵاو کردەوە. لە سۆنگەی پلەی ئاینی و مەزنایەتی شا ئاغا میرزاوە، سەرۆکایەتیی عەشیرەتی سورخەوەند بە فەرمانی ناسری درایە ژێر فەرمانی و لە سەردەمی دەسەڵاتی محەمەد شا (١٢٦٤ـ١٢٥٠ی کۆچی) و لە کاتی وەزارەتی حاجی میرزا ئاغاسی کە زۆربەی مۆڵکەکان بە خەڵکی درابوو وەرگیردرایەوە، ئەم مۆڵکە هەر لە ژێر فەرمانی شا ئاغا میرزا ماوەتەوە.

وەک دەڵێن ئاغا میرزا لە سەفەری تاران، چووە خزمەتی ناسرەین شای قاجار و لەبەر کەراماتەکانی شا ئاغا میرزاوە، ناسرەدین شا ڕێزی زۆرتری لێ گرت.

---

١ تعلیقات سرسپردگان، ل ٩، لە (کەشکۆڵی خاکساری).

٢ بۆ زانیاریی زۆرتر بڕوانە بۆ چۆنیەتیی شۆڕشی سەید محەمەدی کلاردەشتی، بڕوانە بۆ بزووتنەوە و سەرهەڵدانی عەلەوییەکانی زاگرۆس، ب ٢، ل ١٧٥ – ١٨١.

3- Notes Surla Secte des Ahle-Haqq-53-54.

پاکووب ئێدوارد پوولاک، تەبیبی تایبەتی ناسرەدین شا سەبارەت بە مێژووی دیداری شا ئاغا میرزا و ناسرەدین شا نووسیویەتی: بنکەی بنەڕەتیی ئەوان لە کرماشان و ناوچە دەوروبەرەکانیدایە، ئەم تاقمە لەم ناوچەیەدا زۆر بەرزن و ڕێزی زۆری گەورەی خۆیان کە هەر لەوێ دەژی، دەگرن. ئەمن خۆم لە دیدارێکی نێوان شا و ئەو بەڕێزەدا، ئامادە بووم.

ڕاستە کە پاشا لە دەرەباغ پێشوازی لە ناوبراو کرد و زۆر بە دڵۆڤانی لە گەڵیا هەڵسوکەوتی کرد و لە کاتی ماڵئاوایی خەڵاتی زۆری کرد[1]. هەر لە یەکێ لەم سەفەرانەدا بوو کە لە بارەگای حەزرەتی عەبدولعەزیم بوو، لە باتینەوە موژدەی کۆرپەیەکیان بۆی هێنا و هەر بەم بۆنەوە ناوی عەبدولعەزیمی لە سەر ئەو کۆرپەیە نرا و ناوبانگی ئاغا بەخشیی پێی درا. واتا شاعەبدولعەزیم بەخشیویە. ئەو کۆرپەیە لە گەنجیدا بە ئابەش ناوبانگی دەرکرد وە بووبە جێگری کە شا ئاغا میرزای باوکی بوو.

خوالێخۆشبوو میرزا ئەڵڵادۆست سالیک، زانا و عارف و شاعیری بە ناوبانگی کرماشان لە موریدانی شا ئاغا میرزا بوو کە پاشان باسی ئەویش دەکەین. بەڕێز شا ئاغا میرزا لە ساڵی ١٢٨٤ی کۆچی ١٨٦٧ی زاینی لە سەفەرێکدا بۆ ناوچەکانی ئالی حەق لە لایەن پێڕەوانیەوە پێشوازیی زۆر گەرمی لێ کرا. عەزیزخانی سەردار موکری، والیی ئازەربایجان و ئامرهێزی هەمووی سوپای ئێران لە کاتی هاتنیدا پێشوازییەکی زۆر باشی لێ کرد. پاش گەڕانەوەشی لەم سەفەرە، لە ساڵی ١٢٨٢ی کۆچی (١٨٧٠ی زاینی) کۆچی دوایی کرد.

لە نێو هەموو کوڕەکانی شا ئاغا میرزا، کوڕە بچووکەکەی بەناوی عەبدولعەزیم میرزا ناسراو بە ئاغابەخش و بەناوبانگ بە (ئابەش)[2] بوو بە جێگری بابی. ئاغا بەخش لە نێو موریدانیدا بە ناو شاعەبدولعەزیم ناوی دەرکردووە و زێدەباری ئەوەی کە بۆخۆی کەسایەتییەکی بەرزی ئاینی بوو، پشتی بە میراتی دەوڵەمەندی

١ سەفەرنامەی پوولاک (ئێران و ئێرانییەکان)، یاکووب ئێدوارد پوولاک، وەرگێڕدراوی کەیکاوس جەهانداری، ل ٢٤٠، (دەبێ بوترێ شا ئاغا میرزا تەنیا مەسندنشینی ئالی حەقەکان بووە کە لە تاران لەگەڵ ناسرەدین شا بەپێی بەڵگەکان دیداری کردووە، (دیدار لە نێوان ساڵەکانی ٧٦ـ١٢٧١ی کۆچی ڕووی داوە).

٢ ئابش، کورتکراوەی ئاغا بەخشە.

باوکی قـایم بوو. دوای بـابی مــوریدانێک وەک ســەیدحــەســەن ئـاغـا و مــیــرزا ئەڵڵادۆست ســالیک بـەجێ مـابوون کـە لەوپـەڕی گـەورەییـدا بوون. پێـڕەوانـی لە ئاراسەوە تا ئەروەندڕوود (شط العرب) لە گەڵیا پەیمانیان تازە کردەوە، سەردەمی سەرۆکایەتی ئاینی ئەم زاتە هاوکات بوو لەگەڵ بارودۆخێکی سەخت کە بۆ نموونە دەتوانین ئـامـاژە بکەینە سـەر شـۆڕشـی ئاغـا سـەید مـحـەمـەدی ئاتەشـبـەگی لە کـەلاردەشت و کـوشـتنـی پیـاوانی حکوومــەتیی لەوێ بەهـۆی زڵـموزۆری یەکـجـار زۆریانەوە و دووەمـیش دەسـتـپـێکردنـی بزووتنەوەی مـەشـرووتەخـوازی و ئاژاوەی سـالاروەدەوڵە لە ڕۆئاوای ئێران و... ، بەڕێز ئاغـا بەخش بەپێـچەوانەی شڵـەژاویی زۆر بارودۆخــەکــەوە، هیـچ کـات خـۆی تێکەڵی ئاژاوەکـەی ســالاروەدەوڵە نەکـرد. هـەرچەند کە هـەمـوو کات پیـاوانی گـەورە و ئاغـا و شـێـخـەکان هاتوچۆیان دەکرد، فـەریدوسـەڵتـەنەی قـەراگوزلووی هـەمـەدانی کاربەدەسـتی دەرەوەی کرمـاشـان لە بیـرەوەرییـەکانی خـۆیدا دەنووسێ و... هـەینـی ٤ی سەفـەر لەگەڵ برا بەڕێزەکانمدا بەرەو عـەمـارەتی دڵگوشـا بـەرێ کـەوتین، پێش هەمـووان من چـوومـە مـاڵی بەڕێز میـرزا سـالک. پاش مـاوەیەک بەڕێز عـەبدولعـەزیم میـرزا (ئاغا بەخش)، پیـرزادەی بەڕێزسـالک کـە زۆر ســەروزمـان خــۆش بوو و کـڵاوی کـوردیی لـە ســەر و عــەبا بەشانەوە بوو، هاتە ئەوێ، ماڵیان تا کرماشـان ٨ فرسەخی نێوانە و لە ڕاستیدا لە سنووری کرماشان و لوڕستاندایە[1] ...

پەرتووک و کتێبە ئاینییەکانی بنەماڵەی ناوبراو، لەم چەرخەدا بە پێی پێداگریی عەبدولعەزیم میرزا، لە لایەن خوالێخۆشبوو میرزای سالیک ڕێکوپێک کرا.

ئاغا سەید عەبدولعەزیم میرزا ئاغا بەخش؛ لە گەرمەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا لە ســاڵی ١٩١٧ی زاینی = ١٣٣٥ کـۆچی مـانگی ( ١٢٩٦ کـۆچی هەتاوی) کـۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستـانی گەڕەبان لە تەنیشت پیـاوانی گەورەی بنەمـاڵەکەیەوە نێژرا. ئەم چەرخە هـاوکات بوو لەگەڵ دروستـبوونی دەوڵەتی کاتی، بەسەرۆکایەتیی نیـزاموسەڵتـەنەی مافی لە کرمـاشـان. ژمارەیەک لە پێشـمەرگەکانی ئیسـلام دژ بە عوسـمـانی و ئاڵمانییەکان دەسـتی یەکیان گرت و دەوڵەتی کاتییـان دامەزراند، لەم خـولەدا سـەرۆکی دەوڵەتی کـاتی؛ (نیـزاموسـەڵتەنەی مـافی) بەبۆنەی کۆچی دوایی

---

١ خاطرات فرید، ل ٢٣٩.

ناوبراوەوە بەفەرمی سەرەخۆشیی لە ئاغا سەید محەمەد حسێن میرزا ئاتەش بەگی کرد کە بوو بە سەرۆکی بنەماڵەکە و هەموو موریدانی، دووبارە پەیمانیان لەگەڵی نوێ کردەوە.. لەم خولەدا بە ئاماژە و بە پێی هەڵبژاردنی بەرێز محەمەدحسێن میرزا؛ سەید محەمەد نەبی میرازی برازای حەزرەتی ئاغا بەخش و ئامۆزای خۆی کرایە بەرپرسی کاروباری ئازەربایجان و پاشان سەید فەرۆخی برای، ئەو ئەرکەی پێی بەخشرا. ڕەزاشا لە سەفەرەکەی خۆی بۆ ئازەربایجان لە ڕێورەسمی پێشوازی لە سەید محەمەد نەبی ترسی هەڵگرت و بەبیانووی تاقیکردنەوەی لە لایەن پزیشکی هاوڕێیەوە(؟) عیلاجیی نەخوشی ناوبراو، دەرمانخوارد کرد. سەید ناسرەدینی کوری سەید محەمەد نەبی میرزا کە کچی ئاغا سەیدمەنسوور موشەعشەعی ژنی بوو، بوو بە بەرپرسی پێڕەوان، کە ئەم ئیزنەش لە لایەن ئاغا سەید نیزامەدینی موشەعشەعییەوە پێی بەخشرا.

ئاغا سەید محەمەد حسێن میرزا ئاتەشبەگی (موشەعشەعی) بەردەوام بەشدارییەکی بووە لە بەدیهێنانی سوپای نیزامی و بەرخۆدانی سیستماتیکی دەوڵەتی کاتی و پاڵپشتی هەوڵەکانی شەهید سەید حەسەنی مودەڕیس و نیزاموسەڵتەنەی مافی بوو. لە ڕێورەسمێکی فەرمی کە لەو ڕێورەسمەدا بۆ ڕێزگرتن لە نیزاموسەڵتەنە، شمشێری حەزرەتی عەلی پێ بەخشرا، بەشداری کرد (بڕوانە بۆ بەشی بەڵگەکانی ئەم بەشە).



ئاغا سەید عەبدولعەزیم میرزا
(ئاغا بەخش)



ئاغا سەید محەمەد حوسێن میرزا
ئاتەش بەیگی

هەروەها موریدان و شوێنکەوتووانی ئاتەش بەگی لە هەڵسوکەوتی سەربازی ئەم سەردەمەدا بە فەرمایشی ئەو پاڵپشتی دەوڵەتی کاتی بوون.

پاش حکوومەتی قاجارەکان و تەشکیلی حکوومەتی پالەوی و هێرشی میسیونیرە مەسیحییەکان و پەرەسەندنی بانگخوازی مەسیحایەتی لە ناوچەکەدا و بەتایبەت لە دوور و فەرامان، بە باشی توانیی بەرگری بکات لەم بابەتە و ئیزنی نەدا موریدەکانی ببنە مەسیحی و تا ئەوەی کە ساڵی ١٣١٧ی کۆچی لە تەمەنی ٦٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.[1]

ئاغا سەید مەنسووری ئاتەش بەگی (موشەعشەعی) (١٢٩١ کۆچی، لە دایک بووە) بوو بە جێگری لەم سەردەمە بە دواوە بە موشەعشەعی ناسران. لە بەر ئەوەی ئەم سەردەمە محەمەد حسێن میرزا کاروباری بە ڕاوێژکاری خوالێخۆشبوو ئەدیبوسەڵتەنەی سەمیعی بەڕێوە دەبرد کە نێوانی لە گەڵ میرزای سالیک زۆر خۆش بووە. و لەبەر ئەوەی سەید محەمەد موشەعشەعی و سەید محەمەد نووربەخش پیش سەرهەڵدانی دەورەی هەفتەم بووە، بۆیە بەشێک لەو بنەماڵە لە ژێر ناوی موشەعشەعی و بەشێک بە نووربەخش ناسراون و ئەمەش بە بۆنەی ئەوەوە بوو تا لە شۆڕەتی سیاسیی سەردەمی سەفەویە دوور بکەونەوە، وا دەڵێن کە نووربەخشییەکان لە سلسلە ساداتی زێدین و بنەچەیان دەگاتەوە زەیدی کوڕی

١ کۆمەڵە بەڵگەکانی فەرمانفەرما، عەبدولحوسێن میرزا کە لە سەردەمی مەسندنشینی محەمەد حوسێن میرزا نووسرابوو و سەبارەت بە سەیدەکان و دەروێشەکانی کرماشان نووسراوە: سێیەمیان ئاتەش بەیگێن کە باوە گەورەیان سەید عەباس بەگە کە هاوچەرخی نادرشا بووە (پاش نادرشا دروستە) لە مەراغەی تەورێزەوە ڕووی کردووەتە ئێرە و مەزاری گرەبان کە سەر بەناوچەکانی دروود و فەرامانە کریویە، تەکیە و بارەگایەکی ساز کردووە. پاش مەرگی ئەو سەید نیزامی کوڕی و پاشان ئاغا سەید میرزای کوڕی سەید نیزام و پاشان ئاغا سەید عەبدولعەزیمی میرزا ناسراو بە ئاغا بەخش، کوڕی ئاغا سەید میرزا و ئێستاش سەید محەمەد حوسێن میرزای کوڕی ئاغا بەخش، خاوەنی تەکیە و بارەگان. جگە لەوەی مورید لە ناوچەکانی مەراغە و ئازەربایجان دەستە دەستە دەچنە تەکیە، هاوکات لە کرماشان و لوڕستان، لە عەشیرەتەکانی دوڵفانی و مووسیوەند و سەر فیرووزئاوا موریدی ئەم بنەماڵەیەن، ب ٢، ل ٧٩ ـ ٨٠.



لە ڕاستەوە بۆ چەپ: سەید عەبدوڵڵا میرزا، ئاغا سەید محەمەد حوسێن میرزا، سەید میرزا کەریم، سەید محەمەد نەبی میرزا

عەلی کوڕی ئیمـام حسێن؛ بەڵام زەید لە شـەجەرەنامـەکەدا لەگەڵ زەیدی کوڕی حەزرەتی عەلی یەک نین.

ئەم شـەجەرە دەگـاتەوە سـەید مـحـەمەدی مـوشـەعـشـەعی کـە لە پێـشـەکـی شـەجـەرەکـەدا ڕاڤـەی کـراوە. وەک دەزانین ئـالی حـەقـەکـان زۆرتر باوەڕیان بە یەکپارچەیی دەروونی بەشێوەی گشـتـیـە، نەکو تاقەکەسی و هەر بەم بۆنەوە، بەڕێز ئـاغـا سـەید مـەنسـوور وەک کـەسـایەتیـە ئاینیـەکـانی پێش خـۆی؛ وەک موشـەعشـەعییـەکان و نووربەخشییـەکان لە پیـاوی ئاینی ئالی حەق تێ کۆشا و تا ئەبەد هەر منداڵێک دێتە دنیا دەبێ سـەر لە سکەی هەویزە بنێ وکەسایەتییەکانی ئەم بنەماڵەیە، وەک سەید محەمەد نووربەخش بە جلوبەرگی ڕەشەوە ئەرکی خۆیان بەڕێوە دەبەن و تا ڕۆژی قیامەت هەر بۆ ئیمام حسێن داخبارن و جێگیرەکان بەرە لە دەوای بـەرە بەم شـێـوە دەژین ودەڵێن (ڕێزی زۆر لە زۆر مـوریدی هەمـووی تایبەتمەندی، پێڕەوی تەریقەتی ئیسلام، وێژەری اشهد ان لا اله الا الله و محـەمەد حـەبیـبولڵا، خـۆشـەویسـتـی دوازدە ئیمـام، مـەزهەبمان لە سـەر باوەڕی حـەزرەتی

ئیمام جافر سادقە، لە سەر ڕێبازی چل تەنان، ئومەتی حەزرەتی محەمەدین، گیانبازی حەزرەتی عەلی و باوەڕمان بە ئایەی «کاللولو و المکنون» هەیە، لە سەر باوەڕی پیرمانین، پیری من و خوای من، ڕێبەر و ڕێنمای من، لە تۆوە بە حەق گەیشتووم، ئەی حەق! حەقت بە من ناساند (حەقی حەق نومای من)[1].

ئاغا سەید مەنسوور میرزای موشەعشەعی؛ (١٢٩١ هەتاوی) بە مەبەستی سادەکردنەوە و ئاسایشی پێڕەوان لە سەرەتاوە چەند مانگێکی ساڵیان لە تاران و بوومەهێن بەسەردەبرد و لەو سەردەمانەدا لە هەر لایەکەوە، موریدان دەهاتنە خزمەتیان. زۆربەی سۆفییەکان کە تەمەنێکی زۆریان لە ڕێگەی عیرفاندا بەسەر بردبوو، دەهاتن و لە ژێر دەستیاندا تۆبەیان دەکرد. بە تایبەت خوالێخۆشبوو سەرهەنگ ئازاد عەلی ناسراو کە تەمەنێکی زۆر بە دوای ڕێبەرە ئاینییەکەیدا گەڕا و تا لە ئەنجامدا بوو بە موریدی ئاغا سەید مەنسوور و تا ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی لە جەمخانە و میوانخانەی حسێنییەی تاران مایەوە و بە کاروباری موریدان ڕادەگەیشت و لە سەر مەزاری سەید محەمەدی کەلاردەشتی کۆڕی دەبەست. لە کاتی دەسەڵاتی ئاینی ئاغا سەید مەنسووری موشەعشەعیدا ئاینەکانی بانگەشە بۆ بەهاییگەری و مەسیحیگەری لەوپەڕی خۆیدا بوو لە باری ئابووری و فەرهەنگیی و ناوەکی و دەرەکییەوە بەخورتی پاڵپشتی لەو ئەئاینانە دەکرا.

هەروەها برێکش لە ناوچە شیعە و سونەکاندا بە یارمەتیی بەرپرسانی حکوومەت، ویستیان بیروباوەڕی ئالی حەق ناشرین بکەن و بوون بەهۆی کۆچبەرکردنی موریدانی ئالی حەقەوە....؛ بەڵام بەهۆی هەبوونی دەسەڵاتی باتینی و عەقیدەی ڕاستەقینەی شوێنکەوتووانی بنەماڵەی ئاتەش بەگییەوە ئەم ئابلۆقەیەو ئەم چەشنە پاڵەپەستۆیانە هیچیان لێ شین نەبوو بەچەشنێک کە تاکە کەسێ لە موریدانی ئەم بنەماڵەیە، بەچوونە سەر ئەو ئاینانە، ئاغا سەید مەنسوور لە ژیانی خۆیدا: سەید نیزامەدینی موشەعشەعی (و: ١٣١٢) کوڕەکەی خۆی لە ساڵی ١٣٣٥ کردە جێگیری خۆی، ئاغا سەید مەنسوور میرزا لە خەرمانانی ساڵی ١٣٧٩ی کۆچی هەتاویدا، کۆچی دوایی کرد و بەو پەڕی ڕێزەوە لە گۆڕستانی

---

١ تۆ خۆت بیخوێنەوە کە چییە؛ بۆ زانیاریی زۆرتر بڕوانە بۆ: بزووتنەوە و سەرهەڵدانی عەلەوییەکانی زاگرۆس ب ١ و ٢، محەمەد عەلی سوڵتانی.

گەڕەبان بە خاک سپێردرا.


ئاغا سەید نیزامودین موشەعشەعی (١٣١٢ی کۆچی مانگی لەدایک بووە) کە لە ژێردەستی بابی پەروەردە کرا و لە سەردەمی لاوێتیدا، ئەم ئەرکە گەورەی پێی بەخشرا و پێڕەوانی خۆی هەر لە ئاراسەوە تا ئەروەند ناوەندی و ئێران لەدەوری خۆی کۆ کردەوە.

چۆن ئەم پایەبەرزە دوور لە فەخر و لە خۆبایی، ژیان دەباتە سەر و بە ڕووی



لە ڕاستەوە: خوالێخۆشبوو محەمەد حەسەن خەدیوی کرماشانی، ئاغا سەید محەمەد حوسێن میرزا موشەعشەعی، حاجی خان مونشی ئاغا، ڕاوەستاو لە ڕاستەوە: ئاغا سەید مەنسوور میرزا موشەعشەعی و...

خۆشـەوە لەگەڵ هەمـوواندا هەڵسوکـەوت دەکات مورید و مـەنسـووبەکـانی ڕێزی زۆریان لێ دەگـرن، پلەوپایەی لەلای مـوریدەکانی وەک پیـری گـەورە سـەیر دەکرێ ئازایانە دانی بـە ڕاسـتـیـیـەکـاندا دەنا و بـەباشی بـەسـەر کـاروباری ئاینی و بیروباوەڕیی ئەواندا ڕادەگەیشت. لەبەرئەوەی لە دایکیشەوە سەید بوو، ڕێزێکی زۆری بۆ مـامـۆسـتـایان و سـەیدەکـان دادەنا و شـارەزای زمـانەکـانی فـارسی و ئینگلیزیش بوو. لە بارودۆخی پاش کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بارێکی ئاڵۆز هاتبـووە کـایەوە و بـە تایبـەت بـە زوڵم و زۆر دژ بە عـەلەوییـەکـانی ئالی حـەق بە باشـتـرین شـێـوە بەرپرسـایەتی خـۆی بەڕێوە بـرد تا لە چاوپێکەوتنی لەگـەڵ بنیاتنەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئیمام خومەینی، کە گوتی (ئەگەر ئێوە دەڵێن عەلی حەقە، ئێمەش ئالی حەقین) بارودۆخەکە بەرەو چاکی ڕۆیشت.


ئاغا سەید نیزام موشەعشەعی

ئاغا سـەید نیزامی موشەعشـەعی: زێدەباری ئەو هـەمـــوو ئـەزیـەت و ئازارەی کــــە لـە نـاوچـەی ئازەربـایـجـــان، تووشــــیــــان بوو زۆر ئازایانـە بەرپرسـایەتی خـۆی بەڕێوە برد و بە باشی شـوێنە ئاینییـەکـانی نۆژەن کـردنەوە، بەتایبـەت شـوێنە ئاینیـــیـــەکـــانی ئاتەش بەگی لە هەشــتــڕوودی ئازەربایجـان، مـــیـــوانخـــانەگـــەلێکی بنیـــات نا و جـەمـاوەرگـەلێکی باشی لەدەور خـۆی کۆ کـردەوە و بەهەڵبژاردنی سـەیدێکی سـەرجـەم وە خـەڵیفـەیێکی بۆ هـەر ناوچەیەک دەستنیشان کرد.

بارەگای سەید محەمەد کەلاردەشتی لە (چیتگر) بنیات نرایەوە و بایەخێکی زۆر درا بە لاوەکان و بواری فـەرهەنگی ناوچەکە و هـاوکات یارمـەتیی دەسـتـەی لاوانی دەدا تا بۆ خـوێندن لە زانستگاکان هـەوڵ بدەن. ساڵی ١٣٦٣ هـەتاوی لە گـەڕەباندا تەکیـە و بارەگاگەلێکی بەشکۆ بنیات نران لە سـالی ١٣٧٣ هـەتاوییـیەوە گـەیشتـە ئاکـام و بووە شـوێنی حـەوانـەوە بۆ مـوریدان، لـە سـەرتاسـەری ئێـران و وڵاتە تازە سـەربەخـۆوەکان و تورکیـا. هـەمـوو سـاڵێک تـاقـمـێکی زۆر لە مـوریدان ڕوو دەکـەنە ناوچەکانی گـەڕەبانی فـەرامـان و بـارەگـای باوەیادگـار و سـوڵتـان سـەهـاک و.... لە ڕۆژئاوای ئێـران و چەند ڕۆژێک لە گەڕەبان دەبن. هـەروەهـا مـاوەیەکیش ڕوو دەکـەنە

تاران و لەوێ خەریکی کاروباری ئاینی دەبن[1] و لە جەمخانە و حسێنییەکاندا خەڵک دێنە خزمەتیان.

لە شەڕی ئێران و عێراق، زۆر لە لاوانی موشەعشەعی شەهید کران و دەوری تەکیە و خانەقا و بارەگا و جەمخانەکان لەو شەڕەدا زۆر بەر چاو بوو. لە پاراستنی کەلەپووری پێشینانی بنەماڵەی موشەعشەعیدا کاری بەنرخیان کرد و لەم خولەدا بەکەڵکوەرگرتن لەسەرچاوە فارسی و عەرەبی و کوردی و فەرانسەییەکان و هەروەها بەڵگە و وێنە و کتێبخانە و ئەرشیڤە تایبەتەکەی، سەید نیزام بۆ یەکەم جار ڕێکوپێک کران و پاشان تۆمار کرا، کە ئەمەش پیشاندەری توانایی و هێزی هزر و فەرهەنگیی ئەوانە.

بەڕێز موشەعشەعی خەریکی کاری کشتوکاڵە و لە مەزراکانی خۆی خەریکی کار و چالاکییە. ئاغا سەید سام موشەعشەعی (١٣٣٧ هەتاوی لە دایک بووە) کوڕی هێژای سەید نیزامە و لە ژێر دەستی باب و باپیری خۆیدا پەروەردە کراوە و خوێندنی خۆی لە فەرەنسا تەواو کرد. باوانی زۆریان حەز لێ بوو تا سەید سام ببێتە سەرۆکی بنەماڵە پێنجسەد ساڵەکەی خۆی. ئاخۆ نەوەکانی داهاتووو لێکۆڵەرانی پاشەڕۆژ سەبارەت بەم زاتە چی بنووسن...؟

---

١ لە جەمخانەی تاران، بەڕێز ئێحسانولڵا تەبیبی (حەبیبی) (١٣١٠ی هەتاوی لەدایک بوو) لە موریدانی بوومەهێنی کە پاش لە کاروبوونەوەی لە ساڵی ١٣٧١ بەبۆنەی نەبوونی ئازاد عەلی بە ئاماژەی ئاغا سەید نیزام موشەعشەعی بەرپرسایەتیی بارەگای تارانی کەوتە ئەستۆ، خوێندنی باڵای بوو و بە زمانی تورکی و فارسی قسەی دەکات و لە پاشماوەکانی ئیبراهیم کەلانتەری بوو کە لە سەردەمی فەتحەلیشا چووەتە کرماشان و بووەتە موریدی ئاتەشبەگییەکان و پاشان هاتووەتە بوومەهێن و لەوێ نیشتەجێ بووە و لە سەردەمی وەزارەتی موستەفولەمالێک لە کاروباری موڵک و ماڵات و مەزراکانی ئەو ناوچەیە دەستی کرد بە کار و لە زەحمەت و هەوڵەکانی خاوەن موڵکەکان ماڵ و دارایی زۆریان پێکەوە نا، باوکی بەناوی محەمەد قولی خەریکی کاروباری دیوانی بنەماڵەی موستەوفیەلمەمالک بووە و ئاغا سەید نیزام موشەعشەعیش (تەبیبی) زۆر خۆشی دەوێ.

**موریدە بەناوبانگەکانی بنەماڵەی ئاتەش بەگی (موشەعشەعی)**

لە درێژەی لێکدانەوە و ڕاڤـەی بەسـەرهاتەکـانی سـەردەمی مـەسنەدنشـینیی حەزرەتی شا ئاغا میرزا، باسی ئاغا سەی حەسەن ئاتەش بەگیمان کرد و پاشان چووینە سەر باسی ئاغا سەی محەمەد کەلاردەشتی، ئەوەی کە لێرەدا گرینگە، سەردەمی لە دنیا دەرچوونی ئاغا سەید محەمەدی کەلاردەشتییە کە بە پێی یادداشتەکانی مینۆرسکی لە مانگی سپتامبری ١٩١٦ی زایینی (زیقەعدەی ١٣٣٤ مانگی) خەرمانانی ١٢٩٥ی هەتاوی، واتە ساڵێک پێش لە بەڕێز عەبدولعەزیم میرزا (ئاغا بەخش) کۆچی دوایی کرد و موریدەکانی ئەو زاتەیان لە چیتگری نزیکی تاران کە موڵکێک بوو، ناسرەدین نشا بەخشیبوو پێی، ناشتیان[١]. وەک ئاماژەی پێی درا، ئاغا سەی نیزامی موشەعشەعی ـ ڕێبەری ئاینیی هاوچەرخ ـ حوکمی کرد تا بارەگایەکی شیاوی بۆ ساز بکرێ[٢].

لێرە پێویستە ژیان و بارودۆخی مانەوەی خوالێخۆشبوو میرزای سالیک موریدی ناوداری ئەم بنەماڵەیە کە لە سەردەمی شا ئاغا میرزا بوو بە خەڵیفە و بەرپرسایەتیی کرماشانی پێی بەخشرا، بکەین.

**مەولانا ئەڵڵادۆستی سالیکی کرماشانی**

ئەم بەڕێزە کە یەکێکە لە پیاوە گەورەکان و بە پێشەنگی بنەماڵەی سالیکیی کرماشان ناسراوە لە کورتەیەک ژیانی کە لە زمانی خۆی و بە قەڵەمی خۆی لە کتێبی پڕ بایەخی «مصباح الطرایق» بەیازی خەتی [لە لای کوڕی بەڕێزیانەوە ئاغای فەرێدوونی سالکی]ەوەیە کە ڕاڤەی یەکێ لە سەفەرەکانی خۆی بۆ تارانە دەگێڕنەوە. ئەو سەفەرەی لەگەڵ پلەکانی عیرفاندا پێک گرتووە و کتێبەکەی بە زمانێکی سادە بۆ کەسانێ حەز بە عیرفان بکەن و ئەهلی خێربن، وای نووسیوە: «پێڕەوی سالیکانی ڕێبازی عیرفانی و ڕاستەقینەی ئەڵڵادۆستی ناسراو بە سالیک بەختیاری و دانیشتووی کرماشان، دەڵێ: لەو شوێنەی کە خوا ویستی من لە سەرزەوینی خۆم جیا ببمەوە و هاوڕەگەزەکانم (ئیلی بەختیاری) جێ بهێڵم و ڕوو

---

١ مینۆرسکی، وتارەکان ١٥٤.

٢ بۆ زانیاریی زۆرتر لە بارودۆخ و شۆڕشی ئاغا سەید محەمەد کلاردەشتی، بڕوانن بۆ بزووتنەوە و سەرهەڵدانی عەلەوییەکانی زاگرۆس، ب ٢، ل ١٧٤ – ١٨١.

بکەمە دەشت و کێو و پاش تۆزێ گەڕان ڕوو بکەم لە کرماشان و بۆیە بە هۆیەکەوە ئەم شێعرانەم نووسی:

(سەرەتا)

سیروسلوک عشق بە هر شـهر و هر دیار
گــردد همـی عنانکش عــزمم بە روزگــار

(دوایی)

بی آنکە من نمـایم تدبیــر کــار خـــویش
انگیـــخت نقش دیگر تقــدیر کــردگــار

بەڕێز میرزاحسێن خان ڕەشتی سەمیعی لە بنەماڵەی ناودار خوالێخۆشبوو میرزا سـەمـیـع ڕەشـتی کـە پشـتـاوپشت لە پیـاوە گـەورەکـانی ناوچەی گـیـلان بوون و هەمووکات لەخاوەن دەسەڵاتانی ئێران بوون کە بـابی بەڕێز مـیرزا حـەسـەن خـان سـەمـیعـی ڕەشـتی نایبـولحکوومـە و خـزمـەتکاری خـوالێـخـۆشـبـوو حـسێـن خـان حیسـامولەلیکی قەراگوزلوو والیی کرمـاشان و فـەرمانداری سنووری عێراقین لە ژێردەستی حەزرەتی ئەڵڵادۆس سـالیکدا پەروەردە کرا و عیلم و عیرفان و شیعر لە خزمەتی بەڕێزیان فێر بوو و هەر ئەو نازناوی (عەتا)ی پێی بەخشی.

ناوبراو، یەکێ لە دوا وەزیـرەکـانی ڕەزاشـــا بوون، لەگـەڵ دەســتــەیەکی تـردا لە ڕاڤـەکردنـی قـەسـیـدەی بە ناوبانگی مـیـرزا ئەڵڵادۆس سـالک ( کـە لە سـەردەمی هۆنینەوەی، لە کۆڕەکانی تاران و سەرانسەری ئێراندا وەک شاکارێک سەیر دەکرا کە ناوی (قـەسـیـدەی وەسـڵـیـە) بوو و تەنانەت مـوزەفـەرەدین شـاش حـەزی لێ بوو، بیبینێ، بۆیە زۆربەی پیاوە ناودارەکانی ئێران هەم بە بیانووی پیاهەڵدان و هەم بە بیـانووی ناساندنی مـیرزا ئەڵڵادۆسـتی سالیکەوە پێشـەکی و پاشکۆیان بۆ داناوە. سەرەتا بە خـەتی خوالێخۆشـبوو حاجی شێخ مـورتەزا نەجم ئاوایی ـ خۆشنووسی ناودار ـ و بە چاپی بەردین چاپ کرا و بۆ هەمـووی ناوچەکـانی ئێران نێردرا و بە هەموو کۆڕە ئەدەبییەکان ناسێنرا).

پاشکۆی قـەسیـدەکەش بە خـەتی میـرزا حسێن خـان ئەدیبوسەڵتەنەی سەمیعی (عەتا) وەها نووسراوە:

«ئەو زاتە بە ناو و بەفەرمی (ئەڵلادۆستە)، بابی بەڕێزی شێخ مورادە، (ر- خ) بنەماڵەکەی دەگاتەوە حەبیبی کوڕی مەزاهیری ئەسەدی و ئەم بنەماڵە هەردەم ساداتیان خۆش ویستوون. و ئەم بنەماڵەیە لە سەردەمی دەسەڵاتی (سەدەقەی کوڕی دوبەیس) ناسراو بە سەیفودەوڵە، هەمووکات هاوڕێی ناوبراو بوون و لە شەڕەکاندا ئازایەتیی زۆریان لەخۆ پیشان داوە. پاش دەسەڵاتەکەیان، کوڕی دوبەیس ڕووی کردووە (حێلە) و پاشان ڕێی (بەسرە)ی گرتووەتەبەر و لەوێوە هاتووەتە ئێران (سەرەتا لە تەنیشت کانیێکدا نیشتەجێ بووە، کە عەرەبەکان ناویان ناوە هوەیزە و پاش ماوەیەک ڕوویان کردە بەختیاری و لەوێ نیشتەجێ بوون و لەگەڵ گەورەکانی ئەوێ بوون بە دۆست.

پاش ئەوەی یەکێ لەوان بە ناوی ئەسەدخانی بەختیاری (خاوەنی دزمەلەکان) کە لە قەڵا بەرزەکانی ئەو شوێنەیە لە دەوروبەری شیراز چووە یارمەتیی مورتەزا قولی خانی ئیلخانی و مستەفاقولی خان و پاشان چووەتە تویسرکان و لەوێ، کۆچی دوایی کردووە و لە تەنیشت شائەبدالان نێژراوە (قەبرەکەی هێشتا هەر دەناسرێتەوە).



میرزا ئەڵلادۆستی سالیک لەگەڵ خوێندکارانی (ڕاست ئەدیبوسەڵتەنە سەمیعی، چەپ بەقائولمولک)

میرزا ئەڵڵادۆستی سالیک لەم کاتەدا هێشتا نەگەیشتبووە تەمەنی ٢٠ ساڵان کە بابی کۆچی دوایی کرد و سەرپەرشتیاریی دایک و برا و خوشکە بچووکەکانی کەوتە ئەستۆی، ئەوانی گەیاندە پلە و پایەیەکی باش و پاشان خۆی جلوبەرگی هەژارانەی پۆشی و چووە شوێن پیاوانی گەورە، تا پلە بەرزەکانی وەدەست هێنا، پاش ماوەیەک رووی کردە کرماشان و لەوێ نیشتەجێ بوو.

پازدە ساڵی پێش کە (ئەدیبوسەڵتەنەی سەمیعی) باوکی گەورەی من، هاورێ خوالێخۆشبوو مەحموودخانی ناسرلولک و خوالێخۆشبوو حوسێن خانی حسامولولک روویان کردە کرماشان، منیش هاورێی ئەوان بووم و گەیشتمە خزمەتیان کە لێرەدا ناکرێ بە گشتی لێوی بدوێن و مەبەستم شتێکی تر بوو و ناتوانم لە سەر پایەبەرزیی ئەو زاتە شتێک بنووسم، تەنانەت ئەگەر هەزار ساڵ بژیم و هەزاران لاپەڕە بنووسم ناتوانم چاکەی ئەو زەحمەت و دڵسۆزییەی ناوبراو بدەمەوە کە لە پێناوی پەروەردەکردنی مندا کێشاویەتی[1].

لە پەراوێزی ئەو قەسیدەی وەسڵیە کە حەزرەتی سالک وەک خەڵاتێک بۆ شاگرد و موریدە ناودارەکەی خۆی لە کاتی ژنهێنانیدا نووسیبووی. ئەو قەسیدەیە ١٣٢ بەیت بوو کە لە حەفتایەمین بەیتیدا، بەیتی سەرەکی دووبارە کراوەتەوە و مەولانا جەلالەدین عەلی میر ئەبوفەزلی ئەدیب عنقا« وەها دەڵێ:

«منی هەژاری لە دەست چوو، شەرمەزاری دەربەند و تاوانبار جەلالەدین عەلی ئەبولفەزڵ تاڵەقانیی قەزوینی پاشان تارانی ناسراو بە عەنقا ـ خوا لە دنیا و قیامەت یارمەتیی بدات ـ کە پاش تەمەنێک خوێندن و کاروباری مانەوی و بەڕێوەبردن، گەیشتووەتە پلە بەنرخەکانی گەورەیی. ملی ڕێگای مەعریفەت و عەشق و مەحەبەتی گرتووە و لە ڕێگای ڕاستەقینەی عەلەوییە و وەلەوییەی ئیلاهییەی ڕواڵەت و دەروون بە باشترین جۆری خۆی ڕۆیشتووە. هەر بەم بۆنەوە ماوەیەکە منی هەژار لە گۆشەیەک خزام....  هەرچەندە لەم سەردەمانە پیاوانی خوا لە سووچێکەوە بێ دەنگ ماونەتەوە و زۆر کەم پێش دێت، کەسێک بیانبینێت یان بیانناسێ؛ بەڵام ئەگەر کەسێک ژیرانە خەریکی ناسینی ئەوان بێت، بوێرانە

١ نووسراوەکانی ئەدیبوسەڵتەنە سەمیعی لەسەر قەسیدەی وەسڵیەی خوالێخۆشبوو سالیک بە خەتی خوالێخۆشبوو نەجم ئابادی.

عاشقی ڕێگای مورتەزاعەلی و بنەماڵەی ڕاستەقینەی پێغەمبەر دەبێت، یەک کەس لەم پایەدا کە ئەم قەسیدە بە نرخەی هۆنیوەتەوە واتا وەسڵیەی ئەڵلادۆستی پایەبەرز و ئازادە و بەجەرگ و ئازادیخواز و شاعیر، عارف، بەدین، نزیک، لە خوا و بەحەق کە ساڵی ١٢٥٦ هاتووەتە دنیا، بەسەرهات و ژیاننامەکەی بەو جۆرەیە کە زانای بەناوبانگ و بەڕێز میرزا حسێن خان خوا سەربەرزی بکات، نووسیویە و پێویست بەدووبارەکردنەوە نییە.

بە تایبەت میرزای سالیک کە خوا ڕاوەستاوی بکات، ماوەیەکی زۆرە لە گەڵ من بە مەحەببەت و عەشقەوە هەڵسوکەوت دەکات، نەبووە کە ببینم ئەو زاتە خۆی بە شتێ بزانێ و هەموو کات خۆی بە نەدار و هەژار هێناوەتە ئەژمار.

»لە فەننی وتاربێژیدا چ شیعر و چ پەخشان، سەرتۆپی هەموانن. لە ناوچەی کرماشان هەمووان و لە ناوچەکانی تر زۆر کەس عاشقی ئەو زاتەن، دڵێکی زۆر ئاوەڵای هەیە و دەروونی جێگا و مەکۆی عاشق و دڵپاکەکانە. لە بابەتی وتاربێژیدا لەوپەڕی شیعر و پەخشاندان کە هەمووی زانایان سەریان سوڕ دەمێنێ. هەر هێڵێکی شاکارێکی گەورەیە «ان لله کنوزاً تحت العرش مفاتیحها السنة الشعراء»

ڕواڵەت و واتای شیعری لە لای ئەم پایەبەرزەوە گرینگە. قەسیدەی وەسڵیە بەشێکە لەم وتارە بە نرخە (کە بۆ موبارەکیی موریدێکی ناوداری کە خۆیشی شاعیر و نووسەرێکی گەورە بووە واتا میرزا حسێن خانی عەتای ئەدیبوسەڵتەنەی سەمیعی) وەک پێشوازی لە شیعرە بەناوبانگەکەی فەرۆخیی سیستانی[١]:

(فسانه گشت و کهن شد حدیث اسکندر): باسی سکەندەر کۆنە بوو و بوو بە ئەفسانە.

یان وەک عونسوری وتەنی «آیا شنیدە هنرهای خسروان بخبر»: داخۆ بیستووتانە باسی هونەری خەسرەوی لە ناو هەواڵەکاندا.

کە ئەم قەسیدە بە ڕاستی هەڵگری جۆرە بەنرخەکانی عەشق و مەحەبەتە.

باش دەزانم بیرمەندان، پاش بیستنی ئەم قەسیدەیە تارادەیەک دەکەونە بیرکردنەوە، ئەمنیش ئەم چەند بەیتە شیعرەم وەک یادگاری نووسیوە، بەو هیوایەی خوێنەران بمبەخشن...

١ دوو شاعیری ناوداری فارسیبێژی ئێرانین.

الف) الا ای سـالکان این مـسـالک
ببـایـد طـی ره در ظل سـالک

(ل) لسـان الغـیب عـهـد آن پیـر رهـبـر
کـه هـمـتـایش نه در کل ممالک

(الف) اگـر بـا پای صـدقش ره بپـویی
به مـقـصـد در رسی دور از مـهـالک

(ه) هزاران فـیض روح انـدر دم اوست
یکی زان آگـهـیّت از مـسـالک

(د) دلت زانفـاس پاکش زنده گـردد
مـوحـد وصف تو گـردد نـه هالک

(و) ولای خـانـدان او راسـت آئین
چو دیدارش کنی فی حـسب حـالک

(س) سـریـر نـور را دلـدار بـایـد
سـپـر دل را به دست عـشق سـالک

(ت) تو چـون عنقـا بـقـاف فـقـربنـشـین
اَمـل اللـه یـحـدث بعـد ذالـک

واتا:

ئەی ڕێڕەوگەلی ئەم ڕێگەیە
دەبێ لە ڕێگەی سالیکدا ڕێ بپێوی
وەک حافزی شیراز ببە لە سەردەمی ئەم ڕێبەرەدا
کە هاوپلەی لە تەواوی دونیا نییە
ئەگەر لە ڕیکابیدا ڕێ بپێوی
لە نەهامەتی بەدووری

هەزاران گەورەیی دەروونی لە وتەیدایە
یەکێ لەوانە ئاگادارییە لە رێگاکان
دڵت بە هۆی نفووسی پاکیەوە زیندوو دەبێتەوە
تۆ هەتاهەتایی دەبی و نامری
دین هەر لە ناو ئەو بنەماڵەیەدا دەمێنێتەوە
بەچاوپێکەوتنی ئەو گەورەیی وەدەست دەهێنی
نوور عاشقی ڕاستەقینەی دەوێ
دڵت عاشقی عیشقی سالیک بکە
تۆ وەک (عەنقا) لە کێوی هەژاری دابنیشە
خوا پاش ئەوە تۆ دەگەیەنێتە مورادت

هەروەها لە سەر ئەو قەسیدەیە ڕاڤەیەکی نووسیوە (وا دیارە بۆ موزەفەرەدین شای نووسیوە). یەکەمین ڕاڤەی خوالێخۆشبوو سەید محەمەدی بەقای بەیاز نووسی بارەگای حکوومەت دەنووسێ:

«پەراوێزێکە کە... مامۆستای پایەبەرز حەزرەتی ئاغا سەید محەمەدی بەقا لە سەر قەسیدەی وەسڵیە نووسیویە».

ناوبراو پاش پێشەکییەکی درێژ سەبارەت بە وڵاتپارێزی، پاراستنی ئاسایش کە لە پەنایدا زانست و هونەر گەشە دەکا و ڕاڤەیەکی تر سەبارەت بە ئەدەب و جۆرەکانی وتاربێژی و شیعر و پەخشان و.... وەهایان نووسیوە:

«منی نووسەر واتا سەید محەمەد بەیازنووس بە نازناوی (شەرەفولەعالی) و ناسراو بە (بەقا) لەو باوەڕەدام کە توانا و هێزی شاعیر لە ڕەوانبێژیدا زۆرتر لە کاتی ڕێکوپێکی بابەتەکاندا ڕوون دەبێتەوە.....

هەرکەس بە بیر و ئەندێشەوە بۆ ئەم قەسیدە بەرزە بڕوانێ کە بێژەرەکەی سەرچاوەی نوور و مەعریفەت بووە و بەیتولقەسیدەی دیوانەکەی حەزرەتی سالیک بەرزترین بەیتی شیعرەکەیە، من شیعرێکم لە خوالێخۆشبوو حوسێن قولی خان کەلهوڕ کرماشانی ناسراو بە سوڵتانی کە پەسنی هونەری گەورەیی حەزرەتی سالیکی لە تاران بیستبوو:

می شنیـدم کـه جـان جـانـانی

چـون بـدیـدم هـزار چـنـدانـی

واتا: دەمبیست کە تۆ گیانی گیانانی

لەبەرئەوەی دیومە هەزاران هەزار بەرابەری

یەکێ لە مـوریدان و شـاگـردانی میـرزا ئەڵڵادۆسـتی سـالیک: بە کەڵکوەرگـرتن لەدەقی کتێبی میسباحوتەریق:

(مـەفـتوون) ١ـ شـەیخـولعیـراقەین، شـێخ عـەبدولحسـێن مـوجتـەهیـد (خـوا پایەی ئاخرەتی بەرزکاتەوە) تارانی کۆچی دوایی کرد و ئاغا شێخ عەلیی کوڕی گەورەی کـە سـاڵەها لـە شـوێنە مـوبارەکـەکاندا، خـەریکی خـوێندن و وانە وتنەوە بوو و بۆ وەدەسـتهێنانی مـیحراب و مینبـەری بابی لە عەتەباتەوە بەرەو تاران گەڕایەوە، لە ڕێگەدا لە کرماشان وچانێ دەگرێت و لەگەڵ حەزرەتی سالک ئاشنایی پەیدا کرد و چاوپێکەوتنەکـانیـان چەند پاتە دەبنەوە و بنەمـاڵـەکـەی چەندین سـاڵ لەوێ دەمێننەوە. خـودی ئەو زاتە لە (مـصبـاح الـطريق)دا دەنووسێ: «کـوڕێکی بەڕێز و ناوداری لێ بە جێ مـا کە هـاوناوی باوەگەورەی دایکی بوو؛ واتا خـوالێخـۆشبـوو شـێخ مـحەمـەد حـەسـەن ـ خـاوەنی کتێبی جەواهیـرولکەلام ـ هـەر لە منداڵییـەوە بە ڕواڵەتیـدا گـەورەیی دیار بـوو. پاش چەند ڕۆژێک کـە من لەگـەڵ بابـی ئاشنایـەتیم پەیدا کردبوو، وردە وردە بوو بە هۆگرم و لە ڕاسـتیدا بە تەواوی عـاشـقی من بوو. خۆی دەیگوت بە من: هـەر کاتێ لە گەڵ بابم دادەنیـشتی لە دەرەوە من پێڵاوەکانتم لە سەر چاوانم دادەنا و پێم وابـوو کە دەبنە مایەی شیفای چاوەکانم و ئازارم کەم دەکەنەوە. خـوا دەزانێ زێدەڕۆیم لەم قسەیەمدا نـەکرد و خۆیشـم قەت لەو ئاسـتەدا نەبینیوە و نـاشبینم منێ کە لە خاک کەمـتر و لە هیچ، هیـچترم تا چ جـای کە لافی هـەبوون لێ بدەم و ئەمەم تەنیا بۆ پیشـاندانی یەکرەنگی و پاکیی ئەو پیاوە هێناوە. وەک حەزرەتی مەولانا دەفەرموێ:

از مـحـبت تلخـهـا شـیـرین شـود

از مــحــبت مـســهـا زرین شــود.

واتا: بەهۆی مەحەبەتە تاڵییەکان شیرین دەبن

بەهۆی مەحەببەتە مسەکان دەبنە زێڕ

پاش ماوەیەک ئەم پیاوە بوو بە زاتێکی مەزن و عارفێکی گەورە؛ شیعرەکانی لەوپەڕی بەرزیدا بوون و هەموو عاشقێک چێژی لێ وەردەگرت. هەر بەم بۆنەوە نازناوی «مەفتوون»م پێی دا و ئەم ئەنوارە خواییانە کات لە دوای کات لە دەروونیدا ڕەنگی دەدایەوە و چاوی دڵی، بینایی و ڕووناکتر دەبووەوە. پاش ماوەیەک کە لە کرماشان مایەوە و بابی پایەبەرزی ویستی ڕوو بکاتە دارولخەلافە (تاران) و ئەم کوڕە و بنەماڵەکەی لە کرماشان بەجێ هێشت، پاش ساڵێک کە لە تاران مایەوە، لە نامەیەکدا و لەبەر ئەو تێکەڵاوی و برایەتییەی کە لە نێوانماندا پێک هاتبوو، داوای کردبوو لێم تا ژن و منداڵەکەی لەکرماشانەوە ببەم بۆ تاران.....

پاش جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە ئەم شیعرەم نووسی:

(دەستپێک)

منم که ره سپر از سیر اختر آمده‌ام

زشهر خویش سوی شهر دیگر آمده‌ام

(کۆتایی)

ببین صفر بمراد دل و بمان جاوید

ببین بعون تو بر غم مظفر آمده‌ام

واتا:

من کە ڕێگەیەکی دوورم بڕیوە بۆ بینینی خۆر

لە شاری خۆمەوە هاتووم بۆ شارێکی تر

سەرکەوتنی دڵخواز ببینە و بۆ هەتایە بژی

بڕوانە بەیارمەتیی تۆ بە سەر خەمەکانمدا سەرکەوتووم

گەڕانەوەی ئەوان لە تاران هاوکات بوو لە گەڵ ساڵی ١٣٠١ی کۆچی کە حیسامولسەڵتەنەی قەراگوزلوو حاکمی کرماشان بوو و میرزا حەسەن خان ڕەشتی ئەدیبوسەڵتەنە جێگری بوو کە خودی میرزا ئەڵڵادۆست سالیک لەم بارەوە دەنووسێ:

(عەتا) ٢ـ «لە نەبوونی منی هەژاردا تاقمێک لە خزمەتکار و یارانم:

خوالێخۆشبوو شەهابودین ناسراو بە شێخی ئەشراق ـ ڕەزای خوای لەسەر ـ کە پیاوێکی هەرەزانا بووە و لە قوتابیانی خوالێخۆشبوو حاجی سەبزەواری و هەروەها خوالێخۆشبوو مامۆستای پایەبەرز حسێنقولی خانی سوڵتانی کەلهوڕ کە لە کەسایەتییەکی زۆر پایە بەرز و زانا بووە و کتێبی شیعر و پەخشانەکەی نموونەگەلێکی باشن بۆ پیاوە ناودارەکانی جیهان، یەکێکی تر لە ئەدیبە ناودارەکان عەبدولحسێن خانی مەزهەری زەنگەنەیە کە ئەدیبێکی بەرزە لە شیعر و پەخشاندا و تەبیبێکی ڕۆحانییە و وەک ئەفلاتوون، جالینووس و لوقمان و بەتلەمیووس ناوی ئاغا میرزا مووسا خانی حەکیم باشی قەزوینیە (خوا ڕاوەستاوی بکات). ـ هەروەها پیاوێکی قسەزان و زمانپاراوە و فیردەوسییەکە بۆ خۆی و خوداوەند تۆفیقی بدات و کەسانی تر کە لەگەڵ منی نەدارا دۆستایەتی هەبوو و بەر لەوەی کە من لە تاران بڕۆم بۆ کرماشان لەگەڵ ئەو گەورە پیاوە یانی، میرزا حەسەن خانی سەمیعی، نایبولحکوومە ئەو زاتەم ناسی و زۆر جار بە باشی باسی منی کردووە و لە نەبوونی مندا، زۆر بەڕێزەوە ناوی هێناوم. ڕۆژێک داوای لێ کردم تا بچمە خزمەتیان و خوا هەڵناگرێ ڕێزی زۆری گرتم...

کوڕە گەورەکەی ناوبراو (حسێن) کە تەمەنی ١٤ ساڵان بوو و هەروەها ئەدیبوسەڵتەنەی دووەم. (عەتا)ش لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداریی دەکرد؛ بەڵام بەداخەوە چەند ڕۆژێک ناخۆش و ناکۆک بوو، لەو کۆبوونەوەدا کە چاوی بە من کەوت و باسی ئەو کوڕە کرا و من بە چاوی خۆم بینیم کە چەندە کوڕێکی بەنرخە و زۆر لەبەر دڵان بوو و هەر لەوێدا گوتم خۆزگە لە ژێر دەستی پیاوێکی گەورە پەروەردە کرابا. وەک ئەو ئایەتە «ارا اراالله شیئاً هیئنی اسبابه» و من لەم بیرەدا بووم کە حەزرەتی خواجە فەرمووی: «قسەیەکم پێتە کە ئەی دەروێش و موریدان ئەگەر بتانەوێ دەیڵێم». هەموان بووین بە گوێ تا وتاری حەزرەت ببیسین و فەرمووی: «ئەگەر ئەم کوڕە حەزی لێ بێ، دەتوانێ لەڕۆژدا بێت بۆ قوتابخانەکەی من و لەوێ زۆر شت فێر ببێ» کاتێ ئەمەم بیست.... خێرا گوتم بە چاوان. پاش ساڵێک دەرکەوت کە هەم ئەدەب و هەم زانست کەوتە دڵی و چەندین پارچە شیعریشی نووسیبوو و جاروبار غەزەڵی دەنووسی و بۆ منی دەخوێندەوە کە بەکەمی ڕێکوپێک دەبوو ئا قەسیدەیێکی بە ئەم دێرە سەرەتاییە کە چوو بووە پێشوازی ئەم قەسیدەی من کە وتبووم:

«بهار تازه جهان را از نو گلستان کرد
نگون درفش جهانداری زمستان کرد»
واتا: بەهار سەرلەنوێ جیهانی کردە گوڵستان
دای گرت ئاڵای دەسەڵاتی زستان
وەک مەسعوود سەعد سەلمان (شاعیری ئێرانی) دەڵێ «امیر غازی محمود رای میدان کرد» و منیش لە سەر ئەوەم نووسیوە.
«بهار تازه جهانرا از نو گلستان کرد
نگون درفش جهانداری زمستان کرد»
واتا: بەهار سەرلەنوێ جیهانی کردە گوڵستان
دای گرت ئاڵای دەسەڵاتی زستان
وەک مەسعوود سەعد سەلمان ( شاعیری ئێرانی) دەڵێ «امیر غازی محمود ڕای میدان کرد» و منیش لە سەر ئەوەم نووسیوە.
«بزیر زلف، نگارم چو چهره پنهان کرد
چو زلف خویش دل عالمی پریشان کرد

هنوز سال من از چارده نگشته فزون
که رای روشن اویم چو بدر تابان کرد

منم به مکتب عشاق گرچه ابجد خوان
کمال عشق ببین کو مرا سخندان کرد

زفیض خویش مرا عشق با چنین خردی
ندیم بزم بزرگان و اهل عرفان کرد

(عطا) قەصیدەی تو آن قصیده را ماند
که اوستاد تو (سالک) طراز دیوان کرد

همان قصیده که فرمود مطلعش اینست
«بهار تازه جهان را زنو گلستان کرد»

واتا: یارم کە ڕواڵەتی لەژێر زولفەکانیەوە شاردووەتەوە وەک زوڵفی خۆی دڵی دنیای پەرێشان کرد.

هێشتا تەمەنم لە چاردە ڕانەبردبوو کە من وەک مانگی چواردە گەشامەوە.

من لەمەکتەبی عەشقدا حیسابی ئەبجەد دەکەم، سەیرکە چۆن عەشق زمانی پژاندم.

لەو گەورەییەدا کە عەشق بە منی دا کە لە ئەو پەڕی هیچیدا بووم و تا ئەو کات بەزمی گەورەکانم نەدیبوو.

(عەتا) ئەم قەسیدەی تۆیە وەک ئەو قەسیدەیە دەمێنێتەوە کە (سالک) مامۆستای تۆ هۆنییەوە.

ئەو قەسیدەیەی کە فەرمووی ئەمە دەستپێکەکەیەتی:

«بەهاری تازە جیهانی سەرلەنوێ زیندوو کردەوە»

پاش بیستنی، من زۆر سەرم سوڕما و بۆیە ڕۆژەکانی تر لەخزمەتی سوڵتانیدا دەمخوێندەوە و هەمووان دژ بە من وەستان و دەیانگوت منداڵێکی چاردە ساڵان کە هێشتا عەرووز ناناسێ و نازانێ شیعر چییە و تایبەتمەندییەکانی شیعر کامانەن، چلۆن شیعری وا دەنووسێ، بێ ئەوەی باوەڕیان بە توانای یەزدانی بێت.

خوالێخۆشبوو سوڵتانیش هەرچەند حورمەتی زۆری منی دەگرت و هیچی نەگوت بەڵام نەشیگوت هی ئەو کوڕەیە. وای دەزانی کە هیی خۆمە و کردوومە بەناوی ئەوەوە. (بۆیە) تاقیکردنەوەکە درێژەی هەبوو تاکو ئەو کوڕە بۆخۆی شیعرەکە دەباتە قوتابخانە و بۆ مامۆستای ئەدەبیاتەکەی ـ مەرحومی مەلا محەمەد باقر ئەبولفوقەرای جەزی ئیسفەهانیی ـ دەیخوێنێتەوە و ئەویش باوەڕی پێی دەکات و دەنووسێ:

(زەفەر) ٣ـ «جەزمەی عەشقی ئەم زاتە واتا موەحیدعەلی خان ناسراو بە زەفەر کوڕی خوالێخۆشبوو محەمەد قاسم خان مەلەکوشوعەرای کاشانی کە تا ئێستا زۆرتر لە ٦٧ ساڵی تەمەنە و ٢٥ ساڵە لە خەڵوەدایە کە خۆی دەروێشێکی تەنیایە کە چەندین غەزەڵ و قەسیدەی نووسیوە کە دەڵێ:

آنکه در ملک فقر سلطان است

سالكِ راه عشقِ یزدان است

دم عیسی نهفته دردم او
که بهر گونه درد درمان ا ست

مهر افلاک فخرها دارد
که در آن آستانه دربان است

منکر کینه جوی را نامش
چون شهابی به جان شیطان است

برقی از نور چهره‌اش خورشید
چون تجلی نور یزدان است

شش جهه را نظاره کردم من
خلق مورند و او سلیمان است

مرده‌ی شصت و پنجاه ساله‌ی دل
اوفتاده زپا و نالان است

ظفر از دست شد تو دستش گیر
که ز لطفت گدا چو سلطان است

در مقامات فقر شاه تو باش
این دعا از من ای سخندان است

دوستت شاد و دشمنت غمناک
باد تا نه سپهر گردان ا ست

واتا:

ئەوەی کە لە موڵکی هەژاریدا سوڵتانە
ڕێبواری ڕێگەی عەشقی خوا گیانە
هەناسەی عیسا لە هەناسەیدایە
بۆیە هەموو ئازارێک دەرمان ئەکا

عەشقی ئاسمانی کەیلی شانازییە
بۆ ئەو دەرکەوانەی، لەوێ دەرکەوانە
هەر کەس دژی ناوبانگی ئەو بێت
وەک شەهابێکە لە لاشەی شەیتانا
تیشکێک لەنووری ڕوخساری وەک هەتاوی
وەک ڕەنگدانەوەی نووری خوا گیانە
من بۆ شەش سووچی جیهان ڕوانیم
هەمووان وەک موورن و ئەو سلێمانە
مردوویێک پاش پەنجا یان شەست ساڵ دڵ
لە پایدا کەوتووە و دەناڵێنێ.
زەفەر لەدەست دەرچوو تۆ دەستی بگرە
کە بەهۆی لوتفی تۆیە گەدا وەک سوڵتانە
لە مەقاماتی هەژاریدا تۆ پاشا بە
ئەم دوعایەی من بۆ پیاوێکی قسە زانە
یارانت شاد و دوژمنانت خەمین
بمێنە تا دەسووڕێ گەردوون
سەرەتای غەزەلەکە:
دل رفت سوی (سالک) و از وی خبر نماند
از دل خبر نماند و زجان هم اثر نماند

واتا:

دڵ بەرەو (ســـــالیک) ڕۆیشت و هەواڵێکی نەبوو
.... لە دڵ هەواڵ نەماوە و گیانیش هەر بێ هەواڵە
هەروەها لە غەزەلێکی تریشدا وەهای نووسیوە:
آنکه پیش از مرگ مرده آن منم
جسم بنهاده گرفته جان منم

تا به تخت فقر سالک برنشست

آســـتـــانش را یکی دربان منم

واتا:

ئەو کەسەی کە پێش مردن مردووە ئەوە منم

لاشەی داناوە و گیانی گرتووە ئەوە منم

تا سالیک لە سەر تەختی هەژاری دانیشت

لە ئاستانەیدا من وەک دەربانێکم

لە دیوانی حافزی شیرازی، غەزەڵێکیان بۆ هەڵبژێراردبوو و داوای لێ کرابوو، وەڵامی بداتەوە، ئەو پیاوە مەزنە پاش ماوەیەک غەزەڵێکی زۆر بەزۆری بۆ خوێندەوە کە خوالێخۆشبوو سوڵتانی هەرچەند دەیزانی من ڕاست دەڵێم؛ بەڵام بە جوانی نەیدەتوانی باوەڕ بکات، هەتا ئەوەی کە دووبارە لە زمانی خۆیەوە وەک جاری پێشوو کە لە بەر خوێندییەوە، بیستی و ئیتر ئیمانی هێنا بەوەی کە ئەو شیعرە هیی من نییە و خۆی نووسیویەتی.

ئەو دەم کە ناسرەدین شا دەسەڵاتی فارس، یەزد، گوڵپایەگان، خانسار، ئەراک، بروجرد، لوڕستان، خووزستان و کوردستانی لە یەمینودەوڵەی کوڕی وەرگرتەوە و بۆ هەر ناوچەیەک، فەرمانڕەوایەکی تایبەتی دانا و بەتایبەت حکوومەتی کرماشانی کە لە ژێر فەرمانی زێلوسوڵتان بوو و ڕێزێکی زۆری بۆ میرزا ئەڵڵادۆس سالیک دادەنا، دایە دەستی حسێن خان حێسامولمولک قەراگوزلوو و پاش مەرگی لە کرماشان کەوتە دەستی زەینولعابدین خان کرا بەدەسەڵاتدار و لە تەواوی سەردەمی حکوومەتی ئەم باب و کوڕەدا کە هەر دووکیان نازناوی حیسامولمولکیان پێی درا و پلەی جەنابی و ئیمتیازی ئەمیر توومانیان وەرگرت. خوالێخۆشبوو حەسەن خان سەمیعی لە کرماشاندا نایبولحکوومەت بووە، یانێ بووبوو بەجێگری پارێزگا و هەروەها مودیری گشتیی دارایی ناوچەکە.

لە بەر ئەوەی باب و کوڕ هەردووکیان نێوانیان لەگەڵ میرزا ئەڵڵادۆستی سالیکدا خۆش بووە و بە تایبەت بەو کەراماتە کاتێ کە سالیک بە پێی ناخۆشی (عەتا) لە کرماشاندا گەواهییان دا لە سەر مەرگی، (عەتا) و پاش ئەوەی میرزا

ئەڵڵادوستی سالیک دێتە راسەری و بانگی دەکات و پێی دەڵێ (هەستەوە!) مردوو هەڵدەستێ و رێزی مامۆستا دەگرێ کە ئەم بابەتە بە تێروتەسەلی لە کتێبی میسباحوتەریقدا باس کراوە. نەیانتوانی دووریی سالیک ببینن و بەزۆر لەگەڵ خۆیاندا بردیان. هەر لەم سەفەرەدا بوو کە مەفتوون و عەتایەکیان ناسی. لە هەمان کاتدا سەبارەت بەهەڤاڵەتیی میرزا ئەڵڵادۆست سالیک لەگەڵ ئاغا شێخ عەلی موجتەهیدی تارانی و پاشان کورە بەرێزەکەیان واتا ئاغا شێخ محەمەد حەسەن (مەفتوون) وەها نووسراوە:

«لەو کاتەوە کە لە دەریای عەشق و خۆشەویستیدا بەتەواوی قاڵ بووبوو و هەموو کات بارەگا و شوێنی کۆبوونەوەی زانایان و عارفان بووە و جەزمەی عەشقی خۆشەویستیی عارفان و لایەنگرانی عیرفان بووە و هەموو کات لە بیری ئەوەدا بووم، ئاخۆ ئەم عەشق و مەحەبەتە زۆرە چییە و ئەم پێوەندییە لە کوێوە هاتووە، بێ ئەوەی هەواڵێک لەوە بێت کە ئاخۆ ئەم هەموو چاکەیە لە کوێوە هاتووە. ئەو خوالێخۆشبووە کورێکی ناوداری هەبووە کە...»

زانای بەرێز فەرەیدوون سالیکی لە خوالێخۆشبوو شا مورادی سالیکی باوکی نووسیویەتی:

«لە بەر ئەوەی ژن و کورەکانی حەزرەتی سالیک کە پێم دەگوت مامە، بەڵام بابم، مامەی ئەو بوو و لە تەمەندا لەو بەساڵاچووتر بوو، لە حەوشەیەکی تر لە بەرانبەر ماڵی تایبەتی حەزرەتی سالیک، دەژیا. ئەو زاتە لە گەڵ باب و دایکی مندا ژیانی دەبردە سەر و من لە دەوروبەی دوازدە تا چواردە ساڵ تەمەنم بوو و خزمەتی ئەو بەرێزەم دەکرد، لە بەر ئەوەی من تاقانەی باب و دایکم بووم، ئەو حەوشە شوێنی حەوانەوەی میوانەکانی حەزرەت بوو کە دایکم بەرپرسی ئەو چێشتخانەیە بوو. دایکێک کە قەت نەمزانی بۆچی نەیدەتوانی قسە بکات، لە کاتێکدا بە گوێ دەیبیست و زۆر سەڵامەتیش بوو و ئەو زاتە دەیگوت: «دوای ئیمامەکان، دایکت لە خۆشبەختترین ژنانی رۆژگارە؛ چۆن دەبیسێ و هیچ کات ناتوانێ قسە بکات (ئەوە خاڵی زۆر خراپی ژنانە)

بە بۆنەی هەبوونی حەزرەتی سالکەوە لە ماڵی ئێمە، میوانداری و نەزر و نیازی زۆر دەکرا، وەک ئالی حەقەکان، نەزری لە لای ئالی حەقەوە پێی دەوترێ بەش و

هەمووان حەزیان لێ بوو لەو بەشانە وەربگرن و لەو بەشانە هیوای شیفا و لەش ساغییان دەخواست.

ماوەیەکی زۆر بەردەوام مامۆستایەکی پایەبەرزم دەبینی کە هاوڕێ شێخێک و قوتابییەک و کوڕێکی چکۆلەی کە هاوتەمەنی من بوو. هەمان کابرا خوالێخۆشبووه، (سالیکی) بردە ماڵەوە و لە تەنیشتی خۆیەوە دای نا و ئەو قوتابییە و کوڕەکەی ئاغا بەر لە من دیوێکی تردا کە لە نووسینگە یان ژووری چاوەڕوانی حەزرەتی سالیک دەچوون. جارێک دیتم کە کوڕەکە پێڵاوی حەزرەتی سالیکی ماچ کرد و لەسەر چاوی دای نا. جارێک حەزرەتی سالیک داوای لە من کرد بچمە خزمەتی و فەرمووی «کاروانسەرای زارای عەرەب لە گەڕەکی تۆپخانە دەزانی؟» وتم بەڵێ و فەرمووی «جلوبەرگە نوێیەکەت لە بەر کە. ئەم دەرمانەی کە ئایەتوڵڵا ویستوویە بیبە بۆی. لەبیرت نەچێ نەیدەیتە دەستی کەسەوە جگە لە خودی ئاغا. خۆت کە دەیناسی؟»

کاتێ کە دەرمانەکانم بردە خزمەتیان لە ڕێگەدا بۆ خۆم لەو بیرەدا بووم، مەبەستی لەوەی کە بەدەستی کەسەوە نەیدەم چی بوو؟ خۆ جگە لە ئاغا و ئەو شێخە و ئەو کوڕە کەسێکی تر لەو ماڵەدا نییە؟!

لە مەبەستەکەی چ تێ نەگەیشتم، کاتێ گەیشتمە کاروانسەرای زارای عەرەب کە لەو کاتەدا یەکێ لە بەناوبانگترین کاروانسەراکان بووە. وا دیارە ئەو ژنە خۆی بنیاتنەری ئەو شوێنە بووە و عەرەبیش بووە، وەک کاروانسەراکانی تاران وا بوو بەو جیاوازییەوە کە لە چوار لاوە حەوشەی هەبوو و تەوێڵەکەشی لە دەرەوە بوو. لە قاتی دووەمدا چواردەوری هەر ژوور بوو و لە هەر ژوورێک چێشتخانە و چایخانەی تایبەتی لێ بوو.

کاتێ کە چوومە ژوورەوە دەور تادەور شێخ و مەلا دانیشتبوون. کاتێ پرسیارم کرد، شێخێکی کەڵەگەت هەستایەوە تا ڕاسپاردەکە بدەمە خزمەتی، من گوتم دەبێ بیدەمە دەستی خودی ئاغاوە. بەڵام ئیزنیان نەدامێ بچمە ژوورەکەیەوە تا ئەوەی کە هەواڵیان برد بۆ خودی ئاغا و لە پەنجەرەکەوە بانگی کرد و چوومە سەر و گوتی دابنیشە، دەرمانەکەی وەرگرت و هەندێکی دا بە من و نامەیەکی پڕ لە سپاسی بۆ مامە نووسی و منیش خێرا بردم بۆی. لێرەدا چەند وێنەیەک لە

شیعری بەڕێز مەفتوونمان هێناوە: (ئاغا شێخ موحەممەد حەسەن کوڕی ئەم ئایەتوڵڵا) لەسەر ئەم غەزەڵە نووسیویە: میرزا ئەڵڵادۆستی سالیک نووسیوویە «ئەم غەزەڵە بەڕێز مەفتوون لە کاتی هاتنی من بۆ تاران نووسیویە»

(دەستپێک)

برخیز تا قربان کنیم این قالب بیکار را
هر چند نالایق بود این تحفه آن دلدار را

(دوو بەیتی دواییش)

دانی کە شعر نو بنواز من چرا سر میزند
یعنی کە مسرور آمدم از وصل آن دلدار را
وقتی نکات عشق را در نزد (مفتون) گفتمی
این دقت آن آمد کە من گویم مر این اشعار را

واتا:

هەستە با ئەم لاشەیەم بکەم بە فیدای تۆ
هەرچەندە ئەم خەڵاتە لایەقی ئەو مەعشووقە نییە
دەزانی بۆچی شیعر خێرا خێرا لە منەوە خۆی پیشان
دەزانێ کە من لە وەسڵی یار زۆر خۆشحاڵم
کاتێ کە خاڵەکانی عەشق لە پەخشانی (مەفتوون) دا وتراوە
ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە من ئەم شیعرانەم گوتووە

لەغەزەڵێکی تریشدا ئاماژەی بە (عەتا) کردووە و دەڵێ:

(دەستپێک)

رستم از این جهل و عمی وەوە چە خوش بینا شدم
جستم از آن گنگی دلا بە بە چە خوش گویا شدم

واتا: خەلاس بوم لەم نەزانی و جەهلەدا چەندە بە باشی بیناییم وە دەست هێنایەوە لەو لاڵییە دەرچووم و چەندە جوان زمانم توانای قسەی هەیە.

مــــرا نـهـــادی، ســــالک در آتش ســــوزان
عـجب نسـوخت ترا دل کـه دل تو را قـربان

اگـــر نبـــود پی من تو راز کـــرمـــانشـــاه
خـــدا روانه نمی کـــرد جـــانب طهـــران

خـــدای داند ازاندم کـــه رفـــتی از بر من
به جـای خنده مـرا پیـشـه بوده آه و فـغـان

شـگفـتی آنکه فـراق دو روزه مـی کـشـــدم
منی کـــــه دیده بدم آن فـــــراق بی پایان

من آنچـه دیدم گـفـتم ز شـرح حـالت خـویش
ز حـال همـره خـود مـحـو و مـاتم و حـیـران

(عطا) که بحر صفا را شگفت غواصی است
کـه صـدق بیـرون آرد چو لو لو و مـرجـان

(عطا) کـــه نور خـــدایست از رخش پیـــدا
(عطا) کـه آتش عـشق است دردلش پنهـان

بکلک اگـر نگری رمـز عـشق در کف اوست
بنطـق اگـــر نـگری حـــرف می زند قـــران

ئەم قەسیدەیە چل بەیتە کە لە کۆتاکەیدا بە پێداهەڵگوتن بە پێغەمبەردا تەواو دەبێ و باسی حەزرەتی عەلیشی تێدایە.

کتێبی میسباحوتەریق لە نووسراوەکانی میرزا ئەڵڵا دۆستە کە گەیشتووەتە دەستمان، نووسراوەکانی تر بە تایبەت دیوانە شیعرییەکەی ئەو زاتە لە لای خوالێخۆشبوو میرزا حسێن خانی سەمیعی ئەدیبوسەڵتەنەوەیە کە ئێستاکە لە لای بنەماڵەکەیەوەیە و کەسێکی بەتوانای دەوێ تا ئەم دیوانە عیرفانییە بدۆزێتەوە.

**موریدانی میرزا ئەڵڵادۆست سالیک و دۆستان و یارانی**

ئاماژە بەناوی تاقمێک لە یاران کرا، جگە لەو یارانەی سەردەمی قاجار، وەک زێلوسوڵتان یەمینودەوڵەی مەسعوود میرزا و سالارودەوڵە و زەهیرودەوڵە کە ناوە ئاخریەکەم لە فەرەیدوون سالیکی بیستووە کە ئەویش لە بابی خوالێخۆشبوو شاموراد سالیکی بیستبووی، زەهیرودەوڵە هەمووی ڕۆژەکانی حەفتە یان لانی کەم سێ ڕۆژ لە حەفتە، دەچێتە ماڵی سالیک. هەر چەند ڕێگەکەی شەقام زۆر لێژ بوو و ئەودەم گردی گڵە زەرد و چاڵی دەروێشان دەگەیشتە شەقامی تەنیشتی حەمامی سەرتیپ، تەنیا بە پێ دەکرا لەوێوە بڕۆی نە بە سواریی ئەسپەوە، فەرمانی دا تا ئەوێ دروست بکەن.

خوالێخۆشبوو زەهیرودەوڵە پاش دروستبوونی ئەوێ بە سواری گالسکە دەهات و بانگی دەکرد لە من و دەیگوت موراد، حەزرەتی عیسا تەشریفیان هەیە؟!

جگە لەم ناوە هیچ ناوێکم لێوە نەبیست (حەزرەتی عیسا) ـ دەزانین کە خوالێخۆشبوو زەهیرودەوڵە جێگری خوالێخۆشبوو سەفی عەلی شا بوو.

**سالارودەوڵە:**

لە دواین ڕۆژەکانی عەهد و لەکاتی کۆچی دوایی میرزا ئەڵڵا دۆستی سالیکدا والی و حاکمی کرماشان سالارودەوڵە بووە کە پێکەوە شیعریان بۆ یەک نووسیوە، چەند وێنەی لە بەردەستدایە، بەتایبەت ئەم پارچە شیعرەی کە زۆر بە نرخە و حەزم کرد هەمووان بیبینن:

حسن طلب حضرت سالک از سالارالدوله

ای شاه دادگستر اقدس که خلق را
جز حضرت تو دادرسی در جهان نماند

وای راد خسروئی که به عامل ز خلف وعد
با فر حسن عهده تو نام و نشان نماند

دریاب بنده را که پی عرض حال خویش
بیچاره را ز فرط فلاکت توان نماند

از قـرض خـانمان کن و از خـرج خـانه سـوز
او را اثـر زخـــــانـه و ازخـــــانمـان نمـاند

در بیع و شــرط رهن شــدش طارف و تاله
در نــزد ایــن و آن و ورا ایــن و آن نمــانــد

بـا ثروتـی کــه بودش ســالک بهــیچ وجــه
باقـیش یک سـتـاره بهـفت آسـمـان نماند

جــانش بخــر زوام اگــر چه ز وامــخــواه
بیــچـاره را بـه قـالب افـسـرده جـان نماند

بر حسب وعده، نقـد کرم کن کـه سـود اوست
او را ز قـرض گـرچه کـه سـود و زیان نماند

فــرمــا به بانک وجــه برات فــلان بده
(زان پیــشـتـر کـه بانک برآید فـلان نماند)

حسن اعتذار و وعده مجدد از سالارالدوله

دەبێ ئاماژە بکرێ کە ئەم شازادەیە کە سەرەتای داواکاری پاشایەتیشی بووە، یەکەم جار لە سەر نامەکەوە بە ناوی (سالارالدوله)وە مۆری کردووە و پاش ئەم بەندە واژۆی کردووە، شیعرەکەشی شاهانە نووسراوە.

ای سـالیکی کـه غـیـر تو آمـیـژه سـتـرک
در شــهـر قـرمـیـسن اثر از همگنان نماند

خــواندم عــریضــه تو و از نظم و نێــر آن
شـــادم چنانکه در دلم از غم نشـــان نماند

در تنگدســتـی تو پس از عــرض مــدعــا
ادوار ریب طی شــد و جــای گــمــان نماند

لیک از مـصـــارفی کـــه خـــودت آگـــهی از آن
شـد کـیسـه ها تـهی که در آن یک قرآن نماند

در کـــار مملکت همگی طرف شـــد نقـــود
کـز پول بانک هـم به جـز از داسـتـان نماند

نک عـازم است حـاکم هرسین به سـوی شـهر
چون در توقف از غـضـــبم در امـــان نماند

بعـــــد از ورود او همــــــه وجــــــه برات را
گـیــرم از او کـــه جـــای چنین و چنان نماند

بعـــد از وصــــول وجـــه برات و حـصــــول آن
آنسان که خـوف در دلت از بیگ و خـان نماند

اندر دعـــای حـضـــرت مـــاکـــوش روز و شب
(زان پیــشــتــر کـه بانگ برآید فـلان نماند)

دەبێ ئەم ڕاسـتـیـیـەش بوترێ کـە ئەو شـتـەی حـەزرەتی سـالک لە سـالاّرودەوڵەی ویستووە خێرات و خەلاّت نەبووە یان چاوەڕوانی خەلاّتی شازادە نەبووە؛ بەڵکو ئەو برە پارە سـالاّنـەیەی خـۆی کـە خـودی شـاو شـازادە بـۆیان دیاری کـردووە، وەری گرتووە و واژۆی هەمووی بەرپرسانی لە سەرە و ئێستاش ئەو فەرمانە هەر ماوە لە دەستی فەرەیدوونی سالیکیدایە و کورتەیەکی ئاوایە:

(لە سەرەوەی نامەکەوە مۆری سالارودەوڵە دەبینرێ)

حـوکمی وەزارەتی؟! ـ ئـەوەی کە بۆ بژیوی ژیانـی بەڕێز قوتبولعـارفینی میـرزای سـالیک... بە ئـەرکی سـەرشـانـی خـۆمـانی دەزانین و بـۆیە هـەشـتـاد تمەن لەمـاڵی ویلایەتی پێ دەدەین..

(درێژەی حوکمی وەزارەتی خوالێخۆشبوو سالیک لە خەزێنە)

(... دوایی حـیسـابدارەکـە قـەبزی (وەسـڵی) بۆ دەنـووسـێ و... دەیچـەسـپـێنی. مانگی شەواڵی ١٣٢٩)

«مـۆر و واژۆی کـارمــەندی نووســینگە. ســەدیقـوسـەڵتـەنە، بـەنانوسـەڵتـەنە، بەنانولولک. موعتەمەد (؟) (نەخوێندرایەوە)

### فەریدولولک[1]

فـەریدولولک قـەراگوزلوو وای کـرد شـازادە ببێتـە هۆگـری بەمـیـرزا ئەڵلادۆسـتـی سالیک کە بۆ ئەم ئاشنایەتییە بەڵگەمان بەدەستەوەیە.

«بارەگـای مـوبـارەکی... بەڕێز عومدەتوسـالکین و عـارفین.... چەند شـیـعرێکی هۆنیوەتەوە کە نیشانەی گەورەیی و ئەزمـوونن... لە ڕاستیدا خوێندنی هەیە و بۆیە ناردوومە خـزمەتتان... وەڵامەکەی بدەنەوە، کە کارێکی زۆر موبارەکە، فەریدولولک سالارودەولە لە پەراوێزەکەیدا وەهای نووسیوە:

«بە ڕاسـتی وتارەکەی بەڕێز فـەریدولولک کە زۆر شـایانی بـایەخـە، بۆیە وەڵامی ئاغام نەدایەوە لەبەر ئەوەی حەزم کرد ئاغا لەگەڵ خۆتان بهێنن... واژۆ»

لە کـتـێـبی بیـرەوەرییـەکـانی فـەرید کـە تێـیـدا زۆر بەڕێزەوە باسـی لە مـیـرزا ئەڵلادۆسـت سـالیکی کـردووە، خـوالێـخـۆشـبـوو فـەریدولولک زۆر ئۆگـری مـیـرزا ئەڵلادۆست سالیک بوو، کە حـەزی کردووە هەموو پیاوە دەوڵەتییەکان بێنە زیارەتی و شانازیی پێوە دەکرد، (ڕۆحی شاد بێت).

سـەهامودەولە، کە پاش کۆچی دوایی میرزا ئەڵلادۆسـت لە کرمـاشـان حوکمی کردووە بەو هۆیەوە کە تۆمـەتی کوشـتنی سـەیدی لوڕسـتـانی خرایە پاڵ نوور عـەلی کوڕی چکۆلەی مـیرزا ئەڵلادۆستی سـالک و چەند دێڕێکی نووسـیوە و بەیازەکەشی هەرماوە.

سـاڵی ١٣٣٠ی کـۆچی، کـۆتایی بە تەمـەنی پڕخـێـری هـات و ٤ کـەس کـە دوو کەسـیـان شـاعیـر و دوو کەسـیـان مـامـۆسـتـا بوون، قـوتابیی ئەو بـوون و تەنانەت هەمووان باسی گەورەیی قوتابییەکانیان کردووە.

سـاڵی ١٣٣٠ی کۆچی لە زەمـاوەندێکدا یەکێ لـە کوڕەکانی سـالیک تـۆمـەتبـاری

---

١ فـەریدولولک قەراگوزلووی هـەمـەدانی، خاوەنی خـاتراتی فـەرید، کاربەدەسـتی دەرەوە لە کـرمــاشــان. بۆ زانیـاریی زۆرتر (بڕوانە بـە جـغـرافـیـای تاریخی و تـاریخ مـفـصل کرماشان، ب ٤ و ٥ محەمەد عەلی سوڵتانی).

قـەتڵـێک دەبێت و ئەم سـەهامـودەوڵەی حـاکـمـە لـە نامـەیـەکـدا دەنووسـێ بۆ بەرپرسەکانی ناوچە:

«لە بابەتی کوشتنی سەیدی لورستانی کە لە ماڵی محەمەدی عوسمانوەند (کە دوایی بوو بەخـەزووری) رووی داوە لە بەرواری ٢٦ زیقـەعـدەی ١٣٣٠ مـیـرزا نوورعەلی سالیک تاوانبار نییە و کەس ئازاری نەدات. واژۆی سەهامودەوڵە.

لە مانگی رەبیعوسـانی ١٣٣١ بەرێز فەریدولولک کاربەدەستی وەزارەتی دەرەوە باسی بارودۆخی دۆستان لە کرماشان کردووە... لە ئاخرەوە ئاماژە دەکات:

«سەبارەت بە مێژووی کۆچی دوایی میرزای سالیک ـ خوای لێی رازی بێ ـ چاوەڕوانیت تا هەواڵێک لە ئەدیبوسەڵتەنەوە بگات. بۆیە ئەم پارچە شیعرە زۆر قازانجدارە.

(تبّـرایی) اگـر خـواهی بدانی
پس از دنیا چه شد عقبای سالک
بـه تـاریخ وفـات او بگو شـد
(همی باغ جنان مـأوای سـالک) ١٣٣١

کە ئەم حیسابە بە ئەبجەد دەبێتە ساڵی ١٣٣١ی کۆچی. یانێ بەڵگەنامەی میرزا نوور عەلی کە لە دارولحکومەوە دەرهاتووە یان ئەوەی کە هەمزەی مەئواکەی حیساب کردووە و یان وەک شاعیری دوورە وڵات کۆچی دوایی سالیکی هەر ساڵی دانانی چوارینەکە زانیبێ.

بەرێز فەرەیدوون سـالکی لە زمانی بابی خوالێخۆشبوویەوە گوتوویە: لە سەردەمی حکوومەتی کاتی لە کرماشان بڵاو بووە کە تاقمێک هاتوونەتە کرماشان و ئەم وتەیە دووسێ رۆژێک هەر دەوترا، تا ئەوەی رۆژێکیان هاتمەوە ماڵ و بە منیان گوت سەربازێک لە لایەن ئەدیبوسەڵتەنەوە هاتووە و وتوویە بەیانی بچی بۆ خزمەتی؛ حەزرەتی سالیک کۆچی دوایی کردبوو و ئێمە کەسەر دای گرتین. بەیانییەکەی چوومە سەربازخانەکە و رێگەیان نەدام بچمە ناوەوە. ترسام، پێم وا بوو ئەدیبوسەڵتەنە بەند کراوە و بۆیە سوور بووم بچمە سەربازخانەکەوە، لەوکاتەدا بەشێک لە دیوارەکەی باشووری رۆهەڵاتی وێران بووبوو و لە لای بازاڕی

مسگەرەکانیشەوە دیوارەکان دەستیان لێک بەربوو بوو و بە باشی دەمتوانی بچمە ژوورەوە بە بێ ئەوەی ترسم ببێ، خـێـرا دەرچووم و لە کـولیـچـەپەزەکـان و مسگەرەکان گوزەرام لە سەربانەکان بازم دا.

ژووری بەندییـەکان هـاوئەندازە نەبوون، بۆیـە زۆر بە ئاسـانی خـۆم ون کرد، کـە تۆزێ چوومـە پێشـەوە دەنگە دەنگێکم بیـست زۆر لەسـەرخـۆ شـتێکی دەگـوت کە چوومە پێشەوە چاوم کەوتە پیاوێک کە مووی سـەری پاک تاشیبوو و بە بێ کراس دانیشتبوو و جلەکانی وشک دەکردەوە، سڵاوێکم کرد و پرسیاری کرد

– چیت دەوی گیانا؟ لێرە بەشوێنی چیدا دەگەڕێی؟

– ئەدیبووسەڵتەنە داوای کردووە بچمە خزمەتیان و ئێستا سەربازەکان ئیزنیان نەدامێ بچمە خزمەتیان

– مەگەر ئێوە کێن؟ خزمایەتیتان چلۆنە لەگەڵیان؟

– من سالیکیم[١] و...

– زۆر چاکـە، زانیم، تۆ کـوڕی مـامـۆسـتـا ئەدیبی!! دەزانی چەندە کـارەکـەت مەترسیدارە؟

– نە، بۆچی؟

– بۆ ئەوەی کـە دەتویست بە دزییـەوە بچـیـتـە سـەربازخـانەکـەوە، ئـەویش لەم بارودۆخەدا؟!

– دەمتوانی چی بکەم؟

– هیچ، هەر لێرەدا بوەسـتـە، بوەسـتە من سـپێکانم داتەنکاندووە و پێکەوە دەچین بۆ لای، تۆ منت ناسیوە و لە هەمـان کاتدا دەسـتی کرد بەبەسـتنەوەی عـەمامـەکەی کە کردبوویەوە. من گوتم:

– نە بەڕێز.

– من وانە دەڵێـمـەوە. هـاوڕێ بەڕێز ئـەدیب و نیزامـوسـەڵتـەنە و چەن کـەسـی تر هـاتین و بووین بە میوانی ئێوە.

---

١ لە ڕۆژگـای دەوڵەتی کـاتیـدا پێناسـە نەبوو؛ بـەڵام وەهای پێـشـان داوە کـە بەبۆنەی ناوبانگی زۆری میرزا ئەڵڵادۆستی سالیکەوە پێیان دەوترێ سالیکی.

پاشـان جلوبەرگـەکەی کـردە بەری، منـی بردە ژوورەکەی ئەدیبوسـەڵتـەنە، ئەو خواڵیخۆشبووە منی ماچ کرد و گریا و پاشان دە تمەنی پێ دام و گوتی:

– دەچـی ئـاجـۆر (کـەرپووچ) و ئـاهەک (قـسـڵ) و بەرد دەکـڕی تا من ئـەمـشـەو نەخـشـەیەک بۆ گـۆڕسـتـانەکـە بکێـشم، بەیانی وەرە، پێکەوە بچین تا بەشـێک لەو کتێبانە هەڵبگرین تا لە ناو نەچن و پاشماوەکەی بدەم بە کوڕەکان.

پارەم وەرگرت، کـەلوپەلەکـەم کڕی و بردم بۆ گـۆڕسـتـان و بەیـانی زوو چووم بە دوای ئەو خواڵیخۆشبووەدا و هاتینەوە بۆ ماڵ.

ئەوەی کـە لە بیـرم مـاوە، لە دەوری ٨٠ بـەرگ کـتـێـبی هەڵگرت و خـسـتـیـە ناو سندۆقـێکەوە و پاشـمـاوەکـەی دایە دەسـتـی میـرزا نوور عـەلی کـە لە نێـوان سێ کـوڕەکـەی لـە هەمــوویان زاناتر بـوو و هەر لەو دەمــەدا لە دایرەی گـومـریک دای مـەرزاندبوو کە ئەو دەم، بەرپرسـایەتییـەکەی وە ئەسـتۆی پیـاوێکی بەلجیکی بوو. دەبێ بوترێ خوالێخۆشبوو ئەدیبوسـەڵتەنە، پێی وا بوو کە ئـەو باشترین کـەسە بۆ پاراسـتنی ئەو کتێبـانە. هەر چـەند کـەمیـشـیان لـێ مـابوونەوە، بەڵام زۆرتر لەگەڵ نوور عەلی باسی دەکرد:

– عـەزیزەکـەم، لـەم کـتـێـبـانە غـافـڵ نەبی و بەیانی لە کـتـێب فـرۆشـیـیـەکـان بیانبینمەوە؟؟

بەڵام بەداخەوە ئەم کتێبانە هەر بەو دەردە چوون کە چاوەڕوانیی دەکرد، جگە لە چەند بەرگێکیـان کـە یەکێ لە دراوسـێکانیـان کـە خـزمـایەتییـەکی دووریان پێکەوە هەبوو لە دووکانێ کڕیبووی؛ بەڵام پاش چەند سـاڵ گوتی هیـچ لە دیوانی سـالیکم لەلا نەمـاوە. هەر چەندە جـاروبـار غـەزەلێکی لێـوە دەبیـسـرا کـە خـەڵکی شـاری کرماشان ئەو شیعرانەیان لە زمانی پیـاوێکی گەورە وەک ئەڵلادۆستەوە بیستبوون. هیچ قاڵاوێک بە بەستنی پەڕی تاوسەوە نابێتە تاوس.

لە کۆتاییـدا دەبێ ئاماژە بەو خـاڵەش بکەین کـە ئەو بنەماڵەیە لە تویسـرکانەوە هـاتوون و لـە ژێر فـەرمـانی ئەمـیـر شـوورین تاقـمـێکیـان لە مـەندەرئاوای نزیکی ئەسـەدئاوا تا پردی شکاو، خـەریکی کـاری کـشـتـوکـاڵ بوون و تاقـمـێکی تریان هاوڕێ موریدان هاتنە کرماشـان و لە شـوێنێکی تازە ئاوەدانکراوی شـارەکەدا کـە باوکی خـوالێخۆشـبوو میرزا عـەلی خانی سەرتیپ حەوشـەیەکی زۆر گـەورەی لەناو

باخـێکی خـۆشـدا بۆ بنەماڵە مـەزنەکەی خـۆی بنیـات نـابوو، لە شـوێنـێک بە ناوی سینەی گوڵی زەرد کە لە لێژایییەکەوە دەستی پێ دەکرد بەرەو ئاوشۆران دەهات و پاشان بە ناوی (پـاڵی دەروێشان)[1] ناوی دەرکرد. (لە لایەن دەسـەڵاتەوە درابوو بەم بنەماڵەیە) نیشتەجێ بوو و هەر کام بنیاتێکی باشیان بۆ خۆ دروست کرد.

هـەروەها سـەبارەت بە زنجـیـرە و تـەریقـەتی مـیـرزا ئەڵڵادۆسـتی سـالیک دەبێ بوترێ زۆرتر بـە سـەر ئایـنی ئالی حـەق بوون و ئەمـبـەر و ئـەوبەریان نەدەکـرد. لەم بارەوە خـودی حـەزرەتی مـەولانا جـەلالەدینی عـەلی ئەدیب لە نامـەیەکـدا حـوکـمی خوالێخۆشبوو دیوان بەگی شیرازی ڕەت کردووەتەوە کە ئەو زاتە سـەرەتا لە سەر باوەڕی نێـعـمـەتوڵڵایی بـووە و دوایی چەنـدین تـەریقـەتی گـۆڕاوە.[2] ئووژن ئووین باڵوێزی فرەنسـا لە ئێران پاش گەشـتێک بەناو وڵاتی ئێراندا لە سـاڵانی ١٩٠٧– ١٩٠٦ هـاتووەتە کرمـاشـان و لەگەڵ مـیـرزای سـالیک وتووێژی کردووە، ناوبراو بە هەڵە پێی وتووە میرزا ساڵح.

لە بابـەتی پیـری ئالی حـەقدا نووسـیـویە: مـیـرزا سـاڵح [سـالیک] کـە ڕێبـەری

---

١ بەپێی بەڵگەکان جـەمخـانەی موشـەعشـەعییـەکانی ئاتـەش بەیگی لە ڕۆژگاری حـەزرەتی شـا ئاغـا مـیـرزا لەم گـەڕەکـە بەسـەرپـەرشـتـیـاری ئەڵڵادۆسـی سـالیکەوە و نـزیکی دەروازەی کرماشـان شـوێنی حـەوانەوەی بووە، ئەم جـەمخـانەیە کە شـۆرەتی زۆری لە کرماشان هەیە.

٢ بەپێی وتووێژ و نووسـراوەکانی خوالێخۆشبـوو میرزا ئەڵڵادۆست سالیک و زانای بەڕێز ئاغـای فـەریدوونی سـالیکی ڕێکوپێکی کـردووە، کـە بۆ کـۆکـردنـەوەی بەڵگە و سـەرچاوەکانی مـیـرزای سالیک هـەوڵی زۆریان داوە، پاش سـوپاس و پێـزانینی زۆر لەوان و لەبەرئەوەی بابەتی هەرە باشی سەبارەت بە کرماشـان لە دەست دابوو و دایە دەسـتم و حـەزم لە کەمکردنەوەیان نەبوو و لە جێی خـۆیاندا دامنا. حـەدیقـەی دیوان بەیگی سەبارەت بە میرزا ئەڵڵادۆست سالیک نووسیوویە:

میرزا ئەڵڵادۆست کوڕی شێخ مورادە و بابی لە دەروێشانی جەلالی بووە و پاشان لە هەمەدان چووەتە خزمەتی ئاخوندی مولا وەلی ئەڵڵای نیعمەتوڵڵایی و تەریقەتی گۆڕی و نازناوی تەریقەیی (موحێبعەلی) پێی بەخشرا. حەدیقەتوشوعەرا (حدیقـة الشـعرا) ، ب، یەکەم، ل ٧٢٩ـ ٧٣٤). مـیـرزای سالیک لە سـەرەتای کتـێبـەکەی (مصباح الطرائق) خۆی بە بەختیاری و کرماشانی ناساندووە.

«عەلیولّلاییيەکانی» کرماشانە. پیاوێکی لاواز و ڕواڵەتێکی بەرچاو، لووتێکی بەرز، برۆی پڕ، ڕیشی تەنک و تا ڕادەیەک سپی، عەسایەک لە دەست و ئەنگوستیلەیەکی پیرووزەیی لە ئەنگوستی دەستی ڕاستی دەبینرێ. میرزا [سالیک] لە عەرەبەکانی بەنی ئەسەدی خووزستانە. بەگەنجی سەرو پێ پەتی دەگەڕا. پاش ماوەیەک چووە خزمەتی (سەید میرزا) کە سەید میرزا خۆیشی لە عەلیولّلاییيەکانی لوڕستان بوو و ڕێگای تەریقەتی هەڵبژارد. ماوەی سێ مانگ لە لای ڕێبەرێکی مایەوە و لە ڕووی ئاینییەوە پێ گەیشت و ئیزنی ئیرشادی وەرگرت.

پێنج ساڵ لە نەهاوەند و تویسرکان مایەوە و پاشان گەڕایەوە کرماشان و لەوێ نیشتەجێ بوو.

میرزا [سالیک] سەبارەت بە بنەما و پایەی تەریقەکەی خۆی ئەفسانەیەکی سەیری بۆ من گێڕایەرە و [پاشان داستانی محەمەد کوڕی نوسەیر و ماسی گەرگەڕ و مردن و زیندووبوونەوەی محەمەدی کوڕی نوسەیر بەدەستی حەزرەتی عەلی (د.خ) گێڕاویەوە] و لە درێژەدا دەڵێ؛ لە ڕوانگەی میرزا [سالک] کە پیاوێکی زانایە، «عەلیولّلاییيەکان» و «نوسەیرییەکان» خۆیان گرووپێکن کە دەچنەوە سەر «نوسەیر». ناوبراو تەنیا ڕواڵەتێکی لە فەلسەفەی سۆفییانەی دەبینی. ئەم باوەڕە لە دڵی ئیرانییەکاندا جێی خۆی کردەوە، بەلّام بەداخەوە تێکەڵی خورافات بوو.

میرزا [سالیک] لەو باوەڕەدا بوو کە یەک لە سێ خەڵکی ئێران عەلیولّلایین. هەروەها بیرو باوەڕی ئاینیی خەڵکی لەگەڵ عەقلّانیەت نێوانی زۆر بوو.

ستایشی لە ڕادەبەری حەزرەتی عەلی دەکەن و جاروبار ڕۆژۆ و نەزر و نیاز و زیکری ئاشکرا، کورت دەبێتەوە و پاشان دەچنە دنیای خەلسە و دواتر بەناو بەسەر پۆلوودا دەچن و پێیان وایە کە نووری خوایان بینیوە.

هەر چەند ئەو تایبەتمەندییە خواییيانەی کە دەیدەنە پاڵی حەزرەتی عەلی لە ڕوانگەی عەلیولّلاییيەکانەوە بایەخ دەدات بە سەیدە زیندووەکان و بەلّام سەبارەت بە ئەو سەیدانەی کە مردوون ڕاست نییە[1].

---

١ ایران امروز (١٩٠٧ـ ١٩٠٦) ئووژن ئووبن، وەرگێڕدراوەی عەلی ئەسغەری سەیدی، ل٣٤٣ – ٣٤٥.

**ناوچە پیرۆزەکانی موریدانی بنەماڵەی ئاتەش بەگی (موشەعشەعی)**

ئاتەش بەگی = ئاتاش بی = ئاتاش بیئی، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئاینی میترانیی (مێهری) و لەم شوێنە وجاخگەلێکی جۆرواجۆر هەیە، بەتایبەت:

١: وجاخی (بەند عەلی بەگ) کە موریدانی عەلەویین (عەلەوییە توندەکان = ئالی حەق) کە لە ئازەربایجاندا پێیان دەگوترێ گۆران و زۆر باوەڕیان پێی هەیە و هەموو ساڵە دەچنە زیارەتی.

٢: وجاخی (قرمزی داش) لە دەرەوەی دێیەوەیە، تاشە بەردێکی سووری زۆر گەورەیە.

٣: وجاخی (گڵۆک) بە مانای (گوڵزار) وجاخی یەکەم لە نێوان چوار دیوارییەکی هەژارانەدایە؛ [بەسەرهاتێک] لەو دەڤەرەدا لەسەر زارانە کە جارێک لە کاتێ بناخەی عەمارەتێک هەڵدەکەنن و لە ناکاو چاویان دەکەوێتە لاشەیەک کە هێشتا کەفەنەکەی زەرد نەبووە و پاش ئەوەی قوڵنگەکەی لێ دەدەن، خوێنی لەبەر دەڕوا، خێرا دای دەپۆشنەوە. لەو دەڤەرەدا گۆڕستانێک بووە کە لە دەوری ٢٠٠ ساڵ پێشتر عەمارەت بووە، چەندین لاشە بە کەللەی زلەوە دەرکەوتوون، ئەم شوێنە لە بنەڕەتدا ناوی قول قاسم کەندی بووە.

لە سەردەمی نادرشاوە پێی وتراوە ئاتەش بەگ... سێ گوندی تریش لەو ناوە بوون و ئێستا لکاون بەیەکەوە و شارۆچکەیەکن ئێستا ئاتەش بەگ ٢٤ دانگە، لەسەردەمی دەسەڵاتی محەمەد شا و ناسرەدین شا لە (کەماڵی ئابادی) دابوون. هەرچەند شەست ساڵی پێش، شێوە بینای بە شێوازی تەورێزی زۆر بووە و لە دەوری ٣٠ ماڵی ئەعیانی لێ بووە... (پاشان خوالێخۆشبوو نەسرەتوڵڵای فەتحی (ئاتەشباک) بەجوانی باسی هاتنە ناوەوەی بابەگەورەکانی بۆ ئاتەش بەگ و چوونی سادات بۆ کرماشان و پاشان بوومەهێن کردووە و ئەم باسە بایەخی مێژوویی نییە؛ پاشان دەڵێ ساداتی ئاتەش بەگ لە (کرماشان) تا دەوروبەری ٥٠ ساڵ پێش داوایان لەو زیارەتکەرانە دەکرد کە لە (ئازەربایجانەوە) دەچوون بۆ شوێنە پیرۆزەکانی نەجەف و کەربەلا، داوایان کردووە تا تۆزقاڵێ لە خاکی ئاتەش بەگیان بۆ بەرن. یان وەک متفەرک لە ماڵ دای بنێن، یان وەک شاباش لە زەماوەندەکاندا لە بەرامبەر خەڵاتدا دەیان دا بە خەڵک. (نەسرەتوڵڵا ئاتەشباک) لە

کەسێکەوە کە خۆی هەڵەیەکی کردووە، بیستم کە ناوی حاجی ئاغاسوڵتان باتمانقلیچ بووە و لە سەردەمی شوجاعودەولە (نازناوی ئەرشەد سوڵتانی) پێ دابوو و دەیگۆت، ئەو ساڵەی کە دەمانویست بۆ کەربەلا بچین، چاوش وتوویە: ساداتی ئاتەشبەگ لە کرماشان ڕایان سپاردووە بە هەر جۆرێک بێ کیسەیەک خۆڵی بۆ ببەن، لە ئاتەش بەگەوە؛ بەڵام لە کاتی گەڕانەوەمان لە بیرمان چوو پاش ئەوەی ٥ فرسەخ لە ئاتەشبەگ دوور کەوتینەوە، ئەوجارە بیرمان هاتەوە کە خۆڵمان نەبردووتەوە. من گوتم گرینگ نییە لە خۆڵی ((شڵوەند)) کە نزیک دەبینەوە دەبەین و گوتمە نۆکەرەکەم، کیسەیەک پڕ لە خۆڵ بکات. کە گەیشتینە ئەوێ، خەڵکی هاتنە پێشوازمانەوە و ڕێزی زۆریان گرتین، شەو دا هات سەیدە گەورەکەیان هات تا خۆڵەکە بباتەوە و خۆڵەکەیان هێناو زۆر بە خۆشحاڵییەوە خۆڵەکەی وەرگرت و کاتێ بۆنی پێوە کرد، ڕەنگی بزرکا، وتی سپاس؛ بەڵام ئەمە خۆڵی ئاتەش بەگ نییە. پرسیم چلۆن؟ گوتی خۆڵی ئاتەش بەگ بۆ هەموو وەچ و بەرەکانمان بۆنێکی تایبەتی بووە؛ هەموو حازربووان شڵەژان.

نۆکەرەکەم زۆر ژیر بوو، گوتم لە کوێ هێناوتە و ئەویش خێرا گوتی قوربان ئەو ڕۆژەی کە بۆ سەیران چووین بۆ دەوروبەری گوندی ((بەسیت))، لەوێ هێنام. منیش گوتم تۆ هەڵەت کردووە، ئەوێ خاکی بەسیتە نەک ئاتەشبەگ و داوای بەخشینم کرد و بڕیارم دا سەفەری دوایی لەو خۆڵەیان بۆ بهێنم، ئەمەم زانیوە و درۆش نییە (ئەم زانیارانە بەڕێز خواجەدین لە زمانی خوالێخۆشبوو ئاتەشباک کە خەڵکی ئاتەش بەگی ئازەربایجان بووە، دەگێڕێتەوە. سەیری بۆ کەشکۆڵی خاکساری، ل ل ١٩ـ٢٠بکە)

٢ـ بارەگا و گۆمەزی گەڕەبان کە لە سەردەمی میرزا عەباس بەگەوە تا ئێستا گۆڕستانی مەسنەدنشینەکانی ئاتەشبەگ بووە و سەیدە خانم عەلەویە شەریعەی موشەعشەعییەیە دایکی ئاغا نیزام لەو گۆڕستانە نێژراوە. پاش ئاتەش بەغ و مەراغە لە هەموو شوێنێ دەوری گرینگترە.

٣ـ بلوورانی لوڕستان ـ لە چل کیلۆمەتریی باکوری ڕۆئاوایی کۆدەشتەوەیە لە کێوی بلووراندا گۆڕی سەید میران بەگ هەیە سوڵتان مەحموود ئاغاش لەوێ نێژراوە.

٤ ـ بارەگای ئەبولوەفا کە لە سی کیلۆمەتریی باکوری رۆژاوای کۆدەشتەوەیە کە بارەگای ئەبولوەفایە.

٥ ـ چل دارەکە لە بەرانبەری بارەگای بلوورانەوەیە و شوێنی ناشتنی چل کەس لە گەورەکانی ئالی حەقە کە لە سەرمای زستاندا رەق هەلاتوون.

٦ـ گۆرستانی حەزرەتی سوڵتان سەید ئەحمەد (باوە یادگار) ؛ کە لە کێوی دالاهۆدایە ولای ئالی حەق رێزی زۆرە.

**شوێنەوارە نەزەر کراوەکان**

١ـ سەهەند کۆ؛ کە لە ئازەربایجانی رۆئاوا دایە، کە شوێنی رازو نیازی شا محەمەد بەگە.

٢ـ کێوی کەنی کەلان کە لە نوورئاوای لورستان و لە ناوچەی چواری دوڵفانەوەیە و لەو باوەرەدان کە حەزرەتی عەلی لەوێوە تێ پەریوە و پێی دەوترێ؛ هەمیشە زەرین.

ناوچەکانی ژیانی موریدانی بنەماڵەی ئاتەش بەگی (موشەعشەعی)

ئازەربایجان ـ قەرەداغ لە ناوچەی سنووری نێوان ئێران و یەکیەتیی سۆڤیەت کە کەوتووەتە دووبەری سنوورەوە، قەرەباغ لە دەوروبەری ماکۆ، تازەکەند، شووتە، مەرگێن ژوور و خوار، موخیلی، خۆی، دەروبەری سەڵماس، ورمێ (بلانچ، ئوزون، ئورمیە) میاندواو (عەشیرەتی گۆران) تا نزیکی مەهاباد، بوناب، مەلەکان، ئیلخچی، چەند گەرەکێکی تەورێز.

لورستان ـ دولفان، ئەلشتەر، نوورئاواو...

باکور (مازندەران) ـ کلاردەشت، چالووس، دوورگەی فەرەحناز (حەسەن کیادە)، پیر بازار، (نۆ خاڵە، گازگیشوو)، توراب خالە، سووفیان دێ.

تاران ـ چیتگەر، دەماوەند، رووده‌هێن و عەشیرەتەکانی کورد بەچە، کە داگری چەند عەشیرەتی جۆراوجۆرن و زۆرتر لە بنەماڵەی عەلەوییەکانن و تاقمێکیان پێرەوی عەلەوییە شیعە دوازدە ئیمامییەکانن، وەک: قوزلووەکان (حەفتەوانەن)، سیا مەنسوورییەکان (سەفەوییەکان و پەراوەکەشیان کەلامی شاخەتاییە) و لە

گەرمسار و وەرامیندا پێڕەوی ئاتەشبەگین. ئایرملووەکان لە چەند بنەماڵەی جۆربەجۆر پێڕەوی دەکەن. قاسملووەکان بەشێکن لە سیامەنسوورییەکان، بەڵام عەشیرەتەکانی (تاجیک)، پازووکی ئێقتیداری، هیمەتی دەماوەند، شیعەن و لە ناو تایفەی ساندا بەناوی ئالی شەریعەتەوە دەناسرێن. هەر وەک هیداوەندەکان عەشیرەتێکی بەرتەسکن، دەبێ بوترێ، لە کەلاتی دەوروبەری تاران؛ ناوچەکانی گیلان، ئاوسەرد، سەیدئاوا، جابان کە پێشتر لەوێ یارسان هەبووە، بەڵام ئێستا کەسی لێ نەماوە. هەروەها لە مێهرئاوا، گەرمسار، چەنگە، خاوەرشار و لە وەرامین و ناوچەکانی؛ حەسار عەلی، حەسار کەڵەک، کەو و گۆبەند و پەرچیندا دەژین و لە تارانیشدا لە گەڕەکە کۆنەکانی سەنگلج، سەرچاوکەی (سەرچەشمە) تاران و... نیشتەجێن.

هەمەدان ـ کێشین کە لە دەوری سێسەد بنەماڵە لە پێڕەوەکانی ئاتەشبەگن و بارەگایەکی گەورەیان لەگەڵ سەیدی سەرجەمدا هەیە پێڵ شکستە (ڕۆستەم ئاوا) لە ناوچەی هەمەدان لە چەند بنەماڵە پێک هاتوون.

کرماشان ـ گەڕەبان، سانە (سەحنە)، تویسرکان، کەنگاوەر، هەرسین و... ئاتەش ـ بەگییەکان دەبینرێن.

نەهاوەند ـ لە هەنجیران و بەختیاری و...

ئێسفەهان ـ لە شاهین شار.

تورکیا ـ پێڕەوە سەرەتاییەکانی شاوەیسقولی لە قورقوودایلی، قەرابیق، ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ، ڕۆم ئیلی، ناوچەکانی سەرز، سلانیک، زاگاری نییجە، فیلیبە، سۆفیە و....

یەکەتیی سۆڤیەت ـ ئاراکس، عێشق ئاوا.

عێراق ـ مووسڵ.

دەبێ ئەو خاڵە گرینگەش لەبیر نەکەین کە موریدانی ئەم عەلەوییانە لە ناوچە ناوبراوەکاندا لانی کەم و زۆریان هەیە.

ئەم بابەتە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە عەلەوییەکان هەرکام لەو ناوچانەدا دەژین و ئەمە بەو مانایە نییە کە هەموو دانیشتووانی ئەو ناوچانە عەلەوین؛ بەڵکو عەلەویش لەوێ نیشتەجێن. هەروەها سەبارەت بە پێڕەو و ژینگەی ئەوان کە زۆربەیان

ئاتەشبەگین هاتووە: عەشیرەتەکانی ئالی حەق جگە لە ناوچە ناوبراوەکان (کە لە سەرەتای ئەم بابەتەوە و بە زیادکردنی چەند بەشێکی باسمان لێوە کرد)... لەم ناوچەی خوارەوە دەژین:

١- لە دەوروبەری ماکۆ (لە گوندەکانی سۆفی، قەرەزمی، قزڵجە قەڵا فیشل، قەرەقۆیوون، تازەکەند، مەرگن). لەم ناوچانە بە ئالی حەقەکان دەڵێن قەرەقۆیوونلوو.

٢- لەوبەری قەفقازەوە عەشیرەتەکانی قەرەقویوونلووی ناوچەی گەنجە لە دەوروبەری ناوچەی گۆرانەوە دەژین...

٣- لە ئەرەسباران؛ ناوچەکانی کەیوان و میان جوان و کلیبر؛ پێرەوانی ئالی حەقی ئەم ناوچانە بە ((شاملوو)) ناسراون و گوندەکانی شاملوو برێتین لە؛ دەوروبەری مینجوان؛ شێخ حسینلوو، ئەحمەدلی، داش ئاراسی، سووتن، هومان، کشیشدانی، مچیدلی، عاشقلی، قەرەقووچ، مەحموود کاغی، لە ناوچەی کەیوان؛ سیغاسار، سەفەر لی، بایدی قیزیل بوول و لە ناوچەی کلیبر؛ گوندەکانی گڵدوور، حەیران، ساری دەرە، عەلەوی کووغما، گارچی، مەحمووود ئاوا.

نیشتەجێکانی ئەم گوندانە، ئاتەشبەگین؛ بەڵام لە دەستەکانی نیازلی، میلانلی و هیمەتیش دەبێ ناو ببرێ، دێژدلییەکان ناوبانگیان لە هەمووان زۆرترە کە لە زۆربەی ناوچەکاندا پەرژوبڵاون و گوندەکانی، سێغەرلوو، کەشیش فیشلاقی، سیغاساغ، بایدی، هیجە، شیرنا، گەنم نان لەو گوندانەن و تاقمێک لە حەفتەوانەکان (یەدی لەر) لە نێوان شاملووکاندا دەژین کە پێرەوی حەفتەوانەکان ماونەتەوە. لەم گوندانەدا ڕۆحانی (مامۆستای ئاینی) نابینرێ. تەنیا خەلیفەکانن کە هەموو کارێک لە دەستیانەوەیە، بەتایبەت بەڕێوەبردنی جەمخانەکان و دابەشکردنی دیگ جووش، بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی سەرسپاری و تەشریفاتی عیدی سوڵتانی و هتد لە ئەستۆیاندایە[١].

هەروەها خوالێخۆشبوو عەلی محەمەد ساکی دەنووسێ: گرینگترین

١ بەشی ئاخری کتێبی شوێنکەوتووان بووەتە کەشکۆڵی خاکساری، سەید محەمەد عەلی خواجەدین، ل ٨٠٧.

عەشیرەتەکانی (ئالی حەق) لە دولفان: مـاڵ موومە، میربەگ چاواری، نوور عەلی، سەنجاوی و لە تەرهان دەکرێ ئاماژە بە: ڕەیسوەند، یاری بەگ، بمیر، وەلی بەگ، نوور عەلی بلوورانی بکەین[1].

١ جغرافیای تاریخی و تاریخ لرستان، عەلی محەمەد ساکی، ل ٨٠، خوالێخۆشبوو سالیکی لە لێکدانەوەیەکدا سەبارەت بە عەلەوییە توندڕۆکانی ئالی حەق لە لوڕستان و هەروەها بنەماڵەی ئاتەش بەیگی (موشەعشەعی)، سەبارەت بە باپیرەی بنەماڵە (امیر شا قاسم) ناوێک دەهێنێ (؟) کە لە زنجیرەی شەجەرەی بنەماڵەکەدا نییە و نازناوانێکی تر کە... ئەم بەرهەمە وەک سەرەتا وتمان نامەی لیسانسی ئەو خوالێخۆشبووەیە و دوایی ویستوویە ڕێکوپێکتری بکات کە مەرگ مەودای نەداوە.

ئالبومی

وێنەکان، شەجەرەنامە، بەڵگەنامە

# بنەماڵەی موشەعشەعی (ئاتەش بەگی)



ئاغا سەید عەبدولعەزیم میرزا (ئاغا بەخش) موشەعشەعی (ئاتەش بەگی) هاوڕێ
شوێنکەوتووان و مورید و سەرسپاردەکان



ئاغا سەید عەبدولعەزیم میرزا
موشەعشەعی



ئاغا سەید عەبدولعەزیم میرزای موشەعشەعی (ئاتەش بەگی) هاوڕێیانی نزیک و شوێنکەوتووان و بنەماڵە



لە ڕاستەوە (دانیشتوو) سەید عەبدوڵڵا میرزای موشەعشەعی، ئاغا سەید محەمەد حوسێن میرزای موشەعشەعی، سەید ئەکبەر میرزای موشەعشەعی، سەید محەمەد نەبی میرزا موشەعشەعی




ئاغا سەید محەمەد حوسێن میرزا
موشەعشەعی لە سەرهەڵدانی رەزا
شادا



لە چەپەوە؛ سەید فەریدوون موشەعشەعی، سەید فەرەجوڵڵا موشەعشەعی، ئاغا سەید
نیزامەدین موشەعشەعی، سەید حوسێن موشەعشەعی، سەید هیدایەتوڵڵا موشەعشەعی



سەید محەمەد کەلاردەشتی (موشەعشەعی، ئاتەش بەگی) لە کۆی ژمارەیەک شوێنکەوتووانیان



ئاغا سەید محەمەد کەلاردەشتی



ئاغا سەید محەمەد کەلاردەشتی لە کاروبای بزووتنەوە و بە ئالآی سەرهەڵدانەوە



دانیشتوو لە ڕاستەوە:


١- ئەڵڵاخان ئیسکەندەری ٢- محەمەد نەبی میرزا ئاقا موشەعشەعی کە لەلایەن ئاغا سەید محەمەد حوسێن میرزاوە بووبووە بەرپرسی کاروباری ئازەربایجان و بەرپرسایەتیی ئاینی ئیلی قەرەقویوونلووی لە ئەستۆ بوو.
٣- خەلیل ئاغای ئیسکەندەری (سەمسام). وەستاو لە ڕاستەوە: ١- کەریمی بارامی ٢- موحسین بارامی ٣ -عەبدوڕەحمانی بارامی




محەمەد نەبی میرزا ئاغای
موشەعشەعی لەگەڵ دوو
منداڵەکەی؛ سەید ناسرەدین
میرزا و سەید بەدرەمللووک خانم
(١٣١٢/٤/٤ هەتاوی)




سەی فەڕووخ میرزا موشەعشەعی
(ئاتەش بەگی) برای سەید
محەمەد نەبی میرزا کە پاش
مەرگی براکەی لە ماکۆ کۆچی
دوایی کرد




سووچی باشووری ڕۆهەڵاتی گۆڕستانی گەورەپیاوانی موشەعشەعی، ئاغا سەید عەباس، ئاغا سەید نیزام و ... لە گەڕەبانی کرماشان



سووچی باکوری گۆڕستانی موشەعشەعی گەڕەبان




سووچی باشووری گۆڕستانی گەڕەبان



بەردی گۆڕی سەید سەرخوش بەگی موشەعشەعی لە مەراغە، لە تەنیشتی بارەگای ئەوحەدی، ساڵی ١٢٠٥ کۆچی (؟)




بەردی بنیاتنانەوەی گۆڕی سەید سەرخوش بەگی موشەعشەعی کە ساڵی ١١٥٠ی کۆچی دوایی کردووە و لە مەراغە نێژراوە



بەردی گۆڕی ئاغا سەید عەباس بەگی موشەعشەعی لە گەڕەبانی کرماشان

باز این چه ماجراست بخلق زمان بود
باز این چه ناله و چه خروش و فغان بود
باز این عزای کیست که هردم؟
از دست غم به سینه و برسر زنان بود
از بهر کیست باز که اهل نیاز را
خوناب دل زدیده دمادم روان بود
این ماتم کسی است که در ساحت زمین
مهر سپهر رفعت و قطب زمان بود
فخر زمین و قطب زمان کز علو شأن
چون مهر بر سپهر ترفع عیان بود
عباس بیگ سید با دفتر و سند
کز نسل پاک خاتم پیغمبران بود
اکنون فسوس و حیف از آن سید جلیل
کز دیده با وجود جلالت نهان بود
از دیدهها نهان بود و از ارادتش
هر دیدهء عیان زغمش خونفشان بود
بگذشت چون زملک جهان روح پاک او
درپیش جد خویش به قصر جنان بود
چون لیل جمعه شانزده شعبان به امر حق
لیل وفات سید با عزوشان بود
کلک شهاب[1] از پی تاریخ زد رقم
(جنت مکانِ سید جنت مکان بود) (١٢١٤ ق)

---

١ شەهاب کرماشانی لەو شاعیرە بەنرخانەیە کە میر عەبدوللەتیف لە توحفەتولعالەمی شووشتەری دا ئاماژەی پێی کردووە. ئەم غەزەلەی کە دەبینن لە بەرهەمە بەنرخەکانیەتی، ئەگەر ئاورِ لە «ی» شەدەدار نەدەینەوە (١٢١٤) و ئەگەر وا نەبێ (١٢٢٤) دروستە و کەچی (١٢١٤) دروستە.



بەردی گۆڕی ئاغا سەید میرزای
ناسراو بە (شائاغا میرزا)ی
موشەعشەعی ئاتەش بەگی ساڵی
١٢٨٨ کۆچی

نووسراوی سەرکێلی ئاغا سەید میرزا

قطب دوران مـــرکـــز افـــلاک عـــشق
رادســـیـــد مـــیـــرزای خـــوش ســـرشت


نسل پاک مـــــصطـفی و مـــــرتضی
آنکه اندر سین تخم مـــــهـــر کـــشت

در هـزارو دوصـــدو هـشـــتـــادو هشت
ســـوی جنت رفت و دنیـــا را بـهـــشت

ملـهم غـــیـــبی لنالک گـــفت پیش
کـــه بگو کـــو کـــرده منزل در بـهـــشت

این سـیـد جلیل کـه مـدفون بود بخـاک
پیـرو دلیل و رهـبـر اهـل حـقـیـقت است


اندر طریق راهرو و شـرع مـصطفی است
زآنرو که خویش واقف رمـز شریعت است



کێلی گۆڕی خێزانی ئاغا سەید
عەبدولعەزیمی (ئابش) موشەعشەعی


(ئاتەش بەگی) لە گەڕەبانی کرماشان.
فغان زکید سپهر دو رنگ شعبده‌باز
که کار او همه کین است و ظلم بی پایان
بسی نهال برومند و بس گل رعنا
که کرد است فلکشان به زیر خاک نهان
چنانکه بانوی مریم [ ]
سپهر عصمت و عفت [ ] دوران
نژاد فاطمه اولاد پاک پیغمبر
که مام دهر نزاده است همسرش بجهان
کز دیده با وجود جلالت نهان بود
شب دوشنبه زچارم ربیع نخست
ببست بار ز دنیا سوی ریاض جنان
زداغ ماتم او شد بسی جگرها خون
ز آتش غم او گشت دل بسی بریان
چو روح باغ جنان حد (سالک)[1] او بود
بخواهد سال وفاتش ز (روح باغ جنان) (١٣٢١ قمری)

١ شیعری میرزا ئەڵڵادۆست سالیک.




بەردی گۆڕی ئاغا سەید محەمەد
حوسێن میرزای موشەعشەعی لە
گەڕەبان کرماشان

آه کــه از کین چرخ نکرده کس در جــهــان
زندگی جـــاودان نبـــوده کس زین نسق
صــبح حــیــات همــه شــام زتیــر اجل
نقــد روان پیش مــرگ بشــر نهــد در طبق
پیــمــبــر و اولیــاء ز پادشـــه تا گـــدا
نرست از چنگ مـــرگ قـــسم برب الفلق
پنجم مــاه عــزا ســیـد مــحــمــد حــسین
کـــه بود از اهل دین کـــه بود او اهل حق
سیصد و پنجاه و هفت هزار هم شد فزون
بشـــست از دفــتــرش حــیــات دنیــا ورق
برفت زین بزم خـــاک به عـــالمی تابناک
چو روز از بعد شام چو صبح وقت شـفق
مکان به جنت گرفت به مذهب جد خویش
ز شـــوق او حـــوریان گـــرفت از رخ عـــرق
روان پیــغــمــبــران ز وصل او تازه شـــد
که سید آقا حسین گشت چو ملحق به حق



بەردی گۆڕی سەڵتەنەت خانم
موشەعشەعی خێزانی ئاغا سەید
محەمەد حوسێن میرزا دایکی ئاغا
سەید مەنسوور میرزای موشەعشەعی
و کچی محەمەد تەقی خان سەرهەنگ
زەنگەنە (چەهری)




بەردی گۆڕی سەید عەلەوییە خانمی
موشەعشەعی خێزانی ئاغا سەید
مەنسووری موشەعشەعی کچی ئاغا
سەید موحسین مەعسوومی کرماشانی
و دایکی ئاغا سەید نیزامی
موشەعشەعی (مەسنەدنشینی
ئێستاکە)

بەڵگەی ژمارە: دوو ـ ٢

بابەت: شاسوڵتان حسێنی دووەم داوای یارمەتی دەکات لە سەرخۆش بەگ و سەید میران بەگ لە ڕێبەرانی بنەماڵەی موشەعشەعی بۆ ئەوەی هەمیسان دەسەڵات وەدەست بهێنێتەوە و داگیرکردنی دووبارەی ئێران لە دواین ڕۆژەکانی دەسەڵاتی سەفەویە.

بەروار: زیحەجەی ١١٤٠ کۆچی

مۆر: دارد زشاه مردان فرمان حکمرانی بر جملەی ممالک سلطان حسین ثانی




بەڵگەی ژمارە: سێ ـ ٣

بابەت: فەرمانی داکۆکی فەتحعەلی شای قاجار بە کورەکەی، واتا عەباس میرزای وەلیعەهد، بۆ پاراستنی کاروباری ئاغا سەی نیزام یەکەم و راگەیشتن بە کاروباری زەویوزاری بەمیرات ماوی ئەوان لە مەراغە و هەشترِوود و لە بەرچاو و دابینکردنی مووچەی قانوونی و شەرعی.

بەروار: زیحەجەی ١٢٣٨ی کۆچی.

مۆر: گرفت خاتم شاهی زقدرت ازلی        قرار در کف شاه زمانه فتحعلی




بەڵگەی ژمارە: چوار ـ ٤

بابەت: فەرمانێکە لە لایەن محەمەد حسێن میرزای حێشمەتوڵڵای حاکمی کرمانشانەوە کە ئاغا سەی نزامی یەکەم دەکاتە بەرپرسی کاروباری ڕامیاری، سەربازی و عەشیرەیی سورخەوەند.

بەروار: ڕەجەبی ١٢٣٩ی کۆچی

مۆر: دُر درج شاهی محمدحسین.




بەڵگەی ژمارە: پێنج ـ ٥

بابەت: فـەرمـانی داكۆكـیكردنی فـەتحـعـەلی شـای قـاجـاڕ بۆ مـحـەمـەد حـسـێن مـیـرزای حـیـشـمـە دەولەی حـاكـمی كـرمـاشـان و سـنـووری عـێـراقـەین بە پێداگرتن لەسـەر بابـەتی دانانی ڕێز بۆ ئاغـا سـەید مـیـرزا مـوشـەعـشـەعی، پاش مـەرگی خوالێخۆشبوو ئاغا سەی نیزامەدین یەكەم و ئاڵوگۆڕی مڵكی ئەوان لە كرماشان.

بەروار: زیحەجەی ١٢٤١ی كۆچی

مۆر: گرفت خاتم شاهی زقدرت ازلی     قرار در كف شاه زمانه فتحعلی




بەڵگەی ژمارە: شەش ـ ٦

بابەت: فەرمان و داکۆکی فەتحعەلیی شاه قاجار بۆ کوڕەزاکەی محەمەد حسێن میـرزای حیـشمـەتودەوڵـەی حاکمی کـرماشـان و سنووڕداری عیـراقین تا ڕیزی ئاغاسەی میرزای موشەعشەعی بپارێزێ و داکۆکی دەکاتە سەر گەورەیی ناوبراو و دانی پلەی سەرۆکایەتیی تایفەی سورخەوەند بۆ ناوبراو.

بەروار: زیحەجەی ١٢٤١ی کۆچی

مۆر: گرفت خاتم شاهی زقدرت ازلی     قرار در کف شاه زمانه فتحعلی




بەڵگەی ژمارە: حەفت ـ ٧

بابەت: فەرمانی محەمەد شای قاجارِ بۆ بەخشینی موڵکەکانی ناوچەی هەرسین بۆ دابینکردنی خەرجیی سفرە و پێشکێشکردن بە ئاغا سەی میرزای موشەعشەعی و پەڕاندنەوەی لە بەخشینی باج.

بەروار: سەفەر ١٢٥٣ی کۆچی

مۆر: شکوه و رونق آیین و ملک و دین آمد محمدشاه غازی صاحب تاج و نگین آمد




بەڵگەی ژمارە: هەشت ـ ٨

بابەت: فەرمانی محەمەد شای قاجار بەداکۆکیکردن لەسەرفەرمانە دەرکراوەکان لە سەردەمی فەتحعەلی خان قاجار، لەسەر بەخشینی پۆستی سەرۆکایەتیی سورخەوەند و لە بەرچاوگرتنی حورمەتی ئاغا سەی میرزای موشەعشەعی و داکۆکی لەسەر پلەی مانەوەی ناوبراو.

بەروار: سەفەر ١٢٥٣ی کۆچی

مۆر: شکوه و رونق آیین و ملک و دین آمد محمدشاه غازی صاحب تاج و نگین آمد




بەڵگەی ژمارە: نۆ ـ ٩

بابەت: داکۆکی لەسەر فەرمانی شاهانە و دەرکردنی حوکمی حاکمەکانی کرماشان و سنووردارانی عێراقەین بە پێی بەردەوامیی تایبەتی ماڵیاتی دیوانی و مەڕومالاتی گوندەکان سەر بە ناوچەی هەرسین کرماشان لە باتی مووچەی دیوانی ئاغا سەی میرزا موشەعشەعی ناسراو بە خیتابی مەخدوومی

بەروار: ڕەبیعولئەوەڵی ١٢٨٥ی کۆچی

مۆر: (صاحب اختیار) حکمران کرمانشاهان و سرحددار عراقین مقصود حاجی خان شکی است.




بەڵگەی ژمارە: دە ـ ١٠

بابەت: داکۆکی لەسەر فەرمانی شاهانە و دەرکردنی حوکمی حاکمەکانی کرماشان و سنووردارانی عێراقەین، سەبارەت بە بەردەوامییان لەسەر وەرنەگرتنی ماڵیاتی کشتوکاڵ و مەڕوماڵ و دارایی عەشیرەتی ئاغا سەی میرزای موشەعشەعی (ئاتەشبەگی).

بەروار: ڕەبیعولەولوود ١٢٨٥ی کۆچی

مۆر: (صاحب اختیار) حکمران کرمانشاهان و سرحددار عراقین




بەڵگەی ژمارە: یانزدە ـ ١١

بابەت: داکۆکی لەسەر فەرمانی شاهی و دەرکردنی حوکمی حاکمەکانی کرماشان و سنووردارانی عێراقەین، بۆ بەردەوامیی سەرۆکایەتی سورخەوەند و دانی هەمووی کارەکان بە دەستی ئاغا سەی میرزای موشەعشەعی (ئاتەش بەگی) بە نازناوی مەخدوومییەوە.

بەروار: ڕەبیعولئەوەڵ ١٢٥٨ی کۆچی

مۆر (صاحب اختیار) حکمران کرمانشاهان و سرحددار عراقین




بەڵگەی ژمارە: دوازدە ـ ١٢

بابەت: فەرمانی ناسرەدین شای قاجار بۆ سەردەرهێنان لە بارودۆخی مانەوەی سەی عەبدولعەزیم میرزای موشەعشەعی (ئاتەش بەگی) و لە بەرچاوگرتنی سەد تمەن وەک مووچەی ساڵانە و هەروەها پەراندنەوەی ئەوان لە دانی ماڵیات.

بەروار: ١٣١٣ی کۆچی

مۆر: سلطان بن سلطان ناصرالدین شاە قاجار




بەڵگەی ژمارە: سێزدە ـ ١٣

بابەت: مارەنامەی ئاغا سوڵتان خانم کچی ئاغا سەی عەبدولعەزیم میرزای موشەعشەعی لەگەڵ ڕەزاقولی خان سەرتیپ.

بەروار: ٢٨ی ڕەمەزانی ١٣٢٦ی کۆچی.

مۆر: رضاقلی ـ الراجی .... احمد ابن نقی الحسینی


هو المؤلف بين القلوب

بسم الله الرحمن الرحیم

الحمد لله رب العالمین و الصلوة و السلام علی محمد و آله الطاهرین

و اللعنة الدائمة علی اعدائهم اجمعین من الآن الی یوم الدین


اما بعد

بەڵگەی ژمارە: چواردە ـ ١٤

بابەت: نامەی فەرمانفەرما (سالار لەشکەر)ی حاکمی کرماشان و لوڕستان و کوردستان بۆ ئاغای عەبدولعەزیم میرزای موشەعشەعی (ئاتەش بەگی) و دەربڕینی خزمەتکاری خۆی لە هەمبەریدا.

بەروار: ڕەجەبی ١٣٣١ی کۆچی.

مۆر: فرمان فرما (سالار لشکر)




بەڵگەی ژمارە: پانزدە ـ ١٥

بابەت: نامەی سەرەخۆشی نیزاموسەڵتەنەی مافی، بەرپرسی لێژنەی نەتەوەیی و ئامیرهێزی گشتی سپای لە سەردەمی دەوڵەتی کاتی لە کرماشان بە بۆنەی لە دنیا دەرچوونی ئاغا سەی عەبدولعەزیم میرزای موشەعشەعی (ئاتەش بەگی) کە ڕوودەمی لە ئاغا سەی موحەممەد حسێن میرزای موشەعشەعی (ئاتەش بەگی) بووە کە تێیدا خوازیاری دواهێنان بەڕێورەسمی شینگێڕیی بووە.

بەروار: ٢٢ی سەفەری ١٣٣٤ی کۆچی.

مۆر: نظام السلطنه (واژۆ) رئیس هیئت ملی و فرمانده کل قوامی ایران


بنام اعلیحضرت شاهنشاهی سلطان احمد شاه قاجار

ریاست کل قوای ایران

بتاریخ ۲۳ شهر صفر ۱۲۲۵


نمره ۲۱۱۱

بەڵگەی ژمارە: شانزە ـ ١٦

بابەت: نامـەی سـەرخـۆشی حاکمی کرماشـان لە کاتی دەوڵەتی کاتی ئەمـیر ناسـری خـەلەج بە بۆنەی کـۆچی دوایی ئاغـا سـەی عـەبدولعـەزیم مـیـرزای موشـەعشـەعی (ئاتەش بەگی) کە ڕوودەمی ئاغا سـەی محـەمـەد حسـێن میرزای موشەعشەعییە.

بەروار: ١٢ی ڕەبیعولئەوەڵی ١٣٣٥ی کۆچی.

مۆر: ئەمیر ناسر



( وزارت داخله )
حکومت کرمانشاهان
نمره ۸۸۵

بەڵگەی ژمارە: حەفدە ـ ١٧

بابەت: وەڵامی ئایەتوڵڵا ئاغا سەی شەهاب مەرعەشیی نەجەفی لە وەڵامی گەورە پیاوانی ساداتی موشەعشەعی کە شەجەرەنامەی ڕاستەقینەی ئەو بنەماڵەیەی پشتڕاست کردووەتەوە.

بەروار: سەفەری ١٤١٠ی کۆچی

مۆر: شهاب الدين الحسيني.


« بسم ا... الرحمن الرحيم »

محضر مبارک حضرت آیة ا... العظمی مرعشی نجفی دامت برکاته

سلام علیکم ورحمة ا...

ضمن آرزوی توفیق روزافزون برای حضرتعالی و با عرض پوزش فراوان از اینکه مصدع اوقات شریفتان می‌گردم خواهشمند است بذل عنایت فرموده در صورت امکان در ذیل این ورقه در خصوص این مطلب که آیا خانوادهٔ موالی در هویزه جزء سلسلهٔ سادات می‌باشند یا خیر؟ اعلام نظر فرمایید. خداوند متعال طول عمر با عزت و عظمت با حضرتعالی عنایت فرماید. وفقکم ا... لکل خیر

محمدرضا موالی زاده


١٨ر٦ر٦٨

سادات موالی هویزه که از نهار آل مشعشع می‌باشند از سادات جلیل القدر و اندرها در هویزه و سایر بلاد خوزستان امارت و حکومت داشتند و در نسب ... جد اعلای آنها سید محمد بن فلاح ... خداوند توفیق همه را از دل لقا ...

صفر ١٤١٠

بەڵگەی ژمارە: هژدە ـ ١٨


بابەت: پێشەکیی نامیلکەی مێژوویی، مەزهەبی و ڕامیاری و سەیادەتی بنەماڵەی موشەعشەعی.



بەڵگەی ژمارە: نۆزدە ـ ١٩


بابەت: نامەی ئاغا سەی محەمەد کەلار دەشتی بۆ پرۆفیسۆر مینۆرسکی.

مۆر: (واژۆ) مدد یا علی



بەڵگەی ژمارە: بیس ـ ٢٠

بابەت: نامـەی شـاعیـرانەی مـیرزا ئەڵڵادۆسـتی سـالیک بۆ ئەبولفەتح مـیرزای سـالارودەوڵە، بۆ دانی پارەی سـاڵانە




بەڵگەی ژمارە: بیس و یەک ـ ٢١

بابەت: وەڵامی شاعیرانەی ئەبولفەتح میرزای سالارودەوڵە بۆ میرزا ئەڵڵادۆست

بەروار: ٣٠ ـ ١٣٢٩ هەتاوی ـ ئەم بەڵگەنامـــــەیە هـی دەورەی بزووتنـەوەی مەشرووتەیە.

مۆر: سالارالدوله



شەجەرەنامەی موبارەکی سەیدەکانی موشەعشەعی کە لە لایەن زۆربەی مامۆستایان و پسپۆڕانی شەجەرەنامەنووسی پێشتر و ئێستاش دەست بەدەست هاتووە و خاوەن شەجەرنامەگەلی بەبەربڵاوی سەبارەت بە زنجیرە جۆراوجۆرەکانی تری ئەوان ڕاڤە کراوە و باسی مامۆستایان و عارف و پیاوە بەناوبانگەکانیان هێناوە. زنجیرەی کە ئێستا باسی لێوە دەکرێ لە ناوچەی ئازەربایجان و کرماشان و لوڕستان و کوردستان کە لە کوڕەکانی مەولا عەلی کوڕی محەمەدی موشەعشەعین (ساڵی ٨٦١ کۆچی مردووە) باسی کردووە. ئاینی موشەعشەعییەکان کە کۆی لە (سەفەوییەکان، موشەعشەعییەکان و نووربەخشییەکان) و هەر لە سوڵتان سەید ئیسحاقی بەرزنجییەوە هاتوون و لە ناوچەکانی کرماشان، لوڕستان و ئازەربایجان و تورکیای عوسمانی... جێگرن؛ هەر لەوێوە کە سەید محەمەد موشەعشەع لە لوڕستان پێشینەیەکی باشی هەبوو و خەڵکی زۆریان خۆش دەویست، بەپێچەوانەی ئەوەی کە باوە و دەڵێن، ئەم بنەماڵەیە لە پاشماوەی منداڵەکانی حەزرەتی زەیدی شەهید نین[1] و لە بنەماڵەی زەیدی کوڕی محەمەد ساڵحی کوڕی ئیمام مووسای کازمە کە لە لوڕستان نێژراوە، لە باوە گەورەکانی سەید محەمەدی موشەعشەعییە و ئەم سەید محەمەدە هەر وەک لە کەلامی مەهدیدا هاتووە؛ ماوەیەک لە کێوەکانی لوڕستان ماوەتەوە و

---

١ بۆ زانیاریی زۆرتر لەسەر مەزاری زەیدی کوڕی عەلی بڕوانن بۆ کتێبی (زید بن علی) نووسراوەی دوکتۆر حوسێن کەریمیان، ل ٣٠٨. سەبارەت بەشوێنی ناشتنی حەزرەتی زەیدی کوڕی عەلی کە دەڵێن لە کوفەدایە و بەڵگەی لەسەرە و ئەوەی کە دەڵێن بارەگاکەی لە لوڕستانە درۆیە و ئەوەی لوڕستان بارەگای زەیدی کوڕی ساڵحی کوڕی ئیمام مووسای کازمە کە باوەگەورەی بنەماڵەی موشەعشەعییەکانە.

بەڕێز سەید بێهروزی موشەعشەعی کە شەجەرەی بەرەی تازەی موشەعشەعییەکانی نووسیوە؛ سوپاسی دەکەین.


موریدگەلێکی زۆری کۆ کردووەتەوە و پاشان سەید ئیبراهیمی ئەبولحەسەن لە خزمەتی سوڵتان حسێن بایقورا (٩١١ ـ ٨٧٥ کۆچی) سەیدی جێگری بە باشتر لە سەیدبوونی بنەماڵەیی زانی و وەک مەولا عەلی لە ئازەربایجان پەرەی بە ئاینەکەی دا و جێگرەکانی هەر لە سەر ئەم ڕێبازە بەردەوام بوون تا چەند ئەم ساڵەی دوایی لەگەڵ بنەماڵەکانی عەلەویەی سەفەوی و نووربەخشی بوون بە یەکێ و یارمەتیی شائیسماعیل سەفەوییان (٩٠٥ کۆچی) داوە و هەبوونی چەند سەیدان لە کرماشان و لوڕستان و ئازەربایجان کە زمانیان کوردی بوو و هەروەها زمانی کوردی و ئازەریشیان دەزانی.

ئەم سەیدانە لە هەر کوێ و لە هەر شوێنێکدا و بە هەر دایکێکەوە چ کورد و چ تورک و... هەر کوردبوونی خۆیانیان پاراستووە، هەرچەند جگە لە موشەعشەعییەکانی کرماشان و لوڕستان، موشەعشەعییەکانی خووزستانیش هەر دەگەنەوە سەید محەمەدی موشەعشەعی کە ئێستاکە بنەماڵەی ئەم سەیدانە لە مەکتەبی شیعەی دوازدە ئیمامی و لە خووزستان و شیراز و مەلایر و تاران و... دەژین، پیاوە بە ناوبانگەکان لە منداڵانی سەید محەمەد موشەعشەعن (٨٦٦–٧٨٠ کۆچی). ئەم بابەتە لە باسەکەمان بە پاشگری میرزا و بەشێوەی شازادەگەل و لە شوێنەکانی تر بەتایبەت لە خووزستان وەک ئەمیرانی عەرەب پێیان دەوترێ «موولی».


(شەجەرەی بە شکۆی بنەماڵەی موشەعشەعییەکانی خووزستان، کرماشان، لوڕستان، ئازەربایجان و کوردستان).


ئیمام عەلی و حەزرەتی فاتمەی خێزانی، ئیمام حسێن، ئیمام سەجاد، ئیمام باقر، ئیمام جەعفەری سادق، ئیمام مووسا کازم، محەمەدساڵح، زەید، موحەممەد، ئیبراهیم موجاب، سەید محەمەد، سەید ئەبوعەبدوڵڵا، سەید ئەبولغەنایم، سەید شەمسەدین ئەبوعەلی فەخار، سەید جەلال عەبدولحەمید، سەید عەلەمەدین عەلی مورتەزای نەسابە، سەید هێبەتوڵڵا، سەید فەلاح، سەید موحەممەدی موشەعشەع، موولی عەلی، سەید ئیبراهیم ئەبولحەسەن، سەید ئەبولحەسەن ئەبولحەمەد، شاموحەممەد بەگ.


خشتەی پێوەندییە دەروونییەکان و ئاینییەکانی و هەروەها شەجەرەنامەی بنەماڵەی موشەعشەعی (ئاتەش بەگی)





* له شا محەمەد بەگ هەتاکو ئاغا سەید نیزامی کوڕی سەید مەنسوور میرزا
له مورشیدانی ئەم بنەماڵەیه بوون هەر له سەفەویەوە تا ئەم چەرخە





سەید ئاقا میرزا
سەید عەبدولعەزیم میرزا (ئاقا بەخش)
سەید فەرەجوللا میرزا
سەید موحەمەد حسەین میرزا
سەید عەبدوللا میرزا
سەید ئەبولفەتح میرزا
سەید هدایەت میرزا
سەید موزەفەر میرزا
سەید عێزەتولا میرزا
سەید ئێسکەندەر
سەیدعەلیڕەزا
سەید ئیرەج
سەید بەشیر
سەید جەهانشا
سەید پووریا
سەید حکمەت
سەید بێهروز
سەید بەهمەن
سەید بەهمەن
سەید عەزیزوللا میرزا
سەید نوسرەتوللا میرزا
سەید مێهرگان
سەید عەسگەر
سەید فەریدوون میرزا
سەید سەفیەالله
سەید ڕەزایەتولا
سەید سوەیل
سەید ئایەتولا
سەید ئارمان
سەید حورمەتولا
سەید میلاد
سەید موستەفا
سەید حشمەت میرزا
سەید شەهاب
سەید ئەلیا
سەید ئاریا
سەید شایان
سەید موحەبەتولا
سەید موجتەبا
سەید موسلێم
سەید حەبیبولا
سەید ئەمانولا
سەید پژمان
سەید پەیمان
سەید مێهران
سەید مورتەزا
سەید مەسعوود
سەید یەزدان
سەید ئەیووب
سەید قودرەتولا
سەید سەعد
سەید ئەحمەد
سەید سەعید


سەید ئاقا میرزا
سەید شاهرۆخ میرزا
سەید عەبدولعەزیم
سەید ئاقا یەحیا میرزا
سەید موحەممەد قاسم
سەید ماشائەللا
سەید ئاقا یەحیا میرزا
سەید خەسرەو
سەید حەبیب
سەید پەیمان
سەید ئیحسان
سەید ئیسمائیل
سەید مەجید
سەید پوریا
سەید شەمسوللا
سەید ساسان
سەید شاریار
سەید ناسر میرزا
سەید کامران
سەید شەهرووز
سەید سەبار
سەید مەنوچێر
سەید مێهرداد
سەید جەبار
سەید نەسروللا میرزا
سەید خەسرەو
سەید ئەمیرئاقا
سەید پژمان
سەید پەیمان
سەید مێهران
سەید جەواد
سەید سامان
سەید کەیۆمەرس
سەید بەهمەن
سەید ئارش
سەید پەیام
سەید حەمید
سەید ئاقا میرزا
سەید ئەحمەد
سەید فەردین
سەید سەفا
سەید کیانوش
سەید موحەممەد
سەید سەعید
سەید شارلم
سەید مێرداد
سەید نەسەدوللا
سەید ئەمیر حسام
سەید نوورەدین
سەید فەرزاد
سەید عبادین
سەید مێرشاد
سەید بێرووز
سەید بێزاد
سەید سەهمەدین
سەید سەجاد
سەید فەرشاد
سەید شەمسەدین
سەید رۆشن
سەید شوجاع
سەید یەدوللا
سەید ئەحمەد
سەید ئارش
سەید بابەک
سەید ئارمان
سەید نەسرەتوللا
سەید پەرویز
سەید نوورئاقا
سەیدرەحیم
سەید رامین
سەید مەجید
سەید سەعید


سەید ئاقا میرزا
سەید نێعمەتوللا میرزا
سەید ئاقا نادرمیرزا
سەید شوکروللا میرزا
سەید عەبدولعەزیم میرزا
سەید جەهانشا میرزا
سەید ئێسکەندەر میرزا
سەید ئاقا پاشا میرزا
سەید ئێسحاق میرزا
سەید فەرهاد میرزا
سەید ئەردەشیر میرزا
سەید نوروڵا میرزا
سەید ئاقا نازار
سەید سلێمان میرزا
سەید میرزا ئەحمەد
سەید نێعمەتولا میرزا
سەید ئەکبەر میرزا
سەید ئیسماعیل میرزا
سەید میرزا حسەین
سەید میرزا حەسەن
سەید میرزا بوزۆرگ
سەید شارام
سەید ئەسەدوللا میرزا
سەید میرزا
سەید ئاقا موحەممەد
سەید هومەن
سەید حەمید
سەید ئەردەشیر
سەید عەلی
سەید عەزیزئاقا
سەید یووسف
سەید ئەکبەر
سەید موحەممەد جەواد
سەید کەریم
سەید حامد
سەید سلێمان
سەید شارام
سەید مێهرداد
سەید ئەمین
سەید ڕامین
سەید هوومەن
سەید فەرشید
سەید کوورش
سەید ئەمیر حەسەن
سەید جەلیل
سەید ئەحمەد
سەید ئارش
سەید ئارمین
سەید فەرهاد
سەید مەحموود
سەید هومایوون
سەید ئارش
سەید ئارشام
سەید جەواد
سەید عابدین
سەید ئەشکان


سەید ئاقا میرزا
سەید موحەممەد کەریم میرزا
سەید عەبدولعەزیم میرزا
سەید موحەممەد عەلی میرزا
سەید موحەممەد نەبی میرزا
سەید فەڕۆخ میرزا
سەید ناسرەدین میرزا
سەید سەعید
سەید موحەممەد نەبی میرزا
سەید موحەممەد عەلی میرزا
سەید قودرەتوڵلا
سەید نەسرەتوڵلا
سەید یەدوڵلا میرزا
سەید نووربەخش
سەید کیانووش
سەید ئارەش
سەید موحەممەد
سەید موجتەبا
سەید ئومید
سەید سەعید
سەید جەلال
سەید جاووید
سەید میلاد
سەید فەڕۆخ میرزا
سەید عەلیڕەزا
سەید غولامڕەڤا
سەید داریووش
سەید پوریا
سەید جەهان
سەید ڕەزا
سەید یاوەر
سەید جەواد
سەید کامران
سەید کامبیز
سەید حورمەتوڵلا
سەید کەریم




* ئەم بنەماڵەیە بە ڕەچەڵەک دەچنەوە سەر حەبیب بن مەزاهیریی ئەسەدی و سەرەتای شەجەرەی ئەم تایفە لەکرماشاندا چوار برا بەناوەکانی؛ نادر بەگ، قادربەگ، علی موراد بەگ و خوا موراد بەگ بوون.

## بنەماڵەی شاهەیاسی[١]

مەسنەدنشینەکانی شاهەیاسی لە ڕیزی بنەماڵەی شامیوانییەکانن کە پاش سەرهەڵدانی حەزرەتی شاهەیاس خۆیان ناسییەوە و لە دەفتەر و پەڕاوەکان و هەروەها لە سەرچاوەی عەلەوییەکانی ئالی حەقدا بەسەرچاوەی ڕاستەقینە و ڕاستی ناسراون. سێ بنەماڵەی ئاتەش بەگی، شاهەیاسی و عالی قەلەندەری کە لە دابەشکرانەکاندا پێیان دەوترێ شاهۆیی لەگەڵ یەک ڕێک کەوتوون و یەک بیروباوەڕی تایبەتییان هەیە[٢]. هەرچەند بنەماڵەی بابا حەیدەریش هەر وەهان.

دەڵێن شاهەیاس کوڕی عیسا بەساکانی بووە و بە پێی وتەی عەلادینی بەرپرسی نووسینگەی ئاتەش بەگی ساڵی ١١٢٥ی کۆچی لە دنیاوە بووە.[٣]



بارەگای ئاغا سەید عەباس
لە جەیحوون ئاوای سانە

١ بەم بۆنەوە دەروێشەکانی خاکساری کە پێیان وایە شاهەیاس جامەی سوڵتان سەید جەلالە و هەروەها دەبنە موریدی هەر کام لەم سەیدانەی ناوبراو.

٢ لە بەرانبەر حەفتەوانە بە کۆپسایی ناوبانگیان دەرکردووە، ئەم سێ بنەماڵەیە لەسەر سەرهەڵدانی مەسنەدنشینە کامڵەکان لە یەک بیروباوەڕدان.

٣ برهان الحق، ل ٦٤/ بزرگان یارسان، ل ٣٣٤.

حەزرەتی شاهەیاس پاش ئەوەی بوو بە ڕێبەری ئاینی و خستنەگەڕی حەقیقەت لە عیراق و شام. دەستی کرد بە سەفەر و پاشان لە پارێزگای مووسڵی عێراقدا نیشتەجێ بوو، هەمووی ئێڵ و عەشیرەکانی ئەو ناوچەیە بوونە موریدی ئەو زاتە و پاش مەرگیشی بارەگای گۆڕەکەی بوو بە مەڵبەندی ئەویندارانی یارسان. بە پێی شەجەرەی کە لێرەدا هێناومانە و بە پێی شانامەی حەقیقەت، پاش خەرقەدانانی ئەو پایە بەرزە، ڕێبەرانی خاوەن بیر و ڕا لە بنەماڵەی ئەودا سەریان هەڵدا و ئەم بنەماڵەیە لە سەردەمی ئاغا سەی عەباس لەوپەڕی ناونیشاندا بوون و ئەم سەی عەباسە هاوچەرخی محەمەد شای قاجارِ (١٢٦٤ـ١٢٥٠ کۆچی) بووە و محەمەد شای قاجارِ زۆری خۆش ویستووە کە لە سەرچاوەکانی ئەو چەرخەدا نووسراوە.[1]

لە نێوان بنەماڵەی ئەم چاخەی ئەم هۆزە، بەڵگە و فەرمانگەلی محەمەد شا کە زۆر شتی بەخشیوە پێیان دەبینرێ. لەم چەرخەدا جگە لە گەورەیی ئاینی شاهەیاسییەکان، لە سیستەمی سیاسیی نەریتی ئێل نانکلی لەلایەن محەمەد شاوە پلەی فەرماندەیی و بەرپرسیایەتیی سیاسی نیزامیان بووە و ئەوانەی کە سەی عەباس هەڵیانی بژاردووە، لە پلەی بەرپرسیاریەتی نانکلیەکان و عەشیرەتەکانیان وەک بەڕێوەبەری ئەرکەکانیان کاریان دەکرد و لە زۆربەی ئەرکەکانی ئەو دەمی ئێران بەشداریی چالاکانەیان بوو. بە بۆنەی پێ ڕاگەیشتن و ئاوڕدانەوەی محەمەد شا بە ناوچەکە و هەروەها تەکیە و خانەقا و سەرپەرشتیکردنی خانەقاکە کەسانێکی زۆر وەک مورید ڕوویان کردە شاهەیاسییەکان و ناوچەی جەیحوونئاوا و ئەم ڕەوتە تا سەردەمی مردنی محەمەد شا (١٢٦٤ ک) و لە سەر تەخت دانیشتنی ناسرەدین شا درێژەی هەبووە و پاشان وردە وردە دەسەڵاتی سیاسی نیزامی ئاماژە پێکراو بەرەو لاواز بوونەوە ڕۆیشت و بەڵام کاروباری مەزهەبی ئەو بنەماڵەیە لە سەر جێی خۆی مایەوە.

---

١ لە کۆمەڵە بەڵگەکانی عەبدولحوسێن میرزای فەرمانفەرما بە هەڵە ئاغا سەید ئیسماعیل جانی هاوچەرخی محەمەد شای قاجارِ نووسیوە و ئاماژەی بەم پێوەندییە ڕۆحانییە کردووە، کۆمەڵە بەڵگەکانی عەبدولحوسێن میرزای فەرمانفەرما بەرگی ٢، ل ٧٩١. بەڵام بەڕێز حاجی نیعمەتوڵڵای جەیحوون ئاوایی کە لە شانامەی حەقیقەتدا مێژووی ئەم بنەماڵەیەی کردووە بە شیعر و لە ناسینی پێشینەی ئەم بنەماڵەیە مەعریفەتی بەربڵاوەی بووە، ئاغا سەید عەباسی بە هاوچەرخی محەمەد شا نووسیوە.

ڕاڤەی کەرامات و باسی یاران و کەسایەتیگەلی بنەماڵەی شاهەیاسی لە لایەن حاجی نیعمەتوڵڵای جەیحوون ئاواییەوە لە کۆتایی شانامەی حەقیقەت تا سەردەمی خۆی نووسراوە و بەسەرهاتێکی مێژوویی بەرچاو، جگە لەو شتەی کە ناومان برد، تێیدا نەنووسراوە.

ئەوەی ڕاستی بێ، ئەو ڕاستییانەی کە من لە شانامەی حەقیقەت سەبارەت بە بنەماڵەی شاهەیاس بینیومە لەگەڵ ئەوەی کە بەڵگەکانی تر و پەڕاوەکانی تر لەم بارەوە نووسیویانە، جیاوازییان زۆرە. بە پێی پەڕاوێک و شارەزایانی بنەماڵەش لەو باوەڕەدان کە ئەو شتەی وا عەلادین دەفتەرداری حەزرەتی خان ئاتەش هێناویە، (وە سەنەی هەزارو سەدو بیست و پەنج، هەیاس حازرەن سەڕاف لەعل سەنج) کە مەبەستی ئاغا سەی عەباس بووە. لە زاتی شا هەیاسەوە وەری گرتووە و کوڕی ئاغا سەی ئەحمەدی ناسراو بە (بوڕندە) بوو، و لە بنەماڵەی شاهەیاسی، هەرچەند لە شانامەی حەقیقەتدا هاتووە کە:

که عباس و رستم دو پورگزین بدند
ابن آسید علی این چنین
که آقا سید علی پیش از این مرده بود
به احمد پسرهاش بسپرده بود[1]

واتا:

عەباس و ڕۆستەم دوو گەورە پیاو بوون
ئاغا سەید عەلیش هەر وەها
ئاغا سەی عەلی پێشتر مرد بوو
و ڕای سپاردبوو تا ئەحمەد ڕابگات بە کوڕەکانی

هەروەها خاوەنی «تەریقولحەقایق کە لە ئاغا سەی عەبباس ناو دەبات و تاقمێک لەو باوەڕەدان ئاغا سەی عەبباسی جەیحوون ئاواییە[2] کە ناوبراوی هاوچەرخی قاجارەکان ناسیوە، خاوەنی شانامەی حەقیقەت داکۆکی کردووەتە سەری و هەروەها یەکێکی ترە کە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی دەسەڵاتی سەفەوییەکان کە لەگەڵ

١ شاهنامه حقیقت، ل ٣٢٩.
٢ طرائق الحقائق ٢٤٧.

سەردەمی دەسەڵاتی محەمەد شا (١٢٦٤ - ١٢٥٠ی کۆچی) سەد و سیساڵی نێوانە، پاشان لێکدانەوە، (مۆر لە خواری پەڕاوەوە هەیە) و مێژووەکەشی ئەبجەدی ٩٤٢یە (مهرپای دفتر = ٩٤٢) و دەڵێن ئەو بەروارە ئاماژە دەکاتە سەر سەرهەڵدانی حەزرەتی شاهەیاس کە هاوچەرخی شا محەمەد بەگ بووە. ساڵی ١١٢٥ی کۆچی سەردەمی سەرهەڵدانی ئاغا سەی عەباس بووە و بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە، پشت بە نووسراوەی سەر مەزارەکەی ئاکناچی پەری خاتوون کچی ئاغا سەی عەباس لە جەیحوون ئاوا دەبەستن.

لێکدانەوەی ئەم چاخە لە مێژوو کە پاش ئاوڕدانەوەیەک بە سەر پەڕاوە کەلامییەکان و بەڵگەکانی بنەماڵە، دەردەکەوێ. کەچی کاتی زۆری دەوێ.

ئەوەی ڕاستی بێ، ئەوەیە کە زنجیرەکە داکۆکی لە سەر ئەوە دەکات، بنەماڵەی شاهەیاسی سەرۆکی ئەم زنجیرەیە بوون، بارەگای پیاوە گەورەکانی ئەم بنەماڵەیە کە بووەتە زیارەتگەی موریدانیان بریتین لە:

بارەگای شاهەیاس لە گوندی وردەکی ناوچەی بادینانی سەر بە ناوچەی قەرەقووشی پارێزگای مووسڵ لە عێراق.

بارەگای ئاغا سەی ڕۆستەم کە لە تەنشتی بارەگای شاهەیاسە لە عێراق.

بارەگای ئەحمەدی بورندە و کوڕەکانی لە گوندی دەکەی سەر بە خانەقینی عیراق (گوندی دەکەی ژوور و خوار و بن کۆرە لە لایەن سوڵتانە عوسمانییەکانەوە وەک خەڵات دراوە بە تەکیەی ئاغا سەی ئەحمەد.)

بارەگای ئاغا سەی عەباس لە جەیحوون ئاوای سانەی کرماشان.

بارەگای ئاغا سەی ئەیاز ناسراو بە ئاغا وەلەد بەگ لە موزەفەریەی قاسم ئاوای شاهی تاران.

بارەگای ئاغا سەی ئیسماعیل خان و کەسایەتییەکانی تر کە پاش وی هەموویان لە جەیحوون ئاوای سانە لە تەنشتی ئاغا سەی عەباس دایە. وەک دەزانین بنەماڵەی شاهەیاسی و شاهۆییەکان پێوەندەییەکی زۆر پتەویان پێکەوە بووە، بە بۆنەی کەرامەتی زۆری دوودە مەردی پادشای حەقانی لە هیندوستان کە لە گەورەیییەکانی حەزرەتی شاهەیاس بووە و کاری زۆری کردۆتە سەر خەڵکی و ناوچەکە تا ببنە هۆگری و هاوکات بۆ شاهۆییەکانیش کاری کردووە. شاهەیاس

کە لە هیندوستـان پێی دەڵێن دوودەمـەرد حـەقـانی، لەوێ زنجـیرەی جـەلالی ئەبو تورابی پێک هێناوە. هەر بۆیە زنجیرەی جەلالی حەقانی غولامـەلی شـاهی لەگەڵ شاهەیاسییەکان پێوەندیی دەروونییان بووە کە لە کەلامی باوە شامـوراد لە چوار مەلەکی شاهەیاس هاتووە:

وە هـندوســـتـــان دابـی و دوودەمـــەرد
ئەو ڕۆ بی هەیاس گۆ، جە مـەیدان بەرد

مـــاهـیی برێشـــتـــە بەر ئاوەرد و ئـاو
شـاری کـەنگاوەر حـەیاس کـرد خـراو[1]

سەردەمی سەرهەڵدان و نواندنی کەراماتەکانی حەزرەتی شاهەیاسی لە پەڕاوی یاریدا بە بەربڵاوی هاتووە و تاقمێک لە یارانی برێتین لە:

١ـ سەی قەنبەر شاهۆیی (پیردەستەوەر) سەرۆکی بنەماڵە.

٢ـ شاتر عەبدوڵڵا (باوەگولاو) میوانداری داوودی، دەلیلی بنەماڵە.

٣ـ ڕوکنەدین ذات میوانی پیرمووسی.

٤ـ باوە عەلی ئایینەکووب ئیسلامبوولی زاتی میوان مستەفا داودان.


٥ ـ زەڕبانووی خـوشکی پیـرقـەنبـەر ناسـراو بە زەڕبار زاتـە مـیوانـی لە خـاتوون ڕەمزبار.

٦ـ باوە شاموراد زاتە میوانی یادگار و پیرمووسی زاتە میوانی پاش ڕوکنەدین.


مـوریدانی ئەم بنەمـاڵـەیە لە ئێـران و عـێـراق و تورکـیـادا دەبینرێن و جگە لە جەیحوون ئاوا و دەوروبەری کـە ناوەندیانە، لە شـوێنێکی تری ئێران وەها بـە کۆ نابینرێن. بیروباوەڕی ئەم بنەمـاڵەیە لە بواری کۆمەڵناسییەوە زۆر باسی لەسەرە و دەبێ ڕاڤەی زۆری بۆ بکرێ لەو چەند ساڵەی کە ئەم بنەماڵەیە ڕێبەری ئاینی (ئالی حەق)ەکان بوون، کەندوکۆسپی زۆریان هاتووەتە ڕێ و لە کۆتایی سـەردەمی ئاغا عەباس بەگ و لەناوچوونی دەسـەڵاتی مـحـەمـەد شـای قـاجـاڕدا، ئاغـا سـەی ئەیاز (وەلەدبەگ) وەبەر ڕقـوقـینی عـێـمـادودەولەی ئیـمـامقـولی مـیرزای دەسـەڵاتداری کرماشان و عێراقەین کەوت و ڕەوانەی تاران کرا و پاش ئەم کۆچە، لەوێ مالاوایی

١ کەلامی بابا شاموراد بەیازی خەتی؛ مەبەستی کەنگەوەری کۆن بووە.

له دنیای فانی کرد و له موزەفەریەی قاسم ئاوای شاییدا نێژرا. ئاغا ئیسماعیل جان سەرلەنوێ ئەم بنەماڵەیەی زیندوو کردەوە و پاشان سەی عەبدولحەمید خانی کوڕی کە جگە لە پلە ئاینییەکان، پۆستی حکوومەتیشی پێی بەخشرا و وەک فەرماندەی سوارە نیزامی (نانکلی) و سەرتیپی هێز و پاشان نازناوی سالار سەعید (سەید)ی پێی بەخشرا و لە ماوەی بەرپرسیارەتییەکەیدا، زۆر شتی تاڵی بەسەرهات و ئازارێکی زۆری چێشت و هاوکات هەوڵی زۆری داوە بۆ یەکگرتنەوەی ڕێبەر و کەسایەتییەکانی بنەماڵەکەی. دوا سالانی دەسەلاتی بنەماڵەی قاجاڕ و سەرەتای حکوومەتی پالەوییەکان هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی سەید عەلی خان و پاشان سەید عەبدولحەمید خان و کوڕەکەی و هەر لەم کاتەدا مەکتەبی ئێلاهییوونیان لێ جیا بووەتەوە. پاش ئەوەی ئاغا سەی عەلی خان لە ٩ی گولانی ١٣٥٥ کۆچی دوایی کرد، سەی نوورەدین ئەحمەدی دەبێتە جێگری و پاش مەرگی ئەویش کە لە بارەگای ئاغا سەی عەباس لە جەیحوون دەنێژرێ، کە براکەی محەمەدی ئەحمەدی جێی گرتەوە، وە ئەم چاخە (١٣٧٩ی کۆچی هەتاوی) هەرماوە و زیندووە وەجێی ڕێزی موریدانی شاهەیاسییە.



ئاغا سەید عەبدولحەمیدخان شاهەیاسی



سەید عەلی خان شا هەیاسی



سەید نوورەدین شا هەیاسی

ئەلبوومی

شەجەرە، بەڵگەنامە


# بنەماڵەی شاهەیاسی

بەڵگەی ژمارە: بیست و دوو ـ ٢٢

بابەت: ئەسپاردنی سەرۆکایەتیی نانکلی بە ئاغا سەی ئیسماعیل خانی شاهەیاسی

بەروار: ١٣٠١ی کۆچی

مۆر: حسام الملک (حسەین خان قەراگۆزلوو حاکمی کرماشان)




بەڵگەی ژمارە: بیست و سێ ـ ٢٣

بابەت: دانی حوکمی یاوەری هێزی سوارەی (نانکلی) لە ژێر فەرمانی سەید عەبدولحەمید سەرتیپ بە ئاغا سەی عەبدولکەریم

بەروار: ١٣٢٤ی کۆچی

مۆر: ئەمیر ئەفخەم سەردار




بەڵگەی ژمارە: بیست و چوار ـ ٢٤

بابەت: ڕیزی موڵک و کرێ و.... ئاغا سەی عەبدولحەمید خانی سەرتیپ سوارەی نانکلی

بەروار: ١٣٣٧ی کۆچی


مۆر: امیر کل ـ محمد هادی بن عبدالرحیم




بەڵگەی ژمارە: بیست و پێنج ـ ٢٥

بابەت: گەورە پیاوانی بنەماڵەی شاهەیاسی لە سەرەتاوە تا ئێستاکە.

مۆر: سید محمد احمدی جیحون آبادی






* مەسنەدنشینانی بنەماڵەی شاهەیاسی لە سەرەتاوە تا ئێستا ۱۳۷۸ هەتاوی.

## بنەماڵەی عالی قەڵەندەری

باسی ژیانی عالی قەڵەندەری تەنانەت لە هیچ سەرچاوەیەکی بڵاوکراوەش نەنووسراوە؛ بەڵام من لە سەر ئەو باوەڕەم کە ئەو کەسەی وا لە سەردەمی سەفەوییە بە ناوی شائیسماعیل ناوبانگی دەرکرد و نازناوی قەڵەندەری وەرگرت و پاش سەرهەڵدانی خۆی و پێکدادانێکی زۆر بۆ ماوەیەک ناوچەکانی چوار مەحاڵ و بەختیاری و بەشی ڕۆژئاوای ناوچە شاخاوییەکانی داگیرکرد و هاوکات لەگەڵ موشەعشەعییەکانی خووزستانیشدا پێوەندیی هەبوو، هەر ئەم حەزرەتی عالی قەڵەندەرە بووە. لە سەر ئەم کەسایەتییە لە کتێبی بزووتنەوە و سەرهەڵدانی عەلەوییەکانی زاگرۆس بەرگی(٢) بە تێروتەسەلی نووسیومە[١].

١- سەرەتا ئەوەی کە لە سەردەمی حەزرەتی سوڵتاندا نەبووە، هەر چەندە وای بۆچوون کە ناوبراو هەر لەم چاخەدا بووە؛ بەڵام هەروا کە دەرکەوت پاشی ئەو سەردەمە بووە[٢].

٢- بەشەهیدیان زانیوە.

٣- نازناوی قەڵەندەر و شا ئیسماعیلی پێی بەخشراوە.

٤- لە کتێبی ((تذکرۀ اعلی)) شدا هەر بە شا ئیسماعیل و عالی قەڵەندەر ناسراوە.

٥- لەگەڵ موشەعشەعییەکانی خووزستاندا لە پێوەندیدا بووە و وەک ئاماژەمان پێی کرد، موشەعشەعییەکان (ئاتەش_بەگییەکان)، عالی قەڵەندەرییەکان و شاهەیاسییەکان لەسەر یەک بیروباوەڕ بوون.

٦- لەباری کاتییەوە سەردەمی ژیانی بنیاتنەرانی هەر سێ بنەماڵەکە پێکەوە و هاوچەرخ بوون.

---

١ بزووتنەوە و سەرهەڵدانی عەلەوییەکانی زاگرۆس، ب٢ = شاهنامە حقیقت، ل ٣٢٩.

٢ طرائق الحقائق ، ب ٢، ل ٢٤٧.



ئاغا سەید عالی قەلەندەری

هەروەها لە باری ژینگەی ئەم سێ بنەماڵەشەوە چ باکوری ئێران و چ لە ڕۆئاوای ئێران (کرماشان، لوڕستان و...) پێڕەوانی ئەم سێ بنەماڵەیە لە ناوچەیەکی جێوگرافیای دەژین. بە پێی سەرچاوە زارەکی و نووسراوەکان، لەو شوێنەی کە حەزرەتی عالی قەلەندەر کوڕی نەبووە، دوو کەس لە هەڤالانی بەناوی (دەدە عەلی) و (دەدە حسێن) دەبنە تەکیەداری، کە سەیدەکانی عالی قەلەندەری لە بەرەی ئەم هەڤالانەن، کوڕەکانی دەدە عەلی، پیری و بنەماڵەی دەدە حوسێن، دەلیلین. عالی قەلەندەرییەکان لە کرماشان و لە ناوچەی سەر فیرووزئاوای هلیلاندا، تەکیەی بەناوبانگیان هەیە: ئەم بابەتە لە ڕاپۆرتەکەی سەردەمی دەسەلاتی عەبدولحسێن فەرمانفەرما و کوڕەکانی لە کرماشان، هاتووە:... لە دەوروبەری فیرووزئاوای (هلیلان)دا بنەماڵەگەلی سەید هەن کە پێیان دەڵێن

(تویرانی) و تەکیەشیان هەیە و عەشیرەتەکانی جەلالوەند و عوسمانوەند و بەشێک لە بالاوەندییەکان مووریدیان: سەرۆکەکەیان سەید کوڕی سەید حەسەنە و سەید حەسەنیش کوڕی سەی جەمالەدین ناسراو بە والییە[١].

(هاوکات دەڵێ)، چەند کەسێکی تر لە سەیدەکان هەر لەو ناوچانە دەژین و پێیان دەڵێن ساداتی (زروونی) و سەرۆکی ئەوان سەید یوونسە و هەندێ شوێنکەوتوویان هەیە. لەم چەرخەدا سەید ئاغا گەورە و سەید میرنیزام و سەید میرنەجات، بەرپرسایەتیی تەکیەیان لە ئەستۆیە[٢].

## بنەماڵەی بابا حەیدەری

بنەماڵەی بابا حەیدەری هاوکات لەگەڵ بنەماڵەکانی شامیوان (شاهەیاس، ئاتەش بەگی) سەریان هەڵداوە[٣].

لە بورهانولحەق نووسراوە: لە سەر هەوڵی شاهەیاس بنیات نراوە و نووسەری حەقولحەقایق دەڵێ: حەزرەتی باباحەیدەر هەر ئەو شامیوانەیە و زووتر لە حەزرەتی شاهەیاس ژیاوە[٤]. سەبارەت بە شەجەرەی ئەم بنەماڵەیە، سەرەتا پێویستە بڵێین کە بەشێوەی دەماودەم نووسراوە کە ئەم سەیدانە لە کوڕەکانی سەید میر ئەحمەدن، بەڵام چون بابا حەیدەری، پیر ڕۆستەمی بووە، بۆیە پیر ڕۆستەمن. لە سەردەمی حەزرەتی سوڵتاندا ٧٢ پیر لە دەوری کۆ بوونەتەوە و حەزرەت موژدەی پێی داوە لە چاخێکدا خۆی دەنوێنێ، پاشان لە جلی باباحەیدەریدا دەردەکەوێ و بە هۆی کەراماتەکانیەوە پێیان وتووە (بابا) لەجیاتی سەید[٥].

---


١ کۆمەڵە بەڵگەی عەبدولحوسێن میرزای فەرمانفەرما، بەرگی٢، ل ٧٩١.

٢ پێشەکی کەلام خەزانە، ل ٢٦، خوالێخۆشبوو سەید حەمزە عالی قەڵەندەری لە سەیدەکانی پاشتر و هاوکات ناودار و ماقووڵ بووە. ئاغا سەید مورتەزای وەلایی کە بەرپرسایەتیی کاروباری موریدانی عالی قەڵەندەری کلاردەشتی لە ئەستۆیە لە بنەماڵەی ئاغا سەید حەمزەیە.

٣ برهان الحق، ل ٦١.

٤ حق الحقائق، ل ٣١٤.

٥ یازدە خاندان سلطانی، بەیازی خەتی، ل ٦.



ئاغا سەید حەمید بابا حەیدەری

دووەم: ئەو لەو چیرۆکە کە لەم سەرچاوەدا ئاماژەی پێ کراوە: وتراوە بابا حەیدەر جگە لە سەرچاوەی پیر ڕۆستەمی لە زنجیرەی کوڕەکانی ناوبراو و لە سەیدەکانی پیرخزری دەهاتە ئەژمار، ئەم دوو بیرۆکەیە لەوە دەچێ ڕاست بن، ئەوەی کە گرینگە ئەوەیە کە ئەم بنەماڵەیە سەیدن کە دەماودەم داکۆکی لە سەر ئەم ڕاستییە کراوە. بنەماڵەی بابا حەیدەری تەنیا موریدیی خۆیان دەکەن و بەڵام بە پێی ئاینی سوڵتانی دەتوانن موریدایەتی بنەماڵەی شا هەیاسییەکانیش بکەن، ئەم بنەماڵەیە هەر وەک بنەماڵەی شامیوان لە سەردەمی دەسەڵاتی شاسوڵتان حسێن و هەروەها ئەفغانەکاندا، سەری هەڵداوە؛ بابا حەیدەر لەو دەمە لە کوفەر ئاوەری کەهلوڕە، دەسەڵاتی پێی بەخشراوە و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە و مردووە و هەر بەم بۆنەوە (حەیدەریە) ناوبانگی دەرکردووە، گۆڕی ئەم بلیمەتە، جێژوانی عاشقانیەتی. باوە حەیدەر منداڵێکی لێ بەجێ نەماوە، پاش خۆی برازاکەی (بابا ئەسکەندەر) کوڕی باوە دانیال، بوو بە جێنشینی و بە کاری تەکیە و بارەگادا ڕادەگەیشت. کوڕ پاش کوڕی بابا دانیال کاروباری تەکیەکانیان لە ئەستۆ بووە، هەندێک لە کوڕەکانی برێتین لە؛ بابا زەمان ـ بابا شاه مورادی یەکەم ـ بابا مورادی یەکەم و...

وا دەردەکەوێ کە لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەفغانەکان رێبەرانی ئەم بنەماڵەیە روویان کردووەتە باکوری نێوان دوو رووبارو ژینگەی عەلەوییەکان لەوێوە درێژەی پەیدا کردووە و لە سەردەمی دەسەڵاتی باوە ئەسکەندەر و کورەکانیەوە هەتا سەردەمی بزاڤی مەشرووتەخوازی، شوێنێک لە پیاوە گەورەکانی ئەم بنەماڵەیە لەم شوێنەدا نییە، هەتاکو لە سەردەمی دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی پاش ساڵی ١٣٣٠ی کۆچی مانگی باوە شا مورادی دووەم لە بانیانی عیراقەوە رووی کردە سانەی کرماشان، یانێ ناوچەی عەلەوی نشینی کرماشان و لەوێ نیشتەجێ بوو. لەم شوێنەدا و لە ساڵی ١٢٩٠ هەتاوی سەید سەلمانی کوری هاتە دنیا و پاشان شوێنی بابی گرتەوە و بە کاروباری موریدان رادەگەیشت، جگە لە سەید بابا رەسووڵ، کورەکەی تری سەید شاموراد کە پاش باوە گەورەکان و مامی خۆی سەرپەرشتیی بنەماڵەی ئەستۆ کەوتووە. یەک لە دوای یەک؛ سەید حەمید باوە حەیدەری (ساڵی ١٣٥٦ هەتاوی لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد)[١] و پاشان سەید حیسام حەیدەری جێی گرتەوە، ئێستاش هەر بەردەوامە[٢].

---

١ لە پێشەکیی رمووزی یارستاندا هاتووە تەکیەداران و مورشیدانی ئەم زنجیرەیە لە سانە بابا عەلی تورابی بابا یەدوڵلا و بابا ئەمین.

٢ ئەوەی کە لە پێشەکیی سەرەنجامدا مەکی بورەکییەوە هاتووە، بنەماڵەی بابا حەیدەر دەگەڕێنەوە بە سەید حەیدەر کە بە سەید براکە ناسراوە و کوری سەید مەنسوور بووە کە ساڵی ١٢١٠ی مانگی لە گوندی تووتشامی کرماشان هاتووەتە دنیا و ساڵی ١٢٩٠ی کۆچی، شەهید کراوە، سەردەمی سەرهەڵدانی وی (سەردەمی سەرهەڵدانی یەری تەنی) بووە و پێیان گوتووە «داوود تەکیەگا و شامیوان» ٣٦ کەس لە هەڤالانی شاعیر بوون و هەر کامەشیان دیوانە شیعریان هەیە کە شیعرەکانیان زۆرتر داگری راڤە و لێکدانەوەی نامەی سەرەنجامە و لەم چاخەدا سەرۆکایەتیی ئەم بنەماڵەیە لە ئەستۆی سەید نەسرەدینی حەیدەرییەوەیە. لە باسی بنەماڵەی خامۆشیدا باسیمان کرد. لەبەرئەوەی لە سەردەمی سەید براکەدا بنەماڵەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەحەیدەری ناوبانگیان دەرکردووە و باوە حەیدەر لەلایەن دەروێشە دواییەکانی گۆرانی ئاغا سەید براکەیە، وەک شا فەتحوڵلا گۆران دەڵێ:


من مست مستم بابا حەیدەر مدد          علی پرستم بابا حەیدەر مدد

ئەمما ئەو بۆچوونە هەڵەیە و ئەم دوو بنەماڵە جیاوازن هەروا کە روونمان کردووەتەوە.

## بنەماڵەی خامۆشی (قەزوینە)

لەگەڵ ناساندنی بنەماڵەی خامۆشی (حەیدەری)ی گۆران، هاوکات باسی بەسەرهاتی بنەماڵەی خامۆشی (قەزوینە) و سەردەمی سەرهەڵدانی رێبەرانی ئەم بنەماڵەیە، کردووە و هاوکات ناوی یاران و دیاری ئاغا سەید فەرزی، یەکەمین کەسایەتیی ئەم بنەماڵەیەیە کە لە قەزوینەی کەنگاوەردا جێگر بوو و گەورە پیاوانێک وەک شێخ ئەمیر و... بوون بە موریدی. بڕوانە بۆ باسی بنەماڵەی خامۆشی ئەم کتێبە.


ئاغا سەی ئەیازی قەزوینەیی ئیلهامی کە ساڵی ١٣٧٢ کۆچی دوایی کردووە، گەورەی ئەم بنەماڵەیە بووە و بە باشترین شێوە کاروباری بارەگای قەزوینەی لە ئەستۆ بووە، کە لەم چەرخەدا ئاغا سەی نەسرەدین قەزوینەیی برازای، ئەم ئەرکەی لە ئەستۆیە و لە سانەش ئاغا سەی عەلی موڕادی، گەورەی بنەماڵەیە و سەی ڕۆحوڵلای ئوجاخیش کاروباری جەمخانەی لە ئەستۆیە.



ئاغا سەید ئەیاز قەزوینەیی

## بنەماڵەی یادگاری

سوڵتان سەید ئەحمەدی عەلەویی بەرزنجی کە لە شەڕی دژی تەیموورییەکان کە هێرشیان هێنایە سەر ئاین و بیروباوەڕی نەتەوەیی، شەهید بوو و پێڕەوەکانی پاش شەهیدبوونی لە سەر کێوی نان زەردەی یەزدگردیەوە ناشتیان. (٧٩٥ کۆچی) و ناوبراو لە دەستەی حەفتەن و لە گەورە پیاوانی عەلەویی ئالی حەقە کە بە تێروتەسەلی لە کتێبی مێژوویی ڕاڤەیی ئالی حەقدا لە سەر چۆنیەتیی ژیانی باسم کردووە[١]. لەوێوە کە سوڵتان سەید ئەحمەدی عەلەویی بەرزنجی (بابا یادگار) منداڵی نەبووە. بە ئەسپاردەی ئەو پیاوە مەزنەوە، دوو کەس لە یارانی بەناوبانگی بەناوی (ویساڵ) و (خەیاڵ) بوون بەجێگری کە بەرە دوای بەرە ئەم ئەرکەیان لە ئەستۆ بووە و خزمەتی زۆریان کردووە. وەک چۆن لە پێشەکیی پەڕاوی ڕموزدا هاتووە، خاوەنی تەکیە و بەرپرسی کارگێڕیی ئەم چاخە ئاغا سەی ڕەحمەتی موتەوەلیی بابا یادگارە[٢] و لە پێشەکیی کەلامی خەزانەدا؛[٣] سەید ئەحمەد حسێنی، سەید فەتحوڵڵا حسێنی، سەید وەلی حسێنی، سەید جەمشید حسێنی و سەید ئەحمەدی یادگاری نووسراوە.



ئاغا سەید عەزیزی زونووری
(وەفات ١٣٥٦ هەتاوی)

---

١ مێژووی ڕاڤەیی ئالی حەق، محەمەد عەلی سوڵتانی، ب/ یەکەم، ل ٩٠–٩٩.

٢ پێشەکیی پەڕاوی ڕموزی یارستان.

٣ کلام خزانە، ل ٢٦، لە بابەتی ئەم بنەماڵەیەدا هاتووە کە عەلەوییەکانی ئەفغانستان کە بە زیکری ناسراون و لە توربەت، موشەبەکی و گریشە نیشتەجێن و کیومورادی توربەت زیارەتگایانە و هەروەها لە ناوچەکانی مەزار شەریف و دووشی و پێلی خەمراد نیشتەجێن.

## بنەماڵەی زنووری

بنەمـاڵەی زینووری کـە دەگـەڕێنەوە سـەر زێنوور قـەلـەندەر لە پیـاوە مـەزنـەکـانی سـەردەمی سـەفـەوییـە کـە بـاسـی ناوبراوم لـە بابەتـی بزووتنەوە و سـەرهـەڵدانی ناوبراو و بـاوە گـەورەی دایکی - سـەید ڕەزای عـەلـەوی - لـە سـەردەمی دەسەڵاتدارێتیی شا سەفیدا هێناوە (٩٥٢-١٠٣٨ کۆچی)[١]

ئەم بنەمـاڵەیە لـە خـامـۆشـیـیـەکـان جیـا بوونـەتـەوە، لە باری پشـتـیـەوە، زێنوور قەلەندەری کوڕی سەیدە ئەسمەر و لە بنەمـاڵەی سـەید ڕەزای برای سـەید ئاکابر (خامۆشی)، گەورەی بنەماڵەی خامۆشییەکان و شوێنکەوتووی سـەید ئەبولوەفا لە حـەفـتـەوانەکـانی سـەردەمی سـوڵتـان ئیـسـحـاقی بەرزنجـیـیـە، لە سـەردەمی سـەرهەڵدانیدا لەو سـۆنگەیەوە کە (زێنوور قـەلەندەر) مناڵی نەبووە و بـە ئاماژەی وی، کوڕەکانی سەید ڕەزای کوڕی واتا (سـەید حەیات، سەید هـەیاس، سەید ئەیاز) کـە هـەرسـێ لە یارانی و لـە بـنـەمـاڵەی سـەی ڕەزا بوون، بـوون بە جـێگری زینوورییەکان، هەر دەبنە موریدی بنەماڵەی خۆیان.

بەڵام لەبەرئەوەی کە لە ڕێبـازی سـوڵتـانیدا ئەم بنەمـاڵەیە جـۆرە پێوەندییـەکیـان لەگـەڵ سـەید ئەبولوەفـادا هەبووە دەتـوانن مـوریدایەتیی بنـەمـاڵەی حـەزرەتی شـائیبـراهـیـمـیش بکەن، گەورە پیـاوی ئەم بـنەمـاڵەیە خـوالێخـۆشـبـوو سـەی ئەزیز زێنووری و پاش ئەویش کـوڕەکانی دەبن بە جێگری و لـە سـانەدا زۆر ناسـراون[٢] و ئێسـتـاش سـەید عـەتای زێنووری کـچـەزای ئاغا سـەی عـەزیز بە سـەر کـاروباری موریدان ڕادەگات.

---

١ بزووتنەوە و سـەرهـەڵدانی عـەلەوییـەکانی زاگرۆس یا مـێژووی لێکدانەوەی ئالی حـەق، محەمەد عەلی سوڵتانی، ب٢، ل ٦٩-٧٢/ل ٨٧-٩٣.

٢ ئاغا سـەید عـەزیز زونووری باوەگەورەی دایکی ئاغا سـەید ئەمـروڵڵای شـائیبراهیمییە لە مـەقـامـاتی بەڕێز تەیمووری دووەم (فـەتحـوڵڵا) داسـتـانی ئیزنی خـواردنـی کەڵەباب و سـەرهـەڵدانی حـەزرەتی زونوور نووسراوە، بڕوانە؛ باسـی ژیانی تـەیمووری بانیارانی و تەیمووری دووەم.

## بنەماڵەی میرسووری

سەید میر ئەحمەدی عەلەویی بەرزنجی ناسراو بە (میر سوور) بە مانای؛ گەورە، ئەمیر و فەرمانڕەوای ڕووسووری کۆچی شێخ عیسای عەلەویی بەرزنجی و برای حەزرەتی سوڵتان ئیسحاقە، میر ئەحمەد لە پەیماننامەی پەردیوەری ڕووی کردە ئاینی یاری و پلەی حەفتەوانەی وەدەست هێناوە. زۆربەی موریدانی لە باکوری عێراق و نێوانی دوو ڕووبار (بین النهرین) نیشتەجێن. سەبارەت بە پیاوە گەورەکانی هاوچەرخی بنەماڵەی ناوبراو لە پێشەکیی ڕمووزی (یارسان)دا هاتووە؛ بنەماڵەی میر، ئەوەندەی کە من سەبارەت [خوالێخۆشبوو سەید قاسم ئەفزەلی] شارەزام لە پارێزگای پێنجەم [کرماشان] سەید حەسەن میری بانیارانی، سەید دەروێش حەقیقی زادە و سەید ئەلیاس حەققانییە[1].

هەروەها لە پێشەکیی کەلامی خەزانەدا وتراوە سەید فەریدوون زارعی و سەید سەلمان زارعی، وەک تەکیەداران و گەورەی ئەم بنەماڵەیە دادەنێ[2].

## بنەماڵەی مستەفایی

سەید مستەفا یا مسەفا لە یارانی تایبەتی حەزرەتی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی و لە حەفتەوانەکان دێتە ئەژمار بنەماڵەیەک بە ناوی ئەوەوە لە نێوان (بین النهرین)، عێراق و ڕۆئاوای ئێران بە موریدانێکەوە کە زۆرتر لە کەرکووک و ناوچەکانی دەوروبەری نیشتەجێن، دروست بووە، گەورەی بنەماڵەی مستەفایی لەم بەرەوە دانیشتووی هەمەدانە و مامۆستایەکی ئەو شارەیە، دەزگاو جەمخانەیەکی بە ناوبانگی لە هەمەداندا هەیە.

سەید میرزا مووسەوی لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا بوو بە سەرۆکی بنەماڵەکە و خزمی بنەماڵەی شا ئیبراهیمییەکانی سانەیە، زۆربەی پێڕەوانی ئەم بنەماڵەیە دانیشتووی عێراقن و فەلەکەدینی کاکەیی کەسایەتی دیاری ئەوانە و وەزیری ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان [لە کابینەی نێچیرڤان بارزانی] بووە. ناوبراو کەسایەتییەکی زۆر بەرز و نووسەرێکی بەتوانایە.

---

١ پێشەکیی پەڕاوی ڕمووزی یارستان.

٢ کلام خزانە، ل ٢٧.

## بنەماڵەی حاجی باوەیسی

حاجی باوەیسی عیسا کە یەکێ لە پێڕەوانی کوردی گۆرانە و بە حاجی باوەیسی ناسراوە و گووتوویانە حەزرەتی سوڵتان ئیسحاق، حاجی باباحوسێنی پێی گوتووە.

حاجی بابا حسێن، لە بەر ئەو داستانەی کە سەبارەت بە سەفەری مەککە دەگێڕدرێتەوە لە لایەن حەزرەتی سەید عیسای بەرزنجی باوکی سوڵتان سەهاک و لەبەرئەوەی زۆربەی بنەماڵەکان لە حەفتەوانەکانن و لە هەمووی گرینگتر حەزرەتی سوڵتان کوڕی ئەو پایەبەرزە بووە و هەر بۆیە بە حاجی بابا عیسا ناوبانگی دەرکردووە و لە ناوەرۆکی ئاینی پەردیوەری یەکەمین مۆژدەدەری سەرهەڵدانی سوڵتان و هەوێنی ڕۆحی ئەو بووە و لە دەستەی حەفتەوانەکان بووە و زۆربەیان لە عێراق و ژمارەیەکیشیان لە ئێران (کرماشان و دەوروبەری) نیشتەجێن و لەم چەرخەدا سەید سوهراب ئیبراهیمی لە کرماشان گەورەی بنەماڵەکەیە، پیاوێکی پیاوانە و بە ئەخلاق و جێی ڕێزە.

## تەیموور و سەرهەڵدانی تەیمووریيەکان

تەیمووری بانیارانی کوڕی ڕەزا و خەڵکی گوندی بانیارانی ناوچەی گۆران لە داوێنی کێوی دالاهۆی کرماشان و لە موریدانی ئاغا سەی حەیدەری براکە بوو، ئاغا سەی حەیدەر ناسراو بە حەزرەتی سەی براکە (١٢١٠-١٢٩٠ کۆچی) کە موریدانی ئەم بەڕێزە، لە داوێنی کێوەکانی دالاهۆ، شاهۆ و ناوچەکانی گۆران و شارەزوور و... بینیویانە و پاش (بەرەکە) مامۆستای عەینولقوزاتی هەمەدانی (٥٢٥ی کۆچی مردووە) دووەمین کەسایەتییە لەناو ڕێبەرانی عەلەوییە توندڕەوەکاندا کە هەر بەو بۆنەوە پێیان دەگوترێ «بەرەکە».

تەیمووری بانیارانی لە ژێردەستی ئەم حەزرەتەدا پەروەردە بووە و گەیشتووەتە قۆناخی ویسال و بووتە پیری تەواو. کەراماتگەلێکی زۆری لێ دەگێڕنەوە کە لە خۆیەوە پیشانی داوە. هەتا ئەو دەم کە شەهید کراوە؛ کەراماتگەلێ وەک: گەڕانی لە سەرزەویندا کە، تەیی ئەرز دەکات و دەسەڵات بە سەر کات و شوێن و قسەکردن بەزۆربەی زمانە زیندووەکانی دنیا و خەبەر لە داهاتووە... کتێبە مێژوویییە باوەڕ

پێکراوەکانی سەردەمی ناسری وەک (ناسخ التواریخ)، حەقایقولئەخباری خورموجی و ڕەوزەتوسەفا باسی سەرهەڵدان و توانای ناوبراویان هێناوە، بەڵام وا دیارە ئەمە لە تایبەتمەندییەکانی حەکایەت و ڕاستییەکانی مێژوویی پیاوە گەورەکان و شۆڕشگێڕانی عەلەوییە توندڕەوەکانە کە بەسەرهاتەکەیان لە هەر چاخ و سەردەمێکدا دەگۆڕدرێ. وەک ئەو باسەی کە خاوەنی تەرایقولحەقایق لە بیرەوەریی (باوە تەیموور کە لە ئەو شوێنەیدا باسی بەسەرهاتی میرزا مەحموودی گورگانی دەکات، لە زۆر شوێندا وایان زانیوە بابا تەیموور هەمان جەنابی تەیموورە کە مەلا محەمەد عەلیی کرماشانی فتوای مەرگی داوە، لە هەر ڕوویەکەوە کە سەیری ئەم ڕووداوە بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ڕاستییەکەی شتێکی ترە و ئەوەی دەگێڕدرێتەوە لە ڕاستییەوە بەدوورە. لەبەرئەوەی محەمەد عەلی کرماشانی ساڵی ١٢١٦ی کۆچی، کۆچی دوایی کردووە و تەیمووری بانیارانی لە ساڵی ١٢٤٦ی کۆچی لە دایک بووە و ساڵی ١٢٦٨ کۆچی شەهید کراوە و مردنی ئاغا محەمەد عەلی و شەهیدبوونی تەیموور پەنجاو دوو ساڵی نێوانە و ئەو باسە دەبێ هیی باسی بەسەرهاتی کەسێکی تر بێ و هیچ پێوەندییەکی بە تەیمووری بانیارانییەوە نییە. [تەرائیقولحەقایق، بەرگی٣، ل٥٩١] لە کەلامی پیاوە گەورە توندڕەوەکانی عەلەوی (ئالی حەق) لە سەردەمی ئەفشاریەکان بەم لاوە، شوێنی پێی تەیموور و سەرهەڵدان و بزووتنەوەی ناوبراو ڕوونتر دەبێتەوە و ئاغا سەی ئەمروڵڵای شائیبراهیمی لە مەسنەد نشینەکانی بنەماڵەی شائیبراهیمیی سانایە کە پەراوێک سەبارەت بە پلە باتنییەکان و سەرۆکەکانی کاروباری تەیمووری بانی یارانی و ئاغا تەیمووری دووهەم (فەتاح) پێکهێنابوو و لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٤ هەتاوی بڵاوی کردووەتەوە. ئەم بابەتانە کە بەپێی قووڵایی و لێکدانەوەی ئەوان لە دەفتەری یارسان بەتایبەت پەراوەکان: شێخ ئەمیر، ئاسەی فەرەزی، حەزرەتی سەلیم و... وەدەست هاتووە ئاماژە دەکات و لە بەر ئەوەی باسی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە لە سەر بەڵگە مێژووییەکان سوارە و باسی ئەو بابەتانە ناکەین.

لیسانولەلیک خاوەنی کتێبی (ناسخ التواریخ) لە گوزارشتی بزووتنەوە و سەرهەڵدانی حەزرەتی تەیموور کە بە پێی گوزارشتی حکوومەتی ڕێکوپێک کراوە و لە بەرگی چوارەمی جیوگرافیای مێژوویی و مێژووی بەربڵاوی کرماشاندا هێناومە



ئاغا تەیموور سانی

و بەم ڕاڤەیە نووسیومانە: لە سەرەتای دەسەڵاتی عیمادودەوڵە و هاوکات لەگەڵ گوزەرانی کاروباردا تەیمووری یەکەمی گۆران سەری هەڵدا کە بوو بەهۆی بەدیهانی ترسێکی زۆر لە دڵی خەڵکدا و عیمادودەوڵەش لە دەرگای سیاسییەوە لە گەڵیا هەڵسوکەوتی کرد لیسانولەلیک لەم بابەتەوە دەنووسێ: (پیاوێکی تر لە عەشیرەتی گۆران ناوی تەیموور بوو... و خۆی بە جێگری ئیمامی زەمان دەزانی و بەردەوام دەیگوت من هاتووم دەسەڵات لە هەمووی دەسەڵاتدارانی جیهان وەربگرمەوە. ڕۆژی ١٥ جەمادیولئەوەڵ خۆم بە هەمووان دەناسێنم و ئەم کارەش بە شمشێر ئەکەم و بۆیە خەڵکی بوونە گیانفیدای و بەسەر وماڵەوە خۆیان دەکردە قوربانی و نزیک بوو وەکو میرزا عەلی محەمەدی باب دین و دەوڵەت بخاتە مەترسییەوە. ئیمامقولی متمانەی بە سوپا و هێزەکەی نەبوو، لە بەر ئەوە بوو کە فەرمانی هێرشی بۆ سەر تەیمووری نەدەدا. وای بیر دەکردەوە سپاکەی تەیمووریان خۆش دەوێ، خەڵکی دەستە دەستە لە کرماشان و کوردستان و لوڕستان و سلێمانییەوە ڕوویان دەکردە تەیموور و زۆریان خۆش دەویست، بەتایبەت (عیمادودەوڵە) بیرێکی کردەوە بۆ هێرشکردنە سەری و هاوڕێ دەستەیەک لە سوپاکەی کە متمانەی پێیان بوو، هێرشی کردە سەر تەیموور و بەر لەوەی کە خەڵکی ناوچەکە پێی بزانن تەیمووریان کەلەبچە کرد و هێنایانە کرماشان و شازادە هەر خێرا سەری لە لەشی جیا کردەوە... (ناسیخولتەواریخ، لیسانولەلیک لە سپێهر، ب٤، ل ٣٠/٢٩، محەمەد جەعفەری خورموجی، حەقایقولئەخبار، ل ١١٢،/هێدایەت، ڕەوزەتوسەفا، ب ١٠، ل ٥٢٩) ـ (مێژووی تێروتەسەلی کرماشان، محەمەد عەلی سوڵتانی، ب ٤، ل ٣٤٠)

موریدەکانی تەرمەکەیان لە تەنیشتی موزەفەر عەلی شای کرمانییەوە ناشت[1] کە دواتر میر محەمەد ساڵحی حەیرانعەلی شا نیعمەتوڵڵایی هەر لەوێ نێژراوە (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانن بۆ (بزووتنەوە و سەرهەڵدانی عەلەوییەکانی زاگرۆس، محەمەد عەلی سوڵتانی، ب ٢، ل-ل ١٤٧-١٦١) موریدان لەو باوەڕەدان کە سەرهەڵدانی تەیمووری دووەم لە جامەی شائیبرایمدا بوو و هەروەها تەیمووری یەکەمیش لە جامەی باوەیادگاردا. بۆیە لە ناوچەکانی سانە و دینەوەر و کرماشان و... و پاش سەرهەڵدانی تەیمووری دووەم (فەتاح) لە سەر ئەو شتەی کە ئاغای ئەمروڵڵای شائیبراهیمی نووسیویە؛ مەلاّ بارام خانی گەشویری لوڕستانی زیندانبانی تەیموور کە چاودێر و پارێزەری بەسەرهاتە دیار و دەروونییەکانی تەیموور بوو، گوتوویە کە جگە لە بینین و نواندنی کەراماتەکان لە لایەن ئەو بەڕێزەوە پێش شەهیدبوونی فەرمووبووی هەروەک خەڵکی دەیبینن نامرم و شۆر و قەرەباڵغییەکی زۆر وەدی دەهێنم و پاش مانگ و نیوێک سەرهەڵدەدەم. مەلا بەهرام خان لە سانە چەند بەیتێک شیعری نووسیوە و پاشان داویە بە خوالێخۆشبوو سەید فەرەجوڵڵای شائیبراهیمی کە بەم شێوەیە:

پەری زەنجیرم دڵ ماران وە تەنگ
یەکەردەی وێمەن وە هەزاران ڕەنگ

وەعدەی موویەڕۆ یەک مانگ و نیمێ
مەکەرۆم وەپا شۆرعەزیمێ

---

١ حوجەتی بەلاغی لە لاپەڕەی ٢١٨ی مەقالاتی حەنفا لەژێر وتنەکەی تەیمووردا دەنووسێ: لە سەردەمی دەسەڵاتی عیمادوددەولە بە تۆمەتی تەسەوف لە کرماشان کەلەبچە دەکرێ و بە ئاماژەی ئەمیر کەبیر و فەرمانی محەمەد ساڵحی کرماشانی مامۆستای هەینی کرماشان دەکوژرێ، سەرەتا ئەوەی کە ئەم وێنەیە، وێنەی تەیمووری دووەمە و تەیمووری یەکەم هەر وێنەی نەبووە. دووەم تەسەوف و ئالی حەق دوو ڕێبازی جیاوازن، عیمادوددەولە ساڵی ١٢٦٨ی کۆچی پاش ئەمیر کەبیر دەسەڵاتی کرماشانی وەئەستۆ گرت. ئەمیر کەبیر هیچ کاری بەسەر ئەم بابەتەوە نەبوو، هەروەها تەیمووری دووەم کە لەو وێنەیە دەبینرێ نەکوژراوە و لە هەمەدان بەدەردی خوایی مردووە.

زاتی من نەزات حـەیدەر دوور نیـیـەن
شـەکـاکـان مـاچان یە تەیموور نیـیـەن

یـاران بزانـان یـە کـــــەرامــــــاتـە
مـــوردە زیندە بی هـەیهــات هـەیهــاتـە

بەپێـی بەڵگەکـان: تەیمووری دووەم (فـەتاح) بەناوی ئاغا تـەیموورەوە کـە پێشـتـر باسـی لێ کـرا، لـە ناوچەی بالاوەند و لە سـەردەمـی دەسـەلاتی لوتفـعـەلی خـانی بالاوەندی هاوچەرخی عیمـادودەولە سـەر هەڵدێنێ و ئەوەی کە موریدان گوتوویانە سـەرهەڵدانی دووبـارەی ئاغـا تەیموور ڕاسـتـە و دەچنە زیارەتی و بـاب و دایک و براکەی ئاغا تـەیمووریش باوەڕیان بەو شـتە بووە و خەڵکی سانەش ئیمانیـان بەم ڕاسـتـیـیـە هەیە و دەڵێن ئـەمـە هەر درێژەی بـاسی ڕۆحی و لەشی بزووتنەوەی حـەزرەتی شـائیبراهیـم (تەیموور)ە و پێشوازیی لێوە کردووە و موریدگەلێکی زۆر ناسـراوە و دیار چوونە ژێر فـەرمـانی تەیمووری دووەم؛ بەتایبـەت: ئاغـا سـەی فەرەجوڵڵای شـائیبراهیمی و شێخ نەزەرعەلی جەناب کە کاریگەرییەکی زۆری لە بڵاوبوونەوە و درێژەی چالاکیی تـەیمووری لە مـەڕ ئالی حـەقدا و لە ناوچەی سانە، کرماشان، دینەوەر و تاران هەبوو. دوابەدوای بەرێکەوتن و سەرهەڵدانی تەیمووری دووەم لە گەڕانەوەیەکیدا بۆ بالاوەند هـاوڕێ لەگەڵ دەروێش نەسروڵڵای جەلالوەند لە لایەن کـاربەدەسـتانی حکوومەتی لوڕسـتانەوە کەلەبچە دەکرێن و بە مـاوەی ١٨ مانگ لە زیندان دەمێنێتەوە و لە بەر ئەوەی هیچ خەتایەکی نەبووە و دادوەرەکانیش نەیانـویسـتـووە لە زیندان نەمـێنێـتـەوە و بـۆ ئەوەی ئەوانەی کـە دژی بوون، دڵگیـر نەبن، پێـشـنیـاری پێی دەکـەن کـە لـە زیندان دەربـاز بێ، تەیموریش دەڵێ بەو مـەرجـەی کە هەمـوو هاوڕێیـانم ئازاد بکەن و لەگـەڵ هەمـوو هاوڕێیـانی لە زیندان دەرباز دەبێ و بەم بۆنەوە مـاوەیەک لە ناوچەکانی سانە و ئەسەدئاوا و هـەمەدان و ئیـسـفـەهان و شـارەکـانی تر لـە هاتوچۆ دەبێ و هەر لەم هـاتوچوونە لـە زەرەند دووبارە کەلەبچە دەکرێ و ڕەوانەی تارانی دەکەن و لە ئەنبارشـای مەیدانی ئەرگی ئێـسـتـا بەند دەکرێتـەوە. لە سـەردەمی بەندبوونی تاقـمـێکی زۆر لـە بەرپرسـانی زیندان دەبنـە موریدی و پـاش لێکدانەوەی خـەوێکی ناسـرەدین شـا (١٢٦٤ـ١٣١٣ کۆچی) لە وەڵامی پاشـا کـە دەڵێ: (... تۆ هـەر ئەو کەسـەی کە لە ڕۆئاوای ئێراندا

ئاژاوەت ناوەتەوە و پێت وایە پاشای ئێرانی. تەیموور لە وەڵامیدا دەڵێ: ئێمە پاشای دڵەکانین و پاشایەتی دنیاییمان داوەتە دەستی ئێوەوە...)

هەر لە بەر ئەوەی کە بە باشی خەوەکەی پاشای لێک داوەتەوە، ڕزگاری دەبێ و مووچەیەکی ساڵانەشی بۆ دەبڕدرێتەوە و ڕەوانەی شاری هەمەدانی دەکات و لەوێ پیاوە گەورەکانی قەراگوزلوو ڕووی لێ دەکەن و ئەمیر ئەفخەم قەراگوزلوو، فاتمە خانی کچی خۆی لێ مارە دەکات و لە ناوبراو کوڕێکی دەبێت بە ناوی حەسەن شا (قوتبوددەوڵە) و فەریدولەلیک قەراگوزلوو چەند جار لە بیرەوەرییەکانیدا. باسی قوتبودەوڵەی هێناوە. ئاغا تەیمووری دووەم لە هەمەدان کۆچی دوایی دەکات و وێ دەچێ دەرمانخوارد کراوە و بە پێی دەسپاردەی خۆی لە حەمامی بن بازاڕ دەیشۆرن و غوسڵی دەدەن و لە تەنیشتی بارەگای باباتاهیر دەنێژرێ. دەرویش نەسروڵڵای هاوڕێ تەیمووری دووەم دوایی، دەڕواتە تویسرکان و لەوێ ژیانێکی باش پێکەوە دەنێ و پتر لە ٧٠ساڵ تەمەنی کرد و هەر لە تویسرکان کۆچی دوایی کرد. هەروەها لەگەڵ منداڵە مامۆستاکانی ئاغاتەیمووری دووەم لە پێوەندیدا بووە (ڕاڤەی ژیان و بەسەرهاتی بەڕێز تەیمووری بانیارانی و ئاغا تەیمووری دووەم (فەتاح)، سەید ئەمروڵڵای شا ئیبراهیمی، سانە، سەرماوەزی ١٣٦٤).

بەرەی پاش تەیموور وەک خۆی نەبوون، حەسەن شای قوتبودەوڵە کە پیاوێکی خوێندەوار و لە دەرباری ئەحمەد شای قاجاڕ دەسەڵاتی پێ درابوو هەر خەریکی کاری دنیایی بوو... و تەنیا کچەکەی قوتبودەوڵە کە شووی کرد بە سەید عەلی ئەسغەر تورکستانی و دواتر یەکێ لە گەورەکانی ئالی حەق بوو کە وادیارە هیچ منداڵێکی لەپاش بەجێ نەماوە؛ بەڵام سەید فەرەجوڵڵای شائیبراهیمی وەک وتمان لە هەمەدان و کرماشان، سانە، دینەوەر و ئازەربایجان لە هاتوچۆدا بووە و شێخ نەزەرعەلی جەناب کە تەیمووری دووەم فەرمانی پێی دابوو ڕەوانەی تاران ببێت و ببێتە پەرە پێدەری بیروباوەڕی تەیمووری و لێرەدا باسی ژیان و بەسەرهاتی شێخ نەزەرعەلی و جێگرەکانی دەکەین:

شێخ نەزەر عەلی جەناب لە موریدانی بەرجەستەی ئاغا تەیمووری دووەم بوو کە ناو و ناوبانگی وی لە نێوان هەمووی ئالی حەقەکاندا بڵاوە.

محەمەد ئیبراهیم باوکی شێخ و محەمەد باقر باپیری ئەو لە بڕوامەندانی ڕاستەقینەو خزمەتکارانی کۆمەڵگا بوون و هەروەک گوتراوە حاجی میرزا

ئاغـاسـی، وەزیری ڕۆژگـاری مـحـەمـەدشـا بەهـۆی نـەخـۆشی بەنـهـێنی مـاوەیەک لە سەحنە میوانی محەمەد باقر بووە و بەهۆی خزمەتکاری و پەرستاری و پیاوەتیی ئەو خۆسپێری یارسان بووە (!!) ئەم خاڵە تا چ ئاستێک ڕاست بێت، ڕوون نییە؛ بەڵام پێکهاتی گێڕاندنەوەکە، نیشاندەری گیانبەختکەر و چاک ڕەوشتیی باوباپیری شێخە.

شیخ نەزەر عەلی یەکێک لە سێ منداڵی کوڕی محەمەد ئیبراهیم سەحنەیی لە هەرەتی لاویدا هاوشانی باوکی، کاتی بڵاوەی هەواڵی گرتنی حەزرەتی تەیموور بانیارانی بەرەو زیندانی میری وە ڕێ دەکەون، لەو چاو پێکەوتنەدا، تەیموور پرسیار دەکات، کە چەن کوڕت هەیە و محەمەد ئیبراهیم وەڵام ئەداتەوە (سێ کوڕ). تەیموور لە وەڵامیدا دەڵێت کە ئەم کوڕە (نەزەر عەلی) بۆ من، دوو کوڕەکەی تر بۆ خۆت.

تەیموور بانیارانی شەهید دەکرێت، سلووکی لاوی شێخ هاوڕێ عەوداڵی بەناوی (فەقیر عەلی) تێپەڕ دەبێت، تا جەنابی تەیموور شا (دووەم) لە هەمەدانەوە دێتە شاری سەحنە و لە ئەشکەوتی (شەوق عەلی)دا جێگیر دەبێت و شێخ نەزەرعەلی بانگ دەکات سەیرو سەختی و ڕیازەت و شەیدایی و دوورەپەرێزی لە دنیا لە ئەو چاوپێکەوتنەدا مسۆگەر ئەبێت و قۆناغی نوێی ژیانی ئاینی و دەروونی نەزەر عەلی دەس پێ دەکات، سر و نهێنیی پشت پەردەی لە دەم یارەوە بیست و ڕیشەکانی مۆرکراو بە ئاکام و دواڕۆژی باش و ڕووناک دڵگەرم کرا، شرۆڤەی قسەو باس و بەسەرهاتە عاشقانەکانی ئەم مورید و پیرە، پێویستی بە باسێکی سەربەخۆیە.

جەنابی تەیموورشا لە دوای سەفەرەکانی خۆی لە هەمەدانەوە بۆ سەحنە ئەرکی ڕێنوێنیی لایەنگرانی لە تاراندا خستە سەرشانی، نەزەر عەلی وادیارە لەم کاتەوە بە شێخ نەزەرعەلی ناوبانگی دەرکردووە، نازناوی (شێخ) لە ئاینی عەلەوییەکانی ئەهلی حەق پاش سەرهەڵدانی حەزرەتی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی وادیارە تەنیا شێخ ئەمیر بە ناوبانگ بووە کە ئەم ناوەی بەسەردا براوە، ئەم هەڵبژاردە فیداکارە کە بۆ هەوەڵین جار نازناوی (شێخ)ی پێ دەوێ و ماڵ و خێزانی بە جێ دێڵێت و منداڵەکانی (محەمەد عەلی و کچەکەی) دەداتە دەستی مێهر عەلیی برای، پاش پێدانی مافی شەرعی بە هاوسەرەکەی کە تاقەتی چوون بۆ تاران و خێزانداریی ئەم گەورەیە نەبوو، بۆیە لێک جیا دەبنەوە، ئەنگوستیلەی

جێنشینی لە دەس، گۆچانی ئیزن هەڵ ئەگرێت، وەرێ دەکەوێت، لە پێشدا بە نامەیەک تیرۆری ناسرەدین شا بۆ ئیمام قولیخان سەرتیپ قورخانە کە سەرۆکی حیساب و ژمێریاری نیزام و لە شوێنگرانی باوەڕمەند و خزمەتکار و چاککردار بوو، بەڕاشکاوی باس دەکات و بە ڕێکوپێکی لە کاروباری ماڵی و مووچەی ڕاسپاردەکان هەواڵی بۆ دەنێرێ، تیرۆر هەروا کە پێشبینی کرابوو؛ ڕووی دا و پاش هێمنیی دووبارە و بە تاج و تەخت گەیشتنی موزەفەرەدین شا لە هەمان ساڵ ١٣١٣ کۆچی مانگی، شێخ نەزەر عەلی هاتە تاران و لە کۆڵانی درەخشان، گەڕەکی سەنگ لەج لە خانووی ئیمام قولی خان سەرتیپدا، نیشتەجێ بوو، دەبێ ئەوەش لە بیر نەکەین کە لەم کاتە گەورە گەلێک وەک حاجی میرزا محەمەد حەسەن ئیسفەهانی، سەفی عەلی شا (١٢٥١ ـ ١٢٢٦ کۆچی مانگی) قەتار عەلی شای تارانی و موریدی هەڵکەوتووەکەی بەهار عەلی شا خاکسار، عەبد عەلی شای نەتەنزیی کاشانی، وەفا عەلیشای شیرازی مەلا سوڵتانی گونابادی و... زۆربەی زاناکانی یا دانیشتووی تاران بوون یا هاتوچۆی ئەو شارەیان دەکرد، شێخ نەزەر عەلی بە یارمەتی و بە ئاماژەی تەیموورشا لە کۆمەڵەدا ناونیشان و پلەی تایبەتی وەدەس هێنا، و جگە لە پێشوازیی شوێنگران، ئاوەزمەندان و گەورە پیاوان و توێژەرانی ڕاستەقینەی بۆ خۆی ڕاکێشا، وەک شوێنێک لە لایەن پێرەوانەوە بۆ نیشتەجێبوونی تەکووز کراو، و کەڵە پیاوانێک وەک؛ ئەدیبولەمالێک فەراهانی – شێخ عەبدولعەلیی موئبێد بیدگولیی کاشانی (سەردار کەبیر) ـ برای سپەهدار تونکابونی داگیرکەری شاری تاران، ئەمیر ئەسعەد کوڕی سپەهدار ـ میرزا سەید زەینەلعابدین خان ـ موستەعانەلمولک ـ بەرپرسی کاروباری موزەفەرەدین شای قاجار ـ و موسەدقوسەڵتەنە برای موستەعانولمولک ـ حەمیدوسەڵتەنە ـ دۆکتور غەربی ـ مودیرودەوڵە ئوسانلوو ـ میرزا محەمەد عەلی خان مەغازەیی ـ خوسرەوخان سەردار ئیعتماد ـ سەرۆکی قۆرخخانەی تاران ـ و... ڕێزیان لێ گرت، دەستەیەک سەریان پێ سپارد و هەندێ بوون بە مورید و بە جێگری زۆرێک لە داخوازییەکانیان بە دی دەهات، لە کەرامەت و کارە سەرسوڕێنەرەکانی ناوبراو، گەورەکان چیرۆکی جۆربەجۆر دەگێڕنەوە؛ بەتایبەت چاککردنەوەی سەرسوڕێنەری موزەفەرەدین شا تا واژۆی فرمانی مەشرووتە بە ئەو پێوەند دەدرێ کە بەو بۆنەوە بە دەستووری شا ناوی (جەناب) و بڕی پێنجسەد



شێخ نەزەر عەلی (جەناب ئەوەڵ)

تمـــەن پـــارەی بـــاوی ئـــەو ڕۆژە پێـــشکەشی شـــایانە بە جـــەناب دەگـــەیشت کـــە بە تەواوی خـــەرجی بانگخـــوازی چاکـــەکـــاری و دابینی کاروباری بە شوێنگران دەکرا.

جەنابی شێخ نەزەر عەلی (جەناب ئەوەڵ) لە پەیڕەوە سەرسپێراوەکانی بنەماڵەی شائیبراهیم بوو و هەر بەم هۆیەوە هەڵبژێردراو گەیشتە پلەو پایەیەک. سـەید، بنەمـاڵەی شائیبراهیم لە سەردەمی جەناب شێخ نەزەر عەلی کە هەمیشە لە خزمەتی جەنابدا بوو؛ خوالێخۆشبوو ئاغا سەید سەفی خان بوو کە لە ڕەزی ئاوا (نزیک گۆڕستانەکەی ئێستا) کچێکی هەبوو دەروون دڵپاک بە ناوی پەری خاتوون کە شێخ نەزەر عەلی بە (ئاغا زادە خاتوون) بانگی دەکرد، و لەلای بنەماڵەکەی ڕێزی زۆری هەبوو.[1]

شیخ نەزەر عەلی (جەناب ئەوەڵ)؛ پاش تەمەنێکی زۆر، بانگخوازی و ڕێنمایی و نواندنی کەرامەت و کاری سەرسووڕێنەر کە قسەی سەر زاری شوێنگران و بڕوامەندان و بە جێماوانی ئەو ڕۆژگارەیە، یارسان ئەکات بە ژوان و ئەڵێت ئەرکەکەم تەواو بووە، نیعمەتوڵلاخانی تەیموری جێگری جەم جەناب؛ حاجی موعەزەم، پزیشکی بە ناوبانگ دەهێنێت بۆ راسەری پزیشکەکە ڕا دەگەیەنێ کە نەخۆشییەکەی جێگەی مەترسی نییە و حاڵی باش دەبێ، بەڵام لە کاتی دیاریکراو؛

١ ئاغا سەید شەمسوڵڵا کوڕی پەری خاتوون ئێستا سەید سەرجەم لە جەمخانەی جەنابە، خوالێخۆشبوو شێخ نەزەر عەلی، مەرگی ئاغا سەید سەفی خان لە یەکێک لە جەژنەکانی نەورۆز بۆ پەیڕەوانی یارسان پێشبینیی کردبوو کە هەر ئەوەیش ڕوو دەدات و لە ڕۆژەکانی یەکێک لە جەژنە نەورۆزەکان بە ڕەحمەتی خوا دەچێت.

کاتژمێر ٢ پاش نیوەڕۆی ڕۆژی نۆزدەمی١٣٣٤ کۆچی مانگی دەکەوێتەوە سەرپێ و ڕووی ئەکا لە (پەردیوەر) کرنۆش ئەبات هاوار دەکا یا عەلی و ئیدی ڕاست نابێتەوە، موریدەکان لاشەی پیرۆزی لەسەر شان تا (قاسم ئاوای شاهی) هەڵ دەگرن و لەو شوێنە کە خۆی لە کاتی ژیاندا، دیاریی کردبوو لە کەناری ئیمامزادە عەقیل لە پارچە زەوینێک کە قەوامودەوڵە بە (جەناب)ی بەخشیبوو، نێژرا، بە پێی ئەسپاردەی خۆی لە سەر گۆڕەکەی چوار تاقێک دروست کرا و پاشان شوێنگرانی ئەو گۆڕەکەیان گەورەتر کرد و دیوار و پەرژینیان بۆ کرد.[١] ئەدیبولەمالێک فەراهانی ئەم پارچە شیعرەی بۆ مێژووی کۆچی دوایی ئەو وتووە:

تاریک شد جهان ز ملال نظرعلی
دریا گریست خون ز خیال نظرعلی

ابر آورد قطیفه زنهار در کنار
گوید منم مصدق حال نظرعلی

مرغ آورد بدیعه شوریده آشکار
کز من شنو جواب و سئوال نظر

کوه از کنار خویش یم خرده سازکرد
در شستن حرام و حلال نظرعلی

کمتر کسی بزاویه دیدم سپرده جان
محروم از عطا و نوال نظرعلی

وارسته گشت دامن قدرش زماسوی
کو شاخ بود و میوه ظلال نظرعلی

بنگر که شاهدان بکجا قائمند از آنك
کوته شود سخن به کمال نقرعلی

---


١ ئەم زانیارییانە لەسەر بنەمای نووسراوەکانی بەڕێز ئەندازیار سیاوەش تەیموری کە بێ دریغ بەدەستی ڕادەگەیاندم تەکووز و نڤیسیاری بووە.

دلدارم از وثاق چو آمد به مهر خوان
بنشست گوشه‌یی به خیال نظرعلی

ناگه جمال فرخ وی را بدید باز
پیدا از او لَفات و خصال نظرعلی

گفتا حقیقتی بود از سال مرگ او
گفتم کدام گفت (جمال نظر علی)

پاش مەرگی شێخ نەزەر عەلی (جەناب ئەوەڵ) کوڕەکەی شێخ محەمەد عەلی (جەناب دووەم) لەدایکبووی ١٢٨٨ کۆچی (١٢٥١ هەتاوی) جێ گرتەوە، ئەم ڕۆژگارە هاوکات لەگەڵ شەڕی جیهانی ئەوەڵ و داگیرکردنی ئێران بە دەستی وڵاتە یەکگرتووەکان و ڕەواجی دەنگی ڕۆئاوا لەلایەن ناوەندگەلی سیاسی و باڵوێزخانەکان لە تاران و ئاڵوگۆڕی ڕواڵەتی مەکتەبە ڕەوش چاکەکان و خانەقا و تەکیەکان و... بوو. شێخ محەمەد عەلی (جەناب دووەم) میراتی پیرۆزی باوکی بە باشی پاراست و لە ڕووخانی قاجاریە و سەرەتای پەهلەوی کە دین و بڕوا و ئاین بەشێوەیەکی گەلاڵەڕێژیکراو دەدرایە کۆمەڵگا، توانیی لە کەندو کۆسپە کۆمەڵایەتییەکان کە لە سەر دەنگ و بڕوای ئاینی کار کۆبووبوونەوە، بێ خەوش و بە سەلامەت تێ پەڕێت و شوێنگرانی تێ پەڕێنێت و ئەرکەکەی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێ.


شێخ محەمەد عەلی (جەناب دووەم)

ئەو هەروەها پاش نزیک بە چل ساڵ لە سەرۆکایەتی و

سەرپەرشتی و بەرانبەرکێ زۆر لەگەڵ دژواری و گوشارەکان کە بە پێی کات دژوارتر لە ڕۆژگاری (جەناب ئەوەڵ) بوو، بە کەرامەت ئافەرێنیی زۆر کە لە بیرەوەرییەکانی موریدەکان و براوامەندانیدا بۆ هەمیشە تۆمار کراوە، بەرەو لای یار ڕۆیی و لە بیستوحەوتەمی ڕێبەندانی ۱۳۲۹ هەتاوی بۆ هەتا هەتایە ماڵئاوایی لە ژیان کرد، لاشەکەی بە دەستی پێڕەوان و بروامەندان لە کەناری زیارەتی باوکیدا (قاسم ئاوای شاهی)، نێژرا[۱].

پاش ئەو کوڕەکەی ئاغا شێخ محەمەد باقر (جەناب سێیەم) (لە دایکبوی ـ ۱۲۹۰ هەتاوی) کوڕی شیاو و زانای جەناب دووەم، چرای جەمی ڕۆشن هێشتەوە و خاوەن مێژوویەکی پڕ هەوڵ و تێکۆشان و بانگخوازییە، جگە لە درێژەدان بەڕێبازی باوباپیران لە وە ئەستۆگرتنی جەم و پێڕاگەیشتن بە کاروباری پێڕەوان، ئەم پایەبەرزە لە سەرجەم کاروبارەکانی تری وەک؛ چاکەسازی بارەگای حەزرەتی سوڵتان سەید ئێسحاقی عەلەویی بەرزنجی بە پشتگیری و تەقالای ئەوان لە کارە هەتا هەتاییەکانە، هەرچەن کە بەمەبەستی کشتوکاڵ، ماوەیەک ئەڕواتەوە شاری سەحنەی پارێزگای کرماشان، بەڵام تا ئەوەندە بکرێت، دێتەوە تاران و لە کۆمەڵی شوێنکەوتووان و موریدان حازر دەبێت و بە نەبوونی ئەوان ڕۆڵە شیاوەکانیان جێبەجێکردنی کاروباری موریدەکان و کۆمەڵگایان لە ئەستۆ دەگرت.[۲]

---

۱ شیاوی بیرئائینە، کە بنیاتی جەم جەناب لە تاران و زیارەتگای ئیمامزادە عەقیل و... لە لاپەڕەکانی شوێنکەوتووان و موریدەکانی جەناب (ئەوەل و دووەم) بووە کە هێشتا درێژەی هەیە، ئیتر ئەوەی کە پێش هاتنی جەناب ئەوەل بۆ تاران، ئەهلی حەق شائیبراهیمی و حەوتوانە لە شاری تاران نەزر و نیازی خۆیان لە ماڵدا سەوز دەکرد و دەفرێکیان بۆ دوعا لەسەر خوێندن ئەهێنایە خزمەتی جەم کە پاش تەوەرککردن کەمێکیان لێ دەبردەوە بۆ ماڵ و لەگەڵ پاشماوەی نەزرە تێکەڵیان دەکرد و بۆ خۆیان بەکاریان دەهێنا، ئەم ڕەوشە دەبووە هۆی سووکایەتی بە موریدە هەژارەکان، بەم بۆنەوە خوالێخۆشبوو جەناب ئەوەل دەستووری دا کە لەمەولا گشت بنەماڵەکانی ئەهلی حەق نەزر و نیازەکانی خۆیان لە دەفرێک بکەن و خزمەتکارەکان لە جەمخانە سەوزی دەکەن و هەر بنەماڵە جەم بەش دەبات و شاوگەدا لە پێشگای حەقدا بەشی بەرانبەریان دەبێت، ئەم ڕەوشە لە ڕۆژگاری ئەو لە تاران بوو بە داوونەریت و ڕەواجی گرت.

۲ نووسراوەکانی ئەندازیار سیاوەش تەیموری (بە نڤیسیاری و دەرهێنانەوە).

تیمووریيەكانى تاران

جەمخانەی جەناب

محەمەد باقر

|

محەمەد ئیبراهیم

|

شێخ نەزەر عەلی (جەناب ئەوەڵ)

|

شێخ محەمەد عەلی (جەناب دووەم)

|

شێخ محەمەد باقر (جەناب سێیەم)

پاش سـەرهەڵدانـە دوابەدواکـانی زاتە حـەقـیـیـەکـان = ئـەهلی حـەق لە سـەردەمی ناسری (١٣١٣ ـ ١٢٦٤ کۆچی مـانگی) و پاش ئەوەیش لە دواین سـەرهـەڵدانی ئەم سەردەمە، کەسایەتییەکی لێهاتوو، بەجەرگ، زانا و دەسەڵاتدار لە کاروباری دین و دنیـا و دەروون وەدیـار کـەوت، کـە شـیـکردنەوەی هـەمـەلایەنەی کـەسـایەتـی ئەو نووسـراوەیەکی درێژو سـەربەخـۆی دەوێت تا بە لێکدانـەوەیەکی قـووڵ و وردبـینانە ئارمانج و مەبەست و بیرو ئەندیشەی ئەم پیاوە ئیلاهـی و پیرۆزە بناسێندرێت.

حـاجی نێـعـمـەتوڵڵا مـوکـری جـەیحـوون ئاوایی (١٢٩٨-١٢٥٠، هەتاوی) لە پایەبەرزانی زاتە دواییەکانی (ئاڵی حەق) کە بە ئاڕاستەیەکی سەرلـەبەر پڕ کەند و کۆسـپدا دەرباز بوو و پلە بەرزە مەعنەوییـەکانـی بڕین بە تێپـەڕبوونی قۆناغە دەروونیـیـەکـانی ئامـانج ڕۆیشت، راڤـەی تێکڕای ناوەڕۆکی لە چوارچێـوەی ئەم باسـەدا ناگونجێ. بنەماڵەکەی ناودار و بەناوبانگ بوون و لە دەڤـەری موکریان بە حەوارییەکانی حەزرەتی سوڵتان سەهاک دادەنران. هەروەک نووسراوە:

بنەبابـانی خێڵـەکـەیان دەچێتـەوە سـەر بە حسـەین بەگی جەڵد (باوکـی خـاتوو ڕەزبار) ئەگات کە هەموویان لە سەر ئاینی سونەت و جەماعەت بوون، بەڵام پاشان دەکـەونە ژێر کـاریگـەریی ئاینی ئەهلی حـەق و دێنە سـەر ئەم ئاینە بە مـاڵ و سامانەوە لە ناوچەی موکریان دەردەچن و خۆسـپێراویی حـەزرەتی شاحـەیاس لە ئەستۆ دەگرن.

وا دەگێڕنەوە کە پیری دەستـەوەر سەر بەم خێڵە، سـوارەی موکری پێوە نالکێن جگە لەو حەوت بنـەماڵە کە دەبن بە هۆگری ئەو، ئەم بنەماڵەیە یەکێک لەو حەوتەن، مـیـری هندوو کـە پیری دەسـتـەوەر بەهـۆی پـیـاوەتی و دڵاوایی پیـتـاکی ئـەو حـەوت ماڵەیەی پێ دەبەخشێت؛

لە سـەردەمی ئاغـا سـەییـد عـەببـاس شـاحـەیاسـی، بەیان بەگ (بـەهرام بەگ)

بنەبابی حاجی نیعمەتوڵڵا لەگەڵ ناوبراو دێتە جەیحوون ئاوا و نیشتەجێ دەبێت، کە گەورەگەلی خێڵ لە سەر بنەمای ڕەگەز لە بەرەی ئەون.[١]

حاجی نیعمەتوڵڵا لە ١٢٩٨ی هەتاوی لە دنیا دەرچوو، و لە جەیحوون ئاوا نێژرا، لەپاش ئەو بەڕێزە کوڕێکی ڕیازەتکێش و ڕەوشت چاک بە جێ ما کە لە سەردەمی گەنجییەتیدا لە ژێر دەستی باوکیدا پەروەردە کرا، لە ڕاستیدا ئەو ڕێڕەوی ڕێگای باوکی و پەرەپێدەری مامۆستا و پیرەکەی خۆی بوو و بە لێهاتوویی و سەرکەوتوویی تەواو ئەم ڕێگایەی گرتەبەر.

حاجی نیعمەتوڵڵا، نووسەر و هۆنەرەوەی بەتوانای دەقە ئاینەکانی ئەهلی حەق کە ڕۆژگاری دوورە پەرێزیی خۆی بە تێکۆشانی زۆر تەرخانی ئاسەوارە بەنرخەکان وەک شانامەی حەقێقەت و فەرقانولئەخبار و... کرد، و بە سەرناوی (وەهاب) ناوبانگی دەرکرد و بە سەرناوگەلی عەتار و موجرێم لە شیعرەکانیدا دەرکەوت[٢]، سەرۆگیرێک کە نهێنییە شاردراوەکانی هەزار ساڵەی لە بەرچاوی بەرەی داهاتووە هاوئاینەکانی خۆی وەک خۆر ڕووناک کردەوە و توانیی بە میراتگرێک کە لە گشت لایەنێکەوە لە خۆی دەچوو، هەواڵی سەرۆیی خۆی بە تەواوی جیهان ڕابگەیەنێت.

ئەم مرۆڤە دەروون پاکە، دەڵێت بۆ ئەم مەبەستە دروست کراوە. ئەگەر ئەو لە داهێنان و پلەی دەروونی و زاڵبوون لە سەر سووچ بە سووچی یاسا و پێودانەکانی مەکتەبی یاری و ڕاڤەی کەلام و زیندووکردنەوەی هونەری ئاینی بەتایبەت مۆسیقا لە دیاردەکانی چەرخی ئێستا بزانین و هەندێ جار بالاتر لە باوکی ناوی لێ ببەین، زۆرمان نەگوتووە.

حاجی نوورعەلی ئیلاهی؛ ناسراو بە حەزرەت ئیلاهی و ئوستاد ئیلاهی

---

١ آثار الحق. ل ٥٨٧–٥٨٨.

٢ لە نێوان ١٨ بەرگ لە نووسراوە جۆرەوجۆرەکانی ئەو کتێبی (شانامەی حەقیقەت) یەکەمین جار لەلایەن ئەنجوومەنی ئێرانناسی فرەنسا لە ئێران چاپ کرا. هانری کربن توێژەر و ئیسلامناسی بەناوبانگ کە لە کاتی چاپی ئەم کتێبە سەرپەرشتیی ئەنجوومەنەکەی لە ئەستۆی بوو، (شانامەی حەقیقەت) بەکتێبێک وەک کتێبی پیرۆز (سەردەمی کۆن ـ ڕۆژگاری عەتیق) ناو دەبات.

(١٢٧٤ـ١٣٥٣هەتاوی) فەیلەسووفی تاکە پەرست، زانا لە زانستە ئاینییەکاندا و مامۆستای لێهاتوو و هەڵکەوتووی مۆسیقا، لە بیستی خەرمانان ١٢٧٤ هەتاوی لە گوندی جەیحوون ئاوای دینەوەری کرماشان لە دایک بوو.

ئوستاد ئیلاهی لە ژێر چاودێریی باوکیدا، هەر لە منداڵییەوە دەستی کرد بە ڕیازەت و خواپەرستی، سەردەمی گەنجییەتی ئەو هاوکات بوو لەگەڵ فێربوونی وانە باوەکانی ئەو سەردەمە، پتر بە تێفکرین و وەرگرتنی ئەزموونی مەعنەوی و دەروونی تێپەڕ بوو و هەر وەها لەم خولەدا بوو کە دەستی دایە داڕشتنی بیرە فەلسەفی و ڕۆحانییەکانی خۆی لە ساڵی ١٣٠١ لە پلەو پایەی دەروێشان و مێزەر لە سەران سەفەرێکی بۆ تاران کرد لە ساڵی ١٣٠٨ هەتاوی لە ٣٤ ساڵیدا بۆ جاری دووەم هاتە تاران، سەری تاشی و مێزەری لە سەر دانا و بۆ دەمێکی درێژ مایەوە. پاشان چووەوە بەڕێوەبەرایەتی تاپۆ و پاشان گەڕایەوە بۆ کرماشان. لە گوڵانی ١٣٠٩ هەتاوی تا گەلاوێژی ١٣١١ هەتاوی لە سەرئێشەکەی مایەوە. لە گەلاوێژی ١٣١١ هەتاوی تا گەلاوێژی ١٣١٣ نوێنەری تۆماری تەجریش بوون، لەم کاتەیشدا لە کۆلێژی مافدا ناوی نووسی. خولەکە سێ ساڵە بوو، کاتێ ناوی نووسی، تەنیا خولەکە شەش مانگی مابوو. بە پشت بەستن بەتوانای زانستیی خۆی و بەهەوڵێکی سەرسووڕێنەر توانی لە ساڵی ١٣١٢ تاقیکردنەوەکەی بەسەرکەوتوویی ببڕێ و وەک بەپلەی نایاب تەواوی کرد.

ئوستاد نوور عەلی ئیلاهی و کەسوکارەکەی لە گەلاوێژی ١٣١٣ هەتاوی تا گەلاوێژی ١٣١٦ لە ئەمنی ئاشتیی لارستان بوو.


لە گەلاوێژی ١٣١٦ تا خاکەلێوەی ١٣١٧ بوو بە ئەندامی جێگری لێپرسینەوەی دادگای شیراز.

لە ڕەزبەر ١٣١٨ هەتاوی تا سەرماوەز ١٣٢٠ دادستانی خوڕەم ئاباد بوو.

لە سەرماوەز ١٣٢٠ هەتاوی تا بەفرانبار ١٣٢٢ سەرۆکی لقی دووەمی دادگای شارستان و ئەندامی کومیسیۆنی موڵک بەخشی بوو.

لە ڕەشەمەی ١٣٢٢ هەتاوی تا ڕەزبەر ١٣٢٣ سەرۆکی دادگای شارستان و دادگای گرانفرۆشانی کرمان بوو.

لە بەفرانبار ١٣٢٤ هەتاوی تا خەزەڵوەری ١٣٢٦ داواکاری گشتی قوم بوو.



ئوستاد نوور عەلی ئیلاهی و نزیکانی

لە خەزەڵوەر ١٣٢٦ تا خەرمانان لە تاران مایەوە و خەریکی خزمەتگوزاری بوو.

پاشان لە خەرمانانی ١٣٢٧ تا گەلاوێژی ١٣٢٨ ڕاوێژکاری دادگاکانی پارێزگای کرماشان بوو.

لە سەرماوەز ١٣٢٨ هەتاوی تا جۆزەردان ١٣٣٠ سەرۆکی دادگای جەهروم بوو.

لە جۆزەردان ١٣٣٠ تا گەلاوێژی ١٣٢٤ لە دادگای تاران، جێگری داواکاری کشتی پارێزگا بوو و لە ماڵی تایبەتی خۆیدا لە کۆڵانی فەتوورەچی دەژیا و لە ساڵی ١٣٣٦ هەتاوی خۆی خانە نشین کرد[1] . لەم کاتەوە تا دوا چرکەی ژیانی، قۆڵی بۆ نووسینی کتێب و پەروەردەکردنی قوتابییان هەڵ کرد و بینای مەکتەبی لەم کاتەوە پتەو کردەوە. گۆڕانکاریی بناغەیی لە شێوەی ژیان و بە جێگای پەراوێزنشینی و دووری گرتن لە خەڵک هاتە ناو کۆمەڵگا، بە واتای ئەو جەنابە بۆیە پێویست بوو کە بتوانێت لە کرداردا بیر و ڕوانگەی خۆی بچەسپێنێ و بنەما بڕواییەکان و پێوەرە ئاینی و ئاکارییەکانی خۆی بداتە بەر ئەزموون و تاقیکردنەوە و پتەوی و ڕەسەن بوونیان لە پراکتیکدا بسەلمێنێ.


لە تێکرای ماوەی دادوەرییدا خەریکی توێژینەوە و تاقیکردنەوە بووە، لە بواری بیرو فیکری مەعنەوی و فەلسەفیدا، ئەگەرچی بەڵگەیەکی وامان سەبارەت بە

---

١ مامۆستای خوالێخۆشبوو کەیوان سەمیعی کە لە نووسراوەکانیدا لە چاوپێکەوتن و پێوەندیی خۆی لەگەڵ ئەوان قسەیان کردووە. زۆرجار ئاماژەیان کردووەتە دروستی و تەقەلای بێ وچان و تێفکرینی قووڵی جەنابی ئیلاهی لە ڕۆژگاری دادوەرییاندا.



شێخ مەلەک جان خانم
نیعمەتوڵڵایی



جەیحوون ئاوا جێگەی لەدایکبوونی دانەرانی مەکتەبی ئیلاهی

پەرەسـاندی بیر و بۆچوونەکـانی ئەوان لەو سـاڵانە بە دەسـتەوە نییە. بەڵام دڵنیـاین لەوە کـە خـولی کـاری دادوەری، خـولێکی ئێـجگار پڕ بەهرە بـوو و ئەزمـوونگەلی ڕاسـتەوخـۆ و تاکەکەسـیی و لێکۆڵینەوەکـانی لەو سـەردەمـە، قـووڵتر و دەوڵەمـەندتر کردەوە و بەسـتێنێکی لە باری بۆ هەنگاوگەلی دواتری مـامـۆسـتـا تەیار کـرد[1]. لەم نێوانـەدا، مۆسیقای ڕۆحـانی کە لە سـەردەمی منـاڵییـەوە بەشێکی گرینگ لە ئیشـە ڕۆژانـەکـــانی ئـەو دەهاتـە ئـەژمـــار، وەک هـەمـــیـــشـــە گـــرینگایـەتیی هـەبـوو، مـووسـیـقـانـاسـانی بەنـاوبانگ، هەمـیـشـە بـە مـامـۆسـتـای تاک و هـەڵکەوتووی تەمـبـووریان ناسـیـوە، کە بە داهێنانی ئاسـەواری پڕ بایەخی نـوێ و داهێنانی تازە بەردەوام بە خەزێنەی بێ وێنەی مۆسیقارە پێشووەکان دەوڵەمەندتر دەکرد[2].

هەروەک ئاماژەمان پێ کرد؛ لە سـاڵی ١٣٣٦، ئەرکی ئیشـی قەزاوەت و دادوەریی ئوسـتـاد ئـیـلاهـی کــۆتایی پێ هات و لـەو کـاتەوە دەسـتی کـرد بە شـرۆڤـەی ڕێکوپێککردنی شـێوازی بیرو بـۆچوون و پێناسـەی «مـەکتـەب». لە بواری ناسین و بەتایبەتیش سەبارەت بە بنەڕەت و پێشینەی ئەهلی حەق و ناساندنی دروستی ئەو خێڵە، کتێبی ژێدەری «بورهانولحەق» لە سەلماندنی هەبوونی ڕۆح و دوارۆژ، کتێبی بەڵگەداری «مـەعریفـەتورۆح»ی تۆمـار کـرد. پاشـان، لە وتاری «پـەراوێزێک لە سـەر حـەقولحـەقایق» شـرۆڤە و ڕوونکردنەوەیەکی لە سەر کتێبی «شانامـەی حەقیقـەت» بەرهەمی حاجی نێعمەتوڵڵا نووسی.

لەم سـاڵانەدا، لایەنی ڕۆحـانی و زانسـتـیی ئەندێشـەکـانی ئوسـتـاد ئـیـلاهـی لە وانەگەلی زارەکی و فێرکارییەکانی کۆڕی دۆسـتان و قـوتابییـاندا، بە دووروودرێژی شـی کراوەتەوە. دوو بەرگی تەواو لە وتەکان و ڕاهێنانە مـەعنەوییـەکانی مـامـۆسـتـا کـە بە دەسـتی قوتابییـانی نووسـرانەوە، بە سـەردێڕی «ئاسارەلحـەق» چاپ کـراون،

١ ئوسـتاد ئیـلاهی لە نۆ سالاندا بە چاودێریی باوکی دەستی کرد بە سەختی و ڕیازەت و دوازدە ســاڵ لە قــۆناغـی ڕیازەت مــایەوە تا پـوخت بوو و پاشــان لە ١٢٩٥ کــۆچی هەتاوی، لە تەمـەنی ٢١ سـاڵیدا خـوێندنی زانسـتـە باوەکانی ئەو سەردەمـەی دەس پێ کرد، تەمەنی ٢٤ ساڵ بوو کە باوکی ئەم جیهانەی بەجێ هێشت.

٢ لە بەرگی ئەوەلی کۆمـەڵی بەردەس لە بەشی مۆسـیـقا بە وتەی خـوالێخـۆشـبـوو خـالقی ئامـاژەیەکم هەبـوو، چۆن ئەبووایە لە باسـێکی بەربڵاوتر لە هـونەر و مـۆسـیـقـا ناوی ئەوان دەهات، تایبەت درا بەم بەرگەوە.

واتاکانی «ئاسارەلحەق» جگە لەوەی کە قووڵاییی بیری مەعنەوی ئوستاد ئیلاهی ڕوون دەکەنەوە، بە ئاسانی دەردەکەوێت کە مامۆستا بەردەوام لە هەوڵدایە تا بۆ فامی کێشە دژوارەکان؛ شرۆڤە و شیکاریی ئاسایی بنووسێت و زانست و زانیارییە بەرفراوانەکەی خۆی بە جوانی و ڕێکوپێکی ببا تە خزمەتی زەینی داهێنەر و فیکری نوێی خۆی[1].

بەرهەمەکانی ئوستاد ئیلاهی بە گشتی، پێوەندییان ئەدرێت بە کێشەی سروشت و چارەنووسی مرۆڤ و پلەوپایەی ئەو لە گەردووندا. بیروڕای پەسێندراوی لایەنەکانی ڕۆحی و جەستەیی مرۆڤە، لە حاڵێکدا کە بەتایبەتی لەسەر لایەنی ڕۆحانی دادەگرێ، مافی جەستە و لەشیش دەپارێزێت، پاشان وەبیر دێنێتەوە کە؛ دین و ئاین نە تەنیا هۆی پێوەندیی مرۆڤە لەگەڵ ئەم لایەنە ڕۆحانییە، بەڵکو ئامێری گەیشتن بەخوای گەورەیە، دۆخی جیاوازی مەکتەبی ئوستاد ئیلاهی پێناسەی ئەوە لە چەمکی ((دین)): دین بە مانای گشتی و وەک ناوەڕۆکی تەواوی ئاینە ئاسمانییەکان، بەوێنەی کۆمەڵێک لە ناسینە زاتییەکانە بۆ خودی خۆی زانستێکە ڕێکوپێک لە دەرەوەی کات و شوێن، بۆیە کە بیر و بۆچوونەکانی ئوستاد ئیلاهی، ئەگەرچی لە بێشکەی داوونەریتە ئیسلامییەکاندا پێرەوکە بوونە، بەڵام لە کرداردا ڕزگارە لە کۆتوبەندی جۆر بەجۆریی مێژوویی و فەرهەنگی و لە حەشاری ڕوانگەیەکی تایبەتدا نییە[2].

(دین) لە ڕوانگەی ئەو بەرێزەوە کاتێک (ڕواڵەتییە) کە (تاک) بێت و داوونەرێتی ناسەرەکی لە سەری کارکۆ نەبن. ئەمە بە مانای حاشا لە ڕەوایی هیچ کام لە ئاینە ئیلاهییەکان نییە، بەڵکو پەسەندکەری ئەم ڕاستییە کە جیاوازیی ئاینەکان لەلایەنی ڕواڵەتی و ناسەرەکیدایە و هەموویان لە باری بنەڕەت و بنەماوە وەک یەکن. ڕاستیی گشتیی دین بەشێکە لە بەردەستی مرۆڤ، تا بە یارمەتیی ئەو بەشە سروشتی سەرەکیی خۆی گەشە پێ بدات پشت بە چارەنووسی مانەویی خۆی ببەستێ تا بە کەماڵ بگات، چۆن ((گەیشتن بە کەماڵ)) چارەنووسی شیاوی

١ کورتەیەک لە باوەڕەکانی مامۆستا ئیلاهی لە کتێبی (راە کمال)ی دوکتۆر بەهرام ئیلاهی دراوەتە دەستەوە. «راە کمال» تا ئەمڕۆ وەری گێڕاوەتە سەر حەوت زمان.

٢ ئەم بابەتە لە بەرهەمی تازەی دوکتۆر بەهرامی ئیلاهی کە لە پاریس دەرکراوە، بڵاو بووەتەوە، بەرجەستەگیێکی باشی هەیە.

بەکارهاتنی ئەویّ، هەر بۆیە ئوستاد ئیلاهی ناوی کۆمەڵە فێرکاریەکانی خۆی ناوە ((مەکتەبی ڕەوتی کەماڵ))، بەڵام کرداری کردنەوەی چارەنووسی بەکار نەهاتووی مرۆڤ، تەنیا ڕێگای خەریکبوون بە فیکری فەلسەفییەوە لواو نابێت. زانستی دینیش وەک هەر زانستێکی تر دەبێت لە ڕێگای کردار و ئەزموونی تاکەکەسییەوە دەست بکەوێت. بۆیە هەرگیز ناکرێت ڕاهێنان و فێرکارییەکانی ئوستاد ئیلاهی لە ڕێنوێنیی کرداری و وێنەی ئەزموونیدا جیا بزاندرێت. کردار بە ئەرکە مرۆڤاتییەکان، بنەڕەتی ئەم ڕێنوێنییانەیە. هەوەڵین ئەرکی هەر مرۆڤێک، ئەوەیە کە لە خۆیدا قووڵ ببێتەوە تا خۆی بناسێت، چۆن خۆناسین هەوەڵین قۆناغە بۆ ناسینی گشت گەردوون و خۆناسین تەنیا کاتێک مسۆگەرە، مرۆڤ بتوانێ بەتێکۆشانی تاکە کەسیی خۆی، بە وەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێوان ئەو دوو جەمسەرە دژیەکەی کە لە زاتیدان سەرکەوتن وەدەست بێنێت. ئەم تەقالا، کرۆکاشێکە پڕ کەندوکۆسپ لە دەروونی مرۆڤ، هەر کەس بە هەبوونی ژینگە و کۆمەڵگایەک کە تێدا ئەژییّ، لە بەرەوڕووبوون لەگەڵ ((زاتی خۆیدا)) بە وزە وەردەگرێت و ئەم وزە ئەرێنییە لە ڕەوتێکی هەڵبڕدا ئەو بەرەو کەماڵی دەبات[1].

ئوستاد ئیلاهی، ڕۆژی شەمە بیست و حەوتی ڕەزبەری ١٣٣٥ کۆچی هەتاوی= سێهەمی شەوال ١٣٩٢ کۆچی مانگی کاتژمێری یازدە لە تاران شەقامی کۆنی شەمێران کۆڵانی ئەردەڵان، کۆڵانی مێهرداد، لە ماڵی خۆیدا، بۆ هەمیشە سەری نایەوە و لە بەشی هەشت گردی (کووی نوور)دا نێژرا، گۆڕەکەی ئێستایش زیارەتگەی هۆگران و دۆستەکانیەتی لە سەرپاکی جیهاندا.

ئوستاد ئیلاهی لە دواین ڕۆژەکانی ژیانیدا بنەماڵەی پێک هێنا کە لێکدانەوە و شیکاری لایەنەکانی ئەو ژیانە لە جێگای خۆیدا هاتووە و ئەوەی لە بەرگی سێیەمی زانستنامەدا لە ژێر سەردێری ئەهلی حەقی دوازدە ئیمامی نووسراوە، مەبەست شوێنکەوتووانی ناوبراوە.

١ چون مەبەستی ئەم پرۆژە پێشینەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئاین و دینەکان و... هتد، بۆ ناسینی باشتر، کەمایەتییە ئاینەکان و بیروڕای بە کەڵک و لێکدانەوەی وردبینانەی ڕوانگە و بیر و بۆچوونەکان کە پێویستی بە وتاری دوور و درێژ هەیە لە دەرفەتێکی تردا باسی دەکەم. سوپاس لە جەناب شەهاب ئیلاهی کە بۆ شرۆڤەی ئەم باسە ڕاسپاردەی خۆی بە ئاکام گەیاند.

پاش مەرگی ئەو، ئوستاد ئیلاهیان قوتابییەکانی خوشکی نابیناییەکەیان بەناوی مەلێک جان خاتوون نێعمەتوڵلاهی کە لە ساڵانی ڕیازەتدا هاوشانی براکەی بوو و تا کۆتاییی تەمەن بە کوێری ژیا، بەچرای بەهرە و بەرەکەت دەزانی، مەلێک جان خاتوون، کە لەناو خەڵکی ئاساییدا بە شێخ جانی و لە زاری قوتابیان بە حەزرەتی شێخ ناوبانگی هەبوو، تا کۆتاییی ژیانی لە جەیحوون ئاوا مایەوە و پلەی ڕۆحانیی بوو، لەبەرئەوەی کە منداڵی لەگەڵ باوک و دایک و برا ((حاجی نیعمەتوڵلا، سەکینە خاتوون، حاجی نوور عەلی لە ڕیازەتە تایبەتەکاندا بەشدار بوو، براکەی لە پەسنیدا دەیگوت.... من و جانی ڕۆحێکین لە یەک جەستەدا ....))[1] بیرو باوەڕەکانی کە بەناونیشانی سەر دێڕی (درووس)یان لەسەر بوو لەلایەن دوکتۆر بەهرام ئیلاهی (برازای جانی) تەکووز و چاپ کران. مەلێک جان خاتوونیش لە گەلاوێژی ١٣٧٢(سێپتامبری ١٩٩٣) کۆچی دواییی کرد.

دوکتۆر بەهرام ئیلاهی کە پاش مەرگی باوکی، بوو بە ڕاهێنەری قوتابییەکان و وە ئەستۆگری پلەی ڕۆحانی مەکتەبی ئیلاهی، لەدایکبووی ١٣١٠ی هەتاوییە، خوێندنی پۆلی سەرەتایی و دواناوەندی لە ژێر دەستی باوکیدا تەواو کرد، پاش وەرگرتنی دیپلۆم لە ساڵی ١٣٣٠ هەتاوی بۆ درێژەدان بە خوێندن لە بەشی پزیشکی چووە ئەورووپا و لە فەرانسە دوکتۆرای نەشتەرگەریی منداڵانی وەرگرت، لە ساڵی ١٣٤٣ هەتاوی هاتەوە ئێران و لە کۆلیجی پزیشکی زانستگای تاران دەسی کرد بە وانە وتنەوە. ئەو وەک پزیشک و مامۆستایەکی کارامە لە بەشی پزیشکی ناسراوە، لە ساڵەکانی پاش سەرکەوتنی شۆڕش، دووبارە ڕەوانەی فەرەنسە بوویەوە و ئێستا لە پاریس دەژیی[2].

١ آثار الحق، ل ٦٩٩/ل ٦٠١ وتاری ١٨٧٥

٢ بە سەرنجدانی ئاسەوارگەلێکی نوێ کە لە دوکتۆر بەهرام ئیلاهی لە فرەنسا بڵاو بووەتەوە. جۆرێک لە سیستەمی بیروباوەڕی جیاواز لە پێشینەی مێژوویی ئەهلی حەق دەس دەکەوێت کە زۆرتر سەبارەت بەکەسایەتیی حاج نوورعەلی ڕاڤە دەکرێت و لە حاج نیعمەتوڵلا وەک بەستێنسازی سەرهەڵدانی ئەم کەسایەتییە، یانێ؛ حاجی نوورعەلی ناو دەبرێت و لە سەرهەڵدانی حاجی نیعمەتوڵلا تا ڕۆنیشتن دوکتۆر بەهرام لە جێگەی فێرکار باس دەکرێت.

**له کۆمەڵە نووسراوەکانی ئەو:**

معنویت علم است: فارسی.

ریشەهای معنوی ذاتی: فارسی.

ڕێگای کەماڵ: ئێنگلیزی.


ڕێگای نوور: ئێنگلیزی.

شانامەی حەقیقەت: لە حاجی نێعمەتوڵڵا، جەیحوون ئابادی بە پێداچوونەوە و زیادکردنی فارسی لە دوو بەرگ وتە و وتارەکانی ئوستاد ئیلاهی.

ئاسارەلحەق. ئاناتۆمیی لەش. ئاناتۆمیی پەیکەر. ئێسقان ناسی. ئورولۆجی منداڵان. باسێک لە سەر نەشتەرگەری منداڵان[1].

---

١ لە دەسپێکی کتێبی «معنویت علم است» سەبارەت بە دوکتۆر بەهرام ئیلاهی دەنووسێت: بەهرام ئیلاهی لە فەرەنسا پزیشکیی خوێند و دواتر پسپۆڕیی لە نەشتەرکاریی منداڵان هەڵبژارد. نزیک بە سی ساڵ جیا لە نەشتەرکاری لە ئێران وانەبێژی و لێکۆڵینەوەی لە زانستگا، چەند کتێبی پزیشکیی تۆمار کرد کە زۆربەی ئەوانە لەسەر بابەتی تایبەتی خۆیان "کتێبی سەرچاوە" بە حیساب دێت، بەو بۆنەوە کە ئەو، هەم پسپۆڕی زانستگا و هەم نەشتەرکاریشە. بە تیئۆری و کارئاشناییی هەیە. هاوکات لەگەڵ لێکۆڵینەوەی پزیشکی، دوکتۆر ئیلاهی هەر بەو دروستکارییەوە هاوڕێ و کارە زانستەکانی لێکۆڵینەوەی کارە مەعنەوییەکانیشی لە بیر نەچووەتەوە. بە ڕێنوێنیی باوکی مامۆستا ئیلاهی بە گۆڕەپانی بەرفراوانی مەعنەویت ئاشنا بوو و دەستی کرد بە کەندوکاو و ئاکامی فێرکاریی باوک و لێکۆڵینەوە و ئەزموونەکانی تاکەکەسی ئەو شرۆڤەکاری و نووسینی بنەماگەلی زانستی مەعنەویت بوو. دوکتۆر بەهرام ئیلاهی پێش لەمە، لە دوو کتێبی "راه کمال" و "راه نور" بنەماگەلی هزری بڕێک لە لایەنەکانی زانستی مەعنەوی بێ خەوشی شرۆڤەکاری کرد، کە بەرهەمەکەی دەبێت لە شوێنی لێکەوتی ئاینە گەورەکان کرۆکاش بکرێت، لە ساڵی ١٩٩٤ زاینی بە پێشاندانی کۆنفرانسگەلێک لەژێر ناوی (حقوق و وظایف انسان) لە زانکۆی سووربوونی پاریس خۆی نواند کە دەسکەوتەکەی، کتێبی "مبانی معنویت فکری". ئەم کۆنفرانسانە تا ساڵەکانی ١٩٩٦ – ١٩٩٧ درێژەی هەبوو و بەبڵاوبوونەوەی کتێبی "معنویت علم است" کۆتاییی پێ هات.



بەهرام بەیگ موکری
حاج نێعمەتوللا موکری
مریەم خانم
یارعەلی
حاج نوور عەلی
مەلێک جان خانم
حاجی ئەمین
شەهاب
دوکتۆر بەهرام ئیلاهی
ئیبراهیم
دوکتۆر شاهرۆخ
ڕەزا

## ناودارانی ئەهلی حەق

هەندێک لە ناودارانی ئەم دوایانەی ئەهلی حەق لە ناوچەی کرماشان کە ناوبانگێکی تایبەتییان هەیە، و لە سەرچاوەی جۆربەجۆردا وێنەکانیان تۆمار کراون. بەڵام ئاماژەیەک بە چۆنیەتیی ژیانیان نەکراوە و لێرەدا ژیاننامەی هەندێکیان لێک دەدەینەوە.

### شا فەتحوڵڵای گۆران

یەکێک لە ناودارانی ئەهلی حەق، شافەتحوڵڵای گۆرانە، لە چلۆنایەتیی داخوازی ئەو پەسندی زۆربەی زانیاران و گەورەگەلی ئەم خێڵەیە، ناوبراو لە ساڵی ١٢٢٣ هەتاوی لە گوندی "گەورە جووب"ی گۆران لە بنەماڵەیەکی لادێیی هاتە دنیاوە، باوکی کە ناوی عەبباس بوو لە وەرزێرانی هەژاری ئەو گوندە بوو، بەهۆی هەژاری و دەستکورتی بنەماڵەکەی، فەتحوڵڵا لە منداڵییەوە شوانیی ڕانی گوندی گرتە ئەستۆ؛ بەڵام بە شێوەی پیاوانی خوایی، جەوهەری دەروونی لە زاتی ناوبراودا شاردرابوویەوە، بەیانییان پاش بردنی ڕانەکە بۆ لەوەڕگە بەرەڵایان دەکرد و چەن کاتژمێر، ڕاستەوخۆ چاوی لە هەتاو دەکرد و هاوکاتیش زیکری دەروونیی دەکرد. ئەم ڕیازەتە ئاینییە کە لە توانای هیچ مرۆڤێکدا نەبوو، گۆڕانێکی وای لەودا بەدی هێنا کە ناوبانگی دەرکرد، پاش سەرهەڵدانی جەناب ئاغای تەیموور بانیارانی بەهرەی خزمەتی ئەوی دەست



شا فەتحوڵڵا گۆران

کەوت و بە سەوزە ڕازایەوە، لە کاتی هاتنەوەدا، کەرامەت و سەمەرەی زۆری لێ دەرکەوت، خوازیاران و هۆگران لە هەر لاوە دەهاتنە لای و جەماوەرێکی گەورە لە دەوری کۆوە بوو، حکوومەتی کرماشان ئەحمەدخانی یاوەر ئاژدان بانی قەناتی چەنانی لەگەڵ ژمارەیەک سوارەدا بۆ گرتنی ناوبراو بەڕێ کرد (سەیری جغرافیای تاریخی و تاریخ مفصل کرمانشاهان، محمد علی سلطانی، ب ٥، ل ١٣٢٢) پاش گرتن، ڕەوانەی تاران کرا و ماوەی دوانزدە ساڵ لە زیندانی شابەند، بەند کرا[١].

کەرامەتەکانی بوونە هۆی ڕزگاریی و دەرکردنی بڕیاری بڕینەوەی مووچەیەکی ساڵییانەی (سەد تمەن) بۆ ناو براو. خوالێخۆشبوو ئەمیرخان تەیموری لە یاداشتەکانی خۆیدا هێناویە: کە شافەتحوڵڵا دوای ئازادبوونی لە زیندانی شا؟ یەکسەر هاتە جەمخانەی سەنگلەج[٢] تووشی بارێکی دەروونی وابوو کە لەسەر خۆی چوو؛ و لەمەڕ پێوەندیی ناوبراو لەگەڵ شێخ محەمەد عەلی جەناب و ئاغا ڕەزا (حوزوور عەلی) شەمسولعورەفا باسی کردووە و کەرامەتی زۆری لێ گێڕاوەتەوە و درێژەی پێی داوە کە بە دەنگی دڵگرو گەرم، قسەی کردووە، وەها گورو تینێکی بە کۆڕەکە بەخشی کە بەدەم ناگێڕدرێتەوە؛ وا دیارە ئەم دێڕەی دووپات کردووەتەوە:

من مست مستم، باباحیدر مدد

علی پرستم، بابا حیدر مدد

جەنابی شافەتحوڵڵا لە خزمەتی تەیموری دووەمیشدا کەڵکی دەروونیی وەرگرتووە و هەوڵی داوە بۆ ڕاهێنان و فێرکاری خوازیاران و هۆگران، پاش ڕزگاری لە دواین ڕۆژەکانی ژیاندا هاتە سەحنە، قسەی خوالێخۆشبوو ئاغا سەیید فەرەجوڵڵای شائیبراهیمیی وەرگرت و لە تەکیەی دەروێشانی خاکسار کە بنەبابی ئاغا سەید فەرەجوڵڵا بۆ ئەوانیان تەرخان کردبوو نیشتەجێ بوو و لەگەڵ هەژارانی خاکسار ژیانی دەبردە سەر و بەشێوەی باوی خۆی هەر ڕۆژ، کاتی خۆرهەڵات و خۆرنشین دەچووە چیا و چاوی لە هەتاو دەکرد و لەم حاڵەدا لەسەر

---

١ بە وتەی شانامەی حەقیقەت سێ ساڵ لە زیندان بووە.

٢ لە کۆتاییی شەقامی ئەرگی تاران شوێنی ئێستای بانکی میللیی بازاڕ بەرامبەر سەوزە مەیدان بووە و لە زیندانە سامناکەکانی سەردەمی قاجار دێتە ئەژمار.

خۆی دەچوو؛ بە چەشنێک کە دەتگوت ڕۆح لە جەستەی فڕیوە و زیکری یاهو، یا من هو، یا الله الا هو، یا حەق و...ی دەگوت. لە شێوەی سەمای دەروونی و جەم نشینی و کەرامەتی ئەو، ئاغا سەیید ئەمرۆڵڵا شائیبراهیمی قسەی زۆری هەیە کە وتاری جیاواز و سەربەخۆی دەوێت. کاتی ئاساییدا (نەی) دەژەنی. چۆن بە گەنجی (خان ئەمیر)[1] ژەنیاری بەناوبانگی زوڕنا لە ناوچەی گۆران و داهێنەری (خانەمیری) دیتبوو و هونەرەکەی پاراستبوو، مەقامەکانی ئەوی بە جوانی تەواو و لە ئەوپەڕی لێزانی و لێهاتووییدا دەژەنی.

بژێوی ناوبراو لە ڕێگای دەرزی ژەنیی تاجی دەروێشی و سوخمە دووری و کڵاش چنینەوە دابین و ڕقی لە بێکاری و دەست پانکردنەوە بوو، حەوتەیەک جارێ ئەچووە نەواقولیی سەحنە، بە بەرگی دەروێشی و کەشکۆڵ و تەوەرزینەوە، خولێکی دەخوارد و دەسکەوتەکەی بۆ پیازاوی، پەراوێزنشینەکانی تەکیەی خاکسار و دانیشتووانی جەم بەکار خەرج دەکرد، لەگەڵ دەوڵەمەنداندا نێوانی باش نەبوو و ئاوڕی لێیان نەئەدایەوە. ڕۆژگاری بە پەراوێزنشینی و تاعەت و خواپەرستی بەسەر دەچوو و وێنەی ڕۆحانییەکەی تەواوی دڵ لە دنیا هەڵکەوتووی لە ڕێگای خوا بوو، هەرچەن لە زینداندا زمانی کوردی لە بیر چووبووەوە و بە فارسی قسەی ئەکرد؛ بەڵام لە کەلامی یاری پسپۆڕ بوو، لە ئەنجامدا خەزەڵوەری ١٣٢٨ هەتاویدا بەزۆرتر لە کاتێکدا کە تەمەنی لە سەد و پێنج ساڵ تێ پەڕیبوو، بۆ لای دڵداری حەقیقی کۆچی کرد و لە گۆڕستانی باڵاجووبی سەحنە لە نزیکی زیارەتی ئاغا سەید فەرەجوڵڵا شائیبراهیمی نێژراو. دەستی لە دامێنی پیرو دەلیلی هەتایی کۆتا نەبێت.

---

١ کۆنترین جەمخانەکانی تاران لە گەڕەکی سەنگلەج (شەقامی جەلیل ئاوا) کۆڵانی درەخشان (شوێنی ئێستای پارک شاری تاران) بەناوی گەڕەکی کوردەکان بوو کە لە ڕۆژگاری خوالێخۆشبوو سەرتیپ ئیمام قولی خان (زند) پەرەی سەند و ئەو لە بینادانەرانی سەرەکیی جەمخانەی جەناب لە تاران بوو. خوالێخۆشبوو ئیمام قولی خان باپیری ئاغا هوشەنگ تەیمووریان لە تێکۆشەرانی دڵپاکی ئەهلی حەقە. کە یاداشتە پێوەندارەکان بە ژیانی شا فەتحوڵڵا گۆران بە یارمەتیی ئەو بەدەستم گەیشت. بە سوپاس و پێزانین لەو بەڕێزە.

**ئاغا محەمەد هاشم سەیفی کار**

ئاغا محەمەد هاشمی سەیفی کار ـ لە دەستەی دڵاواگەلی عارف ڕەوشتی شاری کرماشان بوو تا کۆتاییی ژیانی بە تەنێ مایەوە و ژیانی هاوبەشی پێک نەهێنا.

گەیشتووەتە خزمەتی ئاغا سەید ڕۆستەمی حەیدەریی نووربەخشی بەرزنجی لە ڕێبەرایەتی ئەهلی حەق بەشێوەیەکی تایبەت هۆگری ئەو کەسایەتییە بووە. بەو کەسایەتییە ئاغا محەمەد هاشمی عارفی جێی ڕێزی پیاوچاکانی ئەو سەردەمە بوو تا هەتاکو لە تەمەنی هەفتا و حەوت ساڵیدا و لە ساڵی ١٣٤٠ لە کرماشان، کۆچی دوایی کرد. ئەو بینادانەری جەمخانەی ئەهلی حەق لە کرماشان بوو. خوالێخۆشبوو حاجی ئازاد عەلی شای کرماشانی زۆر باسی لە جوامێری ئاغا محەمەد هاشم دەکرد؛ ناوبراو بەم جۆرە یەکێک لە نموونەکانی جوامێریی ئاغا محەمەد هاشم دەگرێتەوە کە: لە سەردەمی قەدەخەکردنی چاندنی خەشخاش و قاچاخی تریاک، خەستەخانەیەک بە ناوی مەلەکووتی خولێکی بۆ وازهێنانی ئالوودەبووان کردبووەوە، دەوڵەمەندان و گەورەگەل بە یەک دوو حەوتە حەسانەوە و بەوەرگرتنی دەرمانی پێویست وازیان لە تریاککێشان دێنا و لە خەستەخانەکە دەردەچوو؛ بەڵام هەژارەکان لە خوماری و ئازارو پەرێشانیدا بوون، ئاغا محەمەد هاشم، بێ ئەوەی کە هەژاران خەرجییەک بدەن، یا دیار بێت کە کێ ئەو خەرجییەی داوە، لە خەستەخانە ئازادیی دەکردن و لە چنگ مادده هۆشبەرەکانی ڕزگار دەکردن و... سەدان نموونەی تری وەک ئەمە.


ئاغا محەمەد هاشم سەیفی کار

لە یاداشتێکیشدا وتوویە کە؛ خوالێخۆشبوو محەمەد هاشمی سەیفی کار لەگەڵ هەژار [خوالێخۆشبوو حاجی ئازاد عەلی شا] ڕازو نهێنیی ڕۆحییان هەبووە، خوازیاری حەقیقەت بوو، هەرچەن لە سەر ئەهلی حەق دەبوو؛ بەڵام

بڕوای عیرفانیی ئیسلامی ئەو زەقتر بوو و لە دەیەی کۆتاییی تەمەنی خۆیدا دەیگوت: پاش مەرگی پێشینیان لە جەماوەری ئەهلی حەق کەسێکی حەقی کە بتوانێت شێخ و دەسگیر بێت مەوجوود نییە.

ئەم پارچە شیعرەی خوارەوە لە حاجی ئازاد عەلییە کە بۆ لاواندنەوەی گوتوویە: لە ئازیەتی خوالێخۆشبوو ئاغا موحەممەد هاشمی سەیفی کار خوێندییەوە کە لە کۆڕی ئازیەتیی ناوبراو چاپ و بڵاو بووەوە.

دریغا از محمد هاشم ای وای
کجا رفت او از این دنیای فانی

دریغا گوهری بیرون شد از دست
که مثلش نیست اندر هیچ کانی

کجا رفت آن جهان صدق و نیکی
چه شد آن مرد پاک آسمانی

چراغ بزم یاران حقیقت
انیس جمع سلاک معانی

نه بد جز حضرت حق در ضمیرش
خیالی آشکارا و نهانی

نشان چون دیده بود از نور مولد
از آن بگزید راه بینشانی

نشد یک لحظه‌ای از دوست غافل
نه در ایام پیری نه جوانی

به جانان داد جان، دست از بدن شست
به بانگ ارجعی آن یار جانی

ز دام تن برآمد مرغ جانش
نشست اندر بهشت جاودانی

به سلطان حــقــیــقت گــشت واصل
برآمـــــد از لـبـــــاس تـن بـآنیس

نگویم ســـال فـــوتش کـــه نمیـــرد
کـــسی کـــو نوشـــد آب زندگـــانی

بـه دریا قـگرهای گـــــــردید مـلحـق
بصـــدها اشـــتـــیــاق و شـــادمـــانی

نمیـــــرد آنکه کـــــارد تخم نیکی
لـوجـــــــــه اللـه انـدر هـر مـکـانـی

نمیـــرد آنکه پیش از مـــرگ مـــیـــرد
بـه حق باقی بـود از خـــویش فـــانی

حـــجـــاب تن ز روی جـــان برافکند
مـــحـــمـــد هاشم کـــرمـــانشـــهـــانی

خـــمـــوش (آزاد) دراین مـــاتم وســـور
زبـان حـــــال گـــــفـتن چون تـوانی


آبان ـ ١٣٤٠ هەتاوی

بەڵگەی ژمارە: بیست و شەش ـ ٢٦

بابەت: وەڵامی ئاغا محەمەد هاشمی سەیفی کار بە حاجی ئازاد عەلی شا کرماشانی بە وشەگەلی جوان لە ڕیازەت.

بەروار: سێی سەرماوەز ١٣٣٥ هەتاوی

مۆر: (واژۆ) محەمەد هاشمی سەیفی کار



هو حق یا علی مدد

۴-آذر ماه
۱۳۳۵

برادر عزیزم    بعد از سلام علت تأخیر در نگارش فقط انتظار وصول نامه از طرف شما بود بنابراین عذر از آن می‌خواهم محبوبیت
از روی صورت نیست از روی معنی است - مثلا گاه از نهرها اگر جدولی در او دیده نباشد هرگز نگاه سوی نهرها نزد آنان جنسیت آنها مخفی است
در نظر نیاید - مثل صدق و اخلاص که با آقای دکتر نوربخش دارید - هر حقیقت که شما را جذب می‌کند از حقیقت باشد -
موهبت را بر کف دستش نهند    در کف دستش بر جوی نهند - امید دارم بجایی که منزل وصل است برسید - آن نشئه بی زوال است
برادر طریقم راه فقر از خواهش نفس صرف نظر کردن است - خوشی و شهوت رانی دنیا مثل آنکه در خواب تشنه‌ای آب خورد
بعد بیدار شد دید همان تشنگی را دارد - مدد از حق بخواهید وجود که پاک و منزه شد جای الهی خواهد شد بعد با نور خدا نظر میکنید
از پس روپوش عامه در بیان    دین دل گویند آنرا صوفیان - اگرچه مدتهاست جنابعالی را زیارت نکرده‌ام اوقات جسمانی غایب است
مثل نماز بی حضور قلب - اتحاد ابنهای جان را آن مقام    بی ز حرف و صوت میروید کلام - این عالم و عنایت ربانی است
و سیر حالات که در دل وارد می‌شود - نور حق در دل می‌گنجد الا چون طالب انوار حق باشی از در دل بینی - بجای نقش خود را
در آینه بینی نقش تو در آینه نیست - آقای آزاد اگر جنسیت با دلی دیدید داشتید شوق حق در دل شما بود - صفت

محمد

ذوق جنس از جنس خود باشد یقین    ذوق جزو از کل خود باشد ببین

بەڵگەی ژمارە: بیست و حەوت ـ ٢٧

بەڵگەی ژمارە: وەڵامی ئاغا محەمەد هاشمی سەیفی کار بۆ حاجی ئازاد عەلی شای کرماشانی لە نامەیەکی کورتدا سەبارەت بە عیرفان

بەروار: سەرماوەز ١٣٣٥ هەتاوی

مۆر: محەمەد هاشمی سەیفی کار



۲۶ آذرماه
۱۳۳۵

یا علی مدد

برادر عزیزم پس از تجدید مودت تواضع محبت با خلق بایست برای خدا باشد اگر برای دنیا باشد عصیان است
مثل سود دنیاست که برای خدا نباشد هیچ سودی ندارد ـ عشق [illegible] اگر خداوند شما محبت جسمانی ندهد نمی‌توانید او را عبادت
بکنید پس تحقیق بدانید این سخاوت و کردار خلق مال حق است ـ مثلاً [illegible] لطف نموده بود دیدن این محبت شما
عکس محبت حق است که در دل پاک شما تابیده ـ این تواضع حقیر با شما از روی اخلاص و ارادت و ذاتی است
و اگر غیر از این بود هرگز میل و رغبت بهم نداشتیم ـ و خیلی حرف ما با اختیار ما نیست ـ خواهم تا [illegible] گفته باشم
با اینکه روشن است ـ سعادت آن کس دارد که حرف او از جان بیرون بیاید ـ سخن کز زبان بیرون آید نشنید لاجرم در دل
[illegible] آزادی هیچ دام خلق را [illegible] از صورت زنان و جوانان نیست ـ پناه به حق ببرید که از این صورتها بدام نیفتید ـ
نفس [illegible] خواهد از حق بخواهید که بدام شهوت نیفتید راه فقر درویشی این است غیر از این هیچ [illegible]


آزمودی که این چنین‌ها بایدش [illegible] / آرزو بگذار تا رحم آیدش
این رها کن عشق‌های صورتی / عشق بر صورت نه بر روی ستی
آنچه بر صورت تو عاشق گشته‌ای / چون برون شد جان چرایش هشته‌ای
صورتش برجاست این زشتی ز چیست / عاشقا واجو که معشوق تو کیست
چون فرشته بود همچون دیو شد / کان ملاحت اندر او عاریه بد
اندک اندک می‌ستانند آن جمال / اندک اندک خشک می‌گردد نهال

بەڵگەی ژمارە: بیست و هەشت ـ ٢٨

بابەت: وەڵامی ئاغا محەمەد هاشمی سەیفی کار بە حاجی ئازاد عەلیی شای کرماشانی و گوتن و ڕوونکردنەوەی چەند خاڵێکی لە عیرفانی

بەروار: بیست و پێنجی سەرماوەز ١٣٣٥ هەتاوی

مۆر: (واژۆ) محەمەد هاشمی سەیفی کار



۲۵ آذرماه
۱۳۳۵

یا علی مدد

برادر عزیزم پس از تجدید مودت و تواضع محبت با خلق بایست برای خدا باشد اگر برای دنیا باشد عصیان است
مثل سجود است که برای خدا نباشد هیچ سودی ندارد — شعر مهربان اگر خداوند بشما محبت جسمانی نداده نمی توانید او را اعتقاد
بکنید پس محقق بدانید این سخاوت کردار خلق مال حق است — مثلاً کتابی را که توسط احمد لطف نموده بودید این محبت شما
عکس محبت حق است که در دل پاک شما تابیده — این تواضع حقیر با شما از روی اخلاص و ارادت ذاتی است
و اگر غیر از این بود هرگز میل و رغبت بهم نداشتیم — و ضمناً حرف ما با اختیار ما نیست — خواه تاریک گفته باشیم
یا اینکه روشن — سعادت آنکس دارد که حرف او از جان بیرون بیاید — سخن کز جان برون آید نشیند لاجرم در دل
آی آزادی هیچ دامی خلق را غیر از صورت زنان و جوانان نیست — پناه به حق ببرید که از این صورتها بدام نیفتید —
نفس گول خورده است به دار حق بخواهید که بدام شهوت نیفتید راه فقر درویشی این است غیر از این هیچ مردی بجا از رسیده است

آرزو بگذار تا رحم آیدش — آزمودی کاین چنین می بایدش [illegible]
این رها کن عشق های صورتی — عشق بر صورت نه بر روی ستی
آنچه بر صورت تو عاشق گشته‌ای — چون برون شد جان چرایش هشته‌ای
صورتش برجاست این زشتی ز چیست — عاشقا وا بین که معشوق تو کیست
چون فرشته بود همچون دیو شد — کان ملاحت اندر او عاریه بد
اندک اندک می‌ستانند آن جمال — اندک اندک خشک می‌گردد نهال

بەڵگەی ژمارە: بیست و نۆ ـ ٢٩

بابەت: وەڵامی ئاغا محەمەد هاشم سەیفی کار بە حاجی ئازاد عەلی شای کرماشانی و گوتن و ڕوونکردنەوەی ڕەوتی خۆدیتنی ئەولیا و پیاوچاکان.

بەروار: ١٣٣٦/٢/١١ هەتاوی.

مۆر: (واژۆ) محەمەد هاشمی سەیفی کار

۱۱/۲/۳۶

یا علی مدد

حضور محترم برادر طریقتم جناب آقای آزاد

هست چندی از بنالهٔ روحی پیش آید شنیدم مرحوم آسید صالح فرموده در قم بودم

صدای عبدالعلی شاه در کرمانشاه شنیدم

تا ز بغداد او سمرقند ای همام / روح را اندر تصور نیم گام

مرحوم [illegible] میرزا بودی در بستر بیماری بودند که گفت نفعک الله فرمودند نفعک الله

شما را باشد بزرگان فرمودند تعالی عشق شغل [illegible]

خرم آن روز کزین منزل ویران بروم / راحت جان طلبم از پی جانان بروم

آقای آزاد شرح حال منصور شیخ عطار نوشته بود دیدن آنکه حقیقت از [illegible]

مگر در بستر آمدند لباس عوض کردند

بیرون آیند که این عالم مرد / جان جهان بود در درد [illegible]

پیش از این تن عمرها بگذشته‌اند / پیشتر از کشت بر برداشتند

پیشتر از نقش جان پذرفته‌اند / پیشتر از بحر درها سفته‌اند

پیشتر از خلقت انگورها / خورده‌ها و نموده شورها

چون نظر در فرش داری خود گمی است / آنکه [illegible] ابدان در [illegible] است

امیدواریم بالاخره به مقصود برسید و راهها و منازل که سالک لایق خودش می‌بیند

این بشارت برای لایق حال شما است [illegible]

پس رحمت جان بود بالا بود / در نزاید رحمت آید [illegible]

آقای آزاد خدا در زیر هر رنج و دردی پنهان است تضرع و لابه پیش خدا قرب دارد

انشاءالله مقصود میرسید


[illegible signature]

بەڵگەی ژمارە: سی ـ ٣٠


بابەت: وەڵامی ئاغا محەمەد هاشم سەیفی کار بۆ حاجی ئازاد عەلی شای کرماشانی و بەیانی شێوازی ئازادەیی.

بەروار: ١٣٣٦/٥/١٦ هەتاوی

مۆر: (واژۆ) محەمەد هاشمی سەیفی کار



## بابا غولام




بابا غولام فەرهادی

دەروێش غولامی فەرهادی ناسراو بە (بابا غولام) لە بنەماڵەی خامۆشیی ئەهلی حەق، دانیشتووی گوندی هێمەت ئاوای سەحنە لە دەوروبەری کرماشان بوو. لە سەرەتادا چووە ناو ئەرتەش و بۆ ماوەیەک لەناو لەشکردا مایەوە. بەهۆی گۆڕانی ڕۆحی، وازی لە خزمەت بە دنیا پەرستان هێنا. ئەرتەشی بە جێ هێشت و ڕووی هێنایە ڕیازەت و پەراوێزنشینی و خۆی بە وەرزێرییەوە خەریک کرد. تا ئیدعای دیدەداریی کرد، هەندێ لە شوێنکەوتووانی ئاوڕیان لێ دایەوە، لە ڕووهێنەران هەندێکیان لە ڕێی چاوەدێری و خەریکی پەروەردەی ئەودا بە سەختی و ڕیازەت و ڕەوش دۆزینەوە بوون و لە سەر بڕوای خۆیان پێداگرییان کرد و ناوبراویان بە سەرچاوەی خێر و بەرەکەتی مەعنەوی دەزانی.


ناوبراو لە بەندایەتی و ڕیازەتی ئاینی قسەی سەر زارو لە ژەندنی تەمبووروو قووڵی وتە باڵادەست بوو. هەروەک مودەڕیسی ئاماژەی کردووە، ئەهلی زیکر و سەمای ئاشکرا بوو و ئەوەی بە سەماعی یەکگرتوویی (ڕەقسی وەحدەت) ناوی بردووە[1]. ئەو پاش تەمەنێک ڕەوشتی ئاینی و دەروێشی، لە بەفرانباری ساڵی ١٣٧٢ هەتاوی لە هێمەت ئاوا کۆچی دوایی کرد.

---

١ گشتی در تصوف ل٤٩ نووسراوی نوورەدین مودەڕسی چەهاردێهی وێنەی شا فەتحوڵڵا و بابا غولام لەم کتێبە بەزۆری هاتووە؛ بەڵام تەنانەت بە کورتیش ئاماژە بەبواری ژیانی نەکراوە.




نەخشەی ژینگەی شوێنکەوتووانی ئالی حەق لە پارێزگای کرماشان




ژینگەی مێژوویی شوێنکەوتووانی ئالی حەق لە ئێران، عێراق، سووریا و تورکیا

## ناوەڕۆکی سەرچاوەکان


الف:

آیین یاری، مجید القاصی، تهران، ۱۳۵۹

آثارالحق، نورعلی الهی، بکوشش تقی تفضلی، تهران، ۱۳٤۲

ایران امروز، اوژن اوبن، ترجمه علی اصغر سعیدی، انتشارات زوار، تهران، ۱۳٦۲

ایلات و طوایف کرمانشاهان، ج ۲-۱، محمد علی سلطانی، انتشارات سها، تهران، ۱۳۷۲

ب:

بررسی فرقه اهل حق، مینورسکی، ترجمه سید سام الدین مشعشعی، نسخة اولیه

برهان الحق، نور علی الهی، به کوشش تقی تفضلی، تهران،۱۳٤۲

بزرگان یارسان، صدیق صفی زاده بورکەیی، انتشارات هیرمند، تهران، ۱۳۷٦

ت:

تاریخ مردوخ، محمد مردوخ، انتشارات غریقی، سنندج، ۱۳٥۲

تاریخ مفصل کرمانشاهان، ج ٤-۳ ، محمد علی سلطانی، سها، تهران، ۱۳۷۳

تاریخ تحلیلی اهل حق (قیام و نهضت علویان زاگرس)، ج ۲-۱، محمد علی سلطانی، سها، تهران، ۱۳۷٦

تاریخ روضة الصفا، میر محمد خواوندشاه میرخواند، انتشارات خیام و...، تهران، ۱۳۳۹

ترکها، کردها، عربها، ادموندز، ترجمه ابراهیم یونسی، انتشارات روزبهان، تهران، ۱۳٦۷

ج:

جغرافیای تاریخی و تاریخ مفصل کرمانشاهان، (ج۱) محمد علی سلطانی، سها، تهران، ۱۳۷۰

جغرافیای تاریخی و تاریخ لرستان، علی محمد ساکی، انتشارات محمدی، خرم آباد، ۱۳٤٥

ح:

حاشیه حق الحقایق، نور علی الهی، انتشارات جیحون، تهران، ۱۳۷۳

حدیقه الشعرا، سید احمد دیوان بیگی شیرازی، با تصحیح و تکمیل و تحشیه دکتر عبدالحسین نوایی، انتشارات زرین، تهران، ٦٦–١٣٦٤

حقایق الاخبار ناصری، محمد جعفر خورموجی، بکوشش حسین خدیوجم، تهران، ؟۱۳٦

خ:

خاکسار و اهل حق، نورالدین مدرسی چهاردهی، ؟ تهران ۱۳۵۸

خاطرات حاج سیاح، باهتمام حمید سیاح، انتشارات زوار، تهران؟۱۳٦

خاطرات فرید، محمد علی خان قزاگزلو (فریدالملک همدانی)، باهتمام مسعود فرید، انتشارات زوار، تهران، ؟۱۳٦

د:

دوره چلتنی، نسخه خطی،

دائرة المعارف بزرگ اسلام، زیر نظر محمد کاظم بجنوردی، (مرکز دائرة المعارف بزرگ اسلامي) تهران،

دانشنامه جهان اسلام، زیر نظر مصطفی میر سلیم، بنیاد دائرة المعارف اسلامي

دفتر درویش ذوالفقار، نسخه خطی

دفتر رموز یارسان گنجینه سلطان صحاک، سید قاسم افضلی شاه ابراهیمی، چاپ راستی، تهران، ۱۳۵۰

دیوان ادیب الممالک فراهانی، باهتمام وحید دستگردی، انتشارات فروغی، تهران ۱۳۵۵

ز:

زندگانی سردار کابلی، کیوان سمیعی، انتشارات زوار، تهران، ۱۳٦۳

س:

سفرنامه پولاک (ایران و ایرانیان)، یاکوب ادوارپولاک، کیکاوس جهانداری، انتشارات خوارزمی، تهران، ۱۳٦۱

ش:
شاعیر و ناودارانی کاکەیی، هەردەوێڵ کاکەیی، مستەفا نەریمان، ١٩٩٠ م
شرح حال شمس_العرفاء، حجهء بلاغی
شرح حال تیمور بانیارانی و تیمور ثانی، سید امرالله شاه ابراهیمی و ... نسخه زیراکس

گ:
طرائق الحقائق، محمد معصوم شیرازی، محمد جعفر محجوب، انتشارات سنایی، تهران، ؟١٣٦

ق:
قصیده وصلیه، میرزا الله دوست سالک، چاپ سنگی

ک:
الکاکائية في التاريخ، عباس العزاوي، طبع المحدودة، بغداد، ١٣٦٨ هـ_ ق
کلام باباشاه مراد، نسخه خطی
کلام خزانه و سرانجام، صدیق صفی زاده، انتشارات هیرمند، تهران، ١٣٧٥
کشکول خاکساری، سید محمد علی خواجه _ الدین، تبریز، ؟١٣

م:
مجله مهر، اهل حق، سید علیار افضلی، شماره ١٧٦، سال ١٢
مقدمه کلام شیخ امیر، سید امرالله شاه ابراهیمی، سیاوش تیموری، نسخه زیراکس
مجموعه اسناد عبدالحسین میرزای فرمانفرما، (ج٢) بکوشش منصوره اتحادیه (نظام مانی)
سیروس سعدوندیان، نشر تاریخ ایران، تهران، ؟١٣٦
معنویت یک علم است، دکتر بهرام الهی، ترجمه ف، یمینی، انتشارات دروی، تهران ١٣٧٧
مصباح الطریق، میرزا الله دوست سالک، چاپ سنگی
مراغه، یونس مروارید، تهران، ؟١٣٦
مقالات الحنفاء، حجهء بلاغی،

ن:
ناسخ التواریخ، میرزا محمد تقی لسان الدوله سپهر، ج۲، باهتمام باقر بهبودی، انتشارات اسلامی، تهران، ۱۳۵۳

ی:
یازده خاندان سلطانی، نسخه خطی

1- Notes Surla Seetc des Ahle Haqq

## سەرچاوەگەلی وێنەیی، بەڵگەنامەیی، زارەکی، (وتووێژ)

**وێنە**

ئالبۆمی بنەماڵەی ئاتەش بەگی (موشەعشەعی)
ئالبۆمی بنەماڵەی حەیدەریی گۆران (توت شامی)
ئالبۆمی بنەماڵەی شا ئیبراهیمی (کرێند)
ئالبۆمی بنەماڵەی شا ئیبراهیمی (سەحنە)
ئالبۆمی بنەماڵەی شا هەیاسی (جەیحوون ئاباد)
ئالبۆمی وێنەگریی عیرفان (کرماشان)

**بەڵگەنامەیی**

بەڵگەکان و ڕەگوڕیشەی بنەماڵەی ئاتەش بەگی (موشەعشەعی) ئارشیڤی کۆمەڵەی ئاینی گەڕەبان
بەڵگەکان و ڕەگەزی پێشینی بنەماڵەی حەیدەری گۆران
بەڵگەکان بنەماڵەی شا هەیاسی
بەڵگەکان ڕەگوڕیشەی بنەماڵەی شا ئیبراهیمی (کرێند)
بەڵگەکانی ئارشیڤی خوالێخۆشبوو حاجی ئازاد عەلی شای کرماشانی

**یاداشتەکان**

یاداشتەکانی خوالێخۆشبوو حاجی ئازاد عەلی شای کرماشانی
یاداشتەکانی بەڕێز شەهاب ئیلاهی
یاداشتەکانی بەڕێز سەیید عەزیم ئەحمەدی
یاداشتەکانی بەڕێز سەید عەبدوڵڵا حەیدەری، هاوپێچنی ((دەقی شەجەرەکانی دوانەوەکانی بنەماڵەی حەیدەری گۆران))
یاداشتەکانی بەڕێز ئەندازیار سیاوەش تەیمووری
یاداشتەکانی بەڕێز هووشەنگ تەیموریان

یاداشتەکانی بەڕێز فەرەیدوون سالیکی
یاداشتەکانی بەڕێز ئەمرۆڵڵای شا ئیبراهیمی
یاداشتەکانی بەڕێز سەید بێهرووز موشەعشەعی (دەقی شەجەرەنامەکانی دوانەوەکانی بنەماڵەی ئاتەش بەگی، موشەعشەعی)

**وتووێژەکان**

وتووێژ لەگەڵ بەڕێز نیزامەدینی ئاتەش بەگی (موشەعشەعی)
وتووێژ لەگەڵ خوالێخۆشبوو سەید قاسمی ئەفزەلی شا ئیبراهیمی
وتووێژ لەگەڵ خوالێخۆشبوو بەڕێز سەید سوهرابی ئیبراهیمی
وتووێژ لەگەڵ بەڕێز شەهابی ئیلاهی
وتووێژ لەگەڵ عوبەیدوڵڵای ئەیووبیان
وتووێژ لەگەڵ سەید وەلیی حسێنی
وتووێژ لەگەڵ سەید عەبدوڵڵای حەیدەریی گۆران
وتووێژ لەگەڵ سەید مەجیدی حەیدەریی گۆران
وتووێژ لەگەڵ سەید حەمیدی حەیدەریی گۆران
وتووێژ لەگەڵ ئیحسانوڵڵای حەبیبی (ئاتەش بەگی)
وتووێژ لەگەڵ بەڕێز فەرەیدوون سالیکی
وتووێژ لەگەڵ سەید میرزا مووسەوی
وتووێژ لەگەڵ موەحێد بەشیری